هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی

زانکۆی هەڵەبجە

کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور

بەشی زمانی کوردیی

# درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لە کۆدی شیعرییدا

نامەیەکە

محەمەد کەریم ئەحمەد

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزووری زانکۆی هەڵەبجەی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

سەرپەرشت:

پ.ی.د. تریفە عومەر ئەحمەد

٢٠٢٢ی زایینی. ٢٧٢٢ی کوردیی.

**ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لە کۆدی شیعرییدا)یە، بەسەرپەرشتی من لە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ زانکۆی هەڵەبجە ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.**

ناو: پ.ی.د. تریفە عومەر ئەحمەد

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

ناو: د. ئاریان سدیق عەزیز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو پاش گفتوگۆو تاوتوێکردنی لەگەڵ خوێندکار (محەمەد کەریم ئەحمەد)، لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی ترەوە، بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. مهاباد کامل عبدالله

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢

ناو: پ.د. شیلان عومەر حسێن

ئەندام

ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢

ناو: پ.د. ئومێد بەرزان برزو

ئەندام

ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د. تریفە عومەر ئەحمەد

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوورەوە پەسەندکرا.

ناو: د. ئەحمەد میرە

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور

ڕۆژ:     /     / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە:**

- گڵکۆی باوکم، ئەو مرۆڤەی؛ خۆری تەمەنی زوو لێ ئاوابوو و دەردی بێ دەوای لە ناکاو بۆ بوو.
- دایکی ئەزیزم، ئەو کەسەی؛ مانا گەورەکانی ژیانی فێرکردم.
- خوشک و براکەم، ئەوان؛ دوو باڵن بەهۆیانەوە دەتوانم بفڕم.
- زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور.
- هاوڕێکانم، ئەو مرۆڤانەن، کە ژیان جوانتردەکەن.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە تەژنەی زانست و زانیارییین.

## سوپاس و پێزانین:


- سوپاس بۆ خودای گەورە، ئەو زاتەی کە ئێمە لە بیری دەکەین و ئەو هەرگیز ئێمە لەبیر ناکات.

- سەرچاوەی زانستییم، زۆر بەڕێز: پ.ی.د. تریفە عومەر ئەحمەد، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرتەئەستۆ و ڕێنمایی و تێبینییەکانی بەڕێزیان هۆکاری لەدایکبوونی ئەم نامەیە بوون.

- کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، بە تایبەت بەڕێزان: دکتۆر ئەحمەد میرە و دکتۆر ئاریان سدیق، کە هەمیشە لە خەمی سەرکەوتنی ئێمەدابوون.

- هاوڕێیانی دڵسۆزم؛ مامۆستا سەعد تەقی حەمەساڵەح و بۆکان هەورامیی، کە بەردەوام دەرگای هاوکارییان بەڕوومدا کردبووەوە.

## هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| “ ” | وەرگرتنی دەقیی |
| ' ' | وەرگرتن بە دەستکارییەوە |
| / | یان |
| BT | تیۆری ئاوێتە |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| The Blend | ئاوێتە |
| Good reason | ئەنجامی باش/ هۆکاری باش |

ب

| | |
|---|---|
| Base | بنەما |

پ

| | |
|---|---|
| Profile | پرۆفایل/ پوختە |
| Vital relationes | پەیوەندییە گرنگەکان |

ت

| | |
|---|---|
| Speech act theory | تیۆری کردەی قسەیی |
| Act theory | تیۆری چالاکیی |
| Conceptual metaphor theory | تیۆری میتافۆری چەمکیی |
| Blending metaphor theory | تیۆری میتافۆری ئاوێتە |
| Conceptual integration | تیۆری پێکەوەلکێنراوی چەمکیی |
| Web | تۆڕ/ تەون |

ج

| | |
|---|---|
| Topology | شوێنناسی |
| Moving ego | جوڵانی خود |
| Moving Time | جوڵانی کات |

چ

| | |
|---|---|
| Frames | چوارچێوە |

د

| | |
|---|---|
| Conceptual structure | دروستەی چەمکیی |
| Thought structure | دروستەی بیریی |
| Emergent structure | دروستەی دەرکەوتوو |
| Emergent | دەرکەوتن |
| Unpacking | دەرهێنان/ جیاکردنەوە |

ڕ

| | |
|---|---|
| Cognitive Grammar | ڕێزمانی درکپێکردن |

| | |
|---|---|
| Conceptual mapping approach | ڕێبازی نەخشەی چەمکیی |

د

| | |
|---|---|
| Gestalt psychology | دەروونناسی گشتاڵت |

س

| | |
|---|---|
| Cognitive semantic | سیمانتیکی درکپێکردن |
| Image schemas | سکێمای وێنەی |

ش

| | |
|---|---|
| Cognitive poetics | شیعرناسیی درکپێکردن |

ف

| | |
|---|---|
| Mental spaces | فەزای ئاوەزی |
| Input spaces | فەزای تێکردە |
| Generic spaces | فەزای گشتیی |

ک

| | |
|---|---|
| Social code | کۆدی کۆمەڵایەتیی |
| Verbal code | کۆدی زارەکیی |
| Bodily code | کۆدی جەستەیی |
| Commodity code | کۆدی کەرەستەیی |
| Behavioural code | کۆدی ڕەفتاریی |
| Interpretive code | کۆدی ڕاڤەیی |
| Perceptual code | کۆدی پەیپێبردن |
| Ideological code | کۆدی ئایدۆلۆجیی |
| Realistic code | کۆدی واقعیی |
| Textual code | کۆدی دەقیی/ شیعریی |
| Aesthetic code | کۆدی هونەریی و ئەدەبیی |
| Rhetorical and stylistic code | کۆدی ڕەوانبێژیی |
| Scientific code | کۆدی زانستیی |
| Mass media code | کۆدی ڕاگەیاندنی |

گ

| | |
|---|---|
| Integration | گرێدان |

م

| | |
|---|---|
| Domain | مەودا |
| Conceptual metaphor | میتافۆری چەمکیی |
| Source domain | مەودای سەرچاوە |
| Target domain | مەودای مەبەست |
| Imagistic metaphor | میتافۆری وێنەیی |
| Ontological metaphor | میتافۆری بونگەرا/ ئۆنتۆلۆجیی |
| Structure metaphor | میتافۆری دروستەیی |
| Orientation metaphor | میتافۆری ئاڕاستەیی |

ن

| | |
|---|---|
| Neuro cognitive poetics | شیعرناسیی نیۆرۆ درکپێکردن |

هـ

| | |
|---|---|
| Embodied | بنەمای بەجەستەکراو |
| Perceive | هەستپێکردن |

و

| | |
|---|---|
| Conceive | وێناکردن |
| Individual | تاکگەرایی |

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی | ١_٥ |
| ١/٠. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠. هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٥/٠. سنوری لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠. گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠. بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢_٥ |
| بەشی یەکەم | |
| ١. میتافۆر لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا | ٧_٤٠ |
| ١/١. ئاڕاستەی میتافۆر لە ڕوانگەی باوەوە بەرەو درکپێکردن | ٧ |
| ١/١_١. میتافۆر بەپێی ڕوانگەی باو | ٧ |
| ١/١_٢. کەلێنی زانستیی و ڕەخنەکان لەڕوانگەی باو پەیوەست بە زانستی زمانیی درکپێکردنەوە | ٩ |
| ٢/١. درکپێکردنی میتافۆر | ١٠ |
| ١/ ٢_١. کورتەیەک دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن | ١٠ |
| ١/ ٢_٢. میتافۆر وەک یەکەیەکی سایکۆلۆجی زمان | ١٩ |
| ٢/١_٢_١. میتافۆری چەمکیی | ٢٢ |
| ٣/١. درکپێکردنی میتافۆر لەشیعردا | ٢٣ |
| ٣/١_١. شیعرناسیی درکپێکردن | ٢٤ |
| ٣/١_٢. شیعرناسیی نیورۆدرکپێکردن | ٢٥ |
| ٣/١_٣. ڕوانگەی سایکۆزمانی بۆ شیعر | ٢٦ |
| ٤/١. کۆدە شیعرییەکان پەیوست بە تیۆرە نوێکانی میتافۆر | ٢٧ |
| ٤/١_١. کۆد لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا | ٣٠ |
| ٤/١_٢. جۆرەکانی کۆد | ٣٣ |
| ٥/١. کۆدی دەقیی/ شیعریی | ٣٧ |
| **بەشی دووەم** | |
| ٢. تیۆری میتافۆری چەمکیی لە کۆدی شیعرییدا | ٤٢_٨٩ |
| ١/٢. تیۆری میتافۆری چەمکیی | ٤٢ |
| ٢/٢. جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی | ٤٥ |
| ٢/٢_١. میتافۆری وێنەیی | ٤٦ |

| | |
|---|---|
| ٤٩ | ٢/٢_٢. میتافۆری ئاڕاستەیی |
| ٥١ | ٢/٢_٣. میتافۆری بونگەرا/ ئۆنتۆلۆجیی |
| ٥٤ | ٢/٢_٤. میتافۆری دروستەیی |
| ٥٥ | ٣/٢. میتافۆری چەمکیی لەکۆدە شیعرییەکاندا |
| ٧٢ | ٤/٢. تیۆری میتافۆری ئاوێتە |
| ٨٥ | ٥/٢. جیاوازییە گشتییەکانی نێوان تیۆری میتافۆری چەمکیی و ئاوێتە |
| | **بەشی سێیەم** |
| ٩١_١٣٨ | ٣. چەمکی کات بەپێی تیۆری ئاوێتەکردن لە کۆدە شیعرییەکاندا |
| ٩١ | ١/٣. چەمکی کات |
| ٩٢ | ١/٣_١. کات لە ڕوانگەی زانستییەوە |
| ٩٥ | ١/٣_٢. کات لەڕوانگەی فەلسەفییەوە |
| ٩٩ | ١/٣-٣. کات لەڕوانگەی ئایینییەوە |
| ١٠٤ | ٢/٣. دووانەیی/ دوالیزمیی کات لە نێوان ڕاستیی و خەیاڵدا |
| ١٠٨ | ٣/٣. تایبەتمەندییەکانی کات |
| ١٠٩ | ٤/٣. میتافۆری چەمکی کات بەپێی تیۆری ئاوێتە لە کۆدە شیعرییەکاندا |
| ١٠٩ | ٤/٣_١. کات وەک جوڵە |
| ١٠٩ | ٤/٣_١_١. جوڵانی خود |
| ١١٣ | ٤/٣_١_٢. جوڵانی کات |
| ١٢١ | ٤/٣_٢. کات وەک ئاڕاستە |
| ١٢٩ | ٤/٣_٣. کات وەک کردە |
| ١٣٢ | ٤/٣_٤. کات وەک مرۆڤ/کەس |
| ١٣٥ | ٤/٣_٥. کات وەک بەها |
| ١٤٠ | ئەنجام |
| ١٤٢ | لیستی سەرچاوەکان |
| ١٥٠ | الملخص |
| ١٥١ | Abstract |

# پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|

**بەشی دووەم**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | هێڵکاری نێوان مەودای سەرچاوە و مەبەست لە تیۆری میتافۆری چەمکییدا | ٤٢ |
| ٢ | تیۆری ئاوێتە | ٧٤ |
| ٣ | کوردەکان دەنگ بە ئەردۆگان نادەن | ٧٦ |
| ٤ | میتافۆری (نەشتەرگەرەکە قەسابە) | ٨٠ |

**بەشی سێیەم**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | یەک ئاڕاستەیی کات | ٩٤ |
| ٢ | فرە ئاڕاستەیی کات | ٩٥ |
| ٣ | جوڵانی خود | ١١٢ |
| ٤ | جوڵانی کات | ١١٧ |
| ٥ | وەستانی کات | ١١٩ |
| ٦ | جوڵانی خود و کات | ١٢١ |
| ٧ | کات وەک ڕاستەهێڵ | ١٢٣ |
| ٨ | کات وەک بازنە | ١٢٦ |
| ٩ | کات وەک کردە | ١٣١ |
| ١٠ | کات وەک مرۆڤ/ کەس | ١٣٤ |
| ١١ | کات وەک بەها | ١٣٨ |

## پێشەکیی:

### ١/٠. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لە کۆدی شیعرییدا)یە، بەشێوەیەکی گشتیی بۆ درکپێکردنی میتافۆر و خستنەڕووی ڕێبازە نوێیەکانی شیعرناسیی و درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لە کۆدی شیعرییدا تەرخانکراوە، کە لەڕوانگەی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، لێیکۆڵراوەتەوە، لێکۆڵینەوەکە لە چێوەی دوو تیۆریدا، هەروەک تیۆری میتافۆری چەمکیی و تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە، ئاوەزییانە لە وێنەی میتافۆریی لە شیعری شاعیرانی کورد دەڕوانێت.

### ٢/٠. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەرەستەی زمانیی (زاری کرمانجی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانیی)، بەکارهێنراوە، نموونە و دەربڕدراوە زمانییەکان و نموونە شیعرییەکانیش لە چوارچێوەی قسەپێکەران و شاعیرانی هەمان زار وەرگیراون.

### ٣/٠. هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

میتافۆر لە لایەکەوە پتر لە زمان، بەشێکی سەرنجپێدراوی نێو مەودای ئەدەب و فەلسەفەیە، دواتر و هەروەک لە لێکۆڵینەوەکەشدا خراوەتەڕوو لەلایەکی ترەوە لەنێو زانستی زمانی درکپێکردندا، ئەوەندەی دیاردەیەکی پەیوەستە بە پرۆسەکانی بیریی مرۆڤەوە، ئەوەندە هونەرێکی زمانیی نییە، لەم دیدگایەشەوە، میتافۆرە چەمکییەکان بە چەشن و جۆرەکانییەوە، هەروەها چەمکە میتافۆرییەکانی (کات)، کە ئەمەیان زیاتر لە نێو پانتایی ئەدەب و فەلسەفەدا لێکدراوەتەوە، دەبنە پنتی پرسیاری لێکۆڵینەوەکە، بەجۆرێک؛ **ا.** ئایا شاعیر بە پێکهاتەی فەرهەنگیی و کۆدی جیاواز دەتوانێت وێنەی جیهان و دەورووبەری بکات و بیرکردنەوەکانی بە وێنە میتافۆرییەکان بەرجەستەبکات؟، **ب.** وێنە هزرییەکان دەربارەی (کات)، چۆن لە میتافۆردا نوێنراوە؟، **ت.** ئایا درکپێکردنی سکێمای (کات) بەپێی تیۆریی ئاوێتە، پەیکاڵ بە پرۆسەی بیرکردنەوەی شاعیرە یان پرۆسەیەکی نائاگایی و گەمەکردنێکی زمانییە؟، وێڕایئەوانەش مەبەستی لێکۆڵینەوەکە چۆنێتی درکپێکردنی چەمکی کاتە، کە ئاخۆ لای کورد – شاعیران بە نموونە- چۆن بیر لەم چەمکە کراوەتەوەو نرخ و بەهاو تێگەیشتن لەم چەمکە چۆنە و چییە؟ بۆیە بەگشتی گرنگی لێکۆڵینەوەکە، لە پەیبردن بە تەرزی بیرکردنەوەی شاعیر و بوون بە بەشێک لە سستمی کۆدی پەیوەندییکردنی زمانیی دیاریدەکەین.

### ٤/٠. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (پەسنی و درکپێکردن)، لە ڕاڤەکردنی کۆدە شیعرییەکاندا ، بەپێی هەردوو تیۆری میتافۆری چەمکیی و ئاوێتە، پەیڕەوکراوە.

### ٥/٠. سنوری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەناو زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە و لەدەستخستنی نموونە شیعرییەکاندا، هەوڵدراوە دەقی شیعریی بەپێی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە، نەک دیاریکردنی شاعیر، هەڵبژێردرێت، واتە لە وەرگرتنی نموونە شیعرییەکاندا، تەنها لە شیعریی شاعیرانی کۆن/ کلاسیک خۆ بەدوورگیراوە، لەبەرامبەریشدا لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی نموونە شیعرییە بەکارهێنراوەکاندا، هیچ چوارچێوەیەک و سنورێک دیارینەکراوە، بەمپێیە لێکۆڵینەوەکە خۆیی نەبەستووەتەوە بە قۆناغێک یان قوتابخانەیەکی شیعریی، یاخود کۆمەڵە و گروپێکی دیاریکراو لە شاعیرانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی کات، وەک یەکێک لە پنتە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەکە باسکراوە و خراوەتەڕوو.

### ٦/٠. گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەو کەلێنە مەعریفییەدا بەرجەستەدەکرێت، کە ئایا بیرکردنەوەی عەقڵانی تاک لە ڕێگەی شیعرەوە، کە پرۆسەیەکی هەستەکییە پەیپێدەبرێت؟ پەیوەست بەمەشەوە تاک لە هەڵهێنجانی چەمکە میتافۆرییەکاندا وابەستەیە بە فیزیک یان میتافیزیک؟ بەپێی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە کە لە چوارچێوەی زانستی زماندایە، دەگەینە دەستنیشانکردنی چ پۆلێنێکی مەعریفی؟ ئەمەش وەک کێشەی لێکۆڵینەوەکە دەناسێنرێت.

### ٧/٠. بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگەلە پێشەکیی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکهاتووە، بە مەبەستی گەیشتن بە شیکاریی و تێگەیشتنی زیاتر، هەر بەشێکیش کراوە بە چەند پار و وەچەپارێکی ترەوە، هەروەک لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

**بەشی یەکەم: میتافۆر لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا**

تێڕوانینێکی گشتییە سەبارەت بە میتافۆر، بۆ ئەم مەبەستە ئەم بەشە کراوە بە پێنج پارەوە، بەمشێوازە:

پاری یەکەم: ناونراوە (ئاڕاستەی میتافۆر لەڕوانگەی باوەوە بەرەو درکپێکردن)

ئەم پارە بۆ ڕوانگە باوەکانی میتافۆر تەرخانکراوە، تا دەگات بە ڕوانگەی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن، هەروەها کەلێنە زانستییەکانی ڕوانگەی باو لەلایەن زمانەوانیی درکپێکردنەوە خراونەتەڕوو.

پاری دووەم: (درکپێکردنی میتافۆر)

لەم پارەدا کورتەیەک دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن و تایبەتمەندییە واتاییەکانی قوتابخانەکە بۆ واتایی زمانیی خراوەتەڕوو، لەتەکیشیدا میتافۆر وەک یەکەیەکی سایکۆلۆجیی زمان شەنوکەوکراوە و ناساندنێکی کورتیش لەبارەی میتافۆری چەمکییەوە کراوە.

پاری سێیەم: درکپێکردنی میتافۆر لە شیعردا

سەرجەمی جەختکردنەوەکانی ئەم پارە، بۆ درک و خستنەڕووی تیۆرییە نوێیەکانی شیعرناسیی تەرخانکراوە، هەروەک: شیعرناسیی درکپێکردن و نیورۆ درکپێکردنی شیعر و ڕوانگەی سایکۆ زمانی بۆ شیعر لە چێوەی ئەم پارەدا باسکراون.

پاری چوارەم: کۆدە شیعرییەکان پەیوەست بە تیۆرە نوێیەکانی میتافۆر

خۆی لە ناساندنی کۆد بەگشتیی، کۆد لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا، چەشن و جۆرەکانی کۆد دەبینێتەوە، هەوڵدراوە خوێندنەوەیەکی زانستییانە لەمبارەیەوە بخرێتەڕوو.

پاری پێنجەم: کۆدی دەقیی/ شیعریی

تێیدا کۆدی دەقیی/ شیعریی، هەروەها چەشن و جۆرەکانی کۆدی دەقیی/ شیعریی وەک یەکێک لە پنتە گرنگەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکراوە.

**بەشی دووەم: تیۆری میتافۆری چەمکیی لە کۆدی شیعرییدا**

ئەم بەشە بەگشتیی بۆ تیۆری میتافۆری چەمکیی، چەشن و جۆرەکانی، دەرخستن و درککردنیان لە کۆدە شیعرییەکاندا تەرخانکراوە، لەگەڵیشیدا وەک بەستەری نێوان بەشی دواتری لێکۆڵینەوەکە، تیۆری میتافۆری ئاوێتە لەخۆدەگرێت، بەمجۆرە:

پاری یەکەم: تیۆری میتافۆری چەمکیی

بۆ باسکردنی تیۆری میتافۆری چەمکیی تەرخانکراوە، وەک یەکێک لەو تیۆرییانەی کە میتافۆر لە چوارچێوەیدا لێیکۆڵراوەتەوە.

پاری دووەم: جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی

چەشن و جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی هەروەک لە (میتافۆری ئاڕاستەیی، دروستەیی، بونگەرایی/ ئۆنتۆلۆجیی، وێنەیی)دا، خۆیدەبینێتەوە، خراونەتە بەر باس.

پاری سێیەم: میتافۆری چەمکیی لە کۆدە شیعرییەکاندا

کار لەسەر چۆنێتی بەرهەمهێنانی میتافۆرە چەمکییەکان لە کۆدە شیعرییەکاندا کراوە، تیایدا جەخت لە چۆنێتیی بەستنەوەی چەمکە جیاوازەکان کراوەتەوە، بۆ ئەمەش بایەخ بە شیکارکردن و شرۆڤەکردنی هەردوو مەودای (سەرچاوە) و (مەبەست) دراوە.

پاری چوارەم: تیۆری ئاوێتە

تەواوی جەختکردنەوەکانی ئەم پارە بۆ باسکردن و شرۆڤەکردنی تیۆری میتافۆری ئاوێتە، وەک تیۆرییەکی تەواوکاری چەمکییانە، تەرخانکراوە.

پاری پێنجەم: جیاوازییە گشتییەکانی نێوان تیۆری میتافۆری چەمکیی و ئاوێتە

لەڕێگەی باسکردنی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو تیۆرییەکەوە، کە لەم پارەدا خراوەتەڕوو، کەلێنی میتافۆری چەمکیی دەرخراوە، لەبەرامبەردا تیۆری ئاوێتە وەک تیۆرییەکی سەرکەوتووتر ناسێنراوە.

**بەشی سێیەم: چەمکی کات بەپێی تیۆری ئاوێتەکردن لە کۆدە شیعرییەکاندا**

ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە بەگشتیی بۆ ناساندنی چەمکی کات و خستنەڕووی لە کۆمەڵێک ڕوانگەوە تەرخانکراوە، پاشان تایبەتمەندییەکانی کات خراوەتەڕوو، هەروەها لە ڕێگەی نموونە شیعرییەکانەوە چەمکی کات لە کۆدە شیعرییەکاندا دەرخراوە، هەروەک:

پاری یەکەم: چەمکی کات

لە ڕێگەی سێ وەچە پارەوە، کە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ ڕوانگەیەک، باس لە چەمکی کات بە وردی کراوە، ئەمەش تەنها بەو هۆکارەی، کە لە کاتی لێکدانەوەی نموونە شیعرییەکاندا ڕووبەڕووی شیکاریی و لێکدانەوەی زۆر نەبینەوە، هەربۆیە هەوڵدراوە، تەواوی زانیارییەکان لەسەر چەمکی کات لەو ڕوانگانەوە بخرێنەڕوو، ئەوانیش ڕوانگەی زانستیی، ڕوانگەی فەلسەفیی و ئایینین بۆ کات.

پاری دووەم: دووانەیی/ دوالیزمی کات لەنێوان ڕاستیی و خەیاڵدا

باسکردنە لە کات، شرۆڤەکردنێکی کورتە، کە ئایا کات بابەتێکی ڕاستیی نێو گەردوونە یاخود خەیاڵیی؟

پاری سێیەم: تایبەتمەندییەکانی کات

پشتئەستوور بە پارەکانی پێشووتری لێکۆڵینەوەکە، لەم پارەدا هەوڵدراوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەم چەمکە باسبکرێت.

پاری چوارەم: میتافۆری چەمکی کات بەپێی تیۆری ئاوێتە لە کۆدە شیعرییەکاندا

لەڕێگەی پێنج وەچەپارەوە میتافۆری چەمکی کات، وەک؛ جوڵە (جوڵانی خود و جوڵانی کات)، هەروەها کات، وەک؛ ڕاستەهێڵ، وەک بازنە، وەک کردە، وەک کەس/ مرڤ و وەک بەها، لە کۆدە شیعرییەکاندا و بەپێی تیۆری ئاوێتە شرۆڤەکراوە.

# بەشی یەکەم

# میتافۆر لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا

## ١/١. ئاڕاستەی میتافۆر لە ڕوانگەی باوەوە بەرەو درکپێکردن

لێکۆڵینەوە و کنەکردن لە زماندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا گوزەریکردووە، بەشێوەیەکی گشتیی لێکۆڵینەوەکان بە ئامانجی ئاشکراکردن و درککردنی بە پنتە شاراوە و نادیارەکانی زمان، کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێترە و هەوڵدراوە لە ڕێگەیانەوە چەندین لایەنی تاریک و شاراوەی زمانیی، ڕووناکبکەنەوە. لەمڕوانگەیەوە میتافۆر وەک بابەتێکی زمانەوانیی/ ئەدەبیی کاری لەسەر کراوە، لێرەشدا دەتوانرێت لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتردا، خوێندنەوەیەکی باو لەسەر میتافۆر بەشێوەیەکی کورت و پوخت بخرێتەڕوو:

### ١-١/١. میتافۆر بەپێی ڕوانگەی باو

تێڕوانینە باوەکان دەربارەی میتافۆر لە چەند ڕەهەندێکەوە خراونەتەڕوو، هەر یەکەیان بە ڕوانگەیەکی جودا لایەنێکی جیاوازی ئەم بابەتەیان خستووەتە بەرباس و هەڵوەستەیان لەسەر کردووە. لە تێڕوانینی باودا میتافۆر بەشێوەیەکی زۆر فراوان و بەربڵاو لە زماندا بەکاردەهێنرێت و وەها گریمانەدەکرێت، کە زمان بریتییەلە میتافۆر؛ مرۆڤ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا لە ئاگاییەوە بێت یان نائاگایی، هەموو ئەو دەربڕاوانەی دەریاندەبڕێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان دەربڕاوی میتافۆرین. ئەمە جگەلەوەی میتافۆر لە بنەڕەتدا خۆی خەسڵەتی وشەیە و بە یەکێک لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی دادەنرێت، لێرەدا وشەکان بۆخۆیان دەبنە میتافۆر و لە ئەنجامی بەکارهێنانیان و گەیاندنی زیاتر لە واتایەک لە هەر وشەیەکدا خەسڵەتی میتافۆرییان بەبەرداکراوە. ئەم بەربڵاوییەی میتافۆر لە زماندا وایکردووە، کە "لە زۆربەی شێوەی گەیاندنی زمانییدا دەبینرێت: ئاخاوتنی ڕۆژانە؛ گوتاری ڕۆژنامە؛ گوتاری دینی؛ باسکار؛ نووسینی فەلسەفی و ڕۆمان و شیعر و ...". (حاجی مارف، ئەوڕەحمان، ٢٠١٤: ٢٧٤). بەمپێیە بۆئەوەی زمان دەوڵەمەندتربێت، هەمیشە پەنادەبرێتە بەر میتافۆر، واتە میتافۆر ڕێگەیەکە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زمان، لەڕێگەیەوە هەوڵدەدرێت ئەو کەلێنەی بەهۆی سنوردارکردنی وشەکانەوە دروستدەبێت؛ پڕبکرێتەوە، لەوڕوانگەیەوە، کە هەر زمانێک لە ڕووی ژمارەی وشەکانییەوە سنورێکی هەیە و لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەمەش پێچەوانەی واتایە، کە هەمیشە لە پەرەسەندندایە. لە بۆچوونی باودا میتافۆر وەک بنەمایەکی وەکیەکی تەماشادەکرێت، هەمیشە یەکەیەک بەرامبەر بە یەکەیەکی تر دادەنرێت و شوێنی یەکتر دەگرنەوە، کە هەندێکجار ڕەنگە یەک نیشانە/ فیچەریان، بنەما وەکیەکییەکە دروستبکات، بە پێچەوانەی مێتۆنیمی، کە تیایدا لەسەر بنەمای نزیکبوونەوەی دوو یەکە لەیەکتر دروستدەبن و درکیانپێدەکرێت، نەک وەکیەکی، "مێتۆنیمی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو یەکە، کە ئەم پەیوەندییەش هەمیشە بەهۆی نزیکی و هاوڕێیەتییەوە لەنێوانیاندا دروستدەبێت". (غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠٠٦: ٨٦).

له ڕوانگەی باودا، تیۆروانینێکی زۆر و جۆراوجۆر لەسەر دیاردەی میتافۆر خراونەتەڕوو، وەک پێشتریش باسکرا، هەندێک لە تیۆروانینەکان لە چوارچێوەی زماندان، هەندێکیشیان لەناو ئەدەبدان "زۆر کەس لەو باوەڕەدان، کە میتافۆر زادەی ئەندێشەی شاعیرە و زەخرەفەیەکی ڕەوانبێژییە، ئامرازێکە لە زمانی نائاسایی نەک ئاساییدا بەدی دەکرێت". (عەلی، بەکر عومەر، ٢٠٠٠: ٦). میتافۆر لە ڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە وەک هونەر لێیدەڕوانرێت، ڕێگایەکە شاعیر دەتوانێت ئەم یەکەیە وەک هونەرێک بەکاربهێنێت و هونەرمەندانە خەیاڵ و هەست و سۆزی خۆی لەچێوەیدا نەخشەبکێشێت. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، تیۆروانینە باوەکان لەبارەی دیاردەی میتافۆرەوە بەشێکی زۆری ڕوانگەیەکی ئەدەبییانەیان هەیە، ئەویش بەو هۆکارەی ئەم دیاردەیە پانتاییەکی گەورەی بواری ئەدەبیی داگیرکردووە. وەک باسکرا، لەنێو زمانیشدا سنوری بەکارهێنانی میتافۆر زۆر بەربڵاوە، خۆی لەخۆیدا زمان هەمووی میتافۆرە "لە زماندا شتێک نییە، توانای ئەوەمان نەبێت، گوزارشتی لێبکەین، بەڵام ئەرکی زمان قۆستنەوەی ئەو دەربڕینانەیە، کە پێی ڕانەهاتووین". (مەهدی، سامی، ١٩٩٨: ٤٩). لە تیۆروانینی باودا میتافۆر بەهرەیە و وەک بەهرەیەک لێیدەڕوانرێت، ئەمەش وادەکات بەکارهێنانی میتافۆر لەلایەن مرۆڤەکانەوە لە ئاخاوتن و دەربڕینەکانیاندا، ئەوانە دیارییبکرێن، کە خاوەنی ئەم بەهرەیەن و ئەوانەش کە خاڵین لەم بەهرەیە. تیۆروانینێکی دیکەی باو میتافۆر بە دیاردەیەکی خوازەیی دادەنێت، لەڕێگەیەوە کاریگەریی لەسەر تاک دروستدەکات و وادەکات، کە لە ئەنجامی بەرکەوتن یان خوێندنەوەیدا جۆرێک لە سەدمەی لەلا دروستببێت. "خوازە لەلای زانایانی ڕەوانبێژی، بریتییەلە گواستنەوەی وشەیەک لە واتای بنەڕەتییەوە بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ". (عەبدوڵا، ڕۆژان نوری، ٢٠١٧: ٥٦). هەروەها میتافۆر دوورکەوتنەوەیە لە واتای بنەڕەتی و بەخشین و هەڵگرتنی واتایەکی ترە، کە دوورە لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە. "میتافۆر داهێنراوێکە، کە تیایدا وشە و دەربڕینەکان بۆ بەخشینی واتایەکی دوور لە واتای زارەکی و کتومتی خودی ئەو وشە و دەربڕینە بەکاردەهێنرێن". (سبزیان، سعید و کزازی، میرجلال الدین، ١٣٨٨: ٣٢٣). لەمبارەشدا واتای فەرهەنگیی وشەکان دادەماڵرێت و واتایەکی دیکەی بەبەردادەکرێت، هەربۆیە دەتوانرێت بوترێت؛ میتافۆر هەڵگری دوو واتایە، واتایەکیان واتا بنەڕەتییەکەیەتی و ئەوی تریان واتایەکە، کە دوورە لە واتای فەرهەنگیی و بنەڕەتیی و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهێنراوە. بەشێوەیەکی گشتییش دەربڕینە میتافۆرییەکان لە زماندا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەیە، کە ئەمانیش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیان و بە تێپەڕبوونی کات فیچەرە میتافۆرییەکانیان دەسوێن و دەبن بە دەربڕینی ئاسایی. "دەربڕینە میتافۆرییەکان دوورکەوتنەوە نین لە ژیان و مەنتیق، بەپێچەوانەوە هەندێک لەو بڕوایەدان، کە بەرجەستەکردنی ژیان لە میتافۆردا زیاترە وەک لە دەربڕینە ئاساییەکاندا". (عەلی، بەکر عومەر، ٢٠٠٠: ١٨). کەواتە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە میتافۆر لە ڕوانگەی باوەوە دیاردەیەکی بەربڵاو و فراوانی زمان و ئەدەبە

و ئێمەی مرۆڤ ناتوانین خۆمانی لێ بەدووربگرین و بەکارینەهێنین، بەڵکو بەکارهێنانی بووەتە شتێکی حاشاهەڵنەگرو بەردەوام لە دەربڕین و ئاخاوتنی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕوویدەبینەوە و بەشێکە لە دەربڕینەکانمان.

## ٢-١/١. کەلێنی زانستیی و ڕەخنەکان لەڕوانگەی باو پەیوەست بە زانستی زمانی درکپێکردنەوە

لێکۆڵینەوە لە میتافۆر بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، بەپێی (ئەرستۆتالیس) ئەرکی میتافۆر لە شێوازبەندی و نەخشەداریدا چێوەبەندکراوە، هەر بۆیە میتافۆر وەک هۆکارێکی جوانناسی پەسندەکرێت، بەتایبەت شیعر، کە بە ڕێگەیەکی ڕەوان و ڕازیکەرانە دادەنرێت، (ئەرستۆتالیس) لە تیۆری بەراوردکردنی میتافۆردا ئاماژەی-بەوە-داوە، کە میتافۆر جۆرێکە لە (بەراوردکردن و وەکیەکی)، ئەمەش سەرەتای دەستپێکی بەدیکردنی ئەو کەلێنە زانستییە بوو، کە میتافۆری لەسەر بونیاتنرابوو، بەتایبەت لە ڕوانگەی ئەو زمانەوانانەی لە چێوەی درکپێکردندا لە میتافۆرییان کۆڵییەوە. بنەمای چوونیەکی یەکێکە لەو بنەمایانەی، کە بەهۆیەوە میتافۆرەکان دەناسرێنەوە، ئەمەش بۆ یەکەمینجار و لە سەردەمی (ئەرستۆ)وە پێشنیازکراوە، لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات، کە میتافۆر بریتییەلە بەکارهێنانی واتایەکی جیاوازی وشەکان دوور لە واتا سەرەکیی و پراوپڕییەکەی خۆی. زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە، کە مەرج نییە، میتافۆرەکان لەسەر بنەمای وەکیەکی بنیاتنرابن، بەڵکو قوتابخانەکە زیاتر شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکاتە بنەمای بنیاتنانی میتافۆر، هەروەها درکپێکردن لەگەڵ تێڕوانینێکی تری باودا، کە میتافۆر بە بەهرە دادەنێت، نایەتەوە و یەکناگرێتەوە، درکپێکردن بە هیچ جۆرێک پشتگیریی بنەمای بەهرەداریی بۆ بنیاتنانی میتافۆرەکان ناکات، بەڵکو قوتابخانەکە لەو باوەڕەدایە، کە میتافۆرەکان بەرهەمی بەکارهێنانی ڕۆژانە و ئەزموونەکانن و بریتین لە پرۆسەیەکی تەواو هزری، هەروەها قوتابخانەکە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی، کە دەتوانرێت تەواوی ناونیشان و سەربابەتەکان لێکدانەوە و شیکردنەوەی پێتیان بۆ بکرێت بەبێ پشتبەستن بە میتافۆر، لەمبارەیەشەوە باوەڕیوایە"تەواوی ئەو ناساندنانەی لە فەرهەنگی زماندا کراون پیتین/ دەقاودەقن، میتافۆریی نین. ئەو چەمکانەی لە ڕێزمانی زمانێکدا بەکاردەهێنرێن هەموویان پیتین؛ هیچکامیان میتافۆری نین". (Lakoff, G. 1992: 2)

## ٢/١. درکپێکردنی میتافۆر

لەڕاستییدا درکپێکردن بە هەرشتێک، نزیکبوونەوەیە لە دۆزینەوەی میتافۆرێک بۆ ئەو شتە، بە واتایەکی تر؛ هەستی ناسیاویی بەرامبەر هەر شتێک درکپێکردنی هەمان شتە. لەمڕوانگەیەوە دەکرێت تێڕوانینی درککردن بۆ (با) بەجۆرێک ڕاڤەبکرێت، کە شەپۆلە هەوایەکی بەگوڕ و تینە، هەندێکجار بەهێز و هەندێکجار بێهێز، لە سەرێکی ئەم زەوییەوە دێت و بەر هەر شتێک دەکەوێت، وێنەدەنگێکی وەک (هاژە، گژە، هووژە... تاد)، دروستدەکات، وەکچۆن لە پێکدادانێکی فیزیکیدا بەرکەوتنی تەنەکان بەپێی تایبەتمەندێتییان سەداو دەنگی هەمەچەشنەی لێدەکەوێتەوە، کەچی لە حەقیقەتدا خودی (با)، خاوەنی هەمان تایبەتمەندێتیی چەشنی تەنە بەرجەستەییەکان نییە، بەڵکو ئەمە تەنها بەرهەمی وێناکردنی مرۆڤە، کە بە هاوکاریی میتافۆر لەڕێگەی زمانەوە بەجێنشینکردنی مۆدێلێک (پێکدادانی فیزیکی- با) ئەیخوازینەوە. بەمجۆرە یەکێک لە گریمانەکان ئەوەیە، کە دەکرێت لێکۆڵەر ئەم چەشنە درککردن و تێگەیشتنەی بۆ (با ) هەبێت، کە خودی چۆنێتی درککردنەکە بریتییەلە چوارچێوەی وێنەی میتافۆری. لێرەشەوە ئەو ڕاستییە خۆی بەیاندەکات، درکپێکردنی ئێمەی کورد بۆ جیهان بە هەمان ئەندازەی ئەفراندنی میتافۆرە، بە گوزارەیەکی تر؛ درک و تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ بۆ جیهان لە ڕێگەی زمانەکەمانەوەیە.

## ١ /٢-١. کورتەیەک دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن

زانستی زمان درکپێکردن* ڕێبازێکی نوێی زمانەوانیی ئاوەزییە و لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە واتا هاتووەتەئاراوە. ئەم ڕێبازە بەگشتیی، لە چۆنییەتی کارکردنی ئاوەزی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، هەروەها لەسەر بنەمای درککردن بەو کەموکوڕییانەی، کە لە قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێش خۆیدا هەبووە، دروستبووە و سەریهەڵداوە، بەتایبەتییش ئەو کەموکوڕییانەی کە لە هەردوو

*زانستی زمانی درکپێکردن، وەک قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانیی بیریی، سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە. زانستەکە خۆی بە هەردوو کردەی (بیرکردنەوە و زمان)ەوە، خەریکدەکات. بۆ یەکەمینجاریش خودی زاراوەی زانستی زمانی درکپێکردن لەلایەن زانا (جۆرج لاکۆف)ەوە، بەکارهێنراوە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە دەروونناسی گشتاڵت (Gestalt Psychology)، یەکێکە لەو زانستانەی لە سەرەتای دروستبوونییەوە، کاریگەریی بەسەر زانستی زمانی درکپێکردنەوە هەبووە. دواتر ئەم زانستە لەڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەیەوە کراوە بەردەوام لە گەشەسەندندا بووە، لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم گەشەسەندنەدا و پاش بڵاوبوونەوەی لە ڕێگەی گۆڤار و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەتایبەتی دەرچوونی گۆڤاری (زانستی زمانی درکپێکردن)، لە ساڵی ١٩٩٠ز دا، زانستەکە وەک لقێکی سەربەخۆی زانستی زمانی گشتیی دەرکەوت و بەتەواوەتی ناسێنرا.

قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی و عەقڵگەراییدا هەبوون. زانستی زمانی درکپێکردن لەسەرەتای دروستبوونییەوە و لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیدا لە هەوڵدایە، کە ئەو بۆشایی و کەلێنە زانستییە زمانەوانییانەی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی و عەقڵگەرایی پڕبکاتەوە، هەربۆیە لە هەوڵێکیدا بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەنهەجییەوەیە، کە لە هەردوو قوتابخانەکەدا هەبوون، ئەویش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەریەکە لەو دوو قوتابخانەیە دابەشکارییەکی دووانەییان بۆ زمان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا کردووە، بەجۆرێک لای ڕەفتارگەراییەکان زمان پۆلێندەکرێت بۆ دووانەی (زمان Language و ئاخاوتنParole ) و لای عەقڵگەراییەکانیش زمان خۆی لە دووانەی (توانست Competence و چالاکیPerformance )دا، دەبینێتەوە، لەم دابەشکارییانەشیاندا ئەوە نەخراوەتەڕوو، کە ئایا پردی پەیوەندیی نێوان ئەم جەمسەرانە چین؟ هەربۆیە درکپێکردن پەیوەست بە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانییەوە هەوڵیداوە ئەم درز و کەلێنانە پڕبکاتەوە. تێڕوانینەکانی قوتابخانەکانی پێشووتر، سەبارەت بە زمان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن، کە لە هەندێک جێگادا شێلگیرانە بەرامبەر تێڕوانینی قوتابخانەکانی دیکە وەستاوەتەوە و ڕەتیکردوونەتەوە، لە هەندێک باریشدا تێڕوانینەکانیانی تێروتەسەلتر کردووە.

لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا، ڕێزمان بەگشتیی و سینتاکس بەتایبەتی ناوەندی لێکۆڵینەوە زمانییەکان لەخۆدەگرێت "تا ئەو ڕادەیەی، کە بانگەشەی (لەڕاستیدا سینتاکس وەک قاڵب و دەفری واتا وایە)، وەک ڕاستی و ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا". (غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦: ١٩). بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن، (واتا) دەکاتە خاڵی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوە زمانییەکانی و لەڕێگەی واتاوە هەوڵدەدات پنتە شاراوەکانی تری زمان بخاتەڕوو. ڕاستییەکی تر، کە لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا دەبینرێت ئەوەیە، کە زمان وەک مۆدولێکی سەربەخۆ تەماشادەکرێت و وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆش لە ئاوەزدا لێیدەڕوانرێت، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن ڕەتی چەمکیی مۆدولاری دەداتەوە، بەتایبەتی لای جۆرج لاکۆف، کە بەتەواوی دژی چەمکیی مۆدولاریی زمان دەوەستێتەوە، "ئەو جیاکارییە ڕەتدەکاتەوە، کە یەکە زمانییەکان ڕێکخراوبن دوور لە یەکتر، پێیوایە کە پێکهاتە جیاوازەکانی زمان تەنها بەشێوەیەکی ڕووکەش دەتوانرێت بوترێت، بەشداریی چەپکێک نیشانەی واتای ڕێکخراوی سەرەکی دەکەن، کە لە کرۆکدا ئەم بەشداریکردنە یان لاوازە یان هەر نییە". (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٢: ٧٧-٧٨). لەگەڵئەوەی هەردوو قوتابخانەی بەرهەمهێنان و درکپێکردن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بانگەشەی ئاوەزداری دەکەن، بەڵام هەریەکەشیان بەرگێکی تازە بەبەر ئەم ڕاستییەدا دەکەن، بەجۆرێک لە دیدگای زانستی زمانی بەرهەمهێناندا، زمان بەپێی تیۆری کۆمپیتەریی مێشک، مودولارێتی ئاوەزییە، سستمێکی کۆمپیتەریی ناوابەستە بە مۆدێلێکی دیاریکراوە لە مێشکدا، ئەمەش وەهادەکات زمان سستمێکی فۆرماڵی بێت، لەکاتێکدا

زانستی زمانی درکپێکردن، بەرجەستەکردنی مێشکە، هەروەک لە تیۆری پرۆتۆتایپ و میتافۆردا چۆنێتی بەرجەستەکردنی هزری ئاخێوەر شیتەڵکراوە، بۆیە لە دیدی ئەم زانستەدا؛ زمان سستمێکی سیمبوڵی و چەمکییە نەک سستمێکی کۆمپیتەریی و شێوازبەندی/ فۆرماڵی بێت.

لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا لەسەر بنەمای ڕێزمانی جیهانیی (Universal Grammar)، زمان بۆ هەردوو چەمکیی توانست و توانا پۆلێنکراوە، بەپێی قوتابخانەی بەرهەمهێنان، زمان بەشێوەیەکی بایۆلۆژیی بەشێکە لە ئاوەزی مرۆڤ "هەربۆیە ئەمان سەرجەمی لێکۆڵینەوەکانیان بۆ شیکردنەوەی (چالاکی) تەرخانکردوە، چونکە پێیانوایە (چالاکی) بریتییە لە توانستی پیسبو بە کاریگەرییە ژینگەییەکان. لێرەشەوە ویستیان بوە لەم توانستە پیسبوەوە بگەنە توانستی بێگەرد، کە لە ئاوەزی مرۆڤدایە". (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٢: ٨٤). بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن تێڕوانینی لەمبارەیەوە جیاوازە و بەپێچەوانەی قوتابخانەی بەرهەمهێنانەوە باوەڕیوایە، کە زمان بەشێوەیەکی تەواو بایۆلۆژیی بە مرۆڤ نەبەخشراوە، بەڵکو لە ئەنجامی بەردەوام بەکارهێنان و ئەزموونکردنی ڕۆژانەی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرێت و هەڵدەگوازرێت.

ئەم قوتابخانە نوێیەی زمانەوانیی سەرجەمی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دوو لقی سەرەکی بنیاتدەنێت، کە دواتر قوتابخانەکەش لە ڕێگەی ئەم دوو لقە گرنگەیەوە ڕەگی خۆی داکوتاوە، ئەوانیش بریتین لە: (ڕێزمانی درکپێکردن Cognitive Grammar) و (سیمانتیکی درکپێکردن Cognitive Semantic). هەرچی دەربارەی ڕێزمانی درکپێکردنە وەک لقێک لە قوتابخانەکە، لەلایەن زانا (ڕۆناڵد لانگەکار)ەوە، لە ساڵی ١٩٧٦دا پێشنیازکراوە. لێرەدا درکپێکردن هەڵگری ئەو بانگەشەیەیە، کە هەموو ڕێزمانی زمان بریتییەلە سستەمی بەچەمککردن، بەمەش بنەمای بیرۆکەی ڕێزمانی درکپێکردن هەروەک (لانگەکار) شرۆڤەیدەکات؛ بەشێکی هەمەکیی درککردنی مرۆڤەو ناکرێت تێگەیشتن بێتەئاراوە بەبێ سەرچاوەکانی توانای درکپێکردنی مرۆڤ، بە پێچەوانەی ڕوانگەی ئەو مۆدێلانەوە کە پشت بە سەربەخۆیی زمان و مۆدولاریتی ڕێزمان و ئۆتۆنۆمی سینتاکس دەبەستێت، ئاڕاستەی درککردن لە ڕێزمانی درکپێکردندا، بە ڕوونی وابەستەی بیرۆکەکانی وەک وێنەی هەستی، دیدو گۆشەنیگا، سکانکردنی ئاوەزیی، سەرنجپێدانە. بڕوانە: Foundations of Cognitive Grammar, 1991 Langacker هەروەها Langacker, 1988: 3-48.

لەتەکئەمەشدا سیمانتیکی درکپێکردن Cognitive Semantic، یەکێکی ترە لە دیارترین لقەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، لەم لقەی زانستەکەدا ئەو ڕاستییە دەبینرێت، کە قوتابخانەکە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی بۆ واتا هەیە، بەجۆرێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی زانستی زمانی درکپێکردن، دەبێت لە واتا بەشێوەیەکی گشتیی تێبگەین. "زاراوەی سیمانتیکی درکپێکردن (Cognitive Semantic)، بۆ یەکەمجار لەلایەن (Breal)ەوە، ناسێنرا و وەک

ژێرگرێکی زمانەوانیی درکپێکردن سیمانتیکی درککردن بەکارهێنرا، ئەرکی سەرەکیی بریتییەلە لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتا یان بنیاتی سیمانتیکیی دەربڕینەکان". (ئەحمەد، محمود فتح الله و حەسەن، نەریمان، ٢٠١٧: ٥١).

سیمانتیکی درکپێکردن، دژ بە بۆچوونی مەرجی ڕاستەقینەیی دەوەستێتەوە، زیاتر هەڵگری ئەو تێڕوانینەیە، کە واتای زمانیی خۆی لە دروستەی چەمکیی (Conceptual Structure) دەبینێتەوە لە (ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠١٣: ١٦)ەوە، تاڵمی (Talmy) سەبارەت بە سیمانتیکی درککردن، پێیوایە "لێکۆڵینەوە دەربارەی سیمانتیکی درککردن، لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەیە لە ناوەڕۆک و ڕێکخراوە چەمکییەکەی لە زماندا".

سیمانتیکی درکپێکردن لەڕێگەی چەند بنەمایەکەوە* هەوڵدەدات کە تێڕوانینی زانستەکە بۆ واتا بخاتەڕوو، لەوانەش:

**یەکەم: بنەمای بەجەستەکراو/ هزری بەجەستەکراو–** Embodied

لە تێڕوانینی قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێشووتردا و بەتایبەت، لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان)دا، کە زانا چۆمسکی ڕابەرایەتیی دەکات، ئەوە خراوەتەڕوو، کە دەتوانرێت وەک سستمێکی کۆمپیوتەری مامەڵە لەگەڵ زماندا بکرێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی سروشتی جەستەی مرۆڤ یان ئەزموونەکانی، بەپێچەوانەوە زانستی زمانی درکپێکردن "لەم بوارەدا ڕێژەیی نییە، بەڵکو لەبری ئەوە ماهییەتی خۆی لەو نەریتانەی دەروونزانی و فەلسەفەوە هەڵدەهێنجێت، کە جەخت لە گرنگی ئەزموونی مرۆڤ، سەنتەربوونی مرۆڤ و تایبەتمەندێتی پێکهاتەی ڕێکخستن و درکپێکردنی مرۆڤ دەکەنەوە". (Evans, V. & Green, M, 2006: 44). لەمەشەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، مێشکی مرۆڤ و بەو هۆیەشەوە زمانەکەی، دوور لە بەجەستەکردنی مرۆڤ، توانای لێکۆڵینەوەی بەتەنهای تێدا نییە.

**دووەم: ئەزموونی بەجەستەکراو**

لە زانستی زمانی درکپێکردندا شتەکان بابەتیی نین، بەڵکو درکپێکردن ئەرکی دیاریکردنیانی هەیە و ئەم دیاریکردنەش لەڕێگەی ئەزموونەوە دەبێت. لێرەدا دنیابینی و باکگراوندی تاک ڕۆڵی لە ناسینەوە و سەیرکردنی شتەکاندا هەیە، هەر ئەمەشە وادەکات کە دوو کەسی جیاواز هەمان

---

*بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بنەما و دیاردەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، بڕوانە:

1. Evans V. and Green M. (2006: 44-48).

٢. ئەحمەد، محمود فتح الله و حەسەن، نەریمان (٢٠١٧: ٥٢ – ٥٨).

٣. حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٥: ٣٩ – ٤٤).

بۆچوونیان لەسەر بابەتێک یان شتێک نابێت، چونکە باکگراوندیان جیاوازە. واتە درکپێکردن کار لەسەر ئەزموونی تاک دەکات "ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت ئەزموون بەجەستەکراوە، پابەندە بەوەی کە هەریەکە لە ئێمەی مرۆڤ تێڕوانینی تایبەتیی (تاکەکەسیی) جۆراوجۆرمان بۆ جیهان هەیە، بەهۆی سروشتی تاقانە و بێوێنەی جەستەی فیزیکیی هەریەکێکمانەوە." (سەرچاوەی پێشوو: ٤٥). بە دەربڕینێکی تر؛ گریمانەی ئەوە دەکرێت، تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ لە واقع بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لەگەڵ سروشتی جەستەی خۆماندا پەیکاڵبێت.

**سێیەم: دروستەی چەمکیی Conceptual Structure**

ئەو زانیارییانەی لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراون و بریتین لەو بیرانەی مرۆڤ، کە بەشێکیان زمانین و بەشێکی تریشیان نازمانین، دروستەی چەمکیی نێو ئاوەزی مرۆڤ دەنوێنن. "چەمک ئەو بوونەوەرانەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەن، یەکەی تایبەتن و دەتوانن بەهۆی (زمان، کردەی جەستەیی، وێنە و هۆکاری ترەوە) بگەیەنرێت". (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ١٤٥). یەکەکانی ناو مێشکی مرۆڤیش تاکەکەسین و پەیوەستن بە بیر و هۆش و ئەزموون و درکپێکردن و سەلیقەی کەسەکەوە، تاکەکەس بەهۆی توانستە گشتییەکەیەوە، کە بۆ زمان هەیەتی، سەرپشکە لە چۆنیەتی بەجفرەکردن و بەکۆدکردنی ئەو یەکانە، لەبەرئەوەی چەمک سەرجەمی ئەو زانینانەیە، کە پەیوەستە بە وشەیەکەوە و لە مێشکدا هەڵگیراوە.

**چوارەم: درکی بەجەستەکراو**

لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی، ئەزموونمان بەجەستەکراوە، بەجەستەبوونی ئەزموونیش بریتییەلە پێکهاتوویەکی بەش بەش لە سروشتی ئەو جەستە و ڕێکخستنی دەمارییەی ئێمە هەمانە پەرچەکردار و دەرئەنجامی بۆ درک (ناسینەوە) پێیە. بەجۆرێکی دیکە؛ بنچینەی پێکهاتنی بەجەستەکردنمان بریتین لەو چەمکانەی دەست-پێیان-ڕادەگات و سروشتی ئەو واقعەی، کە دەتوانرێت بیری لێبکرێتەوە و قسەی لەبارەوە بکرێت. کەواتە بۆیە مرۆڤ تەنها دەتوانێت لە شتگەلێک بدوێت کە پەیانپێدەبات (Perceive) و وێنایاندەکات (Conceive). ئەو شتانەش کە هەستیانپێدەکرێت و تەسەوریاندەکرێت "لە ئەزموونی بەرجەستەکراومانەوە سەرچاوەدەگرن، لەمڕوانگەیەوە مێشکی مرۆڤ دەبێت هەڵگری نیشانە و شوێنپەنجەی ئەزموونی بەرجەستەکراو بێت". (Evans, V. & Green, M, 2006: 46).

**پێنجەم: وێنە ئاوەزییەکان**

وێنە ئاوەزییەکانیش یەکێکی ترە لە بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن. "هەموو ئەو ئەزموونە ئاوەزییانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە بەدەستیهێناوە". (ئەحمەد، محمود فتح الله و حەسەن، نەریمان، ٢٠١٧: ٥٧). واتە لە ئەنجامی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لەڕێگەی ئەزموونەکانی خۆیەوە بەم چەمکە گشتییە بەدەستهاتووانە گەیشتووە "وێنە ئاوەزییەکان لە ئەنجامی درکپێکردنی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە و پەیوەست بە ئەزموونەکانییەوە، بەدەستدەهێنرێت". (روشن، بلقیس و اردبیلی، لیلی، ١٣٩٢: ٤٩).

**شەشەم: سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی**

لە ئەنجامی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو واقعەی تیایدا دەژی، ئاشنادەبێت بەو واتایەی لەڕێگەی ئەو مامەڵەکردنەوە دەستیدەکەوێت. بە واتایەکی تر؛ ئەزموونەکان و مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا، سەرچاوەی بەدەستهێنانی واتایە، لەمبارەیەوە "بەشێوەیەکی سەرەکی سروشتی ئینسکلۆپیدیایی لە واتادا سەرنجپێدان و گرنگیدانە بە دروستەی سیمانتیکی، پەیوەست بە دروستەی کۆزانیاریی چەمکییەوە ڕێکدەخرێت. بەپێی سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی، واتای وشە لەسەر بنەمای بیرۆکەی مەودا Frame بنەمادەکرێت و لێیتێدەگەی، ئەمەش لەلایەن زمانەوان (چارلس فیلمۆر Filmore)ەوە گەشەی پێدراوە". (حەسەن، فەرهاد تۆفیق، ٢٠١٥: ٤٠).

**حەوتەم: ڕیالیزمی ئەزموونی/ ڕاستگەرایی ئەزموونی**

لە ئەنجامی گرنگی وردبوونەوە لە ئەزموون و دیاردەی بەچەمککردن، وەکئەوەی بەجەستەکراوە، بریتییەلەوەی کە کاریگەریی لەسەر تێڕوانینی مرۆڤ دادەنێت سەبارەت بەوەی کامە ڕاستییە. لەتێڕوانینی فەرمیدا بۆ سیمانتیک وادانراوە، کە ڕۆڵی زمان بریتییەلە پەسنکردنی بارودۆخی ڕووداوەکانی جیهان "ئەمە لەسەر ئەو گریمانەیە سوورە کە گوایە لە دەرەوە جیهانێکی بابەتییانە بوونی هەیە و زۆر بە سانایی لەسەر زمان ڕەنگدەداتەوە". (Evans, V. & Green, M, 2006: 47). لەمبارەیەوە زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە؛ ئەم هەنگاوی بابەتییبوونە، ئەو خاڵەی لەبیرکردووە، کە ناتوانرێت ڕاستیی بابەتیی هەبێت و ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان هەبێت، بەو هۆکارەی ڕاستیی بەشێوەی بابەتییانە نەدراوە، یاخود پێشکەشنەکراوە. لە بەرامبەردا بەشێکی زۆری (ڕاستیی) لەلایەن سروشتی بەجەستەکردنی دەگمەن و تایبەت بە مرۆڤەوە بنیاتنراوە. بە تێڕوانینێکی دیکە؛ زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی جیهانی واقع نییە، بەڵکو لە زماندا لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێمەی مرۆڤ بۆ جیهان ڕەنگدەداتەوە. کەواتە "ڕیالیزمی ئەزموونی، زانیاریی ئەوەمان دەداتێ کە ڕاستییەکی ناوەکی بوونی هەیە لەڕێگەی چەمکەکان و زمانەوە

ڕەنگدەداتەوە". (Evans, V. & Green, M, 2006: 48). لەمڕوانگەیەوە دەتوانرێت ژینگەی دەوروبەر بناسێنرێت و خۆ بەدووربگیرێت لە شوێنە مەترسیدارەکان، گەرنا میکانیزمی درکپێکردنمان مانایەکی ئەوتۆی نییە بۆ بەکارهێنان.

زانستی زمانی درکپێکردن، کە "یەکێکە لەو تیۆرە نوێیانەی بە دیدێکی نوێ و میتۆدی نوێ لە پەیوەندیی نێوان زمان و ئاوەزداریی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە". (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٧: ٣٦)، واتا وەک ناوەند وەردەگرێت و دەیکات بە چەقی لێکۆڵینەوەکانی، لەمڕوانگەیەشەوە تێڕوانینی قوتابخانەکە دەربارەی واتا جیاوازە، هەر ئەمەشە وایکردووە، زانستی زمانی درکپێکردن چوار تایبەتمەندیی بە واتای زمانیی ببەخشێت، ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لە:

"١. واتای زمانیی واتایەکی ڕوانگەییە/ پەیپێبردنانەیە

٢. واتای زمانیی واتایەکی گۆڕاو/ دینامیکییە و نەرم و لەبارە

٣. واتای زمانیی ئینسکلۆپیدیایی و ناخودکارە

٤. واتای زمانیی بەپێی بەکارهێنان و ئەزموونە". (Dirk, 2006: 4-5 )

لەڕێگەی تایبەتمەندیی (واتای زمانیی واتایەکی ڕوانگەییە/ پەیپێبردنانەیە)، زانستی زمانی درکپێکردن، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە تێگەیشتنی گشتیی و تەواوەتی بۆ واتا، وادەکات لە کرۆکی زانستی زمانی درکپێکردن تێبگەین، دەشێت هەر ئەم هۆکارەش بێت، کە وایکردووە تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردن بۆ واتا، بە تێڕوانینێکی جیاواز دابنرێت.* درکپیکردن باوەڕیوایە، کە واتا ڕۆڵدەبینێت لە داڕشتنی فۆڕم و ناوەڕۆکی وشەدا، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە واتا دیوی یەکەم و دووەمی وشە پیکەوە دادەڕێژێت، کاتێکیش هەر دوو دیوی وشە دادەڕێژرێت بەهۆی واتاوە، کەواتە چەمکی وشەکە بەرجەستەدەکرێت. هەموو ئەو دەربڕدراوە زمانییانەی، کە دەرخەری چەمکی پەیپێبردنی ڕوانگەی فەزاییانەن، دەبن بەنموونە بۆ ئەم تایبەتمەندییەی واتایی زمانیی، بڕوانە (١ و ٢):

---

* تیۆری ڕیالیستی زمان، جیاواز لە بۆچوونی زانستی زمانی درککردن، زمان وابەستەی واقع دەکات، واقعیش لە دیدی شوێنکەوتوانیدا پێوەرێکی ئاوەزییانەی هەیە، بەو واتایەی؛ ڕاستیی و حەقیقەتی شتێک لە جیهاندا پەیوەستە بە ڕاستیی ئەو شتەی لە جیهاندا هەیە، نەک ئەوەی تاک چۆن دەیبینێت و هزریدەکات، ئەمەش لەو پنتەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ڕیالیزم پەیوەست بە شتەکانی دنیاوە دوو بەشە- بانگەشە لەخۆدەگرێت: ١. ئەوانەی لە ڕاستییدا هەن، ٢. ئەوەشی ناوابەستەیە بە ئێمە/ مرۆڤ، بەمجۆرە ڕیالیزم دەربارەی شتەکان ئاماژەدانە بە هەڵگرە ماتماتیکییەکان، بەجۆرێک: أ. ئاماژەبۆکراوە ماتماتیکییەکان ئەوانەن، کە لە ڕاستییدا هەن پتر لەوەی ئەندێشەیی بن، ب. ئەوانەش کە بوونەکانیان ناوابەستەیە بە بیرەکانمان، پەیپێبردنەکانمان و بەکارهێنانی زمان. بەمپێیە بەپێی تیۆری ڕیالیستی زمان هەڵگری ڕاستییە واقعییەکانە. بڕوانە What to be realist about in linguistic science, Geoffrey K. Pullum

١.زانکۆ ***لەسەرەتای*** شاردایە.

٢. زانکۆ ***لە کۆتایی*** شاردایە.

وادەردەکەوێت، کە دوو ڕستەکە لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکتربن، بەڵام لە ڕاستییدا وانییە، تەنها ئەوەندە هەیە، تێڕوانینەکان کۆنکرێتکەری دوو پەیپێبردنی جیاوازن بۆ شوێنی(زانکۆ)، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، قسەکەرەکان لە دوو ئاڕاستەی جیاوازەوە وەستاون. قسەکەری ڕستەی یەکەم، ئاڕاستەی نزیک زانکۆیە و بۆ ئەو زانکۆ سەرەتای شارە، هیچ ڕێگرییەک نییە لەبەردەمیدا بۆ دوورخستنەوەی زانکۆ و گۆڕینی ئاڕاستەکەی، بەڵام قسەکەری ڕستەی دووەم ئاڕاستەکەی پێچەوانەی ئاڕاستەی قسەکەری یەکەمە، واتە بوونی خودی شار وەک ڕێگرییەک لەبەردەمیدا وایلێکردووە، شوێنی زانکۆ وەک کۆتایی شار دەربخات.

لەبارەی تایبەتمەندیی دینامیکیی و نەرمولەبار و گۆڕاوی واتایی زمانییەوە، ئەم قوتابخانەیە باوەڕیوایە، کە مرۆڤ لەو ژینگە و جیهانە واقعەی تیایدا دەژی، هەمیشە و بەردەوام لەبازنەی گۆڕانکاریدا دەسوڕێتەوە، ئەمە وایکردووە، سەرئەنجام دنیابینین و تێڕوانینی خودی مرۆڤیش بگۆڕێت و زیاتر گەشەبکات، هەمبەر بەمەش گۆڕانی چەمکیی و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو جیهانە واقعەی تیایدا دەژی دێتەگۆڕ، لە ئەنجامیشدا جگەلە وشەکان بە تەنها، بەڵکو پۆلێنکردنیشیان ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە. لەمبارەیەشەوە سەرنجبدە پۆلی وشەیی (درەخت)، کە دەتوانرێت لەڕێگەی فەرهەنگەوە، چەند نیشانەیەکی واتایی بکرێتە دروستەی گشتیی پۆلی ئەم وشەیە، هەروەک: (+تەن، +بێگیان، +بەرجەستە،... تاد). لە هەمانکاتدا، ناتوانرێت دروستەیەکی تەواو و بێ کەموکورتی واتایی بۆ سەرجەم نیشانە واتاییەکانی (درەخت) دابنرێت و دیاریبکرێت، بەو هۆکارەی چەشن و جۆرەکانی دەگۆڕدرێن و بەردەوام لەگۆڕاندان، ئەمەش وادەکات، کە نیشانە واتاییەکانیشیان بگۆڕدرێن. کەواتە لەبری هەبوونی یەک دروستەی واتایی بۆ ئەم پۆلە وشەیە، زیاتر ئەو نیشانە واتاییە گشتییە نەرم و نیانانە بۆ ئەم وشە و چەشن و جۆرەکانی بوونی هەیە، کە نزیکن لە یەکترەوە و پەیوەندی خزمایەتی/ نزیکی لە نێوانیاندا درکدەکرێت، کە ڕێکەوتن لەگەڵ چەشن و جۆرە جیاوازەکانی واتای پۆلی وشەی (درەخت)دا، دێننەئاراوە.

سروشتی ئینسکلۆپیدیاییش یەکێکی ترە لەو تایبەتمەندییانەی زانستی زمانی درکپێکردن بە واتای زمانیی دەبەخشێت، بەوپێیەی مرۆڤ مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جیهاندا هەیە، کەواتە ئەو واتایەشی کە لە ئەنجامی ئەم مامەڵەکردنەوە بەدەستیدەهێنێت، هەرگیز ناتوانێت لەو جیهانەی دابیڕێنێت و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا وەک بەشێکی جیاواز و سەربەخۆ تەماشاناکرێت. کەواتە "واتای زمانیی، مامەڵە لەگەڵ زانیاریی جیهانیی مرۆڤدا دەکات. لێرەوە دەتوانین بڵێین (واتا) ئینسکلۆپیدیاییە و لە هێزی ئاوەزی مرۆڤ جیاناکرێتەوە، هێزی ئاوەز و واتای زمانیی، لە

چوارچێوەی پرۆسەکەدان و واتای زمانیی سەربەخۆ نییە". (ئەحمەد، محمود فتح الله و حەسەن، نەریمان، ٢٠١٧: ٦٨). لەم ڕاستییە شیکارییەی سەرەوەشدا ئەوە دەبینرێتەوە، کە واتای زمانیی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە ڕەنگدانەوەی سەرجەمی شارەزاییەکانی مرۆڤە، هەر ئەمەشە وایکردووە، ئەو واتایەی لەڕێگەی زمانەوە لە ئاوەزدا بەرهەمدەهێنرێت، بەشێوەیەکی تەواوەتی وەک مۆدێلێکی جیاواز و سەربەخۆ سەیرنەکرێت، بەڵکو واتای زمانیی پێویستی بە کۆزانینی جیهانی هەیە و پەیکاڵ بە توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ بنیاتدەنرێت. لەمڕوانگەیەوە و لەسەر بنەمای لێکدانەوەکانی سەرەوە، لە ئێستادا و پاش شارەزایی پەیداکردنی مرۆڤی کورد دەربارەی جۆری خواردنی (پیتزا)، هەنووکە دەتوانرێت ئەم خواردنە بە جۆرێکی پۆلی وشەیی (خواردن)، لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا دابنرێت، ئەمەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە، کە تاکی کوردیی شارەزایی لەبارەیەوە پەیداکردووە و بەرکەوتنی لەگەڵیدا هەبووە، بەڵام پێش دوو دەیە لەمەوبەر نەدەکرا ئەم جۆرەی خواردن لە پۆلی وشەیی (خواردن) ئەندام بێت، بەو هۆکارەی ئەم جۆرەی خواردن ئاشنا بە کۆمەڵگەی کوردیی نەبوو، کۆمەڵگەی کوردییش شارەزاییەکی ئەوتۆی لەبارەیەوە نەبوو، هەروەها لە ئاوەزی تاکی کورددا بەکۆدنەکرابوو، وەک ئێستا بەشێک نەبوو لە کۆزانینی زمانیی مرۆڤی کورد. لەگەڵئەمەشدا، پێویستە ئەو ڕاستییەش بخرێتەڕوو، کە تایبەتمەندیی ئینسکلۆپیدیایی بۆ واتای زمانیی وادەکات، مرۆڤ لە ڕێگەیەوە درک بە گەلێک لە واتای دەربڕاوەکان بکات.

بنەمای (بەکارهێنان و ئەزموون)، تایبەتمەندییەکی دیکەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن بۆ واتای زمانیی دایناوە، قوتابخانەکە شێلگیرانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، بنەڕەتی واتای زمانیی لە شارەزایی یان ئەزموون و بەکارهێنانەوە سەرچاوەدەگرێت، بەشێوەیەکی تر؛ قوتابخانەکە جەختدەکاتەوە، کە واتای زمانیی لەناو شارەزایی و ئەزموون و بەکارهێناندا ڕەگی خۆی داکوتاوە، لەوێشەوە هەوڵی لەحیمکردنی فەرهەنگی ئاوەزی و دروستە سینتاکسییەکان پێکەوەدەدات.

## ١ /٢-٢. میتافۆر وەک یەکەیەکی سایکۆلۆجی زمان

میتافۆر* وەک هەوێنی فرە زەرووری زمان، پەسنی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەمەبەستی زیاتر ناساندنی ئەم بابەتە و تێگەیشتن لێی، لێرەدا هەندێکیان دەخرێنەڕوو:

ئەم دیاردە ناوازەیە لەسەرەتادا بە یەکێک لە تایبەتێتییەکانی زمانی ئەدەبیی هەژمارکراوە و وەها لێکدراوەتەوە، کە تەنها لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا چێدەبێت. بەڵام دوابەدوای گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەکان لە میتافۆر، ناساندن و دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە، چوارچێوە و سنووری ئەدەبیی تێپەڕاند، بەشێوەیەکی بەربڵاوو فراوان لە زماندا جێی خۆی کردەوە، بەجۆرێک کە هەریەکە لە زانایان (George Lakoff & Mark Johnson)، لە کتێبەکەیاندا بە ناوی (Metaphors, We Live By) تەواوی زمان بە دیاردەی میتافۆریی دادەنێن "میتافۆر دیاردەیەکی بەربڵاوی ژیانی ڕۆژانەیە، نەک بەتەنها لە زماندا، بەڵکو لە بیرکردنەوە و کردەوەکانیشماندا، سستەمە ئاساییە چەمکییەکانمان لە کاتی کردە و بیرکردنەوەکانیشماندا لەڕاستییدا سروشتێکی میتافۆرییانەی هەیە". (Lakoff G. & Gonsen M, 1980: 1) کەواتە میتافۆر وەک فاکتەرێکی کارامە لە دەوڵەمەندکرنی بیرکردنەوە و تێڕامان بۆ سەرجەم شتەکان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، لەمبارەیەوە و لە (پیرداود، ٢٠١٠: ٣٣)ەوە، سارتەر دەڵێت: "شاعیری لێهاتوو و بەسەلیقە لەڕێی بەکاربردنی خوازە و زانستی سیمۆلۆژیاوە خزمەتی وشەکان دەکات، هەر بەهۆی خوازەشەوە خودی خۆیی لە زمانە باو و سەلەفییەکە دەترازێنێت و دەمامکی تەقلیدییەت لە سیمای خۆی دادەماڵێت و یاخی دەبێت".

میتافۆر لە چوارچێوەی زانستی درکپێکردندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی بیرکردنەوەکانمان لە هزردا و گوزارشتکردنیان لە زماندا، هەروەک میتافۆر"سیمایەکە لە سیماکانی شێوازی مەعریفی، گرنگیی تایبەتی هەیە، بۆ گواستنەوەی بنیاتی ئاوەزی بەتایبەتی لەکاتی نەخشەڕێژی و نواندنی بیرێک". (مستەفا، نەزیرە سابیر، ٢٠٢١: ٣٦٩). لە گەلێک شوێندا میتافۆر وەک زمانی دایکی ئەفسانە ناسێنراوە، لێرەدا هێزی میتافۆر بە گەورەییەوە لێی دەڕوانرێت "ژیانی

*زاراوەی میتافۆر Metaphor زاراوەیەکی یۆنانییە و بە واتای گواستنەوە دێت. زاراوەکە بۆ یەکەمینجار ئەرستۆ بەکاریهێناوە، ئەرستۆ سەرەتا لەنێو دەقە شیعرییەکاندا لە میتافۆر دواوە. لە زمانی کوردییدا وەک (خوازە)، لەنێو ئەدەبدا ناوی هاتووە، بەڵام لە ڕوانگە زمانییەکەیەوە هەر بە (میتافۆر) باسدەکرێت. ئەم دیاردەیە، چەند بنەمایەک بۆ ناسینەوەی هەیە، لەوانە: ا. میتافۆر ئەوە ئاشکرادەکات، کە شتێک بریتییەلە شتێکی دیکە. ب. میتافۆر دوو شت هاوتای یەکدی دەکات، لەڕاستییدا ئەم هاوتاکردنە لەبەرئەوە نییە وەکیەک بن، بەڵکو بەمەبەستی بەراوردکاریی یان هێماسازی و ئاماژە ئەو کارە دەکات. پ. لە حاڵەتی وەرگرتنی دەقاودەقی میتافۆر بەڕاستیی، ڕووبەڕووی سەرئەنجامی سەرنجڕاکێش و نامۆ دەبینەوە، بە نموونە: دەنگی دایکم لە گوێمدا مۆسیقایە. ت. میتافۆر زمانی شیعر و ئەدەب بەگشتیی لە ڕەش و سپییەوە بۆ ملەوەن دەگۆڕێت.

ئەفسانە لە هێزی میتافۆریی سیمبولیی وێنەکانییەوە سەرچاوەدەگرێت پابەندیشییەتی. ئەوەی دەیگەیەنێت، تەنها بریتیی نییە لە چەمکێکی ژیرانەی نێو زەین، بگرە لەوەیش زیاترە. بۆیە کارەکتەریزمە ناوەکییەکانیەتی کە بەشداریی ڕاستەقینە لە پرۆسەی حاڵیبوونی مەزنێتییدا دەستەبەردەکات". (کامبڵ، جۆزیف، ٢٠٢١: ٤٤). میتافۆر ڕێگەیەکی بەرفراوانە و ڕۆڵی بەرچاوی لە گەشەسەندن و گۆڕانی واتای وشەدا هەیە، "میتافۆر لادانی واتایی وشەیەکە، لەو واتایەی کە بۆی دانراوە (واتای فەرهەنگیی) بۆ واتایەکی تر، وەک میکانیزم ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا ئاماژەی وشەیەک لە بواری سیمانتیکەوە دەگۆڕێ بۆ بوارێکی تر". (عەلی، تاڵیب حوسێن، ٢٠٢٠: ٢٤٩). ئەم بوار گۆڕینە ئەگەری هێنانەئارای وشەو لێکسیمێکی نوێی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە یەکەیەکی سایکۆلۆجی نێو ئاوەزی ئاخێوەر. گەلێکجاریش ئاخێوەر لە کاتی بەکارهێنانی ئەو فۆڕمە زمانییانەی، کە زیاتر لە مەبەستێک دەگەیەنن، پەیوەستدەبێت بە ئاگایی و وریایی قسەکەیەوە، واتە "ئەزموونی و بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بەپێز فاکتەرێکی گرنگە بەدەست ئاخێوەرەوە بۆ بەکارهێنانی دەربڕاویی میتافۆریی لە قسەی ڕۆژانەیدا". (مستەفا، مستەفا ڕەزا و محەمەد، دەشتی بەهجەت، ٢٠٢١: ١٤١).

میتافۆر دەبێتەهۆی گەشەسەندنی زمان، بە گوزارەیەکیتر؛ ئەگەر میتافۆر نەبێت توانای تێگەیاندنی تێگەی ئێمە لە جیهان و هەر شتێک کە دەبینرێت، نابێت، کاتێکیش زمان توانای گەیاندنی چەمکەکانی نەبوو، هەروەها نەیتوانی ئاوەزی مرۆڤ بە هەر چەمکێک ئاشنابکات، مانای وایە ئەو زمانە لە ڕیزی زمانێکی گەشەنەکردوو یان مردوودایە. میتافۆر پێویستی بە ڕامان و قوڵبوونەوەیەکی زۆر لەپێناو هێنانەئارای تێگەیشتنەوە هەیە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە گوێگر یان خوێنەر لە ئەنجامی بەرکەوتنی لەگەڵ میتافۆردا، هەڵوەستەی دەبێت، "دیارترین تایبەتمەندیی میتافۆر جۆری ئەو (صدمە)یەیە کە دەیهێنێتە ئەنجام". (عەلی، بەکر عومەر، ٢٠٠٠: ٩). میتافۆرەکان هەندێکجار ئەرکی زیاتر دەگرنەئەستۆ و بە تەنها هەوڵی لەحیمکردنی دوو برگەی جیاواز نادەن، لەمبارەیەوە "میتافۆر بە تەنها ئەوە نییە ببێت بە پردی پەیوەندیی نێوان دوو برگەی جیاواز، بەڵکو لەوەش زیاتر کار لەسەر پێکەوە گرێدان و دروستکردنی پەیوەندیی کاتەگۆرییە فرەڕەهەند و فرەڕوخسارەکان، یان مۆدێلەکانی درکپێکردن دەکات". (Hungerer, F. & Schmid, H., 2000: 145)

هەندێکی تر بنەمای بەراوردکاریی دەکەن بە بنەمای کارکردنی میتافۆر و دەڵێن: "میتافۆر لەسەر بنەمای بەراوردکردنی دوو کاتەگۆری کاردەکات، لە کاتێکدا بەراوردکارییەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاماژەی پێدراوە". (Evans, V. & Green, M, 2006: 293). ئەمەش وادەکات میتافۆر ڕۆڵی لە پێکهێنانی واتای نوێدا هەبێت، واتە واتای نوێ لە زماندا دەخاتەڕوو و بە تەنها وەک هۆکارێک بۆ جوانکردنی وشە بەکارناهێنرێت. بەو واتایە "خوازە تەنها بۆ ڕازاندنەوەی وشە

بەکارنایەت، بەڵکو شێوازێکە لەو ڕێگەیەوە واتای نوێ دێتە نێو زمانەوە". (بەسیم، ئاکام، ٢٠١٦: ٣١). لەمڕوانگەیەوە با لەم نموونەی خوارەوە وردبیینەوە:

٣. خۆشەویستی مەیدانی جەنگە.

ئەگەر بێتو لە ڕوانگەی ڕاستییەوە سەیری ئەم ڕستەیە بکرێت، ئەوا لەمبارەدا ڕووبەڕووی ڕستەیەکی بێواتا دەبینەوە، بەڵام ئەگەر وەک میتافۆر لێی بڕوانرێت، بابەتێکی نوێ سەبارەت بە خۆشەویستی دەردەبڕدرێت. میتافۆر زمان ڕەنگاوڕەنگتر دەکات، لە (ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠٠٨: ٨٣)ەوە "میللەر دنیادیدەیی و کارامەیی بە بنەمای تێگەیشتنی میتافۆر دەزانێت، لە هەر سنورێکی سینتاکسی یان سیمانتیکی دووری دەخاتەوە، هەمبەر بەوە تیۆرییەکی پێشکەشکرد، کە وەک تیۆریی سایکۆلۆجییە لە چۆنیەتی تێگەیشتنی میتافۆردا". گەورەترین و بەهێزترین کاری میتافۆر دروستکردنی زمانێکی نوێیە، کە شانبەشانی گەورەبوونی کەلتووری مرۆڤ و بەپێی مەبەست کەڵکی لێوەردەگیرێت، بە نموونە؛ وشەی (شاخ)، کە لە سروشتی ڕاستەقینەدا (وێنەی سروشت)ە، بریتییەلە بەشێکی سەختی سەری ئاژەڵ، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی گەشەی کلتووریی کۆمەڵگەدا، میتافۆری (شاخشکاندن، شاخ ڕواندن... تاد)ی، لە زمانی کوردییدا لێ بەرهەمهاتووە، ئەگەرچی خودی (شاخشکاندن)، بریتییەلە یەکەیەکی تۆمارکراوی فەرهەنگیی و ئەم یەکەیە وەک ئیدیۆمێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام پێویستە لێرەدا تیشک-بخرێتەسەر ئەو بنەما میتافۆرییەی کە ئیدیۆمەکەی لێ بەرهەمهاتووە، بە واتایەکی تر؛ ئەم یەکە ئیدیۆمییە لە بنەما میتافۆرییەکەیەوە هەڵهێنجراوە. میتافۆری (شاخشکاندن)، بریتییەلە شکاندنی کەسایەتیی کەسێکی خۆهەڵکێش و غروور، ئەمە لەکاتێکدایە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت شاخی هەبێت، کەچی هێشتا بەکارهێنانی میتافۆری (شاخشکاندن)، بۆ مرۆڤ، واینەکردووە هیچ مرۆڤێک ناچار بە پێکەنین بکات، لە بەرامبەریشیدا هیچ مرۆڤێک بە بیستنی (ا) شاخی (ب) ی شکاند، سەری سوڕنامێنێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە شیکارییەی سەرەوەدا و جارێکی تر بە وردبوونەوە لە میتافۆری (شاخشکاندن)، بە ئاشکرا درک بەوە دەکرێت، کە کردەی (شکاندن)یش بۆ خۆی میتافۆرە، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە خودی ئەم (شکاندن)ەی، کە لە فەزای زەیندا دانراوە زۆر دوورە لە شکاندن – ی فیزیکی، وەک (شکاندنی شووشەی پەنجەرەیەک)، ئەم واتا میتافۆرییەش یەکەیەکی سایکۆلۆجییە، کە بە فیچەرە میتافۆرییەکەیەوە لە چوارچێوەی ئیدیۆمدا تۆمارکراوە. لە ناساندنێکی دیکەدا بۆ میتافۆر هاتووە، کە "بریتییە لە شوێنگۆڕکێ پێکردنی وشەکان لە واتای بنچینەیی و باویانەوە بۆ واتایەکی نوێ، کە هێزی خەیاڵ یان بیری شاعیر/ نووسەر پێیدەبەخشیت". (میرصادقی، جمال و ذوالقدر، میمنت، ١٣٨٨: ٢٧). لە هەندێک ناساندنیشدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە میتافۆر "بابەتێکە ئەوەی مەبەستە ئەوە نییە کە بۆی دانراوە، پێوەندیی بە ویست و خواست،

واتای ڕاستیی، پێوەندییکی قەدەغەییە". (محمود، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٩). ئەمە جگەلەوەی لە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکاندا لەبارەی میتافۆرەوە ئەوە خراوەتەڕوو، میتافۆر دوورکەوتنەوەیە لە واتای فەرهەنگیی و هەڵگرتنی واتایەکی نوێیە، کە دوورە لە واتای بنەڕەتی و فەرهەنگییەوە "زمانی میتافۆری ڕێدەدات، کە قسەکەر واتایەک، مەبەستێک، بە وشە و دەربڕینێک دەرببڕن، کە واتای فەرهەنگی نەگەیەنێت". (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩: ٧٠). بە بەیانێکی ئاسانتر؛ لە میتافۆردا واتای بنەڕەتیی و فەرهەنگیی لەبەر وشە و دەربڕینەکان دادەماڵرێن و فڕێدەدرێن، لەبەرامبەردا واتایەکی نوێیان بەبەردا دەکرێت، کە دوورە لە واتا فەرهەنگییەکەوە، یاخود واتا فەرهەنگییەکە ناگەیەنێت، دوای بە پرۆسەدابردنی نەووشەگەرایی، وەک یەکەیەکی سایکۆلۆجی لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێت، بەمپێیەش میتافۆر بەشێوەیەکی پەیپێبردنانەو درککردنانە بەرهەمدەهێنرێت و وەک بەشێک لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت.

### ١-٢-٢/١. میتافۆری چەمکیی Conceptual Metaphor

لەو ڕوانگەیەوە کە بەشێکی زۆری ئەزموونەکانی مرۆڤ میتافۆرین، کەواتە ئەوەش ڕاستییە، کە پێڕەوی چەمکییش بەشێوەیەکی بەشەکی هەر لەڕێگەی میتافۆرەوە بنیاتی خۆی ناوە. لێرەشەوە لە دەربڕاوی (٤)، ورد دەبینەوە:

٤. لە کۆڵانێکی تەنگ و تاریکدا گیرمانخواردووە.

بە وردبوونەوە لەو دەربڕاوەی سەرەوە، ئەوە درکدەکرێت، لێرەدا خۆشەویستی بەچەمککراوە بۆ گەشت، بەو واتایەی کە پەیوەندییەکە لە خاڵی ڕاوەستاندایە، دڵدارەکان ناتوانن بەردەوامبن. لەنێو زمانیشدا ژمارەیەکی زۆر دەربڕینی ڕۆژانە هەیە، لەسەر ئەم چەمکانە بناغەیان داناوە، واتە لەسەر بەچەمککردنی خۆشەویستی بە (گەشت) دروستبوون، دەشێت ئەوەش بوترێت، کە ئەم دەربڕاوانە تەنها بۆ مەبەستی قسەکردن لەبارەی خۆشەویستییەوە بەکارناهێنرێن، بەڵکو بە هەمانشێوە بۆ بیرکردنەوە لە خۆشەویستیش بەکاردەهێنرێن. هەندێک لەم چەمکانە بە پێویستییەوە لەبارەی خۆشەویستییەوە دەدوێن، هەندێکی دیکەیان دەکرێت بەم ڕێگەیە تێگەیشتن بهێننەئاراوە: (ڕێگایەکی دوورودرێژمان بڕیوە، ڕێگاکەمان پڕ ئاستەنگ بوو، ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ دواوە نییە، چووینەتەسەر خۆڵ، ناچارین هەریەکەمان بەڕێگەی جیاوازی خۆماندا بڕۆین، ئایندەمان ڕوون نییە... تاد). هەریەکە لەم چەمکانە دەربڕاوی سەرەتایی و ڕۆژانەن، شاعیرانە نیین و پێویستیش نیین ببنە ڕەونەقێک بۆ مەبەستێکی تایبەتی ڕەوانبێژی. لێرەدا دەربڕاوی ڕێگایەکی دوورودرێژمان بڕیوە لەباری سەرەتاییدا وادەردەکەوێت، کە سەبارەت بە خۆشەویستی نەبێت، بەڵام

لەهەمانکاتیشدا زۆر بە سانایی و بەخێرایی دەتوانرێت وەک ئەوە لێیتێبگەین، کە لەبارەی خۆشەویستییەوەیە "لێرەشدا یەک بنەمای گشتیی هەیە کە وایکردووە دەربڕینە زمانەوانییەکانی تایبەت بە گەشت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەکاربهێنرێن، هەروەها یەک بنەمای گشتییش هەیە، کە نموونە بەڵگەییەکانمان سەبارەت بە گەشت بەکاردەهێنین بۆ بیرکردنەوە لە خۆشەویستی، بنەما گشتییەکەش بەشێک نییە لە زمان و فەرهەنگی زمان، بەڵکو بەشێکە لە سستەمی چەمکیی ژێرخانی زمان و بنەمایەکە بۆ درککردن بە بواری خۆشەویستی لە بواری گەشتدا". (Lakoff, G. (25 :1992, لەگەڵئەمەشدا دەتوانرێت سیناریۆیەکی میتافۆری بەمشێوە نافەرمییەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

خۆشەویستەکان پێکەوە لە گەشتێکدا دوو گەشتیارن، کە ئامانجی هاوبەشی نێوان خۆشەویستییەکەیان وەک دوورییەک دێتە پێشچاو تا بەدەستیبهێنن و پێیبگەن، پەیوەندیی نێوانیان ئۆتۆمبێلەکەیە، ئامرازێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانن ئامانجە هاوبەشەکانی ژیانیانی پێبەدەستبهێنن، گەشتەکە ئاسان نییە و ڕێگاکەیان پڕە لە هەوراز و تەنگ و چەڵەمە، لە هەندێک باردا شەقام و ئاڕاستەی یەکتربڕ دێتە ڕێگەیان، کە پێویستە پێکەوە سەبارەت بەوەی کام ئاڕاستەیان بگرنەبەر و بڕیاریان لەسەر بدرێت پێکەوە گەشتی بەسەردا بکەن. بەمەش میتافۆرەکە تێگەیشتنی یەک مەودای ئەزموون لەخۆدەگرێت، کە خۆشەویستییە، لەڕوانگەی ئەزموونی مەودایەکی زۆر جیاوازەوە، کە گەشتە. لەنێوان هەردوو مەبەستەکەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و یەککگرتنێکی ئۆنتۆلۆجیی بوونی هەیە، لەو ڕوانگەیەوە، کە کام یەکەی مەودای خۆشەویستی، بەنموونە: (خۆشەویستەکان، ئامانجە هاوبەشەکانیان، دژوارییەکانیان، پەیوەندیی خۆشەویستی... تاد)، لەگەڵ کام یەکەی مەودای گەشتکردندا، بەنموونە: (گەشتیارەکان، ئۆتۆمبێلەکە، دوورییەکە... تاد)، یەکدەگرنەوە و دەچنەوەسەر یەکتری.

## ٣/١. درکپێکردنی میتافۆر لەشیعردا

بەهۆکاری ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوان شیعر و میتافۆردا هەیە، وای لە میتافۆر کردووە ببێتە بنەماو هەوێنی زیندوێتیی شیعر و هاوکات مایەی شانازی و شکۆی شاعیریشە. میتافۆر بۆخۆی ناسێنەری سروشت و نەژاد و کرۆکی شیعرە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە پڕبایەخ و گرنگەی میتافۆریشە لێرەدا ئەو ڕاستییە خۆی بەیاندەکات، کە هیچکەس نەیتوانیوە لەبەردەم مرۆڤێکی ژیردا، لەچێژوەرگرتن لە بەهای وشە میتافۆرییەکان ڕێگربێت، لەگەڵیشیدا هیچ شتێکیش نەیتوانیوە بایەخی درەوشانەوەی ئەو نوسەرانە کەمبکاتەوە، کە بێشومار هەڵبژاردنی جوان و

سەرنجڕاکێشیان بۆ وشەکان لەکات و ساتی خۆیدا هەبووە. پەیوەندیی نێوان شیعر و زمان پەیوەندییەکی دانەبڕاو و ڕاستەوانەیە، لەبەر ئەم هۆکارەشە هەرچەندە کاری ورد و جوان لە زماندا بکرێت، هێندەش شیعر زیاتر دەڕازێنێتەوە و جوانتر دەریدەخات. لە کۆنیشەوە تا ئەمڕۆ، لە هەر شیعرێک وردببیتەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان درک بە وێنەیەکی هەستپێکراو دەکرێت. شتێکی ئاشکرا و ڕوونیشە بەشێک لە جوانترین ئەو وێنانەی کە شاعیر دەیاننەخشێنێت، ئەوانەن کە تێڕوانینی مرۆڤن بۆ سروشت و دەوروبەری، هەربۆیە شاعیر لەڕێگەی زمانییەوە وێنەگەلێکی نوێ و ناوازە دەکێشێت، کە زۆرجار واقع بەهۆی ئەو وێنانەوە پلەیەک لە ئاستی خۆی بەرزتردەکاتەوە. لێرەشەوە ئاماژەدەکرێت بە "میتافۆری شاعیرانە یان ئەو میتافۆرەی لە شیعردا بەکاردێت، زیاتر لە سۆنگەی درکپێکردنەوە لێیدەکۆڵرێتەوە، نەک تەنها بە بەکارهێنانی زمان، بەڵکو لەڕێگەی بە چەمککردنیشیەوە". (Yanng, X., 2015: 85).

## ١-٣/١. شیعرناسیی درکپێکردن Cognitive Poetics

پەیوەست بە پارادیگمای زمانیی درکپێکردن، شعرناسیی درکپێکردن، کە هاوکات بە شێوازناسی- Stylistics یش ناودەبرێت، ڕەهەندێکی درپێکردنە، کە لە لێکۆڵینەوەکانی وێژەدا پێشکەشکراوە، هەروەها ڕاڤەکردنی پێڕەوبەندانەی پەیوەندارێتیی نێوان دەقی ئەدەبیی و کاریگەرییە درکپێکراوەکانیان لەسەر خوێنەر دەخاتەڕوو، بەهۆی جەختکردنەوە لە ئەزموونە بەرجەستەبووەکان، شیعرناسیی درکپێکردن لە ڕێگەی زانستی زمانی درکپێکردن و سایکۆلۆجیی و هەروەها پەسنکردنی چۆنێتی داڕشتنی واتا لە بەرهەمهێنانی واتادا و تێگەیشتن لە دەقەکان لە هەردوو ئاستی تاک و کەلتوردا، بە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانەوە دەبەسترێتەوە. بڕوانە: Peter Stockwell, 2017, 230-245.

ئامانجی شیعرناسیی درکپێکردن، بەستنەوەی بژاردە زمانییەکانی کاری ئەدەبییە، بەهۆی پرۆسەکانی درکپێکردنەوە، ئەمەش بە کەڵکوەرگرتن لە هۆکارەکانی وەک پێشینەی مەعریفی، نیشانە درکپێکراوەکان، دەقەکان، سکێماکان، پێکهاتەی ڕێزمان، بۆشاییە هزرییەکان و میتافۆرە چەمکییەکان.

میتافۆری چەمکیی لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیی دەکۆڵێتەوە، کە بۆ دۆزینەوەی سروشتی بەچەمککردن گرنگن، بەهۆی دروستکردنی پەیوەندارێتیی بەشەکی نێوان ئەبستراکترین و بەرجەستەترین مەودا، پاشان تیۆری ئاوێتە، لە ئاوێتەکردنی تێکردە بۆشاییەکان بۆ دەرکەوتنی

دروستەیەکی بۆشایی تیۆرییەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی میتافۆری چەمکییە، بەمپێیەش هەریەک لە تیۆرەکانی میتافۆری چەمکی و ئاوێتە لە مەودای شعیرناسیی درکپێکرندا ڕۆڵی بنەماییان هەیە.

سەرەتای سەرهەڵدانی شیعرناسیی درکپێکردن بۆ ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠دا، پەرەپێدراوە و فراوانبووە و زیاتر دەرکەوتووە. بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانرێت بوترێت، کە درکپێکردنی شیعر بیردۆزە کلاسیکییەکان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەب فراواندەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە چۆن فۆرم و زمانی شیعریی پەیوەست بە پرۆسەکانی درکپێکردنی مرۆڤەوە سنورداردەکرێن. تا ئێستاش، توێژەرانی ئەم بوارە لەبریئەوەی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی لەو بوارەدا ئەنجامبدەن، بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر لێکۆڵینەوە بەردەستەکانی زانستی درکپێکردن کاردەکەن. ئەم ڕێبازە میتۆدەکانی زانستی درکپێکردن و زانستی ئەدەبییات پێکەوە گرێدەدات و وەها ناسێنراوە "بریتییەلە بیردۆزێکی شێوازناسی (Stylistics)، کە چۆنێتیی شێوەگرتن و سنوردارکردنی زمانی شیعریی و فۆرمی ئەدەبیی لەلایەن پرۆسەکانی درکپێکردنی مرۆڤەوە ڕووندەکاتەوە". (Rasse C, & Onysko A., 2020: 313). ئەمە جگەلەوەی کە ئەم ڕێبازە، پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە میتافۆر ڕێبازی درکپێکردنی شیعر فراواندەکات "چۆن کارامەییە گشتییەکانی نەخشەکێشیی، کە توانای درکپێکردن لە بنیات و شیکردنەوەی میتافۆردا دەئافرێنێت، ئاواش دەتوانێت بیردۆزێکی یەکگرتووانە لە ڕێبازە ژیریی و هەرەمەکییەکانی ڕەخنەی کۆن و باو فەراهەمبکات". (سەرچاوەی پێشوو: ٣١٣).

## ١/٣-٢. شیعرناسیی نیورۆدرکپێکردن Neurocognitive poetics

وەک ڕێبازێکی گەشەسەندووی نوێ لەسەر تیۆرییەکانی درکپێکردنی شیعر خۆی بنیاتدەنێت، هاوکات لێکۆڵینەوە لە بناغەکانی خوێندنەوەی ئەدەب دەکات، کە بریتین لە دەماریی و درکپێکردنی کاریگەر و بە نیورۆدرکپێکردنی شیعر ناسراوە. "جەختدەکاتەوە لەو لێکۆڵینەوە ئەزموونییانەی وابەستەن بە چۆنێتیی فەراهەمسازیی زمانی شیعرییەوە و بەرهەمهێنانی واتا و چێژ لە ژمارەیەکی زۆری پیت و برگە کە شیعرێکیان لێ دروستدەبێت، وەک دەنگ و وێنە، شێوەکانی بیر و هزر (فرەواتایی، داشۆرین/ توانج/ هەجو، دەنگدانەوە، دژیەک) یان شێوەکانی ئاخاوتن (جوانبێژیی و لێکچوون، میتافۆر/ خوازە و خواستن)". (Rasse C, & Onysko A., 2020: 314). لەمڕوانگەیەشەوە و پەیوەست بەم بابەتەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی هەریەکە لە زانایان یاکۆبسن و کیندەر، کە لە ساڵی ٢٠١٧دا، ئەنجامیانداوە، یەکێک لە پنتە گرنگەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، ئەوە ئاشکرادەکات، کە لەڕێگەی میتافۆرەوە ڕستەکان بە واتادارتر لەقەڵەمبدرێن، ئەگەربێتو ئامرازی گواستنەوەکە

کۆنکرێت/ بەرجەستەبێت، لەتەکیشیدا ئەوە باسدەکەن، میتافۆرە فرەمانا و ناڕوونەکان ویستیانە ئیستاتیکایەکی باڵاتر بەرهەمبهێنن، بەنموونە: (مانگ چاوی ئاسمانە)، ئەمە بریتییەلە ئاوێنەیەک، کە لەڕێگەیەوە جوانیی لەبننەهاتووی ئاسمانمان نیشاندەدات. هەروەها لەسەر بنەمای دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی توێژەرانیش، ئەوە بەدیکراوە، کە خەڵک پێشتر ڕەنگە خواستی ئەوەیان هەبووبێت، متافۆری کۆن/ لاسایی و تاڕادەیەک نوێش بەکاربهێنن و دیاریبکەن، وەک لە میتافۆرە نوێیەکان. ئەمەش ڕاستەوانە ئەوە دەڵێت، کە خەڵکی لە چەمکە میتافۆرییەکان بەئاگان، یان پەسەندە لایان، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی نەست و نیمچەئاگاییشیاندا بێت، لەسەر ئەو بنەمایەی مادام چەمکێکی میتافۆر بوونی هەیە و دەناسرێتەوە، کەواتە میتافۆرەکە بۆخۆی پەسەندکراوە.

## ۳/۱-۳. ڕوانگەی سایکۆزمانیی بۆ شیعر

هەندێک لەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی سایکۆزمانیین، سەرنجیانخستووەتەسەر ڕۆڵی چەمکی میتافۆر لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی شیعردا، ئەمە لەکاتێکدایە، کە پرسیارێکی لەو شێوەیە خۆی دەردەخات، ئایا پرۆسە و جێبەجێکردنی میتافۆرەکان لە شیعردا بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەمکی میتافۆر پێویستی بە خوێنەر هەیە یان نا؟ لەمبارەیەوە لە زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی (گیبس و ناسیمێنتۆ) کە لە ساڵی ١٩٩٦دا، ئەنجامیانداوە، ئەوە دەردەخەن، کە چۆن چەمکی میتافۆری دەبێتە ئاستەنگ و شیکردنەوە و پێشهەبوون، لە لێکدانەوەی خەڵک بۆ میتافۆری ناو شیعرە خۆشەویستییەکان، سنوردارردەکات.

لێکۆڵەران لەم زنجیرە لێکۆڵینەوانەیاندا و لە یەکەم هەنگاویاندا ئەو داوایەیان ئاڕاستەی بەشداربووان کرد، سەبارەت بە چەمکی خۆشەویستی ئەزموونی تایبەتیی خۆیان لەبارەوە بنووسن. ئەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا، خەڵک زیاتر دەربڕینە کۆن و لاساییەکان بەکاردەهێنن، کە بە چەمککردنی میتافۆری خۆشەویستی تیایاندا ڕەنگیداوەتەوە، وەک: (خۆشەویستیی یەکگرتنە، خۆشەویستی گەشتە... تاد). لە لێکۆڵینەوەی دووەمیاندا چەند پارچە شیعرێکیان خستە بەردەست بەشداربووان و داوایانلێکردن ئەو چەمکە میتافۆرییانە لە لیستێکدا هەڵبژێرن، کە بڕوایانوایە، باشترین ڕەنگدانەوەی واتای ئەو شیعرانەیان هەڵگرتووە، لە ئەنجامدا ئەو ڕاستییە دەرکەوت، کە بەشداربووان زۆر بەباشی ئامادەگییان تێدابوو، بەو هۆکارە کە چەمکە میتافۆرییە دەستنیشانکراوەکان لەلایەن بەشداربووانەوە ڕەنگدەرەوەی ئەو پێشینە پچڕپچڕە شیعرییە بوون، کەوا ئەوان خوێندبوویانەوە. لە تاقیکردنەوەی سێیەمیشیاندا، دەرئەنجامی زۆر هاوشێوە دەرکەوت، کاتێک گروپێکی جیاوازی خەڵک داوایانلێکرا، لیستێکی پێنج دانەیی لە دەربڕینە

لاساییەکان دیاریبکەن، کە باشترین ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکە خۆشەویستییەیان لەخۆگرتبێت لە شیعرەکەدا وەسفکرابن. ئەمە جگەلەوەی لەکۆتایی ئەم زنجیرە تاقیکردنەوانەدا گیبس و ناسیمێنتۆ هەستان بە بەکارهێنانی پڕۆتۆکۆڵی بەدەنگی-بەرز-بیربکەرەوە، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەوەی ئایا ئەو ڕێگایانەی خەڵک بۆ قسەکردن لەسەر واتای میتافۆری شیعرە دەستنیشانکراوەکان دەیگرنەبەر و بەکاریدەهێنن، تێگەیشتنی میتافۆری ڕۆژانەی خۆیان بۆ خۆشەویستی تیایدا ڕەنگیداوەتەوە؟ دەرئەنجامەکان ئەوەیان خستەڕوو، کە بەڕاستی ئەمەیە بابەتی گرنگی کێشەکە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە بەشێک لە بەشداربووان لە شیکردنەوەکانیاندا بۆ شیعری (قەسیدە و ڕەونەق)ی پابلۆ نێرودا گەڕابوونەوە سەر بەکارهێنانی پاشکۆکانی چەمکیی میتافۆری (خۆشەویستی گەشتە.)، لە هەموو ئەمانەشەوە، گیبس و ناسیمێنتۆ بەو ئەنجامە گەیشتن، کە لە ڕێگەی تەواوی شیعر و سەرجەم بەشداربووەکانەوە ٧٨%ی وەڵامەکان بۆ پڕۆتۆکۆڵی بەدەنگی-بەرز-بیربکەرەوە ئاماژەبوون بەو چەمکانەی میتافۆر، کە لە پشتەوەی باکگراوند یاخود ناونیشانی شیعرە فەراهەمکراوەکانەوە بوون. لێرەشەوە لێکۆڵینەوەکان لەسەر میتافۆری شیعریی لەو ڕووەوە بوونە پاڵنەر، کە "میتۆدگەلی جیاواز گیرانەبەر بۆئەوەی فراوانی بدرێت، بەوەی میتافۆر ئەگەری هەیە چ شتێک ئاشکرابکات لەسەر بنیات/ سترەکچەری دەق، چۆن میتافۆرەکان لە گێڕانەوەی شیعردا، کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەرەکان دەبێت، بەکارهێنانی ڕەوانبێژی چ شتێک بە خوێنەران یان توێژەران دەڵێت سەبارەت بە نووسەران یان ئەو کاتانەی شیعرەکانیان تێدا نووسراوە، ئایا میتافۆر دەتوانێت چ پرۆسەیەکی درکپێکردن یان جوانبینی/ جواننووسیی بوروژێنێت؟" (Rasse C, & Onysko A., 2020: 316).

## ٤/١. کۆدە شیعرییەکان پەیوەست بە تیۆرە نوێکانی میتافۆرەوە

زانستی زمان بەردەوام خەریکی لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانیارییە زمانییەکانی مرۆڤە. بۆ دەستڕاگەیشتن بەم زانیارییانەش زمانەوانیی لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە بابەتە مرۆییەکان لە هەوڵدایە بۆ ڕوونکردنەوەی زانستەکانی، وەک: کۆمەڵناسی، مێژوو، دەروون، ئەدەب، یەکێکیش لەو ڕێگایانەی کە هۆکارە بۆ گەیشتن بەم زانیارییانە، زانستی (هێمالۆژی)یە.

هێمالۆژی وەک زانستێک، خۆی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی هێماوە خەریکدەکات، هێمالۆژی "پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زمانەوانی دا هەیە، چونکە هەردوو زانیارییەکە پشت بە هێما دەبەستن و بریتیین لە لێکدانەوەی پەیوەندیی فۆرم و واتای هێما". (فتاح، محمد معروف، ٢٠١١: ٣٩). دەشێت تەنها جیاوازیی نێوانیان بۆ ئەو خاڵە بگەڕێتەوە، کە هێمالۆژی بەشێوەیەکی

گشتگیرانە لە هەوڵدایە پەیوەندیی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکی سەرجەمی هێماکان ڕوونبکاتەوە، بگات بەوەی ئایا پەیوەندیی نێوانیان ڕاستە یان نا، یاخود پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆ، بەڵام زمانەوانیی تەنها بەو جۆرەی هێماوە خۆخەریکدەکات، کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن و ناوی هێما زمانییەکانیان لێنراوە. کەواتە "هێمالۆژی خەریکی لێکدانەوەی هەر جۆرە پێڕەوێکی هێمایە و کار بۆ ئەوە دەکات، پەیوەندیی نێوان << دەربڕیین >> و << واتا >> کەی (فۆڕم و واتاکەی) هەر هێمایەک بەگشتی بخاتەڕوو لەتەکیدا بۆ زانیین و دەرخستنی ڕێکیی و ناڕێکیی و ڕاستەوخۆیی و ناڕاستەوخۆیی پەیوەندییەکە هەوڵدەدات". (مەحویی، ۲۰۰۹: ۳٦ – ۳۷).

لە زانستی هێمالۆژییدا (هێما)کان، یەکەی بنەڕەتی و بناغەیین، ئەم یەکانە ئەبستراکتن و ئاخێوەر لە فەرهەنگی ئاوەزییدا بۆ هەر وشەیەکی زمانەکەی بەلایەنی کەمەوە هێمایەکی داناوە. بەمشێوەیەش هێماکان گەنج و تۆمارگەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاردەهێنرێن، ئاخێوەر هەمیشە و بەردەوام بۆ بەڕێکردن و ڕێکخستنی ژیانی خۆی، لەڕێگەی هێماکارییەوە کار بۆ ئەوە دەکات، کە بۆ هەرشتێک هێمایەک دابنێت، هێماکارییش "بریتییە لەو کارەی کە مرۆڤ تێیدا بەئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناو خۆیاندا پێکبێن شتێک دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر. ئەم هەلومەرجی پێکهاتنەش لەو کاتەدا دێتەکایەوە، کە دوو مرۆڤ یان زیاتر بە یەکتر دەگەن دەیانەوێت ژیانی خۆیان ڕێکبخەن". (فتاح، محمد معروف، ۲۰۱۰: ۱۱۲). لێرەشدا و پەیوەست بە تێگەیشتنی زیاترمانەوە بۆ پارەکانی دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیە، گرنگە بەکورتی لە چەند ڕوویەکەوە لە هێما بدوێین.

خودی دروستەی هێما خۆی لە هەردوو بواری فۆڕم و ناوەڕۆک/ ڕووخسار و واتادا، دەبینێتەوە، کە ئەم دوو بوارە هەردوو دیوەکەی هێما پێکدەهێنن. پەیوەندیی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکی هێماکان لەخۆوەیە و دەستوربەدەرە، لەتەکیشیدا ڕێککەوتن و پەسەندکردنی کۆمەڵیش لەسەر هێماکان هەیە. لەمڕوانگەیەشەوە و لە ئەنجامی پەیوەندیی دەستووربەدەریی نێوان فۆڕم و واتای هێمای زمانیی، هەرگیز ناتوانین وەڵامی پرسیارێکی لەمجۆرە بدرێتەوە، کە ئایا ئاخێوەری کورد بۆچی بە (کەو) دەڵێت کەو؟ جگەلەوەی کە بوترێت؛ پەیوەندیی بە ڕێککەوتنی کۆمەڵ و پەسەندکردنی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیەو هەر لە مێژەوە تاکو ئێستا بەمشێوەیە لەسەری ڕێککەوتوون.

بەلای زمانەوانەکانەوە هێما بۆ دوو جۆری سەرەکیی دابەشدەکرێت، کە ئەوانیش: هێمای زمانی و هێمای نازمانیین، "زۆربەی زمانەوانەکان زمان بە پێڕەوێکی هێمای زمانیی دادەنێن. هێما و توخمە پێکهێنەرە زۆر و تێکچرژاوەکانی چوون بەناو یەکدا و لە پیرەوێکی ئالۆز و ورددا کاردەکەن". (مەحویی، ۲۰۰۹: ۷٦). هێما زمانییەکان لەو جۆرانەی هێمان، کە لە ڕێگەیانەوە

تێگەیشتن دێتەئاراوە، "گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنی زمانیی تەنها بە هێما زمانییەکان دەکرێت و ڕوودەدات". (مەحویی، ٢٠٠٩: ٦٥). هەر لەبارەی هێما زمانییەکانەوە و لە (فتاح، محمد معروف، ٢٠١٠: ١١٦ – ١١٧)ەوە "هێمای زمانی بریتییە لە ڕۆنانێک کە دوو دیو یان دوو ڕووی هەیە، دیوێکی پێکهاتووە لە ڕیزە دەنگێک، کە بەر گوێ دەکەوێ (دەبیستریێ) و دیوەکەی تریش بریتییەلە بیرێک بەرامبەر ئەم ڕیزە دەنگە دێت و لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە". هەرچی دەربارەی هێما نازمانییەکانیشە "ئەو ئیشارە و بروسکە نازمانییانەن کە کۆمەڵ پەسەندیکردوون و مرۆڤ بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاریاندەهێنێت". (سەرچاوەی پێشوو: ٥٤). ئەوانیش وەک: پەنجەڕاوەشاندن لەبری هەڕەشە و سەرلەقاندن بۆ ڕازیبوون یان ڕازینەبوون .... تاد.

لەگەڵئەمەشدا هێماکان لەڕووی تاریکی و ڕوونییەوە بەسەر هەردوو جۆری هێما تاریکەکان و هێما ڕوونەکاندا دابەشکراون، "تاریک و ڕوونیی هێما پەیوەندیی نییە بە بوون یا نەبوونی پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا یان ڕووخسار و ناوەڕۆکی هێمادا، بەڵکو بەندە بە پەیوەندیی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان هێماکانی زمان خۆیاندا هەیە". (فتاح، محمد معروف، ٢٠١٠: ١٢١).

دابەشکارییەکی دیکەی هێماکان، جیاکردنەوەیانە بۆ هێمای وێنەیی و دەستووربەدەر و هێما هۆکارییەکان. مەبەست لە هێما وێنەییەکان ئەوانەن، تاڕادەیەک پەیوەندی لەنێوان فۆرم و واتای هێماکەدا هەیە و هێمادانانەکە لەڕێگەی وێنەیەکەوە دەردەبڕدرێت، نموونەی ئەمجۆرە هێمایانە ئەوانەی سەر ڕێگاوبانەکانن، کە مرۆڤ بەهۆی وێنەی هێماکانەوە لە واتا و ناوەڕۆکی هێماکەش تێدەگات و تێگەیشتنی بۆیان دەبێت. هەرچی دەربارەی هێما هۆکارییەکانە، ئەوانەن هۆکارێک بووەتە هاندەریان و لەسەر ئەو هۆکارە وەستاون، بەنموونە: زەردهەڵگەڕان بۆ نەخۆشیی، یاخود سووربوونەوە بۆ هەڵچوون و توڕەبوون. ئەو هێمایانەش کە لە جۆری دەستووربەدەر و لەخۆوەن، ئەوانەن لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکی هێماکەدا نییە و هیچ پەیوەندییەک لەئارادانییە بۆ پێکەوەبەستنەوەیان. وشە سادەکانی زمان بەگشتیی لەم چەشنە هێمایەن، بەوپێیەی هیچ دەستوور و یاسایەک نایانگرێتەوە، ڕێککەوتنی کۆمەڵ نەبێت لەسەریان، بڕوانە: وشەی (شەکر)، جگەلەوەی کە ڕێککەوتنی کۆمەڵ نەبێت لەسەر وشەکە، هیچ کەس نازانێت بۆ بە شەکر وتراوە شەکر. ئەم چەشنە لە هێما لە ڕێگەکانی داڕشتن و لێکدانەوە زیاتر واتاکانیان ڕووندەبێتەوە و کاتێک بەیەکێک لەم ڕێگایانەدا دەچن، لە جۆری هێمای زمانیی دەستووربەدەر تێدەپەڕن و دەبن بە هێمایەکی واتا ڕوون، لەمبارەیەوە وشەی (شەکردان)، بەراودبکە بە وشەی (شەکر)، کە لەسەرەوە باسکرا.

پێویستە ئەو ڕاستییەش بخرێتەبەرچاو، کە هێماکان جێگیر و چەسپاو نین، بەپێی کات و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر و لەناو میللەتێکیشدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێن و

شیاوی گۆڕانن. پەیوەست بەم ڕاستییە شیکارییانەی سەرەوە، ڕۆڵی هێماکان و بەکارهێنانیان وەک کۆد، لە پرۆسەی پەیوەندییکردن و جۆرەکانی بەپێی ئەو پرۆسەیە دەخاتەڕوو، (بڕوانە پاری دواتر).

## ١-٤/١. کۆد لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا

کۆد لەڕووی زاراوەوە سەر بە زانستی هێمالۆژییە، بەجۆرێک "کۆد/ جفرە زاراوەیەکی هێما و هێمادانانە. نێرەر هەواڵەکەی (واتاکەی) دەکات بە جفرە (فۆرم و واتا – پێکەوەبەستن یان >> جفرەدانان <>) و دەینێرێت بۆ گوێگر، کە جفرەکە لێکدەداتەوە –>> جفرەلێکدانەوە << –". (مەحویی، ٢٠٠٩: ١٣٨).

کۆد کەرەستەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتنە، بەوپێیەی مرۆڤیش بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەمیشە و بەم هۆکارەوە ئارەزووی پێکەوەژیان و نزیکبوونەوەو پەیوەندیی و لەیەکگەیشتنی هەبووە و هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە، بەشێکی هەرەزۆری زمانەوانەکان بگەنە ئەو ڕاستییەی، کە ئامانج و مەبەستی سەرەکیی لە بەکارهێنانی زمانیی بۆ تێگەیشتن بووە لە دەوروبەر و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا. کەواتە لە ئەنجامی پەیوەندییکردنی خەڵکی بەیەکترەوە و سازدان و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک: خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوە دروستبوون، کە بێگومان پرۆسەی (پەیوەندییکردن) ڕۆڵی باش و بنەڕەتیی لەمجۆرە لێکنزیکبوونەوە و ژیانکردنەدا بینیوە. پەیوەندییکردنیش "گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بیر و هزر و ڕاستی و هەست و سۆز و وێناکردنەکانە، کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەهۆی کردەی پەیوەندییکردنەوە ئەنجامدەدرێت". (عەلی، تاڵیب حوسێن، ٢٠١٤: ٢٢٥).

کۆدەکان لەژینگەیەکی کارلێککردودا، واتا شاراوەکانی تاک Individual دەردەخەن، دەبنە ئەو ئاڕاستانەی، کە بەکارهێنان و لێکدانەوەی زمان دیاریدەکەن و لەپرۆسەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتندا بەشداردەبن، هەروەک ئاڕاستە کەلتوریی و هونەریی و زانستییەکان، یان هەر ئاڕاستەیەکی دیکە، کە بەهەمان شێوەی کۆدەکان ڕۆڵ لە بەجێگەیاندنی پرۆسەی پەیوەندییکردندا دەبینین، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە ئێمەی مرۆڤ چۆن دەتوانین لەڕێگەی کۆدەکانەوە دەسەڵاتمان بەسەر دەوروبەردا بشکێت. بەمپێیە" سادە و سانایە مەیلدارێتی و پەیامەکان بۆ لێکدانەوەی کۆد، بەشێوەیەکی دیاریکراو پشت بە ئەندامێتی گرووپەکان دەبەستن، بەو واتایەی؛ کۆد بەهۆی پەیوەستدارێتی گرووپە کەلتورییەکانەوەو لەلایەن بەشداربووانەوە، تۆڕی تێگەیشتن دەچنێت و بەهۆیەوە زانیارییەکان بەدەستدەهێنرێت". (Donald G. Ellis, 2006: 263-264).

ئەو زانیارییانەی کە لای قسەکەرە، لەکاتی گفتوگۆکردندا زەمینەسازییان بۆ دەکات، بۆئەوەی بیانکات بە هێما و کۆدیان بۆ دابنێت. هێماکان ئاماژەن بۆ چەمکەکان، بەمەبەستی هێنانەئارای گونجاندن لەنێوان هێماکان و چەمکەکانی بەرامبەریان، کۆد ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت. ئالێرەشەوەیە ئەو ڕاستییە خۆی دەردەخات، کە کۆدەکان لە بنەڕەتدا هەر هێماکانن، کاتێک دێنە ناو پرۆسەیەکەوە، کە ئەویش پرۆسەی پەیوەندییکردنە، بەشێوەیەکی دیکە کۆدەکان هەر هێماکانی زمانن و لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا بۆ تێگەیشتن و گواستنەوەی زانیارییەکان بەکاردەهێنرێن. پرۆسەی پەیوەندییکردن هەمیشە لەنێوان دوو لایەندا ڕوودەدات، کە ئەوانیش نێرەر و وەرگرن "پێشئەوەی دروستە بیرییەکان وابەستەی زمان بن، لە مێشکدا خەزنکراون و بە خەزنکراویی هەن، بۆئەوەی دروستە بیرییەکان ڕابگەیەنرێن، پێویستە بگۆڕێن و بکرێن بە دروستەی زمانیی، بە واتا بکرێن بە جفرە / کۆد". (کۆمەڵێک زمانەوان، ۲۰۰۹: ٦٢).

سەرەتای ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی قسەکەرەوە ئەنجامدەدرێت، نێرەر ئەو چەمکەی، لە ئاوەزیدایە، لەڕێگەی وشەکانی زمانەوە هێمایان بۆ دادەنێت و ئەو پەیامەی کە هەڵیگرتووە، لەڕێگەی ناوەندێکەوە ئاراستەی گوێگری دەکات، بەمشێوەیە جارێکی تریش لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە پەیوەندییکردن پرۆسەیەکی سەرەکیی تێگەیشتن و لەیەکگەیشتنی نێوان مرۆڤەکانە، چونکە پەیام لە ناوەندێکەوە و لە ڕێگەی قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگوازێتەوە. پەیامەکانیش لەم پرۆسەیەدا بریتیین لەو بابەتە زارەکیی و دەنگیی و نووسراو و چاپکراو و هێما و جوڵانە، کە واتا و ناوەڕۆکی چەمکیی یان بیرۆکەی قسەکەری هەڵگرتووە. گوێگریش لەگەڵ گەیشتنی پەیامی قسەکەر پێی، ڕاستەوخۆ دەست بە پرۆسەی لێکدانەوەی هێماکان و شیکردنەوەی ئەو کۆدانەی، لەلایەن قسەکەرەوە ئاراستەی کراوە، دەکات، گرنگە ئەوەش بخرێتەڕوو، کە دەبێت قسەکەر و گوێگر لەیەکتر تێبگەن و تێگەیشتنیان بۆ یەکتر هەبێت، واتە مەرجە زانیارییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر پەیکاڵی یەکتر بن، ئەوجا دەتوانن پرۆسەی پەیوەندییکردن بە سەرکەوتووانە ئەنجامبدەن. بەمشێوەیە و لەڕێگەی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەوە بەهۆی گۆڕینەوەی هێما و کردنیان بە کۆدە زمانییەکان لەنێوان قسەکەر و گوێگردا و لەڕێگەی کەناڵێکی گەیاندنەوە و لە کات و ساتێکی دیاریکراودا پرۆسەی پەیوەندییکردن دێتەئاراوە و ئەنجامدەدرێت.

مۆدێلی بەکۆدکردن و کۆد لێکدانەوەی زمانیی، نواندن و داڕشتنی ئەوەیەو ئەوە دەردەخات، "چۆن دروستە بیرییەکان/ دروستە ئاوەزییەکان Thought structure دەگۆڕێن و دەکرێن بە دروستە زمانییەکان Linguistic Structure و دیسانەوە دروستە زمانییەکان دەکرێنەوە بە دروستە بیرییەکان". (سەرچاوەی پێشوو: ٦١). لەم نێوەندەشدا زمان ڕۆڵی باڵا و گرنگ دەبینێت، بەبێ زمان پەیوەندیی لەنێوان ئادەمیزاددا دروستنابێت و بێ پەیوەندییش کۆمەڵ سازنابێت. لە

بەجێگەیاندنی تەواوی ئەم پرۆسەیەدا زانستی زمان تەنها نییە. واتە زانستی زمان بەتەنها توانای ئەوەی نییە کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە و بێکەموکوڕی ئەم پرۆسەیە بگەیەنێتە ئەنجام، بەڵکو لایەنی هەڵسوکەوتی تاک و لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەریش ڕۆڵیان لە بەئەنجامگەیاندنیدا هەیە، لە ئێستاشدا هەریەک لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دەروونیی، بەهۆی خستنەبەرباسی تیۆری کردەی قسەیی و Speech Act Theory و تیۆری چالاکیی Act Theory هەنگاوی گەورەی زانستییان ناوەو ئەنجامی زانستیش بەدەستهاتووە و سوودی لێوەرگیراوە.

کۆد؛ کە بە یەکێک لە بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەیوەندییکردن دانراوە، لەسەرەوە ڕۆڵ و گرنگییەکەی لە پرۆسەکەدا باسکرا، لێرەشەوە بەکورتی هەندێک ناساندنی دەخرێتەڕوو:

سەرجەمی زمانەوانەکان لەسەر بیرێک کۆک و ڕێکن، ئەویش ئەوەیە، کە تەواوی زمان خۆی لەخۆیدا (کۆد)ە، ئەم باوەڕە لای زمانەوانەکان لە هەموو قوتابخانە زمانییەکاندا یەکە و نەگۆڕە، بەجۆرێک کۆد بریتییەلە ژمارەیەک کەرەستە، کە بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێی ئاڵۆزتر لەیەکدەدرێن و دەتوانن کەرەستەکانی دیکەی وەک، فریز و ڕستە و دانەی تریان لێپێکبهێنرێت، بەڵام بوونی واتادارییی ئەم فۆڕمانە مەرجە بۆئەوەی وەک کۆد بناسرێن و دابنرێن.

کاتێک هێماکان بەها و نرخی خۆیان پەیدادەکەن، کە دەکرێن بە کۆدی زمانیی و لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا بەکاردێن و لە قسەکەرەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێن، "کۆدەکان پێڕەوگەلێکی کردەیین و لە کۆمەڵە چەمکێکی هاوپەیوەندی/ ئاماژەبەند، کە لە چەند بوارێکی دیاریکراودا هێماکان و هێمابۆکراوەکان بە یەکترەوە دەبەستنەوە". (تشاندلر، ٢٠٠٨: ٤٤٨). بەشێوەیەکی گشتیی کاتێک لەبارەی زمانەوە گفتوگۆدەکرێت، بۆئەوەی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی زمان بگەین، کۆمەڵێک ڕێگا و ڕێباز هەن، کە بێگومان یەکێک لەو ڕێگایانە بیری کۆدە "کە بۆ لێکدانەوەی کۆزانیاریی ئاوەزیی تاک و کۆمەڵەکان بەرهەمهێنراوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆد لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی دوولایەنەیان هەیە، بیری کۆد لە چوارچێوەی بیری هێمادایە و بیری هێماش لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و کەلتورەوە سەریهەڵداوە". (عەبدوڵڵا، هیوا مەولود، ٢٠١٦: ٥٠). کۆدەکان، ئەو ڕەمز و هێمایانەن، لەنێوان نێرەرو وەرگردا هاوبەشن و هەڵگری پەیامێکی دیاریکراون، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت، جا ڕەمزی دەنگیی زمانیی یان نووسراو یاخود وێنەیی بن. کۆد وەک ڕەگەزێکی سەرەکیی پەیوەندییکردن ڕۆڵی لە گواستنەوەی زانیاریی چەمکەکاندا هەیە، لەمبارەیەوە کۆد "ئەو فاکتەرە ڕەمزییەیە، کە وەک هەڵگر و گوێزەرەوەی واتا و زانیارییەکان کاردەکات، کۆد ڕەگەزێکی گرنگی

پرۆسەی پێوەندیکردنە، ئەم کۆدەش بە هەموو شێوەکانییەوە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دی و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری فکری کۆدەکە دەگۆڕێت". (حمەصالح، تاڤگە عومەر، ٢٠٢٠: ٥٧٠). بەمپێیە کۆد پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیە وەک یەکەیەکی درکپێکراو لە بواری شیعردا کاری لەسەردەکرێت.

## ٢-٤/١. جۆرەکانی کۆد

شارەزایانی زانستی هێماگەری، بەپێی خاسییەت و تایبەتمەندیی هەریەکەیان، کۆدەکانیان بۆ ئەم جۆر و چەشنانەی خوارەوە پۆلێنکردووە:

**یەکەم: کۆدی کۆمەڵایەتیی Social codes**

ئەو چەشنە لە کۆد دەگرێتەوە، کە ئاخێوەر لە پرۆسەی پەیوەندییکردنی کۆمەڵایەتییدا وەک پێویستییەکی بنەڕەتی و بنجی بەکاریاندەهێنێت و بەکارنەهێنان و خۆلێدورگرتنیان ئەستەمە. لەم جۆرەدا، بۆ هەر کۆدێک رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی چۆنێتی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە و بەکارهێنانیان دیار و دەستنیشاندەکات "کۆدە زمانەوانییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بنیاتنان و چاکسازیی واقعە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئێمە ئەستەمە فێری جیهان ببین و فێری نابین، بەڵکو لەبری ئەوە فێری ئەو کۆدانە دەبین کە بۆی بنیاتنراون". (Chandler, D. 2007: 151). بەمجۆرە دەگونجێت لەڕێگەی کۆدە کۆمەڵایەتییەکانەوە درک بە جیهان و واقعی جیهان بکرێت و ئاشنایی لەبارەی واقعەوە پترتر بێت. هەموو ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییانەیش کە لەناو تەنها کلتورێکدا هەن، دەکرێت لەڕێگەی ژمارەیەکی زۆر لە کۆدە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستنیشان و دیارییبکرێن. بەنموونە، پۆشینی جلوبەرگ، شێوەی پرچ و قژداهێنان، خووە خۆراکییەکان و بەکارهێنانی کاتەکان... تاد، کە دەتوانرێت لەڕێگەیانەوە ماکی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ یەکدی هاوبەشیی پێبکرێت. کەواتە "بەکارهێنانی زمان رۆڵێکی تەواو کاریگەر و شێلگیرانە لە دەستنیشانکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت... لەنێوخۆی کۆدە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، لقە کۆد هەن، لێرەدا بەکورتی لەبارەیانەوە دەدوێین". (سەرچاوەی پێشوو: ١٥١).

١. کۆدی زمانیی/ کۆدی زارەکیی Verbal codes

هەموو ئەو کۆدانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی هاوبەش لەلای قسەکەر و گوێگر هەن، واتە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا ئەم جۆرە کۆدانە بە ئامادەکراوی هەن و بەردەستن، کە بریتیین لە ژمارەی دەنگەکانی زمان و چۆنێتی لەیەکدانیان و پێکهێنانی پێکهاتەی لەخۆیان گەورەتری وەک

مۆرفیمەکان و بەشە پێکهێنەرەکانی ناو ڕستە و واتای وشە و ڕستەکان. بەنموونە: لەناو زمانی کوردییدا لای هەموو ئاخێوەرێکی کورد ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، کە دەنگە ڤاوڵەکان پێکەوە نایەن، یاخود یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە و دروستبوونی ڕستە لە زمانی کوردییدا بەپێی یاسای (S.O.V)یە، یاخود زمانی کوردیی یەکێکە لەو زمانانەی، کە بەهۆی لاگرەکانییەوە توانای دارشتن و دروستکردنی وشەی نوێی هەیە.

٢. کۆدی جەستەیی Bodily code

تەواوی ئەو جۆرە لە کۆد دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی بەکارهێنان و جوڵەی جەستەییەوە دەگەیەنرێن و دەردەبڕدرێن، ئەمانەش پێشتر ڕێککەوتنی کۆمەڵیان بەسەردا چەسپێنراوە و هەر بەو هۆکارەشەوەیە، کە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییان دیاریکراوە و چەسپێنراوە. بەنموونە: لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نزیکبوونەوە و بەرکەوتنە جەستەییەکانی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز ڕێگەپێنەدراوە و قەدەغەیە، بەپێچەوانەوە لەنێوان دوو ڕەگەزی هاوشێوە ئاساییە، ئەمە بەراورد بە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، کە بەرکەوتنە جەستەییەکان یاخود لێکنزیکبوونەوەی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز تاڕادەیەک ڕێگەپێدراوە و بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاساییە و دەبینرێت. کەواتە تەواوی ئەم کۆدە جەستەییانە چەشنێکن لە کۆدە کۆمەڵایەتییەکان و لەڕێگەیانەوە پرۆسەی پەیوەندییکردن زیاتر ڕووندەبێتەوە، ئەمە جگەلە کۆدە جەستەییەکانی دیکەی وەک (نزیکیی ئاڕاستە جەستەییەکان، دەربڕینی ڕووخسارییانە، ئەبڵەقبوون و سەرڕاوەشاندن... تاد).

٣. کۆد کەرەستەیی Commodity code

ئەم جۆرەی کۆد نازمانیین و لە هەرکۆمەڵ و نەتەوەیەکدا هەن و بریتیین لەو کەرەستە و کەلوپەلانەی، کە ئاماژە دەدەن بە لایەنێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی بەکارهێنەرەکانیان، ئەوانیش (جلوبەرگ، بینا و تەلار، ئۆتۆمبێلی،... تاد)ن. بەنموونە: ئەگەر تراکتۆر وەک نموونەی ئۆتۆمبێل وەربگیرێت، ئاماژە بەوە دەدات، کە بەکارهێنەرەکەی لە چینی جوتیارە، یان بێڵ و خاکەناز و سێڵک، کە ئەمانەش هەموویان کەرەستەی جوتیارن و وەک کۆدێک بۆ چینی جوتیارەکە بەکاردەهێنرێن. یاخود کەرەستە سەربازییەکان، کە جگە لەوەی هەریەکەیان بۆخۆیان ڕەمز و کۆدن، هاوکات تایبەتیشن بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵەوە، کە بەهۆیانەوە لە کۆمەڵدا جیادەکرێنەوە و دەناسرێنەوە، یاخود نیشانەی خاچ وەک کۆدێکی کەرەستەیی بەکاردێت بۆ هەرکەسێک، کە هەڵگری ئایینی مەسیحییە. کۆدە کەلوپەلییەکانیش بەهەمانشێوە لەڕێگەیانەوە کەسەکانیان پێدەناسرێتەوە، لەمڕوانگەیەوە بڕوانە جلوبەرگی نەتەوەیی کورد، کە وەک کۆدێک بۆ جلوبەرگی نەتەوەی کورد لێیدەڕوانرێت، کە هەرتاکێک لەڕێگەی پۆشینی ئەم جۆرە جلوبەرگەوە ئەو مانایەش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، کە سەر بە نەتەوەی کوردە، ئەمە بەراوردبکە بە

جلوبەرگی نەتەوەیی عەرەب (دزداشە و عەگاڵ)، کە بەهەمانشێوە ڕەمز و کۆدن بۆ جلوبەرگی نەتەوەی عەرەب.

٤. کۆدی ڕەفتاریی Behavioural code

لەڕێگەی ڕۆڵگێڕان و هەڵسوکەوتەکانەوە ئەمجۆرە کۆدانە دیاریدەکرێن و دەناسرێنەوە، ئەمجۆرەی کۆد، لە کات و بارودۆخی تایبەت بەخۆیاندا دێنەکایەوە. بەنموونە: بڕوانە یاریکەرێک کە لە یارییەکدا دوای تۆمارکردنی گۆڵێک وێنەی خاچ لەسەر سنگی دەکێشێت، ئەم هەڵسوکەوتەی یاریکەرەکە وەک کۆدێک ئاماژە بە مەسیحیبوونی دەکات، بەراوردی بکە بە یاریکەرێکی دیکە لە هەمان یاری یان یارییەکی دیکەدا، لەپاش تۆمارکردنی گۆڵ، کڕنوش ببات، لێرەدا کڕنوشبردنەکە وەک کۆدێکی ڕەفتاریی، ئاماژە بە موسوڵمانبوونی یاریکەری گۆڵکەر دەدات. یاخود لەکۆمەڵگەی کوردییدا دوو هاوڕێ یان دوو دۆست پێکدەگەن، جگەلە تەوقەکردن لەنێوانیاندا هەندێکجار باوەش پێکدادەکەن و ماچییەکدیش دەکەن، ئەمانە وەک کۆدێکی ڕەفتاریی ئاماژەن بۆ دۆستایەتیی و نزیکیی هەردوولا، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا کە لووت لە لووتدان یان شان لە شاندانیان هەیە. یاخود شێوازی ئاهەنگ گێڕان و یاریکردن و کاتبەسەربردن... تاد. هەموویان لەناو ئەمجۆرەی کۆددا خۆیان دەبیننەوە، لەمڕوانگەیەوە بڕوانە یاریی (کڵاوێن)، کە وەک کۆدێکی یاریکردن تایبەت بە گۆمەڵگای کوردیی لەناو کۆدە ڕەفتارییەکاندا دەبینرێت.

**دووەم: کۆدی ڕاڤەیی Interpretive code**

ئەوانەن، کە بەپێی پێویست ڕوون و ئاشکرا نین، بۆ زیاتر ڕوونکرنەوەیان پەنادەبرێتە بەر لێکدانەوە و شیکارکردنیان، واتە لەڕێگەی لێکدانەوەی کۆدەکانەوە دەگەین بە واتا و مەبەستی بەکارهێنانیان، ئەوانیش بریتیین لە:

١. کۆدی پەیپێبردن Perceptual code

هەستەوەرەکانی مرۆڤ کە بریتیین لە (بینین، بیستن، بەرکەوتن، تامکردن و بۆنکردن) هۆکارن بۆ درککردن بەم جۆرە کۆدانە "بەتێڕوانینی دەروونناسیی گشتاڵت، هەندێک فیچەری جیهانیی زۆر جددیی لەدرککردنی بینایی مرۆڤدا بوونیان هەیە، کە لە ڕوانگەی هێماکارییەوە دەتوانرێت بە پێکهێنەر و بنیاتنەری کۆدی درکی چاویان لێبکرێت". (Chandler, D., 2007:151). بەمشێوەیەش دەشێت ئەو ڕاستییە بزانرێت، کە تەنانەت مرۆڤ لەڕێگەی کۆدگەلێکەوە درک و تێگەیشتنی بۆ جیهانی ڕۆژانەی دەوروبەری هەیە "تەواوی سستەمە درکییەکان بەشبەحاڵی خۆیان و هەر بۆخۆیان زمانن". (Jameson, F., 1972: 152). شتێکی ڕوون و ئاشکراشە، کە درکپێکردنەکانی مرۆڤیش بەپێی کات و شوێن چوونیەک نین و دەگۆڕدرێن.

٢. کۆدی ئایدۆلۆجیی Ideological code

ئەو جۆرانەی کۆد دەگرێتەوە "کە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بۆ کۆدلێکدان و کۆدشکاندنی دەقەکان بەکاردەهێنرێن، زیاتر وردی بکەینەوە، لەوانەیە پاشگری یزم (ism) باشتر وێنای ئەم جۆرە بکات لە وشەکانی وەک؛ تاکگەرایی، لیبراڵیزم، فێمینیزم، ڕەگەزپەرستی و پۆپۆلیزم... تاد". (Chandler, D., 2007: 150). لێرەدا کۆدەکان تایبەتن بە گروپی کۆمەڵایەتیی جیاواز، وەک گروپە سیاسیی و شۆڕشگێڕەکان یان گروپە ئایینی و ئابورییەکان یاخود گروپە ڕۆشنبیرییەکان... تاد. نموونەی کۆدە ئایدۆلۆجییەکانیش وەک (چەکوش و داس و ئەستێرەی سور)، کە کۆدە بۆ شیوعییەکان.

**سێیەم: کۆدی واقعیی Realistic code**

جۆرێکی دیکە لە کۆد، کۆدە واقعییەکانە/ ڕیالیزمییەکانە، لەم جۆرەی کۆددا زانیارییەکان، کە لە نێرەرەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێن ئاماژەبەندن، ئەمانە هەڵگری واتان، بەڵام خۆیان واتا نانوێنن، هەربۆیە "لە کەناڵی نێوان قسەکەر و گوێگردا تەنها بروسکەکە/ ئیشارەکە دەگوێزرێتەوە، نەک واتا. بروسکەکە بە واتاوە بەستراوە. بروسکەکە هۆ و ئامێری کردەی پەیوەندیی گفتوگۆکردن و لێکگەیشتنەکەیە و لەو پرۆسەیەدا قسەکەر واتایەک بەبروسکە نێردراوەکەوە دەبەستێت، کە کۆمەڵ پەسنی کردووە و لەسەری چەسپاوە". (مەحوی، ٢٠٠٩: ١٤٢). بۆ نموونە تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە لە شانۆگەرییەکدا یان لە فیلمێکدا دەیانبینین، واقع نین، بەڵام واقع دەنوێنن، یاخود وشەکانی زمان لە ڕاستییدا واقع نین، کەچی واقع دەنوێنن.

**چوارەم: کۆدی دەقیی/ شیعریی Textual code**

ئەو بیرانەی کە لەمێشکدا هەن و لەڕێگەی ئاخاوتنەوە لە شێوەی کۆددا دەردەبڕدرێن، جارێکی تر و لە ڕێگەی دەقە نوسراوەکانەوە بە کۆد دەکرێنەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە پیتەکانی زمان ڕێگەیەکی تری بەکۆدکردنی بیرەکانن. کۆدە دەقییەکان/ شیعرییەکان وەک جۆرێک لە کۆد و پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەوە بەشێوەیەکی فروانتر و تێروتەسەلتر ئاماژەیان پێدەدرێت، لەبەر ئەم هۆکارەش پاری دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ کۆدی دەقیی/ شیعریی وەک یەکێک لە جۆرەکانی کۆد، بڕوانە (٥/١)ی، ئەم لێکۆڵینەوەیە.

### ٥/١. كۆدی دەقیی/ شیعریی

بۆئەوەی زیاتر بابەتەکە ڕوونببێتەوە لە پرسیارێکەوە دەستپێدەکەین، کە ئایا (کۆدی دەقی/ شیعری)* چییە؟ بێگومان زمان بەگشتیی و زمانی دەق/ شیعر بەتایبەتیی، زمانی داهێنانە و هەمان بەکارهێنانی زمانی ئاسایی نییە، ئالێرەشەوە دەتوانرێت بوترێت؛ کە بەکۆدکردنی بیرێکی نابەرجەستەیی لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا جیاوازە وەک ئەوەی لە دەقێکی ئەدەبیدا دەبینرێت. ئەوەی ڕاستییە و پێویستە باسبکرێت ئەوەیە، کە دەق/ شیعر پێویستی زیاتری بە درکپێکردن و وێناکردنی هێماکان هەیە، بۆئەوەی بتوانرێت لەڕێگەیانەوە درک بەو واتا خوازراوانە بکرێت، کە وەک هەوێنن و بوون بە هۆکاری لەدایکبوونی دەقەکە "هەموو دەقێک بەپێی کۆد و بەشە کۆدەکانی سستمێکی هێمایی ڕێکخراوی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی بەها، هەڵوێست، بڕوا، گریمانە و پەیڕەوەکانە، کۆدەکان دەقی تاکوتەرا تێدەپەڕێنن، پێکەوە بەلێکدانەوەی چوارچێوەکەوە دەبەسترێتەوە، کە لەلایەن بەرهەمهێنەر و لێکدەرەوەکانەوە بەکاردەهێنرێت". :Chandler, D., 2007). (157 کاتێک لێکدانەوە بۆ کۆدێکی دەقیی/ شیعریی دەکرێت ، لێکدانەوەی کۆدەکە دەتگەیەنێت بەو مانایەی، کە دەقەکە ڕاستەوخۆ نایڵێت، بەڵکو مەبەستییەتی کە مانای دەقەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان بگەیەنێتە گوێگر. بەنموونە کاتێک دەوترێت؛ کەشوهەوای ژوورەکە زۆر ساردە. بەمشێوەیە گوێگر/ وەرگر تێدەگات کە ژوورەکە ساردە و قسەکەر/ نێرەر داوای داخستنی پەنجەرەکان دەکات "لەدروستکردنی دەقدا ئێمە هێماکان هەڵدەبژێرین و دەیبەستینەوە بەو پەیوەندییە کۆدانەوە، کە بە ئێمە ئاشنان، کۆدەکان دیاردەکان ئاسان دەکەن، تاکو بۆ ئەزموونەکان لە پەیوەندییکردندا ئاسان تر بێت".(سەرچاوەی پێشوو: ١٥٧). ئەو کۆدانەشی کە لە خوێندنەوەی دەقێکدا دێنەپێش، بەگشتیی کۆدە باوو بڵاوەکانیان ڕوون و ئاشکران و دەتوانرێت دەستنیشانبکرێن و لێکبدرێنەوە، هەرچی دەربارەی کۆدە شاراوە و نائاشناکانە ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی وردتر کاریان لەسەر بکرێت و درک بە واتا و مەبەستی بەکارهێنانیان بکرێت. لە هەردوو جۆرەکەدا ناوەندی بەکارهێنانی کۆدەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی کۆدەکان دەبێت "کۆدە دەقییەکان/ شیعرییەکان مانا و واتای دەقێک دەستنیشانناکەن،

* مەبەستێکی دیکە لە هەمان زاراوە کۆدی شیعریی Code.poetry کە لە هەمانکات بە کارکۆد codework یش، ناسراوە، بەشە ژانرێکە لە ئەدەبی ئەلیکترۆنیElectronic literature، بۆ یەکەمجار بە سەرەناوی کارکۆد لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە لە کتێبێکی ئەمریکیدا بڵاوبووەتەوە، لەلایەن ڕەخنەگر ئالان سۆندهایم Alan Sondheim–ەوە، بە (وروژاندنی کۆمپیتەر لەنێو دەقداو وروژاندنی دەقی کۆمپیتەر) خراوەتەڕوو، هەڵبەت ئەم سەرەناوە وەک ئەدەبی ئەلیکترۆنی بەشێک نییە لە مەبەستی لێکۆڵینەوەکە، بەڵکو مەبەستی کۆدی شیعریی لەنێو لێکۆڵینەوەکەدا، ئەو کۆدانەیە کە بەهۆیەوە دەقێکی شیعری لێبەرهەمدەهێنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کۆدی شیعریی وەک ئەدەبی ئەلیکترۆنی بڕوانە:

Sondheim, Alan. 2001. "Introduction: Code work." In American BookReview, 4. Chicago: AmericanBook Review

بەڵام کۆدە باڵادەستەکان مەیلی ئەوەیان هەیە سنورداریان بکەن". (Chandler, D., 2007: 157).
کۆدی دەقیی/ شیعریی ئەرکی شاردنەوەی ئەو مانایانە لەئەستۆ دەگرێت، کە ڕاستەوخۆ دەقەکە نایەوێت بیگەیەنێت، بەبێ ئەم شاردنەوانەش کۆدی دەقیی/ شیعریی بەرهەمناهێنرێت، هەر بۆیە کۆدە دەقییەکان/ شیعرییەکان جیاوازتر لەوانەی زمانی ئاسایی سرکن، دەیەوێت لە کاتی دروستبوونی کۆدەکەدا وشە بەرجەستەبکات، نەک وشە سواو و تاک مانا و تاک مەبەستەکان بەسەربکاتەوە. لە (إيكو، أمبرتو، ٢٠٠٥: ٣٣٤)دا هاتووە، کە "لای تۆدۆرۆف، هەموو گوتارێک دروستکردنێکی ناڕاستەوخۆی مانایە، کە لە سروشتی ئەو شتەی وەریدەگرین لەگەڵ پێکهاتە زمانەوانییەکان سەرچاوەدەگرێت، هەروەها لە ڕەگەزی نیمچە زمانەوانی سەرچاوەدەگرێت، کە ئەمانە ئاماژەیەکی شاراوە دەدەنە هەرشتێک کە بچنەپاڵی. واتە زۆرجار ئەو وشەیەی ئاڕاستەدەکرێت بەمانایەکی تر دەگاتە گوێگر. یاخود شتێک بە (ئەلف) دەڵێیت بۆئەوەی (بێ) شتێکی ترت لێ تێبگات". لەم چەشنە کۆدەدا هێماکان دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی قوڵایی دەرونن، پەیوەندیی نێوان خود و شتەکانن، توانایەکی ئێجگار زۆر بەرهەمیاندەهێنێت و دەچنە جیهانی بێئاگاییەوە و دەق دەگەیەننە حاڵەتێکی دەروونیی، بەو هۆکارەی کە زمانەکەی جیاوازتر و جودایە لە زمانی ئاسایی، کە لە شتە هەستییەکان تێپەڕناکات. "دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دڵنیایی ئەوە دەدەن هێماکان ناتوانن مانای هەرشتێک، کە تاکێک ئارەزوویدەکات بیدەن بەدەستەوە، بگەیەنن. بەکارهێنانی کۆدەکان ڕێنماییمان دەکەن بەرەو ئەو شتەی ستوارت هۆڵ پێیدەڵێت (خوێندنەوەیەکی دڵخوازانەتر) و دوورکەوتنەوە لەو شتەی ئەمبەرتۆ ئیکۆ پێیدەڵێت (کۆدشکاندنی نابەجێ)، لەمەشەوە دەقە ڕاگەیاندنییەکان جیاوازن لەڕووی فراوانیی کرانەوەیان بەڕووی لێکدانەوەکاندا". (Hall, S., 1980: 134).

کۆدە دەقییەکان/ شیعرییەکان جارێکی دیکە لە پۆلێنکارییەکیاندا، بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە پۆلێنکراون:

**یەکەم: کۆدی شیعریی کۆدی هونەریی و ئەدەبیی Aesthetic code**

ئەمجۆرە لە کۆدی دەقیی/ شیعریی ژانرە ئەدەبیی و هونەرییەکانی وەک (هۆنراوە، شانۆ و... تاد)، هەروەها ڕێبازە ئەدەبیی و هونەرییەکانی وەک (کلاسیزم، ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم... تاد) دەگرێتەوە. ئەم چەشنە لە کۆدی دەقیی پەیوەستن بە بەهرەی تاکەکەسییەوە، بۆ بڵاوکردنەوەیان پێویستیان بە فێرکردنە "یەکێک لە جۆرە هەرە سەرەکییەکانی کۆدی دەقیی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەز/ ژانەر. ناسینەوە کۆنەکانی ژانر مەیلی بەلای پشتبەستن بە ئەو بیرۆکە و مەفهومەدا دەڕوات کە کۆڕاییەکی جیاواز و تایبەت لەسەر ناوەڕۆکێک (وەک باگراوند یان ڕێکخستن) و/ یان فۆڕم/ شکڵ (کە بنیات و ستایل لەخۆدەگرێت) دەهێنێتەئاراوە، کە حسابی ئەوەیان بۆکراوە پەیوەندییان

پێیانەوە هەبێت". (Chandler, D., 2007: 158). فرەچەشنیی لێکدانەوەکانیان و خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەمجۆرەی کۆدی دەقیی/ شیعریی لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانییەتی، ئەمەش بۆ هۆکاری فرەواتایی کۆدەکان و کاریگەرییە ڕەوانبێژییەکانیان، کە دروستیدەکەن دەگەڕێتەوە. ئەمە جگەلەوەی هەندێکجار ئەم کۆدانە پەیوەست بە لێکدانەوە و لەحیکمکردنی دەق بە دەوروبەری کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی و... تاد. لەلایەن خوێنەرەوە واتای گریمانەییشیان دەدرێنەپاڵ.

### دووەم: کۆدی شیعریی کۆدی ڕەوانبێژیی/ شێوازیی Rhetorical and stylistic code

لەڕێگەی هونەرەکانی نووسین و شێوازی نووسینی بابەتەکەوە، بەپێی ناوەڕۆکی نووسین و مەبەستەکانی نووسەر و شێوەی تایبەتیی نووسەر، ئەم چەشنە لە کۆدی دەقی/ شیعریی دەناسرێنەوە و دەستنیشاندەکرێن. دەبێت ئەوەش لەبیرنەکرێت، کە دەقەکان بەگشتیی ڕەمزین، ئەمە لەپاڵ دەقە ڕەوانبێژییەکاندا، مەبەستیش لە دەقی ڕەوانبێژیی "ئەو ستراتیژانەیە کە لە دەقدا ئەنجامدەدرێن و چەندین ڕێسای تایبەت ڕێکیاندەخات و بەهۆیانەوە مانای ناڕاستەوخۆ دروستدەبێت لەڕێگەی گۆڕینی وشەکان، یان ڕێگەی خواستن، واتە گۆڕینی وشەیەک بە وشەیەکی تر، کە هەمان مانایان هەیە، یاخود لەڕێگەی مەجاز، واتە گۆڕینی کۆمانای وشەیەک. یاخود لەڕێگەی گاڵتەئامێزیی". (إیکو، أمبرتو، ٢٠٠٥: ٣٣٦). لێرەدا بەپێچەوانەی ڕێسا زمانەوانییەکانەوە یاخود پێچەوانەی ئەزموونی مرۆڤ، کۆدە ڕەوانبێژییەکان جۆرێکی جیاوازن لە مانای ناڕاستەوخۆ، بەوپێیەی لە ڕووکەشدا زمان شتێک دەڵێت، بەڵام لەڕووی ئاماژە ڕاشکاوەکەیەوە ڕەنگە شتێکی پێچەوانە بڵێت، بڕوانە (٥):

٥. یاریکەرەکە چووە نێو یاریگاکەوە، لە ناوەڕاستی یاریگاکەدا مەلەوانگەیەک هەیە.

بە وردبوونەوە لەم دەربڕینە ئەوە دەردەکەوێت، کە دەقەکە دژیەکە لەگەڵ ئەزموونی مرۆڤدا، چونکە لە یاریگادا مەلەوانگە بوونی نییە. لێرەدا بۆئەوەی ڕستەکە ڕستەیەکی ڕاست بێت، دەبێت مانای وشەی (مەلەوانگە) ڕوونبکرێتەوە، کە دەکرێت بە خواستن بەکارهاتبێت و مانایەکی تری هەڵگرتبێت، لەبەر کۆبوونەوەی ئاوێکی زۆر لە ناوەڕاستی یاریگاکەدا، وایکردووە، ئەو جێگایەی، ئەم بڕە ئاوە زۆرەی تێدا کۆبووەتەوە وەک مەلەوانگە ببینرێت و باسی بکرێت. ئەوەشی وایکردووە ئەم لێکدانەوە ڕەوانبێژییە چێببێت، ئەوەیە، ئەگەر ئەم جۆرە لێکدانەوە بۆ ڕستەکەی سەرەوە نەکرێت، ئەوکات لەبەردەم ڕستەیەکی بێواتا و نادروستدا دەبین. لێکدانەوەکەش پشت ئەستوورە بە ڕێسا ڕەوانبێژییەکان. کەواتە پەیوەست بە ڕاستییە شیکارییەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە تەواوی جێگۆڕکێ ڕەوانبێژییەکان بریتیین لە کۆد/ ڕەمز "ئەگەر بڵێین دیاریکردنی ڕەمزی و ڕەوانبێژیی زۆر فراوانە، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین، کە دیاریکردنی هاوشێوە و نیشانە ئامێز بەهەمانشێوەیە. بێگومان زۆر نیشانە هەن، کە مانای دووەمی هەیە.

کاتێک دەوترێت وێنە، لەوانەیە وێنەی شاخێک یان شارێک یان دارێک بێت. بەڵام وێنە خۆی بەمانای هیچکام لەوانە نایەت". (إيكو، أمبرتو، ٢٠٠٥: ٣٤١).

**سێیەم: کۆدی شیعریی کۆدە زانستییەکان Scientific codes**

ئەم چەشنە لە کۆدی دەقیی/ شیعریی ئەوانەن، کە فرەواتا نین و لێکدانەوەی جیاواز و ئاڵۆز لەخۆناگرن، واتە زۆر باو نین و لەڕێگەی پسپۆڕییەوە بەپێی پسپۆڕیی زانستیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکرێن. لەڕێگەی پڕۆسەی فێرکردنیشەوە فێریاندەبین، وەک: کۆدە بیرکارییەکان، فیزیاییەکان و کیمیاییەکان... تاد.

**چوارەم: کۆدی شیعریی کۆدە ڕاگەیاندنییەکان Mass media codes**

بەو هۆکارەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی تری پەیوەندییکردنن زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و بەشێوەیەکی فراوان بەتەواوی کۆمەڵگەکاندا بڵاوبوونەتەوە، لەبەرئەوە زۆرترین کۆد لەچەشنی کۆدی ڕاگەیاندنی لەخۆدەگرن، یاخود کۆدە بەکارهاتووەکانی ناو دنیای تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوترین جۆری کۆدی ڕاگەیاندنین، بەنموونە بڕوانە تەواوی ئەو ستیکەرانەی/ ئایکۆنانەی، کە لەناو ئەم تۆڕەدا هەن و هەریەکەیان بۆ خۆیان کۆدێکن و هەڵگری مانای تایبەت بەخۆیانن، هەروەک ئایکۆنی پێکەنین و گریان و توڕەبوون... تاد. ئەمە جگەلەوەی، کۆدە ڕاگەیاندنییەکانی تری وەک: (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و ڕادیۆ... تاد) دەچنە ناو چوارچێوەی ئەم جۆرە لە کۆدی دەقیی.


# بەشی دووەم

# تیۆری میتافۆری چەمکیی لە کۆدی شیعرییدا

## ١/٢. تیۆری میتافۆری چەمکیی Conceptual metaphor theory

بەپێی ئاماژەدانی بلاک چەمکی میتافۆر فۆڕمێکی خوازەییە، ئەم فۆڕمە خوازەییە لەبری واتایەکی دەقاودەقیی/ فەرهەنگیی بەکاردەهێنرێت و دادەنرێت. هەندێکجار ئاخێوەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی وشەیەک یاخود دەربڕینێکی دەقاودەقیی لە فەرهەنگدا دەستناکەوێت تاوەکو بیرەکەی خۆی لەڕێگەیەوە و لە بواری پەیوەندیی و لەیەکگەیشتندا، ئیدی بواری ئاخاوتن یان نووسین بێت، بگەیەنێت. هەربۆیە لێرەدا پەنا بۆ وشەیەک یان فۆڕمێکی زمانیی نادەقاودەقیی دەبات تا بتوانێت بەهۆیەوە پەیامەکەی بگەیەنێت. هەر ئەمەشە وایکردووە بلاک ١٩٦٢ پێشنیازی ئەوە بکات، کە میتافۆر وشەیەکی خوازەییە بە چەمکێکی نوێوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە فەرهەنگییەکان بەکاردەهێنرێت، لەمبارەیەشەوە جەختی لە ڕوانگەی کارلێککردنی میتافۆر کردەوە، بەجۆرێک پێیوایە "میتافۆر کارلێککردنی دوو بیرە دەربارەی یەکە جیاوازەکان، پێکەوە چالاکدەکرێن لەلایەن گوزارشتێکی زمانییەوە کە هەڵگری واتای کارلێککردنەکە بێت و پشتگیریدەکرێت". (Navarro, 2017: 165) دواتریش هەریەکە لە زمانەوانان لاکۆف و جۆنسن، لاکۆف ١٩٩٣ و جۆنسن ١٩٨٠ ڕێبازی کارلێککردنی بلاکیان وەک ڕێبازی نەخشەی چەمکی Conceptual mapping approach ڕێکخستەوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیەش میتافۆر بە واتای نێوان – نەخشەی مەودا لە سستمێکی چەمکیدا دێت. وەک کۆمەڵێک لە (پەیکاڵە ئەنتۆلۆجییەکان) لەنێوان دوو مەودادا تایبەتمەنددەکرێن، بەجۆرێک کە سستمێکی کارەکیی مەودای (سەرچاوە)، مۆدێلێک بۆ پەیوەنداریێتیی چەمکیی لە مەودای (مەبەست)دا دەخاتەڕوو.

بەپێی تێڕوانینی تیۆری میتافۆری چەمکیی، مرۆڤ لەڕێگەی ئەزموونکردن و تێگەیشتن لە شتێک، بەهۆی جۆر یان بابەت و شتگەلێکی دیکەوە لە جەوهەری میتافۆر دەگات، بە دەربڕینێکی دیکە؛ جەوهەری میتافۆر چەشنێکە لە تێگەیشتنی مرۆڤ هەمبەر بە بابەتێک، بەهۆی بەرجەستەکردنی و پەسنکردنی شتەکانی دیکەوە، لەمڕوانگەیەشەوە میتافۆر کار لەسەر دوو مەودا دەکات، کە ئەوانیش (مەودای سەرچاوە Source Domain) و (مەودای مەبەست Target Domain)ن، بەچەشنێک وادەردەکەوێت کاری نەخشەی میتافۆرەکان لە مەودای سەرچاوەوە بەرەو مەودای مەبەست دەچنرێن، وادەکات بەهۆی مەودای سەرچاوەوە تێگەیشتن لە ڕووبەڕو پانتایی ئەزموونی مرۆڤ زۆر ئاسان بێت، مەودای مەبەستیش دەبێتە ئەو چەمکەی، کە نووسەر یان قسەکەر هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدات. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١):




هێڵکاری ژمارە (١)

هێڵکاری نێوان مەودای سەرچاوە و مەبەست لە تیۆری میتافۆری چەمکییدا

مەودای سەرچاوە وەک ئاماژەی-بۆ-کرا مەودایەکی کۆنکریتییە، کە مرۆڤ بەهۆی گوزارشتە میتافۆرییەکانەوە لە مەودایەکی چەمکیی دیکە دەدوێت، مەودای مەبەستیش بواری چەمکیی ئەبستراکتییە، هەندێکجار جیهانی هزریی ناوەکی و سۆزدارییە، یان مەودا نەزانراو و نەبینراوەکان لە دنیای فیزیکیدا دەگرێتەوە، بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزیی نوێدا میتافۆرەکانی وەک (سۆز بە ***گەرمی***، تێگەیشتن بە ***وەرگرتن***، ئاستەنگی بە ***بار*** یان ***ئەرک***، زۆر بە ***بەرزیی***) بەدیدەکرێت، بەپێی ئەم زانیارییانەش کە خرایەڕوو، نموونەی (١)، پاساداندەکرێت:

١. مشتومڕ/ ئارگۆمێنت ***جەنگە***.

لێرەدا مشتومڕ/ ئارگۆمێنت دەبێتە مەودای مەبەست و جەنگیش مەودای سەرچاوە پێکدەهێنێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی جەنگەوە کە کۆنکرێتە، ئەبستراکتێتی مشتومڕ کە مەودای مەبەستە شیبکرێتەوە، بەجۆرێک لە جەنگدا پێویستە ئامانج هەبێت، پێکدادان لەسەر بەدەستهێنانی ئامانج دروستدەبێت، پێویستە تاک لە جەنگدا بەرگریبکات، جەنگ بۆ خستنی بەرامبەرو بەدەستهێنانی ئامانج پێویستی بە چەکی بەهێز هەیە، لە جەنگدا دۆڕان و بردنەوە هەیە، لە جەنگدا تاکتیک و ستراتیژ هەیە بۆ بردنەوە، درککردن بە چییەتی مشتومڕیش ئەوەیە، بە ئامانجێک مشتومڕدەکرێت، لەنێوان مشتومڕکەردا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکە پێکدادان دروستدەبێت، مشتومڕ پێویستی بە بەرگریکردن و چەک و ستراتیژ هەیە، بەمپێیەش پێکانی ئامانج لە مشتومڕ/ ئارگۆمێنتدا یەکسانە بە پێکانی ئامانج لە جەنگدا، بردنەوە لە مشتومڕ/ ئارگۆمێنتدا پەیکاڵە بە بردنەوە و سەرکەوتن لە جەنگدا. هەروەها بوونی ستراتیژ لە مشتومڕ، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ڕێککەوتن بێتەئاراوە، هەمانشت لە جەنگیشدا بەدیدەکرێت، کە دەشێت بە شەڕنەکردن و ڕاگرتنی شەڕ وێنابکرێت. ڕێکنەکەوتن لە ئارگۆمێنتدا بریتییەلە لێدان یان شکاندنی یەکێک لە بەرامبەر یەکێکی دیدا، بۆ جەنگیش بە هەمانشێوە. لە (٢)یشدا، هەمان ڕاستیی شیکاریی دەبینرێتەوە:

٢. بیرۆکەکان ***خۆراکن***.

مەودای سەرچاوە (خۆراک) دەگرێتەوە و مەودای مەبەستیش (بیرۆکەکان)ە، لە ئاوەزی ئێمەدا بیرۆکەکان پێچراوەن، هەمانشێوەی پێچانەوەی خواردنێک و ئامادەکردنی بۆ خواردن، لەتەکیشیدا بیرۆکەکان دەبنە خۆراک بۆ مێشک و تێرکردنی مێشک، هەروەک خۆراک پێویستە بۆ تێربوونی مرۆڤ و نەهێشتنی برسێتیی، هزری بێ-بیریش هاوشێوەی مرۆڤی برسی و بێخۆراک بەتاڵە.

لەگەڵئەمەشدا و بەدەر لە لێکۆڵینەوەی میتافۆری چەمکیی لە زماندا "لە لێکۆڵینەوەی زانستی درکپێکردندا، بەڵگەی ئەزموونیی بۆ میتافۆری چەمکیی لە مەودای نازمانیدا کۆدەکرێتەوە و

کارپێدەکرێت. هەروەک وێنە، دەنگ، زمانی جەستە، بۆنموونە مرۆڤ بەهۆی ئاماژەکانەوە میتافۆری چەمکیی (good is up)، (باش بە بەرزی)، لە باشتربوونی کەش دەدوێت، یاخود هەندێکجار پەنادەبرێتە بەر هەندێک دەربڕاوی دیکە کاتێک دەمانەوێت دەربارەی نرخی ئۆتۆمبێلێک بدوێین دەربڕاوی (less is down) بەکاردەهێنین". (Rasse. C & Onysko. A., 2019: 312)

لەسەر ئەم بنەمایە و لێرەدا پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، کۆمەڵێک دەربڕاو بەکاردەهێنرێن، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

٣. هەڵفڕین (کاتێک بۆ کەشێکی پڕ جۆش و خرۆش بەکاردێت)

٤. باڵمگرت (کاتێک لە باشتربوونی کەشێک/ دۆخێک دەدوێین)

٥. دایشکێنە (کاتێک لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلێکدا بەکاردەهێنرێت)

٦. بیهێنەرە خوارەوە/ مەفرە (کاتێک بۆ داشکاندنی زیاتری نرخی ئۆتۆمبێلێک بەکاردەهێنرێت).

درکپێکردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی بنەڕەتییانە بەهۆی پرۆسە خوازەیی و شیعرییەکانەوە شێوەدەگرێت، وەک میتافۆر، مێتۆنیمی، ئایرۆنیک و خوازەکانی دیکە، نەک بەهۆی لادانی زمانیی دەقاودەقیی بیریی ئاوەزمەندێتییەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای سکێماکان پێکدێت، کە مرۆڤ لەڕێگەی ئەزموونەکانی و جیهانی دەرەکییەوە بەچەمکی دەکات، پەیوەست بەمەشەوە "مرۆڤ بەهۆی میتافۆر و مێتۆنیمی و گاڵتەئامێز و ئەوانی دیکەوە شێوەی ئەزموونەکانی بەچەمک دەکات، کە دەبێتە بنەمای پرەنسیپی بیرکردنەوەی مرۆڤ". (Gibbs, 1999: 1).

بیرۆکەی میتافۆریی هەروا بیرۆکەیەکی سانا و ئاسان نییە، کە مرۆڤ لە پێویستبوونی خۆیەوە بۆ وێناکردنی چەمکە خوازەییەکان بەکاریدەهێنێت، کەواتە "میتافۆر بیرۆکەیەکی زۆر ئەبستراکت و گران و ئاڵۆزە، کە پێویستبوونی وێناکردنی مرۆڤە بە چەمکە خوازەییەکان". (Michael. T, 2010: 9) لەمبارەیەشەوە لویس ولیەم لە چۆنێتیی پەسنکردنی خوازەیی مێشک و ئاگایی مرۆڤ نموونەگەلێکی باشی خستووەتەڕوو، کە بە میتافۆری هەمەجۆر بەرهەمهێنراوەتەوە، هەروەک ((مێشک پەڕەیەکی بەتاڵە))، ((میشک ئیسفنجییە))، یان ((مێشک کۆمپیوتەرە)). ئەمەش ئەو وەسفە ئەگەرییە بەرجەستەدەکات، کە دەشێت یاخود نا، پەسنکردنی جیهان بە ناچاریی میتافۆرییانە لێکبدرێتەوە.

لاکۆف لە ٢٠٠٨دا، تیۆری میتافۆری نوێکردەوە، لێرەدا ئاماژەی بەو نوێکردنەوەیە وەک تیۆری دەماریی میتافۆر دا، کە لەسەر بنەمای ئەنجامی کاری (تیۆری دەماریی زمان) بوو، ئەم کارەشی بە هاوکاریی جێرم فێڵدمان ئەنجامدا "تیۆری دەماریی سەرەنج دەخاتە سەر بەستەرە

دەمارییەکان، پەیوەندداریێتیی نێوان چەمکەکان، کە لە جیاوازیی چەمکیی یاخود یەکەکانی پەیپێبردن لە ڕوانگەی تەنها یەکەیەکەوە بەرپرسن. ئەم تیۆرییە بە ئاراستەی ڕاڤەکردنی بنەما بایەلۆجییەکانی سکێمای وێنەیی و میتافۆرەکان دەڕوات، کە لەسەر بنەمای ئەزموونە فیزیکییەکان بنیاتدەنرێت". (Lakoff, 2008: 24-25). هەروەها لاکۆف ئاماژەی بەوە داوە، کە میتافۆر و تێکەڵکردنی چەمکیی لە ئاستی دەماریدا جیاوازن، ئاماژەشی بەوە داوە کە بۆچی تێکەڵکردنەکان کاری میتافۆرەکان ناکەن؟ کەواتە میتافۆرەکان نەخشەی چەمکیین و تەنها دەربڕینی زمانیی نین، میتافۆرە دیاریکراوەکان بەهۆی هاوپەیوەندداریێتییان لە بەرجەستەکردنی شارەزایی و ئەزموونداا زەمینەدەسازێنن، هەروەک مەودای دروستەکانی سەرچاوە (سکێمای وێنەیی و دروستەی چێوەکانFrame structure) بۆ ئەنجامەکان بەکاردەهێنرێن، کە دەربارەی مەودای مەبەستن. "نەخشەکان، بەهۆی ئەو ڕێسا هەمەجۆرانەوە کۆتدەکرێن، کە پارێزگاریی لە چینی بواری ڕەسەنی مەبەست دەکەن، لەبەرامبەردا نەخشەکان هاوپەیوەستداریێتیی ئەبیستیمی بەهۆی پرۆژەی کۆزانیاریی لە مەودای سەرچاوەوە بۆ چێککردنی مۆدێلێکی مەودای مەبەست کاردەکات". (Navarro, I., 2017: 166). ئالێرەیشدا ئەو پرسیارە زەقدەبێتەوە، ئایا چۆن میتافۆرەکان بەپێی دیزاینکردنی کۆزانیاریی لە بوارەکانی تردا، بواری خانەی مرۆڤ بەشەکییانە بەمۆدێلدەکەن؟

بەمەبەستی مۆدێلکردنی چەمکیی، میتافۆری چەمکیی بۆ چوار جۆر جیاکراوەتەوە، وێنەیی، ئاراستەیی، ئۆنتۆلۆجیی و دروستەیی. Kõvecses ئاماژەی بەوەداوە، ناوەڕۆکی چەمکیی نەخشەی میتافۆری دەشێت ببێتە ڕێبازێک لە ئاستە جیاوازەکانی ئەبستراکت، (سکێمای وێنەیی Image–Schemas، چوارچێوە Frames، مەودا Domains و فەزای ئاوەزیی Mental Spaces) بەشداریکردنی هەردوو مەودای سەرچاوە و مەبەست، وەک کۆزانیاریی ڕێکخراو وێناکراون" کە دروستەی بەرچەمکی (سکێمای وێنەیی) لەگەڵ دروستەی چەمکیی (چەمک، چوارچێوە، مەودا/ بوار) لەگەڵ ڕیزبەندی چوار جۆرەکە لە میتافۆر دەگرێتەوە، ئەمەش دەکرێت هاوپەیوەند بێت بەیەکێک یان زیاتر لە ئاستەکانی کۆزانیاریی ڕێکخراوەوە". ( Lakoff, 2008: 24-25).

## ٢/٢. جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی

بەپێی تایبەتمەندیی هەردوو مەودای چەمکیی سەرچاوەو مەبەست، چەند جۆرێک لە میتافۆری چەمکیی ئاماژەی بۆ کراوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی کۆدە شیعرییەکان بەرجەستەی جۆرەکانی دەکرێت:

### ١-٢/٢. میتافۆری وێنەیی Imagistic Metaphor

ئەمجۆرە میتافۆرە بەهۆی بنەمای لێکچوونیانەوە وێنەیەکی باو بە وێنەیەکی ترەوە دەبەستێتەوە، ئەم بەستنەوەیە ڕێگە بە نەخشەی کۆزانیاریی وێنەی یەکەم، کە سەرچاوەیە دەدات، تا بەهۆی نەخشەی کۆزانیاریی وێنەی دووەمەوە کە مەبەستە پەسنبکرێت.

لە ئەنجامی کارلێکە بەرجەستەبووەکانمانەوە لەگەڵ جیهاندا سکێمای وێنەیی دێتەبوون و دەردەکەوێت، سکێما ناوابەستەیە بە کەلتورەوە، بەڵکو لەنێو کۆمەڵانی هەموو کەلتورەکاندا هاوبەشە. بەمپێیە سکێما وێنەییەکان بەشێکن لە ئەزموونکردنی مرۆییمان، پەیوەست بەمەشەوە بەهۆی هەردوو وێنەی سکێمایی و کەتیگۆریکردنەوە، یان بەهۆی چەمکێک لە ئاستی درککردندا، وێنەباوەکان پێکدەهێنرێن، "میتافۆرە وێنەییەکان تەواو گوزارشتیین، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەما/ پرۆفایلی میتافۆرەکە بەشێوەیەکی سکێمایی، ڕووکاری ئەزموونیی زۆر کۆنکرێتیین، واتە ئەوەی دەخرێتەڕوو بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە ئەزموونکردنی بەرجەستەیی شتەکانی دنیاوە گوزارشتدەکرێت". (Johnson, 2007: 144). شوێنکەوتووانی لانگەکار Langacker و کرۆفت Croft، بنەما base و پرۆفایل profile لەنێو چەمکێکدا جیادەکەنەوە چەشنێک "کە بنەما/ مەودا بەو لایەنەی کۆزانیاریی پێناسە دەکرێت، کە بە ناچاری بەشداری لە بە چەمککردنی پرۆفایلدا دەکات، بنەما پەیوەستە بە خەسڵەتە پرۆتۆتایپییەکانی هەستەوە و پرۆفایلیش گوزارشت لەو خەسڵەتە جیاکەرەوانەدەکات ، کە بەهۆی چەمکی بنەڕەتی کەلتوریی و بەکارهێنانە دەقییەکەی پۆلێندەکرێت". (Croft, 2003: 199) ئالێرەشەوە ئەوە دردکەکرێت، کە پرۆفایلی میتافۆر وەک ڕێبازێک بریتییەلە تایبەتمەندێتیی تەرزی میتافۆریی چەمکێک، یاخود میتافۆریی پێکهاتەی ڕێزمانی دەستوربەندی فەرهەنگی، بەو واتایەی وابەستە بە فەرهەنگی ڕێزمانی، خەسڵەت و تایبەتمەندیی میتافۆری دردکەکرێت، بۆ دەستەبەرکردنی ئەم چەشنەش لە میتافۆری وێنەیی، لەم نموونەیەی خوارەوە وردەبینەو، سەبارەت بە میتافۆری پرۆفایلی فەرهەنگی gutted لە زمانی ئینگلیزیدا:

'پێدەچێت دانانی ڤایرۆسێکی وەک ئایدز لە مرۆڤدا کەمێک ترسناک بێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو ڤایرۆسەی لەم پرۆسەیەدا بەکاردەهێنرێت لەلایەن تیمێکەوە بەتاڵدەکرێتەوە. (gutted) واتە تێکشکاوە و هیچ زیانێکی نییە، گوزارشتی gutted لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای (هەناودەرهێنراو) دێت، ئاماژە بەوێنەی ئاژەڵێک دەکات لە ئەندامەکانی بەتاڵکرابێتەوە، بەجۆرێک بتوانرێت وەک خواردنێک ئامادەبکرێت، بە واتایەکی فراوانتر؛ بڕوانە ژوورێک یان باڵەخانەیەکی گەورە، کە بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەوە بەتاڵکرابێت. لێرەدا ژوورەکە/ باڵەخانەکە وێنەی بۆشاییەکی بەتاڵ (کلۆر) دەگوێزێتەوە بۆ بیرۆکەی ڤایرۆسێک، کە واتێدەگەین بەتاڵبێت لە هەر پێکهاتەیەکی جینی (ڕەچەڵەکی بۆماوەیی) پێشووی، ئەمە لەکاتێکدا بتوانرێت پێکهاتەیەکی ئەندازەیی نوێی جینی

(ڕەچەڵەکی بۆماوەیی) جیاواز لەوەی پێشووی جێبەجێبکرێت'. (Grady, 2011: 13). وێنەی میتافۆر لەم نموونەیەدا وێنەی بۆشاییەکی بەتاڵکراو دەکێشێت، واتا نەخشە میتافۆرییەکە بریتیدەبێت لە بۆشاییەکی بەتاڵکراو. لەمڕوانگەیەشەوەو پەیوەست بەڕەهەندە ئەدەبیەکەیەوە لە نمونەی (٧)، وردبیەرەوە:

٧. "نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر

جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە

شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە"

(هێمن، ٢٠٠٦: ٩)

لێرەدا لینکی میتافۆری وێنەیی لەنێوان (نەی) و( پیاوی دەربەدەر)دایە، (نەی) ئامێرێکە ئەمسەرو ئەوسەری بۆش و جەستەی ئامێرەکە کونکون و قەفقەفە، بەجۆرێک هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم دەرچوونی هەوای بۆشاییەکەدا نییە، دەرچونی هەواکەش بەبێ بەربەست مەرجی بەرهەمهێنانی ئەو ئاوازەیە، کە تایبەتە بە ئامێری نەی و وەها دەکات ئاوازێکی تایبەت بچڕێت، هەمبەر بەمە (پیاوی دەربەدەر) مرۆڤێکی پڕ ئازارو خاڵییە لە شتە مادد ییەکان، ناخی ئەو تەنها پڕە لە عەشق و خۆشەویستی و بەدەرە لە بەرژەوەندییە دنیاییەکان، وایلێدەکات بێ پەردە ئەو نهێنی و ڕازانە دەرببڕێت نێو ناخی تەنیوە، بەجۆرێک ناخی مرۆڤی دەربەدەر خاڵی لە خۆشییە دنیاییەکان، گوزارشتێک کۆددەکات، وێنەدانەوەی باری دەروونی و ئازارەکانی بێت، هەروەک چۆن نەی بەهۆی بۆشایی کونەکانی و نەبوونی هیچ لەمپەرێک، پتر ئاوازی خەمگینانە دەچڕێت، وەهاش مرۆڤی دەربەدەر بەهۆی خاڵیبوونی ناخی لە خۆشییەکان شیوەنێکی ئاوازی نەی ئاسا دەردەبڕێت، بەمەش شیوەنی پیاوی دەربەدەر و ئاوازی نەی پەیکاڵی یەکتردەبن، بنەما base ئەو چەمکانەن، کە کرۆکە واتایەک لە خۆیی دەگرێت ،هەروەک ( تەن، بێگیان، ئامێر، موزیک)، پرۆفایلیش profile بەکارهێنانی چەندبارەی وشەی نەیە بە واتایی جیاواز و بەپێی کەلتور و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان، وادەکات کرۆکەواتای نەی گۆڕانی بەسەردابێت، بەجۆرێک کە ئەوە کلتوری کوردە پەیوەندیی لەنێوان نەیی و پیاوی دەربەدەردا دروستدەکات، ڕەنگە بۆ کەلتور و نەتەوەیەکی جیاوازی وەک ئینگلیز هەمان واتا و وێنەی نەبێت، یاخود گۆڕانکاری بەسەردابێت، یاخود پەیوەندییەکەی نێوان ئەم دووانە لەو نەتەوە جیاوازەدا هەر بوونی نەبێت، ئەمە جگەلەوەی لەناو نەتەوەی کوردییشدا، بە تەواوی ئەم جۆرە واتا و وێنە و بەکارهێنانە نەبووە بە شتێکی باو، بەشێوەیەک بەبێ بەکارهێنانی ناوی مرۆڤی دەربەدەر ناتوانرێت ناوی(نەی) بۆ ئەم مەبەست و واتایە بەکاربهێنرێت، واتە نەبووەتە

میتافۆری باو هەروەک بەکارهێنانی (چاو) بۆ چاوی عەلادین یان چاوی زۆپا، کە دواتر گرێدراو بە میتافۆری وێنەیی دەخرێتەڕوو.

سکێمای وێنەیی بەپێی جۆنسن دووبارەکردنەوەی جوڵە ئەزموونییەکانی مرۆڤە، یاخود جێگیربوونی شێوازەکانە بەپێی ئەزموونێکی هەستەکییانە، هەروەها دەکرێت کردەیەکی دینامیکیی و تێپەڕبوونی کات بێت بەسەر کردەکاندا، سکێما وێنەییەکان لە هەمانکاتدا وابەستەیە بە کارلێککردنی لەگەڵ ژینگەیەکی فراوانتردا، کە دەشێت بەدەنی و ئاوەزیی بێت. هەر لەبارەی سکێمای وێنەییەوە لە (Johnson, 1987: 126)ەوە، هامپ Hampp پێیوایە کە"سکێمای وێنەیی پرواتای ڕاستەوخۆی ئەزموون یان بەرجەستەبووەکانە، دروستەیەکی پێشچەمکییە، لە دووبارەبوونەوەی جوڵەی مرۆڤ لە فەزادا، بەهۆی کارلێککردنی پەیپێبردنەکان، ڕێگەی کارکردن بە شتەکان، دەردەکەوێت. هەروەها جۆنسن لیستێک لە سکێمای وێنەیی هاوبەش دەخاتەڕوو، هەروەک (دەفر، هاوسەنگی، ڕووکەش، ڕێڕەو و تەواو–خاڵی، بەش–گشت، دوور–نزیک، تێکەڵبوون، پەیوەندێتی و دووبارەبوونەوە... تاد)".

پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، هەریەک لە وشە فەرهەنگییەکانی (دەسک، چاو، سەر) لە نموونەکانی (چاوی عەلادین، چاوی زۆپا، سەری مەتارە، سەری دەبە، دەسکی قەنەفە، دەسکی دەرگا..)، میتافۆریانە بە شێوەی میتافۆری وێنەیی/ باو بەرهەمهێنراون، بەجۆرێک تەرزی کۆزانیاریی وێنەی یەکەم، کە سەرچاوەیە هەروەک وشەی (دەسک/ دەست، چاو، سەر)، بەهۆی نەخشەی کۆزانیاریی وێنەی دووەمەوە کە مەبەستە (کەرەستەکان)، وێنە میتافۆرییەکە دروستکراوە، ئەمەش لە ئەنجامی هەمیشە مامەڵە/ جوڵەو هەمیشە ئەزموونکردنی ئاخێوەری کورد لەگەڵ ئەم کەرەستانەدا، کاریگەری لەسەر وابیرلێکردنەوەو بەرهەمهێنانی سکێمای وێنەیی میتافۆرەکەدا هەبووە، ئەمە گواستراوەتەوە بۆ ناو ئەدەبیش، هەروەک لە (٨)دا، لە خوارەوە و لەچوارچێوەی دەقێکی ئەدەبییدا شیکراوەتەوە:

٨. "ئەزانم دڵ هەیە وەک مس، کە ژەنگ دێنێ بەئاسانی

دڵی تۆ زێڕی تێزابە لەکوێوە ژەنگی هەڵهانی؟"

(هەردی، ئەحمەد، ١٩٩١: ٨٤)

لە دێڕە شیعری (٨)دا، لێکسیمی (دڵ) میتافۆرییانە بەکارهێنراوە، بەپێی میتافۆری وێنەیی وشەی (دڵ)، وەک بنەما بریتییەلەو خەسڵەتە واتاییەی، کە کرۆکەواتای وشەکە لەڕووی بایلۆجییەوە وەک (ئەندامێکی لەش) هەڵیگرتووە، هەروەها پرۆفایلیش چۆنییەتی بەکارهێنانی وشەی (دڵ)، لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا لەخۆدەگرێت، لەمەشدا کەلتور و ڕەهەندە

کۆمەڵایەتییەکان و... تاد، هەروەها بەردەوامیی ئەزمونکردنی ئاوەزییانەو جەستەییانە لەگەڵ بارە سایکۆلۆجی و ئاوەزییەکانی دڵدا، ڕۆڵیان لە هەڵبژاردنی بەرهەمهێنانی میتافۆرەکەدا هەبووە، هەر ئەمەشە وایکردووە، وشەی (دڵ) لەم دەقە شیعرییەدا بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکارنەهاتبێت، بەڵکو بە واتای دیوی ئەبستراکت و ناوەوەی مرۆڤ/ ناخ و دیوە شاراوەو حەشاردراوەکەی، کە لەڕووی مۆراڵییەوە بزوێنەری مرۆڤە بۆ کردەی باشەو خراپە، بەکارهاتووە، لە ئەنجامی زۆر مامەڵەکردن و ئەزموونکردن بەم دیوە، فیچەرە میتافۆرەکانیان بیرچوونەتەوە واتاکانیان وەک کرۆکەواتا وێناکراوە، کە لەبنەڕەتدا لە فیچەرە میتافۆرییەکەیەوە هاتووە.

## ٢-٢/٢. میتافۆری ئاڕاستەیی Orientation Metaphor

ئەم چەشنە لە میتافۆر، سستەمی چەمکیی لەسەر بنەمای ئاڕاستەی شوێنی بنیاتدەنێت، لەڕێگەیەوە ئاڕاستەیەکی شوێنی بۆناو چەمکە ئەبستراکتەکە سازدەکرێت، لەم چەشنە میتافۆرەدا دروستەی چەمکیی لە مەودای مەبەستدا کەمترە و لە مەودای سەرچاوەدا زۆرترە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکە پشت بە مەودای سەرچاوە دەبەسترێت. ئەزموون و کارلێککردنەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی و درکپێکردنەکانی، هۆکارن بۆ سازدانی شێوەی ئاڕاستەیی بەهۆی میتافۆرەوە. لێرەشەوە مرۆڤ مەودای ئاڕاستە شوێنییەکان بۆ ئەزموونکردن و بەرجەستەکردنی مەودا ئەبستراکتەکان بەکاردەهێنێت. میتافۆرە ئاڕاستەییەکان لە ڕێگەی ئاڕاستە فەزاییەکانی وەک (سەر، خوار، ژێر، ناوەوە، دەرەوە، نزیک، دوور، پشتەوە، لەپاش، لەقووڵاییدا، لە تەنکاییدا، ناوەڕاست، قەراخ، لەچەقدا، ... تاد)، ساز و بەرهەمدەهێنرێن. کاتێک دەوترێت؛ (لەخۆشیدا فڕیم)، لێرەدا ئاماژەدراوە بە چەمکی دڵخۆشی بۆسەرەوە، بەجۆرێکیتر؛ واتە دڵخۆشی بەرزبوونەوەیە، بەپێچەوانەوە لە دەربڕاوی (خەم و پەژارەی ڕۆژگار چەماندویەتییەوە)دا، دڵتەنگی ئاڕاستەکەی بۆ خوارەوەیە. لێرەدا مەودای مەبەست بابەتێکە لەڕێگەی ئاڕاستە فەزاییەکانەوە ڕوونتردەکرێتەوە، لە میتافۆری ئاڕاستەییدا "پێڕەوێکی داڕێژراوی تەواومان هەیە، کە لەچەند چەمکێکی پەیوەندار بەیەکەوە پێکهاتووە، پێکەوە میتافۆری ئاڕاستەییانە دادەڕێژن". (ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد و حمەغریب، بەهرە سەلام، ٢٠٢٠: ١٩٥). میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی جگەلە ئاڕاستەی شوێنی، پەیوەستە بە بیرۆکەی کاتیشەوە، هەروەک کاریگەریی ئاراستەکردنی فەزایی لەسەر بیری مرۆڤ، بە تایبەتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە کات زۆرجار وەک جوڵە ئاماژەی بۆ کراوە. بڕوانە: Günter Radden, 2015, 1335-1352

بەو هۆکارەی، کە بەشی زۆری میتافۆرە چەمکییەکانی تایبەت بە ئاڕاستە ئاماژەن بۆ ئاڕاستەی شوێن، لەبەرئەوە هەندێکجار بە میتافۆری شوێنیی ناویاندەهێنرێت. لەبارەی ئەم چەشنە

میتافۆرە چەمکییەوە Tran Van Co تران ڤان کۆ ئاماژ- بەوە-دەدات، مرۆڤ ئەو یەکە فیزیکییەیە، لە فەزایەکی دیاریکراودا سنوردارکرێت و بەهۆی پێستییەوە/ جەستەیەوە لە جیهان و تەنەکانی دەوروبەر دادەبڕێت و جیادەکرێتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی مرۆڤ بە شێوەی ئاڕاستەیی بیربکاتەوە، بەو واتایەی "باقی جیهان وەک دنیای دەرەوەی خۆمان تەماشابکەین و هەستپێبکەین، بەچەشنێک هەریەکێک لە ئێمە لە فەزایەکی دیاریکراودا بەهۆی ڕووکەش و ناوەوەی جەستەمانەوە وەک هەردوو ئاڕاستەی (ناوەوەو دەرەوە) وەک بوونێکی ماددیی و ناماددیی کۆدەبینەوە، ئەم ئاڕاستەکردنە (ناوەوە و دەرەوە) وامانلێدەکات شتە فیزیکییەکانی دیکەش وێنابکەین، کە بەهۆی ڕووکارەوە دیاریکراون. لەهەمانکاتدا وەک دەفرێک دەیانبینین فەزای ناوەوەیان هەیە و لە جیهانی دەرەوە جیاکراونەتەوە". (Ngoc, N., 2015: 68)

لەخوارەوە هەندێک نموونەی دیکە بۆ میتافۆرە ئاڕاستەییەکان خراونەتەڕوو:

٩. هەرگیز کۆڵمەدە. (چەمکی سەرکەوتن/ ئاڕاستەی پێشەوە)

١٠. هەستدەکەم خەومدێت. (چەمکی ڕاکێشان/ ئاڕاستەی ناوەوە)

١١. لە شەرماندا توامەوە. (چەمکی ڕۆچوون/ ئاڕاستەی خوارەوە)

١٢. کە بیری لێدەکەمەوە بۆلای خۆیم دەبات. (چەمکی نزیکبوونەوە و ڕاکێشان/ ئاڕاستەی ناوەوە)

١٣. خەموخەفەت قامەتی چەماندم. (چەمکی شکانەوە/ ئاڕاستەی خوارەوە)

١٤. لەژێر هەژموونی ڕۆژئاوادایین. (ئاڕاستەی ژێرەوە)

١٥. هەرێم و بەغداد زیاتر لەیەکتر دووردەکەونەوە. (ئاڕاستەی دوورکەوتنەوە)

١٦. وەیەکی لەژێرسەردایە. (ئاڕاستەی ژێرەوە)

لە نموونەکانی سەرەوەدا، هەریەکە لە وشەکانی (کۆڵنەدان، خەوتن، توانەوە، بۆلای خۆیی، چەمانەوە، لەژێر، دوورکەوتنەوە... تاد)، ئەو ئاڕاستە فەزاییانەن، کە تەرزی میتافۆری چەمکیی لە چەشنی میتافۆری ئاڕاستەییان بەرهەمهێناوە، لە ڕێگەیانەوە و بە وردبوونەوە لە نموونەکانیان ئەوە دردەکەوێت، بە واتای سیمانتیکی دەرنەبڕدراون و بەکارنەهێنراون، بەڵکو هەڵگری واتای میتافۆرین، بۆ نموونە: وشەی (لەژێر) لە ڕستەی (کتێبەکەم لەژێر مێزەکەدا داناوە)، جیاوازە لە هەمان وشە لە ڕستەکانی (١٤ و ١٦)، چونکە لە یەکەمیاندا وشەی لەژێر بەواتای سیمانتیکی بەکارهاتووە و لە نموونەکانی (١٤ و ١٦)شدا، واتای میتافۆریان بەرهەمهێناوە.

## ٣-٢/٢. میتافۆری بونگەرا/ ئۆنتۆلۆجیی Ontological metaphor

میتافۆری بونگەرایی، بیرۆکەیەک وەک ئەبستراکت، هەست و چالاکییەکان وەک شتێکی بەرجەستەیی دەنوێنێت، ئەم چەشنەی میتافۆری چەمکیی لەسەر بنەمای بەرجەستەیی و نابەرجەستەییەوە بابەتەکە لێکدەداتەوە، هەوڵەکە بەوجۆرەیە لەڕێگەی چەمکە بەرجەستەکەوە بۆ دیاریکردن و گەیاندنی چەمکە ئەبستراکتەکە هەنگاودەنرێت. هەربۆیە لە ئەنجامی ئەزموون و کارتێکردنی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە بەرجەستە و فیزیکییەکاندا، میتافۆرە بوونگەراییەکان پەیدادەبن، کە بێگومان لەشی مرۆڤ خۆی بنەمایە بۆ دروستبوونی ژمارەیەکی بێسنوری ئەم میتافۆرە بونگەراییانە. "لە میتافۆری ئۆنتۆلۆجیدا، چەمکە ئەبستراکتەکان (لە وێنەی هەست و سۆز، بیرۆکەکان، ڕووداو و چالاکییە جۆراوجۆرەکان) لەڕێگەی قەوارە و بوونە فیزیکی و ماددییەکانەوە وەسفدەکرێن؛ هەر کاتێکیش چەمکێکی ئەبستراکت وەک بوونێکی فیزیکی و ماددی مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئیدی دەتوانین ئەو چەمکە پۆلێنبکەین یان بڕو چەندییەکەی دیاریبکەین و تەنانەت تێفکرین و لێکدانەوەشی بۆ بکەین". (جەواد، هۆشەنگ فاروق، ٢٠٢٢: ٥١). وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لەشی مرۆڤ خۆی بنەمایەکی گرنگە بۆ دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر لەم چەشنە میتافۆرە، هەربۆیە زیاتر ئەم ئۆرگانانە بەکارهاتوون، لەڕێگەی شتە باو و ئاشناکانییەوە پەنای بۆ ئەوە بردووە، لەو چەمکانەش تێبگات کەمتر باوە یاخود نامۆ و نائاشنان پێی، ڕەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت مرۆڤ لەشی خۆی کردبێت بە مەودای سەرچاوە Source Domain تاوەکو لەڕێگەیەوە مەودا ئەبستراکتەکانی مەبەست وێنابکات و لێیانوردببێتەوە و باشتر تێگەیشتنی بۆیان هەبێت. میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی بۆ سێ جۆری دیکە جیادەبێتەوە، ئەوانیش: أ. بوون و ماددە، ب. دەفر یان کۆنتەینەر، پ. مرۆڤاندن/ تایبەتمەندیی مرۆڤپێدان. لێرەدا بەکورتی لە هەرجۆرێکیان دەدوێین و نموونەی پێویست لەبارەیانەوە دەخرێتەڕوو:

١. میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی بوون و ماددە

هەندێکجار مامەڵەی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ چەمکێکی ئەبستراکتدا وەک بوون یان قەوارەیەک دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک، بۆئەوەی باشتر لەو بابەتە تێبگەین و زیاتر بیناسین، کە لەبارەیەوە دەدوێین، "ئەمجۆرە میتافۆرە بونگەراییانە زۆر گرنگ و پێویستن تا بتوانین بەشێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەزموونە مرۆییەکاندا بکەین". (سەرچاوەی پێشوو: ٥٢).

لاکۆف و جۆنسن پێیانوایە، ئەوەی یارمەتیدەردەبێت بۆ هەڵهێنجانی ئەزموون و بیرۆکە ئەبستراکتەکان، بریتییەلە بەچەمککردنی ئەزموونی مرۆڤ، بەهۆی مەودای چەمکیی شتە ماددییەکان یان بەرجەستەکراوەکان، بەجۆرێک هەڵهێنجانەکە وەک ئۆبژێکتێک یان ماددەی کۆنکرێتی ببینرێت،

لەتەکئەمەشدا بە تێڕوانینی تران ڤان کۆ بە سیمانتیککردنی ئەزموونەکان بەهۆی زاراوەوە، ڕێگە بەوە دەدات، بەشێک لە ئەزموون دەربهێنرێت و لێکبدرێنەوە، لەوکاتەدا مرۆڤ دەگات بە ئاستی چەمککردنی ئەزموون، ئەوا دەتوانێت گۆڕانکاری لە ئەزموونەکەدا بکات و بیگۆڕێت بۆ ماددەیەکی دیاریکراو، یاخود دەتوانێت ئەزموونەکە گرووپ یان پۆلێن یان چەندایەتی بکات، سەرئەنجام دەتوانرێت ئەزموونەکان لەم ڕێگەیەوە گریمانەبکرێن." تەنانەت ئەگەر سروشتی شتەکان لە دنیای بابەتیدا ڕوو نەبێت، هێشتا دەتوانرێن پۆلێنبکرێن، هەروەک زنجیرە شاخەکان، گۆشەی شەقامەکان، ڕیزی دارەکان... تاد". (Ngoc, N., 2015: 68). بەپێی لاکۆف و جۆنسن ئەزموون لەگەڵ ماددەیەکی دیاریکراودا، وەک بنەمای هەمەچەشنەی میتافۆری چەمکیی لێیدەڕوانرێت، تیایدا ڕووداوەکان، چالاکییەکان، هەستەکان و بیرۆکەکان... تاد. وەک جەوهەر لێیدەڕوانرێت، بۆ نموونە، لە زمانی ئینگلیزیدا بیرکردنەوەی مرۆڤ وەک ئۆبژێکتێکی دیاریکراو سەیردەکرێت، کە دەشێت وەک ئامێرێک یان کارەکتەرێکی ناسک پیشانبدرێت، هەروەک لە دەربڕاوی (١٧)دا خراوەتەڕوو:

١٧. ئەقڵ مەکینەیە/ ماشێنە.

بەرهەمهێنانێکی میتافۆرییانەی دەربڕاوی (١٧) لە زمانی ئینگلیزیدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو دەربڕینە ڕۆژانەییانەی ئاخێوەرێکی ئینگلیز بەکاریدەهێنێت، هەروەک (لە هەوڵداین بۆ ***وردکردنەوەی*** چارەسەری ئەم پرسیارە./ مێشکی **لەکارکەوتووە**./ ***ژەنگ*** لە مێشکی داوە. نیشتووە./ ***تایەکانی*** مێشکی دەسوێتەوە./ ***تەقەوڕەقە*** کەوتووەتە مێشکییەوە./ بە هەورازێک ***تێکدەچێت***./ کۆچی هاوسەرەکەی کردوویەتی بە کەسێک کە دەبێت بە وریاییەوە ***مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت***./ لەسەر ***شکاندن و خراپبوون*** ڕاهاتووە./ ئەزموونەکەی ئەوی ***لەتکرد***. مێشکی ***پارچەپارچە*** بووە.) لە هەریەک لەم دەربڕاوانەدا ئەزموونی بەرجەستەیی تاک لەگەڵ ئامێردا، وەهایکردووە ئەقڵ/ ئاوەز کە ئەبستراکتە وەک مەودای مەبەست لە بەکارهێنانە ئەزموونییەکانی ماشێندا، کە ماددەیەو بواری سەرچاوەیە ببینرێتەوە.

٢. میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی دەفر/ کۆنتەینەر

تێڕوانینی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەر و لەتەکیشیدا تەنە فیزیکییەکان جیاواز و فرەچەشنن، هەندێکجار لەشێوەی دەفرێک لە تەنەکانی دەوروبەر و دنیا دەڕوانرێت "هەروەها زۆر شتی دیکەی دنیای فیزیکیی چواردەوریشمان، دەکرێت بەهەمانشێوە، وەکو دەفرێک ببینرێت، بۆنموونە ژوور، ماڵ، پەرداخ، مەنجەڵ، سەلاجە، قوتوو.. هتد". (جەواد، هۆشەنگ فارووق، ٢٠٢٢: ٥٤). لەمڕوانگەیەشەوەیە چەمکە ئەبستراکتەکانیش لە چوارچێوەی میتافۆری دەفر یان کۆنتەینەردا سەیردەکرێن و زیاتر تاک پێیان ئاشنا دەبێت و پتر دركیانپێدەكات، بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:

١٨. ***لەناو خۆشەویستییەکی*** قووڵدایە. (خۆشەویستی وەک دەفر)

١٩. ئەو ئێستا ***لە کێشەدایە***. (کێشە وەک دەفر)

٢٠. لە ***حاڵەت***ە ناخۆشەکەی ***هاتەدەرەوە***. (حاڵەت وەک دەفر)

٢١. لە ***پاڵەوانێت***ییەکە ***کرانە دەرەوە***. (پاڵەوانێتی وەک دەفر)

٢٢. بەرهەمەکەی ***داغڵی فیستیڤاڵ*** نەبوو. (فیستیڤاڵ وەک دەفر)

٢٣. ***دڵی پڕ*** لە ڕق و کینەیە. (دڵ وەک دەفر)

وشەکانی (خۆشەویستی، کێشە، حاڵەت/ ڕووداو، پاڵەوانێتی، فیستیڤاڵ و دڵ)، لە نموونەکانی سەرەوەدا دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە لەڕێگەی میتافۆرە ئۆنتۆلۆجییەکان لەجۆری دەفر، زیاتر بە چەمکە ئەبستراکتەکانیان ئاشنادەبین، ئەمە لەکاتێکدا کە چەمکە ئەبستراکتەکان لەچوارچێوەی دەفر/ کۆنتەینەر خراونەتەڕوو.

٣. میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی مرۆڤاندن/ تایبەتمەندیی مرۆڤپێدان Personification

ئەم چەشنە لە میتافۆری چەمکیی بونگەرا "تایبەتمەندییەکی ئاخاوتنە کە تیایدا شتێک یان بوونێکی فیزیکی وەکو مرۆڤ وێنادەکرێت. ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە کە چەندین دیاردەی ناپەیوەست بە جوڵە و چالاکیی مرۆڤ لەڕوانگەی چالاکییە مرۆییەکانەوە وێنابکرێن و بخرێنە چوارچێوەی قاڵبی تایبەتمەندییە مرۆییەکانەوە". (جەواد، هۆشەنگ فاroوق، ٢٠٢٢: ٥٤). ئەمجۆرە لە میتافۆری چەمکیی بوونگەرا، لەم نموونانەی خوارەوەدا بەرجەستەبووە:

٢٤. ***ڕۆژگار*** قوتیداوە. (ڕۆژگار وەک مرۆڤ/ گیانلەبەر)

٢٥. دەردی ***خۆشەویستی*** مەرگی پیشاندا. (خۆشەویستی وەک مرۆڤ)

٢٦. ***گەرما*** هێرشی هێنا و لەناوی بردین. (گەرما وەک مرۆڤ/ گیانلەبەر)

٢٧. ***لافاو*** دەستی خستۆتە بینەقاقامان. (لافاو وەک مرۆڤ)

٢٨. ***جەنگ*** ژیان دەخنکێنێت. (جەنگ وەک مرۆڤ)

بەوپێیەی، سیفەتی قوتدان جوڵەیەکی تایبەت بە گیانلەبەر/ مرۆڤە، دەتوانرێت ئەو ڕاستییە دەربخرێت، لە نموونەی (٢٤)دا، هەمان سیفەت دراوە بە (ڕۆژگار)، ئەمەش وادەکات، کە (ڕۆژگار) وەک میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی لە جۆری تایبەتمەندی مرۆڤپێدان، دەستنیشانبکرێت. هەمان ڕاستیی

شیکاریی بۆ نموونەکانی دیکەش دروستە، واتە چەمکەکانی (خۆشەویستی، گەرما و جەنگ)، کاتێک وەک میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی لە جۆری تایبەتمەندیی مرۆڤپێدان بەهۆی (مەرگ، هێرشهێنان، دەستخستنە بینەقاقا، خنکاندن) هاتوون، کە هەڵگری چالاکیی و جوڵەی مرۆیی یان گیانلەبەرین. کە لەبنەڕەتدا جوڵە و چالاکیی تایبەت بە خۆیان نین.

## ٤-٢/٢. میتافۆری دروستەیی Structure metaphor

لە میتافۆرە دروستەییەکاندا "شێوەی چەمکێکی ئاڵۆز بەهۆی چەمکێکی دیکەوە وێنادەکرێت و دادەڕێژرێت". (Lakoff & Johnson, 1980, 14) وەک نموونەی (٢)، کە پێشتر ئاماژەمان-بۆ-کرد، بە میتافۆرێکی دروستەیی دادەنرێت، بەو هۆکارەی لەم نموونەیەدا چەمکێک خاوەنی دروستەیەکی ورد و سنوردیاریکراوە بەکارهاتووە بۆ داڕشتنی چەمکێکی دیکە "ئەڵبەتە توانای ئەو میتافۆرە پێکهاتەییانە بۆ گرێدانی دوو شتی تەواو جیاواز بۆ خەیاڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، چونکە لێکچوون و جیاوازییەکان لەڕێگەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دێتەکایەوە". (جەواد، هۆشەنگ فارووق، ٢٠٢٢: ٥٠). بەمپێیە ئەزموونە ئاڵۆزو ئەبستراکتەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی سادەو دیاریکراو بەچەمکدەکرێن، بۆ نموونە گوزارشتێکی میتافۆری وەک (مشتومڕ شەڕە.) کە لاکۆف و جۆنسن بۆ شیکاری ئەم چەشنە پشتیانپێبەستووە، ئەوا لە زنجیرەیەک دەربڕینی تری وەک (بانگەشەکانتان بەرگریلێناکرێت، هێرشیکردە سەر هەموو خاڵێکی لاوازی من، ڕەخنەکانی ڕاست لەسەر ئامانجەکە بوو، لە هیچ مشتومڕێکدا لەگەڵیدا سەرکەوتوو نەبووم، تۆ ناڕازیت، باشە تەقەبکە، هەموو قسەکانمی هەڵدایە خوارەوە ... تاد) دەردەکەوێت. بەپێی ئەم نموونەیەش مەودای ئەبستراکتی چەمکی (مشتومڕ/ گفتوگۆ) برتییدەبێت لە تێگەیشتنی مەودای دیاریکراوی (جەنگ). بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەم ڕاستییە شیکارییەی سەرەوە، میتافۆری دروستەیی (کات پارەیە) لە بەکارهێنانەکانی ( تۆ کاتی منت بەفیڕۆدا./ کاتم نییە بیدەم بەتۆ./ ئەو کارە بێسودە یەک سەعاتی منی لەدەستدا./ لەکاتێکی تردا دەتبینمەوە./ ئەو ئەژی بۆئەوەی کات قەرز بکات./ چۆن کاتی ئەمڕۆت بەسەر دەبەیت؟/ هەموو کاتەکەی بەدیار شتی بێسودەوە لەکیسچوو./ سوپاس بۆ ئەو کاتە پێتبەخشیم.) دەردەکەوێت.

بە وردبوونەوە لە بەکارهێنانەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە (کات) وەک یەکەیەکی ئەبستراکتی مەودای مەبەست، لە ڕێگەی ئەزمونکردنی ماددەیەکی وەک (پارە)وە، کۆزانیارییەکانی بەرجەستەدەکرێت، بەشێوەیەکی تر؛ لەم بەچەمککردنەدا زۆرترین کۆزانیاریی لە (کات)دا، کە مەودای مەبەستە بەهۆی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پارەدا کۆبووەتەوە. واتە لەڕێگەی پارەوە بەرجەستەی نرخی کات، کە مەودای مەبەستە دەکرێت. بەمجۆرە دەردەکەوێت

میتافۆرە دروستەییەکان لەڕێگەی چەمکە کۆنکرێتییەکەی مەودای سەرچاوەوە وێنا بۆ چەمکێکی ئەبستراکت دەکات کە مەودای مەبەستە و دایدەڕێژێت. هەر لەمڕوانگەیەوە با لە میتافۆری چەمکیی (ژیان گەشتە)* وردببینەوە:

٢٩. لە ناوەڕاستی گەشتەکەداین.

٣٠. گەشتێکی تاقەتپڕوکێن بوو.

٣١. گەشتێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بوو.

٣٢. خەریکە دەگەینە خاڵی کۆتایی.

لێرەدا زۆرترین کۆزانیاری لە مەودای مەبەست کە (ژیان)ە، کۆبووەتەوە، مەودای سەرچاوە (گەشت)ەکەیە، لەڕێگەی چەمکە کۆنکرێتییەکەی مەودای سەرچاوەوە دەگەین بە تێگەیشتن لە چەمکی ئەبستراکتی ژیان.

## ٣/٢. میتافۆری چەمکیی لەکۆدە شیعرییەکاندا

پاش ناساندن و خستنەڕووی جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی لە پارەکانی پێشووتردا، لێرەدا هەموو ئەو جۆرانە لە نموونە شیعرییەکانی خوارەوەدا بەرجەستەدەکەین:

**یەکەم: میتافۆری وێنەیی**

بڕوانە نموونەکانی (٣٣ و ٣٤ و ٣٥):

٣٣. "ئەرێ گوڵ
لەکوێ بۆن و بەرامە دەکڕێ و
لەکوێ
دەموچاوی هەڵدەگرێ و
قژی نگرۆ دەکات"
(هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤: ٧٧٩)

---

* نموونەی (ژیان گەشتە)، وەرگیراوە لە (Lakoff, 1992: 19-20).

سەرچاوە: بریتییە لە گوڵ.

مەبەست: بریتییە لە یار.

دەکرێت (یار گوڵە) ئەو کۆدە شیعرییەبێت، لەم شیعرەدا بوونی هەیە و چڕ بۆتەوە، بەجۆرێک (گوڵ) مەودای سەرچاوە و (یار) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنن. گوڵ بەهێمای (ا) و یار بەهێمای (ب) دەردەخرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

دوو وێنە پێکەوە بەستراونەتەوە، یەکێک لە وێنەکان وێنە باوەکەیە، ئەم بەستنەوەیە لەسەر بنەمای لێکچوونی هەردوو وێنەکە ڕوودەدات، بەستنەوەکە لەنێوان گوڵ و یاردایە، گوڵ کە مەودای سەرچاوەی پێکهێناوە بەهۆی نەخشەی کۆزانیاریی وێنەی دووەمەوە، کە (یار)ە و مەودای مەبەستی پێکهێناوە پەسنکراوە. ئەم بەستنەوەیە لە ئەنجامی ئەزموونی مرۆڤ بۆ شتەکانی دنیا و لەو ڕێگەیەوە بەرجەستە کراوە.

دەبێت ئەو ڕاستییەش بەسەرماندا تێنەپەڕێت، کە لە هەمان شیعردا میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی تایبەتمەندیی مرۆڤپێدان بەرجەستە بووە، کاتێک بەشێک لە جوڵە و چالاکییەکانی وەک: کڕین، دەموچاو هەڵگرتن و قژنگرۆکردن دەدرێتە پاڵ گوڵ و وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و وەسفکراوە.

٣٤. "تا دێ شیعرم خۆشتر دەوێ،

چونکە شیعر وەک شۆخێکی دوودڵ وایە-

هەموو ڕۆژێ

جێ و کاتی ژوان نیشان دەکەین،

بەدەگمەن دێ... یا هەر نایە!"

(پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٣٣٢)

(خەیاڵی شیعریی شاعیر یارێکی ڕاڕایە) ئەو کۆدە شیعرییەیە، لەم دێڕە شیعرەدا چڕبۆتەوە، بەجۆرێک (یاری ڕاڕا) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (خەیاڵی شیعریی شاعیر) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا یاری ڕاڕا بەهێمای (ا) و خەیاڵی شیعریی شاعیر بەهێمای (ب) دەنوێنرێن و لەخوارەوەش پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکەی دەهێنرێتەوە:

لێکچوونەکە لەنێوان نەهاتنی یار و نەهاتنی شیعردایە، بنەمای بەستنەوەکە ئەوە دەردەخات، خەیاڵی شاعیر هەندێکجار لە کاتی نووسینی شیعرێکدا وەک شۆخێکی دوودڵە، کە کات و شوێنی ژوانی بۆ یەکلا نابێتەوە لەنێوان چوون و نەچووندا دەکەوێتە حاڵەتی ڕاڕاییەوە.

مەودای سەرچاوە بریتییە لە نەهاتنی یار، بەهۆی نەخشەی کۆزانیاریی وێنەی مەبەستەوە، کە نەهاتنی شیعرە، پەسنکراوە، لەسەر بنەمای لێکچوونیان.

لە دێڕە شیعرەکەی سەرەوەدا لەڕوانگەی سایکۆلۆجییەوە ئەوە دەردەکەوێت، شاعیر سیفەتی ئیگۆیی دارشتووە و تەنانەت لە هەندێک شوێنیشدا تا فۆرمی سۆپەرئیگۆیش/ منی باڵا دەڕوات، باس لەو شتانە دەکات ئەگەرچی بەدەستیان ناهێنێت کەچی هەر خۆشی دەوێن. شاعیر دەیەوێت ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆجییە دەربخات، کە مرۆڤ هەمیشە و لە بەدبەختیی خۆیدا بەدوای ئەو شتانەدا دەڕوات و عاشقیان دەبێت، کە پێیان ناگات.

٣٥. "توخوا ئەگەر مردم.. گەڵا کفنم بێ..

دەمیشم پڕکەن لە گەڵای وەریو

تابوت و گۆڕم چڵی پاییز بێ

تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو"

(عوسمان، محەمەد عومەر، ٢٠١١: ٨٠)

بەوردبوونەوە لە نموونە شیعرییەکە ئەوە دردەکرێت، کە (مردن پاییزە) ئەو کۆدەیە لەم شیعرەدا چڕبۆتەوە، بەجۆرێک (پاییز) مەودای سەرچاوە و (مردن) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا پاییز بەهێمای (ا) و مردن بەهێمای (ب) پیشاندەدرێت و لەڕێگەی پاساودانەکەی خوارەوە مەوداکەی دیاریدەکرێت:

میتافۆرە وێنەییەکە لە لێکچوونی هەردوو وێنەی پاییز و مردنەوە بەرهەمهێنراوە، پاییز وێنە باوەکەیە، لە هەمان کاتدا مەودای سەرچاوەشی پێکهێناوە و مەودای مەبەستیش بریتییە لە مردن. شاعیر وەسفی مردن دەکات بەهۆی پاییزەوە، داوا دەکات کفنی لە گەڵای پاییز بێ و دەمیشی پڕ گەڵای وەریوی پاییزیانە بێت و تابوت و گۆڕیشی هەر لە چڵ و لقی پاییز بێ، بەم جۆرەیش بەو ئاواتە دەگات تەرمی لەناو خاکێکی تەزیوی دوور لە سیمای پاییزی نانێژرێت. لێرەدا مەودای سەرچاوە کە پاییزە، بەهۆی نەخشەی کۆزانیاریی وێنەی دووەمەوە، کە مەودای مەبەستە و بریتییە لە مردن، پەسنکراوە.

**دووەم: میتافۆری ئاڕاستەیی**

ئەم چەشنە لە میتافۆری چەمکیی لە نموونەکانی(٣٦ و ٣٧ و ٣٨)، دەبینرێتەوە:

٣٦. "شۆڕەبی ژنێکە
پیاو پێلەقەی داوە لە پشتی
پیاو قژی ڕاکێشاوە
پیاو سواری بۆتەقەی ملی بووە
بۆیە وا چەماوەتەوە"
(بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٧: ٣٦)

بەپێی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە میتافۆری چەمکیی خرایەڕوو، چڕکردنەوەی کۆدی شیعرەکە بریتییەلە (ژن شۆڕەبییە.)، بەجۆرێک (شۆڕەبیی) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکەو (ژن) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت، لێرەدا ژن بە هێمای (ا) و شۆڕەبیی بە هێمای (ب) دەنوێنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

لەم پارچە شیعرەدا، شۆڕەبیی بریتییەلە مەودای سەرچاوە، کە وێنەیەکی جیهانگیریی گشتیی هەیە. دروستەی چەمکیی لە شۆڕەبییدا زۆرترە، ژن بریتییەلە مەودای مەبەست، دروستە چەمکییەکە لێرەدا کەمترە و بۆ ڕوونکردنەوەی پشت بە مەودای سەرچاوە بەستراوە. شاعیر لەڕێگەی ئەو وێنە جیهانگیرییە گشتییەوە، کە شۆڕەبییە، دەیەوێت باس لە ئازار و خەم و نارەحەتییەکانی ژن بکات، کە چۆن بەدەستیانەوە پشتی چەماوەتەوە. لەکاتێکدا شۆڕەبیی وەک وێنەیەکی جیهانگیریی خۆی نمایشدەکات، کە ژن لەهەرکوێی گۆی سەرزەوی بچەوسێنرێتەوە هەر ژنە و هیچ جیاوازییەکی نییە. چەمانەوە ئاڕاستەی خوارەوەیە (واتە خەم و خەفەت و ئازار و مەینەتیی و چەوسانەوە ئاڕاستەی خوارەوە وەردەگرن).

لێرەدا لینکی میتافۆری ئاڕاستەیی لەنێوان ژن و شۆڕەبییدایە. درەختی شۆڕەبیی ناوەکەی لە پەلەشۆڕەکانییەوە وەرگیراوە، هاتنەناوەوە و بەکارهێنانی وشەکە لە زمانی کوردییدا بۆ سەدەی ١٩ و ٢٠ دەگەڕێتەوە. شۆڕەبیی/ شەنگەبیی یەکێکە لەدرەختە جوانەکان، ئەم جوانییەشی وایکردووە سەرنجی مرۆڤ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەم درەختە سەر بە خێزانی داریی بییە، لق و گەڵاکانی زۆر شۆڕدەبێتەوە، درێژی گەڵاکەی لە نێوان ٤-٦ سانتیمەترە، پاش ڕواندنیان بەچەند ساڵێکی کەم ١٠-١٥ مەتر بەرزدەبنەوە، هەندێکیان تا بەرزیی ٢٥ مەتر دەچن بە ئاسماندا. ڕێکی درەختی شۆڕەبیی و گەڵا و لقە شۆڕبووەکانی هەمبەرن بە بەژن و باڵای ڕێک و جوانی ژن و پرچی شۆڕبووەوەی ژن. جوانی درەختەکە وایکردووە سەرنجی هەرکەسێک ڕابکێشێت بۆ خۆیی کە بەلایدا گوزەردەکات، وەک ئەوەی کە ڕێکی باڵا و پرچی جوانی ئافرەت، هەمان سیحریان هەیە

بەرامبەر مرۆڤ. سروشتی سەوزبوون و شۆڕبوونەوەی لق و گەڵای شۆڕەبیی، کە هەمیشە ڕووەو خوارەوە و بە ئاڕاستەی چەمانەوەیە، پەیکاڵە بەو وێنە جیهانگیرییەی بەهۆی ئازاردان و توندوتیژییەوە بەرامبەر بە ژن  چێدەبێت. بەگوزارەیەکیتر؛ شۆڕەبیی هەر یەکجۆرە گەشە و سەوزبوونی هەیە، وەک ئەوەی ئازاری هەر ژنێک بدرێت لە هەر بستە زەوییەکی زەمین، بەهەمان شێوە پیشاندەری هەمان وێنەی چەمانەوەیە.

ئەم شیعرە جگەلە میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی، میتافۆری چەمکیی وێنەییش لەخۆدەگرێت، کاتێک لەڕێگەی وێنەیەکی باوەوە باس لە وێنەیەکی دیکە کراوە لەسەر بنەمای لێکچوونی هەردوو وێنەکە.

٣٧. "دەریای ناڵینم گۆڕستانێکە..
ئارامگای سەدان چەمی سەربڕاو
چەم قەت سەرچاوە نابینێتەوە..
بەفری خۆزگەشم ڕۆیی بوو بە ئاو"
(عوسمان، محەمەد عومەر، ٢٠١١: ٦٩)

لە دەقی شیعریی ژمارە (٣٧)دا، کۆدی شیعرەکە لە (ناڵاندن گۆڕستانە.)دا، خۆیی دەبینێتەوە، بەجۆرێک (ناڵاندن) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە و (گۆڕستان) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت، لەگەڵئەمەشدا (خۆزگە بەفری تواوەیە) کۆدێکی شیعریی دیکەی نێو ئەم پارچە شیعرەیە، بەچەشنێک مەودای مەبەست بریتییەلە (خۆزگە و ئاوات) و (بەفریش) بووە بە مەودای سەرچاوە. بەمجۆرە ناڵاندن و خۆزگەو ئاوات بەهێمای (ا) و گۆڕستان و بەفری تواوەش بە هێمای (ب) دەنوێنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکەی دەهێنرێتەوە:

دنیای ناڵینی شاعیر گۆڕستانێکە، خۆزگە و ئاواتەکانی شاعیری تێدا دەنێژرێت، ئەو چەمەی شاعیر باسی دەکات لە بنەڕەتدا لە بەفری تواوەی خۆزگە و ئاواتی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە و جارێکی تر توانای گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەکەی نییە، ئەمە ئەوە دەردەخات، خۆزگە و ئاواتی شاعیر وەک بەفری تواوە ڕۆشتووە و جارێکی تر ئەم خۆزگە و ئاواتانەی بۆ ناگەڕێتەوە. میتافۆری ئاڕاستەیی لە شیعرەکەدا لە دوو وێنەدا دەردەکەوێت: جارێک ناڵەی شاعیر/ ناڵین مەودای مەبەست پێکدەهێنێت و گۆڕستان بۆی دەبێت بە سەرچاوە، جارێکی تریش خۆزگەی شاعیر بریتییەلە مەودای مەبەست و بەفریش بووە بە مەودای سەرچاوە. لە هەموو ئەمانەشدا لە مەودای سەرچاوەدا دروستەی چەمکی زۆرترە وەک لە مەودای مەبەستدا. هەمیشە لەڕێگەی مەودای سەرچاوەوە هەوڵدەدرێت باس لە مەودای مەبەست بکرێت و ڕوونتر بکرێتەوە. بەهۆی

ئاڕاستەیی توانەوەی خۆزگەی شاعیرەوە درک بەوە دەکرێت، ئاڕاستەکە بۆ حاڵەتی ناخۆشیی و نەخۆشییە، بەجۆرێک توانەوە بەرەو خوارەوەیە/ ئاڕاستەی خوارەوەیە.

٣٨. "ئێمە وەک درەختین-

جار هەیە دەخەوین.

دەخەوین وەک شوانی دوای شەوین.

بەڵام لە خەویشدا... بەپێوەین،

بەپێوەین، ناکەوین!"

(پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٣٥٢)

لێرەدا لینکی میتافۆری ئاڕاستەیی لەنێوان کورد و درەختدایە، درەخت پشوو نادات و ناخەوێت، هەمیشە لەسەر ڕەگ و قەدەکەی وەستاوە، بەپێوەبوون سیفەتی بنەڕەتی ناسینەوەیەتی، ئەگەرچی جاروبار ڕەشەباو زریانەکان دەستیان لەلاربوونەوە و کەوتن و شکاندنی لق و پۆپەکانیدا هەیە، بەڵام هەمیشە دوای کەوتن و شۆڕبوونەوەی لق و پۆی درەختەکان، جوانتر سەوزبوونەوە دێت. کورد/ نەتەوەی کورد بەردەوام لەبەر زریان و هێرشی داگیرکەرانیدایە، جاروبارێکیش لە بێ ئاگاییو کەمتەرخەیی خۆیەوە، زەفەری پێدەبرێت و توشی نەهامەتی دەبێتەوە، بەڵام کورد وەک درەخت ڕەگی داکوتاوە لەسەر ئەوخاکەی تیایدا دەژی، ئەوجارانەشی مەستە و خەوتووە، هەر بەپێوە دەمێنێتەوە و بەگژ هەموو ئەو ڕووداوانەدا دەچێتەوە هەوڵی سڕینەوە و کەوتنی دەدەن. کۆڵنەدان لە بەپێوە مانەوە و سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کورد، بووە بە مۆرکی خۆڕاگریی و تێکۆشانی.

لە شیعریی ژمارە (٣٨)دا، (کورد درەختە.)، کۆدی میتافۆری دەقەکە پێکدەهێنێت، بەجۆرێک (درەخت) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (کورد/ نەتەوەی کورد) مەودای مەبەستی میتافۆرەکەیان پێکهێناوە، لێرەدا دەتوانرێت درەخت بە هێمای (ا) و نەتەوەی کورد/ کورد بەهێمای (ب) دابنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکەی بهێنرێتەوە:

وشەی (درەخت) میتافۆرە بۆ نەتەوەی کورد، لەهەمانکاتدا نەتەوەی کورد لە دێڕە شیعرەکەدا مەودای مەبەستی پێکهێناوە، کەمترین دروستەی چەمکیی لەخۆگرتووە، میتافۆری درەختیش کە زۆرترین دروستەی چەمکیی تێدایە بریتییەلە مەودای سەرچاوە، لەڕێگەی درەختەوە کە مەودای سەرچاوەیە مەودای مەبەست زیاتر ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا بەهۆی ئاڕاستەی فەزایی بەپێوەبوون

وەک درەخت و کۆڵنەدان ئاڕاستەی بەرەو سەرەوە و سەرکەوتن ڕووندەبێتەوە (واتە کۆڵنەدان و خەبات و قوربانیدانی نەتەوەی کورد ئاڕاستەی سەرەوە و سەرکەوتنی لێ بەرهەمدەهێنرێت).

**سێیەم: میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی/ بوونگەرایی**

**١. میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی بوون و ماددە**

ئەم جۆرەی میتافۆر لە نموونەکانی (٣٩ و ٤٠ و ٤١)دا، دەخرێتەڕوو:

٣٩. "ئاخ! دەترسم ئێوارەیەک

بە زریانی نیگای ساردت

هەڵوەرێنی گۆپکە و چرۆم؛

لەو بەهەشتەم وەدەر بنێی

کە دەزانم هی من نییە

بەڵام کردوومە بە هی خۆم!"

(پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ١٧٩)

پاش تەماشاکردن و وردبوونەوە لە شیعرەکە، ئەوە درکپێدەکرێت کۆدی شیعرەکە لە (نیگای سارد زریانە.)دا، چڕبووەتەوە، بەجۆرێک (زریان) مەودای سەرچاوە و (ژیانی بەهەشتیانەی شاعیر) مەودای مەبەستی میتافۆرەکەیان لێ بەرهەمهاتووە، بەمپێیە دەتوانرێت زریان بە هێمای (ا) و ژیانی بەهەشتیانەی شاعیریش بەهێمای (ب) دابنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە بهێنرێتەوە:

زریانی نیگای ساردی یاری شاعیر، شاعیر لەو بەهەشتە وەدەردەنێت، کە بۆخۆی دروستکردووە و لەڕاستیدا هی ئەو نییە، کەواتە زریان مەودای سەرچاوە پێکدەهێنێت، کە مەودایەکی بەرجەستەییە و لەڕێگەی ئەم مەودا بەرجەستەییەوە هەنگاودەنرێت بۆ باسکردن لە مەودای مەبەست، کە مەودایەکی ئەبستراکتە. بەمجۆرە ژیانی بەهەشتییانەی شاعیر مەودای مەبەستە، کە بەهۆی مەودای سەرچاوەوە زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

لەدێڕە شیعریی (٣٩)دا، بەستەری میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی لەجۆری بوون و ماددە، لەنێوان نیگای سارد و زریاندایە. پڕۆسەی بینینی ئاسایی و نیگاکردن دوو پڕۆسەی تەواو لەیەکجودان، لە یەکەمیاندا هەموو کەس دەتوانێت یاری شاعیر ببینێت، بەگوزارەیەکیتر؛ ئەم بینینە بینینێکە بەچاوی

ئاسایی، لە دووەمیاندا بینینەکە جیاوازترە، بەجۆرێک لێرەدا نیگاکردن بینینێکە بەچاوی عەشقەوە، تەنها کەسی ئاشق درکیپێدەکات. لەڕووی سایکۆلۆجییەوە؛ نیگای سارد گرنگینەدان و پاشگوێخستن و ئیهمالکردنی کەسێکە تاپلەی بەکەم زانین و بەکەم بینین، ئەو کەسەی ڕووبەڕووی ئەم چەشنە نیگاکردنە دەبێتەوە، جەستەی توشی گۆڕانێکی زۆردەبێت، بەجۆرێک نیگای سارد دەبێتە هەڵگیرسێنەری زریان لە ناخ و ناوەوەی کەسێکی ئاشقدا، کە بۆ ئەوی شاعیر تەنها یەک نیگای لەو جۆرە بەسبووە بۆ تیاچوون و مردنی ئەو بەهەشتە، کە سەرچاوەی دروستبوونەکەی عەشقەکەیەتی.

لەڕوانگەی زانستی جوگرافییەوە، زریان؛ ئەو شەپۆلە توندەیە، کە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی هەوای سارد بەسەر زەریا گەرمەکاندا دروستدەبێت، بەجۆرێک ئەم تەوژمی هەوای ساردە دوایئەوەی بڕێک گەرمی لە زەریاوە وەردەگرێت شەپۆلەکە بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوەو شەپۆلێکی پەستانی هەوای نزم بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دواتر پەستانی هەوای بەرزی دەوروبەری ناوچەکە بەخێرایی بەرەو ناوچە پەستان نزمەکە دێت و لە ئەنجامدا زریان ڕوودەدات. نیگاکردن پرۆسەیەکی دەماریی و سایکۆلۆجییە، کە لەئەنجامی گۆڕانە سایکۆیی و کارەباییە ئاوەزییەکانەوە ڕوودەدات، لە بەکارهێنانە زمانییەکەیدا (نیگای سارد)، بەپێی پەیوەندی واتاییSense Relation لەنێو دەقەکەدا، وشەی سارد بە فرەواتای لێکسیمی وشەی (سارد)، کە بە واتای خاڵیی لە ئەوین و سۆز دەربڕاوە، کۆدکراوە.

٤٠. "ئەوینی تۆ لەپڕ هات و

شوورە و قەڵامی خاپوور کرد،

ڕەنگەکانی هەموو گۆڕیین

یاساکانی ژێراو ژوور کرد.

وای کرد دنیا

بۆ تەنیاییم وەک قەفەس بێ.

فێری کردم-

شەوان نیو سەرینم بەس بێ!"

(پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٣٠٦)

به پشتبەستن بەو زانیارییانەی سەبارەت بە میتافۆری چەمکیی خراوونەتەڕوو، لێرەدا کۆدی شیعرەکە بریتییەلە (دنیا قەفەسە.)، بەجۆرێک (قەفەس) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (دنیا) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنن، دەتوانرێت قەفەس بەهێمای (ا) و دنیا بەهێمای (ب) بنوێنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە بهێنرێتەوە:

بەلای شاعیرەوە دنیا قەفەسە، ئەوەش لە ئەزموونی شاعیرەوە دێت لەگەڵ ژیانی خۆیدا. لەم پارچە شیعرەدا دنیا مەودای مەبەستە و شاعیر وەک بوونێکی فیزیکیی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، کە مەودایەکی ئەبستراکتە. شاعیر لەڕێگەی قەفەسەوە وەک مەودای سەرچاوە کە بوارێکی بەرجەستەیە باس لە دنیا وەک چەمکێکی ئەبستراکت و مەودای مەبەست دەکات. بەم شێوەیەیش شاعیر دنیای خۆی وەک قەفەس سەیرکردووە و بەهۆی ئەم چەمکە بەرجەستەیەوە، کە مەودای سەرچاوەیە لە چەمکی ئەبستراکتی دنیا دواوە.

لە وەڵامی پرسیارێکی لەو جۆرەدا، کە ئایا دەگونجێت لە شیعرێکدا دوو یان زیاتر لە میتافۆری چەمکیی تێدا بێت؟ وەڵامەکە بەڵێیە، وەک ئەم نموونەیەی پێشوو، کە جگە لە میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی بوون و ماددە، میتافۆری دروستەیش لەخۆدەگرێت، بەم جۆرە: لە شیعرەکەی سەرەوەدا ئەوین بریتییەلە مەودای مەبەست، لە ڕێگەی دۆزینەوەی زۆرترین زانیاریی لە دروستەکەیدا درکی پێدەکرێت و دیاریدەکرێت، مەودای مەبەست بوارێکی ئەبستراکتە، کە (ئەوین)ە، پێویستی بە چەمککردنە، لەتەکئەمەشدا (تەنیایی، خاپوورکردنی شورا و قەڵا، گۆڕینی ڕەنگ و ژێراوژوورکردنی یاساکان) بریتیین لە مەودای سەرچاوە، زۆر بە سانایی ئەوە دەردەکەوێت، ئەوە گرنگی و کاریگەریی ئەوینە، وادەکات بەرجەستەی نرخ و بەهای سەرچاوە بکرێت، کە بەگشتیی (خۆی لە وێرانکردنی مرۆڤدا) لەم کۆپلە شیعرەدا دەبینێتەوە، بەم شێوەیە:

ئەوین: بریتییەلە مەودای مەبەست.

وێرانکردنی مرۆڤ: بریتییەلە مەودای سەرچاوە.

کەواتە لە ڕێگەی ڕاستییە شیکارییەکانی سەرەوە پاسادانی وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتر کرا.

٤١. " 'بێکەس 'ئەیوت:

هەر' خۆشییەک' لەبەر ئەکەم

یان قۆڵەکانی درێژە

یاخود کورتە

یاخود فشە، یاخود تەنگە

بە بەری من

هەر 'خەم' ێکیش لەبەر ئەکەم

ڕێک ئەڵێی بۆ من کراوە

لەهەرکوێ بم!"

(بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٨: ٣٤٥)

کۆدی شیعرەکە لە دەربڕدراوی (خەم پۆشاکێکی پڕ بە بەرە و خۆشیش تەسک و تروسک/ پان و فشەڵ) چڕبۆتەوە. بەجۆرێک (جلوبەرگی ناڕێک و فشەڵ و پان/ تەسک و تروسک) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (خەم و خۆشیی) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. هێمای (ا) بۆ جلوبەرگی پان و فشەڵ/ ناڕێک و پێک و هێمای (ب) بۆ خەم و خۆشیی دادەنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکەی دەهێنرێتەوە:

خۆشیی و شادیی شتگەلێکن بە شاعیر نائاشنا و نامۆن، هەرچییەکبن لەگەڵ شاعیردا جۆر و یەکانگیر نین، بەمەش خۆشیی و شادیی مەودای مەبەست پێکدەهێنن، کە مەودایەکی ئەبستراکتە، ئەم مەودایە لە ڕێگەی مەودای سەرچاوەوە، کە لەم پارچە شیعرەدا بریتییە لە (جلوبەرگی پان و فشەڵ/ تەسک و تروس)، هەنگاو دەنرێت بۆ باسکردن و ناساندنی، بەمشێوەیە مەودای سەرچاوە مەودای ئەبستراکتە، بەگوزارەیەکیتر؛ مەودای مەبەست لەڕێگەی مەودای سەرچاوەوە ڕووندەکرێتەوە و باسدەکرێت.

**٢. تایبەتمەندیی مرۆڤپێدان**

بۆ دەستکەوتنی ئەم جۆرە لە میتافۆری چەمکیی، لە نموونەکانی(٤٢ و ٤٣ و ٤٤)، وردببەرەوە.

٤٢. "تاریکایی چەند گوناحە

لەوەتی هەیە

پێی پەتییە و

کاسیکێتێکی ڕەشی لەسەردایە و

به تەنیایی لەسەر لووتکەیەک دەنویَ"
(هەڵمەت، لەتیف، ٢٠٠٩: ٦٢)

کۆدی ئەم شیعرە لە (تاریکایی مرۆڤە)دا، چڕبووەتەوە. بەمشێوەیە (مرۆڤ) مەودای سەرچاوە و (تاریکایی) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا مرۆڤ بەهێمای (ا) و تاریکایی بە هێمای (ب) دەنوێنرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

بە وردبوونەوە لە شیعرەکە ئەوە ڕووندەبێتەوە، وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ تاریکاییدا کراوە، ئەو جوڵەو چالاکییانەی دراون بە تاریکایی جوڵە و چالاکیی مرۆیین، بەمەش تاریکایی مەودای مەبەست پێکدەهێنێت، مرۆڤ بریتییەلە مەودای سەرچاوە، کە هەموو جوڵە و چالاکییەکانی لیَ سەندراوەتەوە و بەخشراوە بە تاریکایی.

هەمان ڕاستیی شکاریی سەرەوە لە شیعرێکی دیکەی شاعیردا دەبینرێتەوە، کاتێک وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ڕەشەبادا دەکات و جوڵە و چالاکییە مرۆییەکانی وەک (دواکەوتن، ڕاکردن، باڵ و ... تاد) دەداتە پاڵ ڕەشەبا، ڕەشەبا وەک مرۆڤ سەیردەکات و بۆ ڕاکردن قاچی دەداتیَ و بۆ فڕینیش باڵ، دەڵێت:

٤٣. "ڕەشەباش قاچی هەیە

که دوادەکەویَ ڕادەکات

ڕەشەباش باڵی هەیە

که هەست بە مەترسی دەکات

دەفڕیَ و لە شەقەی باڵ دەدات"

(سەرچاوەی پێشوو: ٢٦٨)

لەگەڵئەمەشدا کۆدی شیعرەکە بریتییەلە (ڕەشەبا مرۆڤە)، بەجۆرێک (مرۆڤ) مەودای سەرچاوە و (ڕەشەبا) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنن. لێرەدا مرۆڤ بەهێمای (ا) و ڕەشەبا بەهێمای (ب) دەرخراوە و لەڕێگەی پاساودانی سەرەوە مەوداکەی دیاریکراوە، کەواتە (ڕەشەبا) بریتییەلە مەودای مەبەست و مەودای سەرچاوەیش مرۆڤە.

٤٤. "دەریان کردم

چونکە شیعرم،

منالێکی چەتوون ئاسا،

پلووکە بەردی هاوێشتە

ماڵی شووشەبەندی گەوران"

(پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٣٠٧)

بەسەرنجدان لەنموونە شیعرییەکەی سەرەوە دەردەکەوێت، کۆدی شیعرەکە لە (شیعر منداڵە)دا، چڕبۆتەوە، بەجۆرێک (منداڵ) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (شیعر/ مەبەستی شیعریی) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنن. بەمپێیە منداڵ بەهێمای (ا) و شیعر/ مەبەستی شیعریی شاعیر بەهێمای (ب) دەنوێنرێن و لەڕێگەی پاساودانی خوارەوە دیاریکردنی مەوداکەی باسی لێوەکراوە:

تایبەتمەندیی بەردتێگرتن، کە جوڵە و چالاکیی منداڵی بزێو و چەتوونە دراوەتەپاڵ شیعر، واتە شیعر وەک مرۆڤ لێی ڕوانراوە لە ڕێگەی پێدانی جوڵە و چالاکیی مرۆیی وەک بەرد-گرتن و بەرد-هاویشتن، کە لە بنەڕەتدا سیفەت و جوڵە و چالاکیی شیعر نیین. مەودای سەرچاوە بریتییەلە منداڵی چەتوون هەروەها مەودای مەبەستیش بریتییەلە شیعری شاعیر/ مەبەستی شیعری شاعیر.

**٣. میتافۆری ئۆنتۆلۆجیی کۆنتەینەر/ دەفر**

وەک نموونەکانی (٤٥ و ٤٦ و ٤٧):

٤٥. "کات و مرۆڤ

بەردەوام لە جەنگدان

لە مەیدانەکەدا قەل و داڵ

لە تەرمی خوێناویی مرۆڤ

وڕووکاون

بەڵام هێشتا هیچ پەیامنێرێک

هەواڵی کوژرانی کاتی ڕانەگەیاندووە"

(هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤: ٧٧٠)

ئەو کۆدە شیعرییەی لەم دێڕە شیعرەدا دەبینرێت بریتییەلە (کات براوەی جەنگە لەگەڵ مرۆڤ)، بەچەشنێک (جەنگ) مەودای سەرچاوە و (کات و مرۆڤ) مەودای مەبەستی میتافۆرەکەیان پێکهێناوە.

بۆ جەنگ هێمای (ا) و بۆ کات و مرۆڤیش هێمای (ب) دادەنرێت و لەخواریشەوە پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

ئامرازی بەستنەوەی سینتاکسی (و) هۆکارە بۆئەوەی، کە (کات و مرۆڤ) لە پارچە شیعرەکەدا پێکەوە وەک مەودای مەبەست دەربکەون. ئەوە ڕوونە مردنی مرۆڤ پێش کات کەوتووە، بەڵام لێرەدا ئامرازەکە وای لێکردوون هەردووکیان لە چێوەی یەک بواردا بێن و یەک مەودا، کە مەودای مەبەستە پێکبهێنن. لە بەرامبەردا مەودای سەرچاوە بریتییەلە جەنگ/ مەیدانی جەنگ. هەربۆیە جەنگ/ مەیدانی جەنگ وەک دەفرێک سەیردەکرێت و کات و مرۆڤ لەو مەیدانەدا سەرقاڵی جەنگن. ئەو ململانێیەی کات و مرۆڤ لە دنیادا لە ڕوانگەی پڕبایەخیی یان بێبایەخییەوە بێت، بەهۆی میتافۆڕی دەفریی جەنگەوە/ مەیدانی جەنگەوە زیاتر درکپێدەکرێت.

٤٦. "ئەو هەورانە و خەیاڵی من

لەیەک ئەچن..

جاری واهەیە پێکەوە هەر هەموویان

پیاڵەیەک ئاو و وشەیان تێدا نییە

بیکەن بە دەم ئەم دەفتەرەو

ئەو عەردەوە

جاری وایش هەیە کەبارین

ئیتر هەر خۆش ناکەنەوە.! "

(بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٨: ٣٨٣)

بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی سەبارەت بە میتافۆری چەمکیی بە چەشن و جۆرەکانییانەوە خراوەتەڕوو، کۆدی شیعرەکە دەستنیشاندەکرێت، بریتییەلە (خەیاڵ پڕە لە وشە، خەیاڵ خاڵییە لە وشە)، بەجۆرێک (وشە) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (خەیاڵ) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا وشە بەهێمای (ا) و خەیاڵ بەهێمای (ب) دەنوێنرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

خەیاڵی شاعیر، کە مەودای مەبەستی میتافۆرەکەی پێکهێناوە، وەک دەفرێک لێی ڕوانراوە، هەندێکجار پڕ و هەندێکجار خاڵییە لە وشە، ئەم لایەنە ئەبستراکتە بۆئەوەی زیاتر ڕوونبکرێتەوە و درکی پێبکرێت، خراوەتە ناو چوارچێوەیەکی دەفرییەوە و لەوێوە زیاتر ئاشنایی لەگەڵ ئەم چەمکە پەیدادەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا (وشە) مەودای سەرچاوەیە بۆ(خەیاڵ)، کە مەودای مەبەستە.

بەوپێیەی میتافۆری وێنەیی، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، وێنەی یەکەم دەچوێنرێت بە وێنەی دووەم، لێرەدا و لە دەربڕدراوی (خەیاڵ هەورە)دا، هەمان بنەمای هەڵهێنجانی میتافۆرەکە دەبینرێتەوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، لەهەمان شیعردا میتافۆری چەمکیی لەجۆری وێنەیی دەبینرێتەوە.

٤٧. "دڵی دڵدارێکیان درزکرد

ئەشقی کچێکی تیابوو

لەژوان و شەوپەرێزدا

تێر تێر بوو بوو لە ماچی"

(هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤: ٣٩٧)

(دڵ پڕبوون لە ئەشق) ئەو کۆدە شیعرییەیە، لەم دێڕە شیعرەدا چڕبۆتەوە، بەجۆرێک (دڵ) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (ئەشق) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا دڵ بە هێمای (ا) و ئەشق بەهێمای (ب) دەنوێنرێت و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

دڵ دەفرە، ئەو دەفرەیە، چەمکێکی ئەبستراکتی وەک ئەشقی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کاتێک ئەم لایەنە ئەبستراکتە خراوەتە نێو دەفرێکەوە، مەبەستەکە بۆ ئەوەیە زیاتر پێی ئاشنابین و درکی پێبکرێت. بەوجۆرەش لێرەدا (دڵ) مەودای سەرچاوە و (ئەشق) مەودای مەبەستی میتافۆرەکەیان پێکهێناوە.

لەڕوانگەی ئەو زانیارییانەی، پێشتر لەبارەی میتافۆری چەمکیی لەجۆری تایبەتمەندی مرۆڤپێدان خرایەڕوو، تیایدا جوڵە و چالاکییە مرۆییەکان دەدرانە پاڵ چەمکێکی ئەبستراکت، لێرەدا و لە دەربڕدراوی (کەرەستەی تێربوونی مرۆڤ خۆراکە و کەرەستەی تێربوونی ئەم ئەشقەش ماچە)دا، هەمان بنەمای هەڵهێنجانی میتافۆرەکە دەبینرێتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، لەنموونەی (٤٧)دا، میتافۆری چەمکیی ئۆنتۆلۆجیی لەجۆری تایبەتمەندی مرۆڤپێدانیش هەیە.

**چوارەم: میتافۆری دروستەیی/ پێکهاتەیی**

بڕوانە نموونەی (٤٨ و ٤٩ و ٥٠):

٤٨. "ڕێگەم کەوتە ماڵی پاییز

نزیکەی مانگێ مامەوە

کەهاتمەوە

خەڵکی منیان نەناسییەوەو

بەگومان بوون

چونکە هەرچییەکم ئەوت

هەڵئەوەری و

هەرچیشم کۆئەکردەوە لەگەڵ یەکدا

هەر تەنیا بوون!"

(بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٨: ٣٥٥)

بە وردبوونەوە لە دێڕە شیعرەکە، ئەوە دردکەکرێت، کۆدی شیعرەکە لە (ماڵی شاعیر پاییزە)دا، چڕکراوەتەوە. بەجۆرێک (پاییز) مەودای سەرچاوە و (مرۆڤ وەک کائینێکی ئاڵۆز) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا پاییز بەهێمای (ا) و مرۆڤ بەهێمای (ب) دەنوێنرێت، پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکەی دەهێنرێتەوە.

ڕاستە خودی مرۆڤ بەرجەستەیە و لە ڕێگەی بوونییەوە ئەو ڕاستییە درککراوە، بەڵام لێرەدا (مرۆڤ وەک کائینێکی ئاڵۆز) وەسفکراوە، بەهۆی چەمکێکی دیکەوە داڕێژراوە، زۆرترین زانیاریی لە دروستەکەیدا هەیە و بەچەمککراوە، بە بەیانێکی دیکە؛ چەمکێک خاوەنی دروستەیەکی ورد و سنور دیاریکراوە، بەکارهاتووە بۆ داڕشتنی چەمکێکی دیکە. کاتێک مرۆڤ وەک کائینێکی ئاڵۆز وەسفکراوە، کە ناتوانرێت مرۆڤ بە وردیی بخوێنرێتەوە، واتە پڕە لە نهێنی و شاراوەیی. (ماڵی شاعیر پاییزە، گەڵاڕێزانی پاییز لە مانگێکدا چڕدەبێتەوە و زیاتر گەڵاڕێزان دەستپێدەکات)، ئەم مانگەی شاعیر هاوشێوەی ئەو مانگەی پاییزە، شاعیر ماڵێکی پاییزانەی هەیە، ئەگەرچی بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی وشەکانێتی، بەڵام بێ سوودە و بەردەوام بەچڕیی وشەڕێزانە لە ماڵەکەیدا. لێرەدا گەڵاڕێزانی پاییزانەی چڕوپڕ، نرخپێدانە بە ماڵی پڕ لە وشە و شیعریی شاعیر.

مەودای مەبەست بریتییەلە مرۆڤ وەک کائینێکی ئاڵۆز

مەودای سەرچاوە بریتییەلە پاییز

٤٩. "هەزار خۆزگە

دیسان لاوی

ئارایشتی دەدایەوە

وەک خەڵاتێکی ئاسمانیی،

هەزار بریا

دیسان تژی دەبووینەوە

لە کڵپە و گڕ، شێتی و جوانی..."

(پەشێو، عەبدولا، ٢٠٠٨: ٣٤٦)

(لاوێتی خەڵاتە/ خەڵاتی ئاسمانییە)، بریتییە لەو کۆدە شیعرییەی لەم دێڕە شیعرەدا چڕبۆتەوە. لێرەدا (خەڵاتی خوایی) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (لاوێتی) مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێکدەهێنن. لەگەڵ ئەمەشدا خەڵاتی خوایی بەهێمای (ا) و لاوێتی بەهێمای(ب) دەنوێنرێن و پاساودانی پێویستیش بۆ دیاریکردنی مەوداکەی دەهێنرێتەوە:

بەسەرنجدان لەم پارچە شیعرە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، لاویی/ تەمەنی لاویی مەودای مەبەست پێکدەهێنێت، ئەم بوارە ئەبستراکتە زۆرترین کۆزانیاریی لە دروستەکەیدا درکی پێدەکرێت و پێویستی بە چەمککردنە تا لە ڕێگەیەوە بەرجەستەی نرخی سەرچاوە بکەین، لێرەدا خەڵاتی خوایی دەبێت بە مەودای سەرچاوە یان مەودای سەرچاوە پێکدەهێنێت واتە (خەڵاتی خوایی نرخپێدانە بە تەمەنی لاوێتی وەک بەبەهاترین و بەنرخترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤ).

٥٠. "لەبەر چەند هۆیەکی سادە

<<زەمان>> شیعرم لەیاد ناکا

چونکە هەموو بەیانییەک

وشەیەکی جوانی <<زمان>>

قژی لەبەر دائەهێنێ و

وەک ئینجانەیش

گوڵێکی خۆیی تیا ئەڕوێنێ.

ژیان شیعرم لەبیر ناکا

لەبەرئەوەی مێژوو ئەیکا بە پێپلیکە و

شەقامەکان بە پۆستەر و

ژنان ئەیکەن بە موستیلە و بە ملوانکە و

منداڵان ئەیکەن بە شمشاڵ و

باران ئەیکا بە ڕێواس و

<<با>> بە گڤە و

دەشت بە مێرگ و

شاخ بە بەردێکی پازار و

ڕووباریش ئەیکا بە هاژە.

دنیا شیعرم لەیاد ناکا

لەبەرئەوەی خۆشەویستیی گوڵە گەنم

لەهەرکوێ بێ.. ئەم لەوێیە.

نیشتیمانی فرمێسک و

نان لە هەرکوێبن

نیشتیمانی ئەم ئەوێیە.

ئاخر بۆیە لەساڵێکدا

شیعرم نەک تاقە پاییزێ

چەندین پاییز وا لەناویا و

ئاخر بۆیە لە وەرزێکدا

چەندین وەرزی نامۆیی تیا

هەڵئەوەرێ!"

(بێکەس، شێرکۆ،١٣٩٤: ١٦٣-١٦٥)

لەڕێگەی پشت بەستن بەو زانیارییانەی، لەبارەی میتافۆری چەمکییەوە خرانەڕوو، ئەوە دردەکرێت، کۆدی شیعرەکە لە(نەمری هۆکارە)دا، چڕبۆتەوە، بەجۆرێک (هۆکارەکان/ هەموو ئەو هۆکارانەی شاعیر باسیکردووە) مەودای سەرچاوەی میتافۆرەکە و (نەمریی) مەودای مەبەستی میتافۆرەکەیان پێکهێناوە. لێرەدا هۆکارەکان بەهێمای (ا) و نەمریی بەهێمای (ب) دەنوێنرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی مەوداکە دەهێنرێتەوە:

لەم پارچە شیعرەدا (نەمری و مانەوە) ئەو مەودایەیە، پێیدەوترێت مەودای مەبەست. لە خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکەوە ئەو ڕاستییە دردەکرێت، ئەم مەودایە زۆرترین زانیاریی تێدا

هەڵگیراوە و بەچەمككراوە، لە بەرامبەریشدا هەموو ئەو (هۆكار)انەی، كە شێركۆ وەك هۆكاری لەبیرنەچوونەوەی شیعریی دایناوە، دەبنە مەودای سەرچاوە. شاعیر لەڕێگەی مەودای مەبەستەوە، كە (نەمری)یە، بەرجەستەی نرخی (هۆكار)ەكانی كردووە. بەم شێوەیە دەتوانین مەودای مەبەست و سەرچاوە لە دێڕێكدا دەرببڕین لە چوارچێوەی دەربڕاوێكی میتافۆرییدا، كاتێك دەڵێین: نەمری هۆكارە.

لەتەكئەمەشدا لەڕێگەی ڕەهەندی فەلسەفییەوە زۆر بەكورتی خوێندنەوە بۆ هەمان شیعر دەكرێت، لە ڕەهەندە فەلسەفییەكەیەوە دەكرێت شیعرەكە ببەسترێتەوە بەو وتە باوەوە، كە دەڵێت:

سوقرات مرۆڤە

مرۆڤ دەمرێت

كەواتە سوقرات دەمرێت

لێرەدا مرۆڤ میتافۆری مردنە، بەو پێیەی لە فەلسەفەدا بەردەوام سێ بەشی گرنگ ڕۆڵدەبینن، ئەوانیش بریتیین لە پیشەكی و هۆكار و ئەنجام. كەواتە پێشەكییەكەی ئەم دەربڕاوە، كە وەك میتافۆری مردن هاتووە ئەوە دەردەخات، هۆكاری مردنی سوقرات ئەوەیە مرۆڤە. یاخود كاتێك ئەفسانەی گلگامیش بەراورد بەم شیعرەی شێركۆ دەكرێت، ئەو چوونیەكییە چێدەبێت، كە هەموو هەوڵێكی گلگامیش تەنها لە پێناو مانەوە و نەمریدا بووە و بەدوای نەمرییدا دەگەڕا، دواجار لەڕێگەی كۆمەڵێك هۆكار و كردەوە گەیشت بە پلەی نەمریی. شێركۆ لە پێشەكیی شیعرەكەیدا باس لە كۆمەڵێك كردە دەكات و دواتر لەڕێگەی چەندین هۆكارەوە بە پلەی باڵای نەمریی دەگات و بە نەمریی خۆی دەهێڵێتەوە.


## ٤/٢. تیۆری میتافۆری ئاوێتە Blending Metaphor theory

لێكۆڵینەوەكانی پێشوو، وەك لە بەشی یەكەمدا ئاماژەی بۆ كرا، لە ڕوانگەی فۆڕمی زمانییەوە لە میتافۆریان ڕوانیوە، بەجۆرێك بەكارهێنانی یەكەی زمانیی بۆ هەندێك كرۆكەواتای ناباو بەمەبەستی جوانكاریی زمانیی بەكارهێنراوە، كە پاڵپشتێكی گرنگی ئەركی زمانیی شیعر بووە، بەپێی تیۆری (میتافۆری چەمكیی)ش، وەك لە (١/٢)دا، خرایەڕوو، میتافۆر وەك دیاردەیەكی زمانی، ڕەنگدانەوەی پرۆسەی درككردنە، لەبەرئەوە مۆدێلی میتافۆری لە سستمی چەمكیی مرۆڤدا، ئەو سكێمایانەن پرۆسەی بیركردنەوە و كردەی مرۆڤ پێكدەهێنن، هەروەك لاكۆف و جۆنسن لە لێكۆڵینەوەكانیاندا وەك ڕێگەی بیركردنەوەی مرۆڤ باسیان لە میتافۆر كردووەو پێیانوایە؛ میتافۆر سیمای تایبەتمەندیی بیركردنەوەی مرۆڤە، بەجۆرێك دزەی كردووەتە نێو هەموو كایەكانی ژیان و

بیرکردنەوەو جوڵەو ڕەفتاری مرۆڤەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ سروشتی سستمی چەمکیی دەگەڕێتەوە، لێرەوە هێڵی نێوان زمان وەک نوێنەرایەتیکردنی میتافۆرو پرۆسەی درککردن، کە بنەمای ئەفراندنی میتافۆرە، دەکێشرێت، دەشبنە بنەمای ئەو بیرۆکەیەی، کە یەکەیەکی زمانی لاتەریک لە پرۆسەی درکپێکردن بە پرۆسەی چەمکییدا تێناپەڕێت، بەڵکو یەکە زمانییەکە بە تەواویی دروستەی چەمکییەوە هەروەک (سکێما، چوارچێوە، مۆدێل و سیناریۆ) تێدەپەڕێت، بەمەش نەخشەی میتافۆری یان درکپێکردن ڕوودەدات، بەجۆرێک کۆزانیاریی بوارێکی چەمکیی ڕەنگدانەوەی لەسەر بوارێکی چەمکیی دیکە دەبێت، بەمپێیە کۆزانیاریی لە مەودای سەرچاوەوە بۆ مەودای ئامانج/ مەبەست دەگوێزرێتەوە. ئەنجامی کارلێککردنی ئەم دروستەی درکپێکردنە، لەسەر بنەمای خەسڵەتە هاوبەشەکانیان، بریتییەلە لێکدانەوەی بابەتێک/ شتێک یان دیاردەیەک لە دەوروبەری شتێک یان دیاردەیەکی دیکەدا، مەودای سەرچاوە پتر کۆزانیارییەکی کۆنکرێتیترە وەک یاسایەک ڕاستەوخۆ بەهۆی ئەزموونی فیزیکییەوە دەستەبەردەکرێت. بەمپێیە تیۆری چەمکیی میتافۆری، تەنها ئەفراندنی چەمکی شتێک نییە، بەڵکو بریتییەلە دیاریکردنی شێوازی بیرکردنەوەی پێشوەختە لەو شتەی، کە میتافۆریانە پێکدەهێنرێت و بەهۆیەوە کۆزانیاریی نوێ بە هەمان ڕێگەی سستمی چەمکیی، بەچەمکدەکرێت، لەگەڵئەوەشدا ئەم تیۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە نەداتەوە، کە ئاخۆ پرۆسەی کارلێکی نێوان درکپێکردنی مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەست چۆن ڕاستەوخۆ لە گوتاردا ڕوودەدات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش ئەو پنتەیە، کە تیۆری ئاوێتەی چەمکیی لێیەوە دەستپێدەکات.

تیۆری ئاوێتە، کە لە هەمانکات بە (**تیۆری پێکەوەلکێنراوی چەمکیی- Conceptual integration**)ش ناودەبرێت، تیۆرییەکی درککردنی مرۆڤە، کە لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکانەوە پەرەیسەندووەو لەلایەن چەند زانایەکەوە، بەتایبەت فاوکۆنیەر Gilles Fauconnier پرۆفیسۆری زانستی درکپێکردن لە زانکۆی کالیفۆڕنیا و تیونەر Mark Turner و دیاگۆ San Diego لە زانکۆی Ohio خراوەتەڕوو. تیۆری ئاوێتە هەنگاوێکی تەواوکارییانەو قۆناغێکی گەشەکردوو و پێشکەوتووتری تیۆری میتافۆری چەمکییە، هەربۆیە هەندێکجار بە تیۆری تەواوکاریی چەمکییانەش ناودەبرێت. ئەم تیۆرییە نوێیە مۆدێلێکی چوار فەزای دەخاتەکار و بەشێوەیەک دوو لەو فەزانە بۆ تێکردەکان تەرخانکراوە - لە حاڵەتی میتافۆریدا پەیوەستن بە سەرچاوە و مەبەستی تیۆری میتافۆری چەمکییانەوە-، فەزایەکی دیکەی ئەم چوار فەزای تیۆری ئاوێتە بریتییەلە فەزای ڕەگەزی/ جۆریی، وێنەی ئەو بنیاتە چەمکییە دەردەخات، کە لەلایەن هەردوو تێکردەکەوە ئاماژەیان بۆکراوە، لەتەکیشیدا فەزایەکی ئاوێتەش لەخۆدەگرێت، کە لە ئەنجامی یەکگرتن و کارلێککردنی تێکردەکان دەردەکەوێت. تیۆری ئاوێتە لەسەر بنەمای دوو یان زیاتر لە تێکردەکان دروستدەبێت، هیچ سنوردارکردنێک نییە بۆ ژمارەی تێکردەکان کە میتافۆرێکی ئاوێتە دەکرێت

هەیبێت. لەڕێگەی دروستکردنی پەیوەندیی نێوان تێکردەکانەوە پرۆسەی ئاوێتەکەیش تێردەبێت، واتە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە دەبێتە خۆراکی پرۆسەی ئاوێتەکردنەکە. لێرەدا دەکرێت هەریەکە لە تێکردەکان بەتەنها و بۆ خۆیان پەیپێبردن و درککردنی مەودای سەرچاوە و مەبەستیش لەخۆبگرن، فەزایی هەریەکە لە تێکردەکان جێگا/ شوێن و کاتی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەنموونە کاتێک لە خواردنی دۆڵمە دەڕوانرێت، ئەوە دەبینرێت چەند کەرەستەیەکی وەک (برنج، سلق، دۆشاو، پیاز، تەماتە و خوێ... تاد) لەخۆدەگرێت، دەگونجێت ئەم کەرەستانە وەک تێکردەکان وەربگیرێن، هەریەکەیان فەزای تایبەت بە خۆیان هەیە، دەشێت نزیک یان دوور بن لە یەکترەوە، بەڵام هیچکام لە تێکردەکان وەک میتافۆرە ئاوێتەکە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، ئەوەی پێکهاتەی میتافۆرە ئاوێتەکە پێکدەهێنێت بریتییەلە دۆڵمە. هێڵکاریی ژمارە (٢)، مۆدێلی تیۆری میتافۆری ئاوێتە دەخاتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٢)

تیۆری ئاوێتە

هێڵکاریی ژمارە (٢)، وەرگیراوە لە (Fauconnier, g. & Turner, m. 1998: 143 and Rein, J. & Li, Y. 2015: 2092).

گرنگترین و بەهێزترین خاڵ لە میتافۆری ئاوێتەدا، دۆزینەوە و درککردنە بە لایەنی بەهێز و پەیوەستداری نێوان تێکردەکان، کە ئایا خاڵی بەهێز و لینکی پەیوەندیی لەیەکچوون و جیاوازیی نێوان ئەم تێکردانە چیین، هەروەک:

- دوو یان زیاتر لە تێکردەکان پێویستە هەبن،
- پەیوەندییە گرنگەکانی نێوان فەزای تێکردەکان،

- لەحیمکردنی فەزای تێکەڵکردنەکە (بەستنەوەی تێکردەکان بەیەکترەوە)،
- دۆزینەوەی گرنگترین پەیوەندیی نێوان تێکردەکان لە کاتی لەحیمکردنیاندا،
- بەراوردکردنی پەیوەندییە گرنگەکانی تێکردەکان،
- دەرکەوتن و دۆزینەوە و بارزکردنی دروستە میتافۆرییەکە. بڕوانە: Fauconnier, G. and Turner, M. 2002: 102-103

بۆ ڕوونکردنەوەی هەریەک لەم خاڵانەش، گرنگە هەریەک لە پێکهاتەو زاراوەکانی تیۆری ئاوێتەی چەمکیی بخرێتەڕوو، ئەوانیش:

**١. فەزای ئاوەزی Mental Spaces:** بۆشایی ئاوەزیی پاکێتی چەمکیی بچوکن، بەچەشنی بیرکردنەوەو قسەکردنی مرۆڤ بۆ مەبەستی تێگەیشتن و جوڵەی ناوەکی پێکهێنراون، لەگەڵ گەشەسەندنی بیرکردنەوەو وتندا دەگۆڕێت، بەڵام دەشکرێت لە یادگەی درێژخایەندا بچەسپێنرێن، کە بەهۆی فرەیم و مۆدێلەکانی درککردنەوە دادەڕێژرێن.

**٢. فەزای تێکردە Input Spaces/ تێکردە Inputs:** ئەو فەزا ئاوەزیانەن، کە وەک تێکردە بۆ ئاوێتەکردنی چەمکیی، بەکاردەهێنرێن.

**٣. فەزای گشتیی Generic Space:** ئەو بۆشایی، یان فەزای تێکردانە دەگرێتەوە، کە لە هاوبەشێتییدان، تۆخم/ ئیلیمێنتەکان لە نەخشەی فەزای گشتییدا بۆ نێو تێکردە هاوتاکانیان دەگوێزنەوە.

**٤. چوارچێوە/ فرەیم Frame:** دروستەی ئەو شتانەیە، کە درێژخایەنە و ئێمەی مرۆڤ حەتمەن دەربارەیان دەیزانین، بۆ ئەو فەزا ئاوەزییانەی کە پەیوەندیداردەبن، هەروەها فەزا ئاوەزییەکان ڕێکدەخات.

**٥. ئاوێتە The Blend:** ئەمەش فەزایەکی ئاوەزییە، بەڵام یەکەیەکە لە فەزای تێکردەدا بەهۆی پرۆژەکانەوە دروستدەکرێت، پرۆژەکان لە فەزای تێکردەدا هەڵدەبژێرێت، واتە هەموو توخم/ ئیلیمێنتەکان لە فەزای تێکردەدا نابێتە پرۆژەی تێکەڵەکە، لەڕاستییدا تەنها پێکهاتە بەهێزەکان لە تێکردەوە بۆ ناو ئاوێتەکە پرۆژەدەکرێت.


**٦. دروستەی دەرکەوتوو Emergent Structure:** دروستەیەکە لە فەزای تێکردەکەدا نییە، بەهۆی پێکهاتەوە بەرهەمدەهێنرێن، کردنەناوەوەی توخم/ ئیلیمێنتەکان پێکەوە لە فەزای تێکردەدا نین، تەواوکردن (هێنانی پێکهاتەی زیادە بۆ تێکەڵەکە، بۆ نموونە تەواوکردنی تەرزێک) یان وردکردنەوە (بەڕێوەبردنی تێکەڵەکە) دروستدەبێت، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ تێکەڵەیەک وەک هاوشێوەکردن و بەڕێوەبردنی بە شێوەیەکی خەیاڵی.

**٧. پەیوەندییە گرنگەکان Vital Relations:** پەیوەندییە چەمکییەکان بەشێوەی کەمکردنەوە دووبارەو دووبارە دەردەکەونەوە، هەروەک فاوکۆنیەر و تیونەر ڕاڤەیانکردووە پەیوەندارێتی نێوان ئیلیمێنتەکان لەفەزای تێکردەدا کەمدەکرێتەوە، یان پاڵەپەستۆی-دەخرێتەسەر. "ئەو پەیوەندییە گرنگانەش، کە بەشێوەیەکی باو ڕەچاودەکرێت، بریتییەلە (گۆڕان، ناسنامە، کات، فەزا، هۆوئەنجام، بەش-گشت، نواندن، ڕۆل، ئەنالۆژی، نائەنالۆژی، خەسڵەت، وەکیەکی، کەتیگۆری، نیازمەندی و دانسقە)". (Rasse. C & Onysko. A، 2020: 25-26).

بەپێی خستنەڕووی زاراوەکان، هەوڵدەدرێت لە نموونەی (٥١)دا، بیرۆکەی ئاوێتە بخرێتەڕوو:

٥١. کوردەکان دەنگ بە ئەردۆگان نادەن.

بۆئەوەی دروستە میتافۆرییەکە درکپێبکرێت و بدۆزرێتەوە، گرنگە پەیوەندیی نێوانیان دەستنیشانبکرێت و بخرێنەڕوو، پەیوەندییەکانیش یان لێکچوونی نێوان تێکردەکان یاخود جیاوازییەکانیان دەبن. بەمجۆرە لە ڕستەکەی سەرەوەدا هەریەکە لە (کورد) وەک نەتەوە و (ئەردۆگان/ تورک) وەک نەتەوە فەزای دوو تێکردە پێکدەهێنن. پەیوەندییەکان بریتیین لە بەشداریکردنی هەردوو نەتەوە لە پرۆسەیەکدا، هەروەها لەسەر جوگرافیا و شوێنێکی دیاریکراو پرۆسەکە بەڕێوەدەچێت، جیاوازییەکانیش خۆیان لە جیاوازیی زمان و نەتەوەییدا دەبیننەوە. لێرەدا فەزایەکی دیکە ڕەگەزیی وێنای بنیاتە چەمکییەکانی نێوان دوو تێکردەکە دەردەخات، فەزای ئاوێتەکەش ڕەتکردنەوەی ئەردۆگانە لەلایەن نەتەوەی کوردەوە بەهۆی لایەنی هۆشیاریی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە کارە نائاساییی و نایاساییەکانی تورک/ ئەردۆگان بەرامبەری، کەواتە میتافۆرە ئاوێتەکە، کە لەئەنجامی تێکەڵکردنی تێکردەکانەوە هەڵهێنجراوە بریتییەلە (هۆشیاریی)، لە هێڵکاریی (٣)دا، ڕوونکردنەوەی زیاتر دراوە:




هێڵکاریی ژمارە (٣)، کوردەکان دەنگ بە ئەردۆگان نادەن.

نموونەیەکی بەناوبانگی ئاوێتەی چەمکیی، وەک چارەسەرێکی دەرەکی بۆ مەتەڵی دەروێشی بودایی، کە لەلایەن فاوکۆنیەر و تیونەر شرۆڤەکراوە، دادەنرێت، بەجۆرێک دەروێشەکە لە بەیانییەوە دەست بە ڕۆیشتن بەسەر شاخێکدا دەکات، لەکاتی خۆرئاوابووندا دەگاتە لوتکە و بۆ چەند ڕۆژێک لەوێ مێدیتەیشن/ پەرستش دەکات، پاشان بەیانییەک دەست بە ڕۆیشتن بۆ دامێنی شاخەکە دەکات و لەکاتی خۆرئاوابووندا دەگاتە ئەوێ. بەبێئەوەی هیچ گریمانەیەک لەبارەی دەستپێکردن، وەستانی یان خێراییەکەی لە کاتی گەشتەکاندا بکرێت، ئەرکی نووسەران ئەوە بووە بیسەلمێنین کە شوێنێک لەسەر ڕێگاکە هەیە، کە لە هەمان کاتی ڕۆژدا لە دوو گەشتەکەدا پێیدەگات.

بەپێی فاوکۆنیەر و تیونەر وەها گریمانەدەکەن چارەسەری ئەنجامدار بۆ مەتەڵەکە ئەوەیە، دەروێشەکە لە یەک ڕۆژدا هەم بەرەو سەرەوە و هەم لە ڕێگاکەدا دەڕوات. دەبێت شوێنێک هەبێت کە لەسەر ڕێگاکە (لەنێوخۆیدا بێت) و ئەویش ئەو شوێنەیە، کە لە هەمانکاتدا لە دوو سەفەرەکەدا داگیریدەکات. فاوکۆنیەر و تیونەر (١٩٩٨) چارەسەرەکە بە شکاندنی مەتەڵەکە شیدەکەنەوەو چارەسەرەکەی بۆ فەزای ئاوەزی دەگەڕێننەوە، بەجۆرێک فەزای ئاوەزی، بریتیەلە پاکێتی چەمکیی بچووک، کە لەکاتی بیرکردنەوە و قسەکردندا، بۆ مەبەستی تێگەیشتن و کردارێکی ناوخۆیی دروستدەکرێن. فەزای ئاوەزییش سێ جۆر لەخۆدەگرێت، هەروەک: فەزای تێکردە، فەزای ئاوێتە و فەزای گشتیی. بۆ نموونە لە مەتەڵەکەدا دوو فەزای تێکردە هەیە، کە تێیدا d1 ڕۆژی گەشتی سەرەوەیە، d2 ڕۆژی گەشتکردنی بەرەو خوارەوەیە، a1 قەشەکە دەچێتە سەرەوە و a2 قەشەکە دەچێتە خوارەوە (شێوەی .(A1.1 ئەو ئاوێتانەی فەزا پێکدێت لە یەک ڕۆژدا هەروەها (d) کە ئاوێتەی دوو ڕۆژی گەشتەکەی (d1 و d2)ە، قەشەکانی (a1 و a2) کە هاوتای (a1 و a2)ن لە کاتی (t)دا، بۆشایی گشتیی، ئەو شتانەی تێدایە، کە لە بۆشاییەکانی تێکردەدا هاوبەشن.

مەتەڵی دەروێشەکە سێ کاری تێکەڵکردن نیشاندەدات، کە لە دەقی سەرەکیدا ڕوونکراوەتەوە. مەتەڵەکە ئەو دوو گەشتیارە پێکدەهێنێت کە دوو گەشت دەکەن؛ پێکهاتەی پێکهاتوو تەواو دەکات بە وەرگرتنی سیناریۆی ناسراوی دوو کەس، لە ڕێگایەکدا ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە و دەتوانرێت بە بەڕێوەبردنی هاوشێوەیەکی ئاوەزیی خەیاڵی، بەپێی بنەماکانی ئاوێتەکە وردتربکرێتەوە، نموونەی هاوشێوەکردنی فاوکۆنیەر و تیونەر ئەوەیە، کە دوو دەروێشی خەیاڵی یەکتر دەبینن و گفتوگۆیەک لەسەر چەمکی ناسنامە دەستپێدەکەن.

مەتەڵەکە جێگەی تەحەدایە، چونکە داوامانلێدەکات دەرئەنجامەکان لەسەر تۆڕێکی چەمکیی دابەشکراو لە ڕووداوە دینامیکییە جیاوازەکان دەربهێنرێت. بۆ هەڵهێنجانی مەتەڵی دەروێشی بودایی، دەتوانین ئەمە بکەین بە تێکەڵکردنی سەرکەوتنی دەروێشەکە لەگەڵ دابەزینی، دواتر لە

خەیاڵدا سەرکەوتن و دابەزین بخرێتە سەر یەک، بەمپێیەش ناوبراوان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە کاتی بیرکردنەوە لە مەتەڵەکە، لە هاوشێوەکردنی ئاوەزیی ئێمەدا، سەرکەوتن و دابەزین لە هەمان نێوان کاتدا و لەسەر هەمان ڕێڕەو ڕوودەدات، بەجۆرێک وەک ئەوە وایە دوو تۆماری ڤیدیۆییمان گرتبێت- یەکێکیان لە سەرکەوتن و یەکێکیان لە دابەزین- و لە یەک کاتدا لەسەر هەمان شاشە، لە فەزای ئاوەزیی بەرزبوونەوەو فەزای ئاوەزیی دابەزینەوەدا پرۆژەمانکردبێت، دواتر تێکردەکان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو بۆ فەزای ئاوەزیی (تێکەڵاو)ی سێیەم پرۆژەدەکەین. لەم فەزایەدا، لە بەیانیدا، دەروێشەکە لە دوو شوێندایە، دەروێشێک لە سەرەتای ڕێگاکەدایە و دەروێشێکی دیکە، کە هاوشێوەی یەکەمە، لە لوتکەکەدایە، هەر دەروێشێک تا ئێوارە گەشتی بۆ شوێنی پێچەوانە کردووە. لێرەدا نوێنەرایەتی ئەم ئاوێتەیە دەخەینەڕوو؛ سروشتییە بپرسین ئایا بوونی یان نەبوونی خاڵێک کە دەروێشەکە لە هەمان کاتژمێری ڕۆژدا لە دوو ڕۆژی یەکلەدواییەکدا داگیریدەکات، بەندە بە چۆنیەتی جوڵەی دەروێشەکەوە؟ بەڵام لە ئاوێتەکەدا، دەروێشەکان هەرچۆنێک بجوڵێن، تا ئەو کاتەی لە بەیانی دەستپێدەکەن، لەکاتی خەوتن کۆتاییان دێت، دەروێشەکان دەبێت هەمیشە لە شوێنێک بپەڕنەوە، یان کۆببنەوە، و ئەو خاڵە کۆبوونەوەش دەبێتە شوێنێک کە دەروێشەکە لە هەمان کاتژمێری ڕۆژدا لە دوو ڕۆژی یەکلەدواییەکدا داگیریدەکات[*]، لەمەشەوە بیرۆکەی

[*] بۆ نموونە ئەگەر قەشەکە وەک لەم نوێنەرایەتییەی خوارەوەدا بجوڵێت، هێشتا دەبێت خاڵێکی کۆبوونەوە هەبێت: لێرەدا دوو فەزا هەیە لە مێشکدا، یەکێکیان وا گریمانەئەکرێت، گەشتەکە بەرەو سەرەوە بووبێت، ئەوەی دووەمیان وادادەنرێت، گەشتەکە بەرەو خوارەوە بووبێت، بەمجۆرەش ئاوێتەکە لەنێوان تێکەڵکردنی تێکردەکانەوە دێتەبوون. واتە ئەگەر کەسێک لە بەیانییەوە دەست بەچوونە سەرشاخەکەبکات و دواتر دەست بەگەڕانەوەبکات، ئەوا بەیانییەک تا ئێوارە دەچێتە سەرەوە و بەیانییەکیش تا خۆرئاوابوون دێتە خوارەوە، ئالێرەشەوە ئەبێت پنتی هاوشێوەبوونی تێکەڵەکە دروستببێت و دەربکەوێت. ئەو خاڵەی کە پێوستە بدۆزرێتەوە و لە مێشکدا وەک پرسیار چێبووە، ئەوەیە؛ کە ڕەنگە دەروێشێک نەبێت، بەڵکو دوو دەروێش بن و هەستابن بە هەمان گەشت، بۆئەوەی خاڵی بە یەکگەیشتنی هەردووکیان بدۆزرێتەوە، گرنگە جارێک دەروێشەکان وەک تێکردە لە یەکبدرێن و بگەیەنرێن بەیەک، جارێکیش ڕێگاکانیان و شێوەی چوونە سەرەوە و پێچاوپێچی ڕێگاکانیان، دواتریش هەر دوو کاتی ڕاهیبەکان وەک تێکردەیەکی تر بەیەک بگەیەنرێن، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە، کە هەرجۆرە بیرکردنەوەیەک بهێنرێتە گۆڕێ، بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی خاڵی بەیەکگەیشتنیانە. هەرچۆنێک بێت دوو فەزا و دوو تێکردە هەیە، ئەمانە دەخرێنە تەکیەک و ئەنجامەکە بەدەستدەهێنرێت. لێرەدا ڕێگاکان فەزای چوونەسەرەوە و هاتنە خوارەوەی دەروێشەکانن، لەنێو خودی ئەم ڕێگایانە ئەو خاڵە دەردەکەوێت کە کاتی هاوشێوە و وەکیەکی بە یەکگەیشتنی ڕاهیبەکانن، بەمپێیە گریمانەدەکرێت، خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو دەروێشەکە، کاتی خۆرئاوابوون بێت، بۆ یەکێکیان خۆرئاوابوون مانای بەجێهێشتنی جێگا و شوێنی پەرستشەکەیەتی (ئەوەیان کە لەسەرەوە دێتەوە خوارەوە)، بۆ دەروێشی دووەم خۆرئاوابوون مانای بەڕێکردنی یەک ڕۆژە لە کات بۆ چوونە سەرەوە و گەیشتن بە لوتکەی شاخەکە (ئەوەیان کە لەخوارەوە دەچێتە سەرەوە).

ئاوێتەبوون بۆ شیکردنەوەی چەندین نموونەی دیکە لەچوارچێوەی تیۆری ئاوێتەدا کەڵکیلێوەرگیرا، بەتایبەت بۆ چۆنێتی وێناکردنی چەمکە میتافۆرییەکان.


سەبارەت بە تیۆری میتافۆری ئاوێتە، نموونەی میتافۆری (ئەم نەشتەرگەرە قەسابە*) دەخرێتەڕوو، ئەگەر نموونەکە بەپێی میتافۆری چەمکییانە وەربگرین ئەوا هاوکێشەکە دوو مەودا لەخۆدەگرێت، بەڵام بۆ تیۆری میتافۆری ئاوێتە دەگۆڕێت بۆ چوار فەزا، بەمشێوەیە: دوو فەزای تێکردەکان، فەزایەکی ڕەگەزی و دانەیەکی ئاوێتە. لەم نموونەیەدا هەر یەکە لە (نەشتەرگەر) و (قەساب) دوو فەزای تێکردەن، هەروەها فەزایەکی ڕەگەزی/ ئیلیمێنتییش بوونی هەیە کە بیرۆکەیەکی ئەبستراکتی هەڵگرتووە بە بەکارهێنانی ئامێری گشتیی بۆ گەیشتن بە ئامانجی گشتیی، ئاوێتەیەکیش لە هەردوو فەزای نەشتەرگەر و قەساب چێدەبێت، تیایدا بکەری لکێنراو ئامانجێکی نەشتەرگەریی هەیە و ئامێری قەسابی بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن پێی. سەرەتا وادەردەکەوێت کە لێکدانەوەی میتافۆرەکە کارێکی سانا و ئاسان بێت، دەکرێت ئاماژەیەکی ڕەخنەئامێزیش بێت بۆ شوێنبرینێکی ئاماژە پێنەکراو لە خودی دەربڕینەکەدا، بەڵام دواتر هەڵسەنگاندنی نەرێنییانەی نەشتەرگەرەکەی لێدەکەوێتەوە و لەوێشەوە بەرەو ئاڵۆزتر.

لێرەدا واتای ویستراو یان وەسفکراو لە یەکتربڕی سادەی مەبەست و کەرەستەی قەساب و نەشتەرگەر بە (پەککەوتە یان بێتوانا) وەرگیراوە. ئەویش لەڕوانگەی نەخشەڕێگایەکی ڕێککەوتن لەسەرکراو، بەمشێوەیە: (قەساب) بەرەو (نەشتەرگەر) نەخشەڕێگای ئاژەڵ (گا) بەرەو مرۆڤ، کەلوپەل بۆ نەخۆش، تەورزن/ چەقۆ بەرەو نەشتەر.

گریمانەکە بەوجۆرەیە، نەخۆشێک لەلایەن نەشتەرگەرێکەوە نەشتەرگەریی بۆکراوە، لە ئەنجامی نەشتەرگەرییەکەدا شوێنی برین و تەقەڵی زیاتر وەک لەوەی پێشبینیکراوە دەرکەوتووە، ئەمەش بەوپێیەی جێگای نەشتەرگەرییەکەی بەسەر جەستەیەوە زۆر بەئاسانی دەبینرێت. سەرەتا واتاکە والێکدەدرێتەوە، کە نەشتەرگەرەکە بێتوانایە یان بێدەستەڵاتە و لە ئەنجامی بێتوانایی لە کارەکەیدا ڕووبەڕووی وەها دەرئەنجامێکی خراپی نەشتەرگەرییەکەی بووەتەوە. هەر بۆیە نەشتەرگەرەکە لەلایەن کەسی نەشتەرگەری-بۆ-کراوەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەیە دەبێتەوە، کە وەک قەساب مامەڵەی لەگەڵ نەخۆشەکە و نەشتەرگەرییەکەیدا کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە لەڕوانگەی پڕاگماتیکییەوە میتافۆری (ئەم نەشتەرگەرە قەسابە) یەکێکە لەسەرزەنشتەکان و هەڵسەنگاندنی نەرێنییانە وەک بەشێک لە واتای میتافۆرەکە، بەهەمان شێوە بەشێکیش دەبێت لە واتا سیمانتیکییەکەی. ئەو کێشەیەی کە لەم نموونەیەدا سەرهەڵدەدات، بریتییەلەوەی کۆزانیاریی ئێمە لەسەر قەسابەکان ئەو گریمانەیە لەخۆناگرێت کە قەسابەکان کەسانی ئیهمال بن، یاخود گوێ

* نموونەی (ئەم نەشتەرگەرە قەسابە)، وەرگیراوە لە: (Brandt, line, 2014: 3).

به شت نەدەن، بەواتایەکی تر ئەم پۆلێنکارییە توانای ئەوەی نییە داببڕێت بەسەر هەموو قەسابێکدا و هەموو ئەو کەسانە، کە کاری قەسابی دەکەن هەڵگری ئەمجۆرە لە واتا نین، بەڵکو واتای میتافۆرە ئاوێتەییەکەی (ئەم نەشتەرگەرە قەسابە) زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نەشتەرگەرەکە پیشەییانە (ئیتر پەیوەندیی بە شارەزاییەوە هەبێت یان نا) مامەڵەی لەگەڵ نەخۆشەکەو نەشتەرگەرییەکەیدا نەکردووە، هەر لەمڕوانگەیەشەوەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن و سەرزەنشتکردن بووەتەوە. لە هێڵکاریی (٤)دا میتافۆری ئەم نەشتەرگەرە قەسابە زیاتر ڕوونکراوەتەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٤)، میتافۆری (ئەم نەشتەرگەرە قەسابە)

هێڵکاریی ئەم نەشتەرگەرە قەسابە، بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: (Oakley, T. & Coulson, S., 2021:105)

بەمجۆرە تۆڕی ئەو پەیوەندییانەی بەشێوەیەکی گشتیی ئاوێتەیەک پێکدەهێنێت، یەکەم شت پشتدەبەستێت بە دروستکردنی بەستەرێک/ لینکێک لەنێوان فەزای تێکردەکاندا. ئێستا و لەپاش خستنەرووی تیۆری میتافۆری ئاوێتە و پەیوەست بە ڕاستییە شیکارییەکانی سەرەوە، لە نموونەی (٥٢)دا لێکدانەوەی زیاتر باسدەکرێت:

٥٢. دایکەکە قەسابە.

دەکرێت هەر لەگەڵ خوێندنەوەی نموونەکەدا بتوانین ڕاستەوخۆ شیکردنەوە بۆ دەربڕاوەکە بکەین، بەو هۆکارەی کە پەیوەندیدارە بە هەندێک شتی نێو بەشێک لە سەرنجەوە. وا لێکدەدرێتەوە ئاماژەیەکی ڕەخنەئامێز بێت بۆ شوێن برینێکی ئاماژە-بۆ-نەکراو لە خودی دەربڕینەکەدا، بەڵام ئەمە هەروا بە سانایی نامێنێتەوە و کاتێک لە دۆخی گفتوگۆکەدا دیار و دەرکەوتووبێت، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە دەبێتە جێگەی سەرنجە هاوبەشیی-پێکراوەکە. شوێنبرینەکە هاندانێکە بۆ هەڵسەنگاندنی نەرێنییانەی دایکەکە، دواتریش بەرەو ئاڵۆزیی زیاتری داڕشتن و تەواوکاریی بەپێی تیۆری میتافۆری ئاوێتە.

میتافۆری (دایکەکە قەسابە) فۆڕمێکی چوار فەزایی لەخۆدەگرێت، فەزای دوو تێکردەی (دایک) و (قەساب) و فەزایەکی ڕەگەزی و فەزایەکی ئاوێتەش لە دایک و قەساب بوونی هەیە، کە تیایدا بکەری لکێنراو ئامانجی سزای پەروەردەیی/ لێدانی هەیە و کەچی ئامێرێکی تیژی هاوشێوەی ئامێری دەستی قەساب بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەکاردەهێنێت. لە یەکتربڕێکی سادەی (مەبەست) و کەرەستەی (قەساب و دایک) واتای وەسفکراو بە (بێبەزەیی، ئیهمال، ترسناک و نابەرپرس... تاد) وەگیراوە. بە گوێدانە بەکارهێنانی کەرەستەی قەساب (قەسابی) بۆ مەبەستێکی (لێدان/ سزای پەروەردەیی) نەک بۆ ئامانجێکی قەسابی (هەنجنینی گۆشتی ئاژەڵ).

گریمانەکە بەوجۆرەیە، منداڵێک لەلایەن دایکییەوە تووشی سزای پەروەردەیی/ لێدان بووەتەوە، لە ئەنجامی ئەم لێدانەدا جێگا و شوێنی بڕین و تەقەڵ بەسەر جەستەی منداڵەکەوە دەرکەوتووە، بەجۆرێک تاکۆتایی ژیانی منداڵەکە بەو شوێن بڕین وتەقەڵانەوە دەژی و پێوەیدەمێنێتەوە. لێرەدا میتافۆری دایکەکە قەسابە بریتییەلە دەربڕینێکی سوکایەتیی-ئامێز بە ڕاهێنەرێکی ناشایستە. دەربڕینی میتافۆری (دایکەکە قەسابە) فەزای ئەزموونیی قەسابی و دایک چالاک دەکات، دوو فەزاکە بە شێوەیەکی سستماتیکی و لە پلەیەکی بەرزدا تێکەڵاوییان پێکەوە نییە. ئەو دەستەواژەیەی فەزای سەرچاوەی قەسابیی دەبەستێتەوە بە فەزای مەبەستی دایکەوە، بریتیی نییە لە بەڵگەهێنانەوەیەکی زمانەوانیی میتافۆرێکی چەمکییانەی گەمارۆدراو، نموونە (دایکەکان قەسابن). میتافۆر کەرەستەیەکە بۆ کۆتاییەکی دەربڕدراو، واتایەکی پێشبینیکراو و جێگیری نییە پەیوەست نەبێت بە بەکارهێنانی عادەتییانەی خۆیەوە. دەربڕەکە ویستی هەیە ناوەڕۆکی هەندێک بیر هاوبەشیی پێبکات لەگەڵ وەرگرێکدا، بە ڕێگایەکی ئاڵوگۆڕی سیمیۆتیکییانە.

بەمجۆرە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دەربڕینەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی میتافۆرییە، چونکە دەزانین دەربڕینێکە سەبارەت بە دایکێکی پەیوەندییدار بە منداڵێکی ترساوەوە. دۆخەکە دەوروبەرێکی گونجاو دینێتەئاراوە بۆ دەورەدانی دایکەکە وەک لایەنێک خەریکی پەروەردەکردنی منداڵێک بێت (بەشێوەیەکی پیشەییانە)، لەسەر حسابی تەواوی ڕێگا گونجاوەکانی دیکەی وێناکردنی دایکەکە. بۆیە ئاشکرایە بەهۆی دەوروبەری دەربڕدراوەکەوە، کە مەبەستی میتافۆرەکە پۆلێنکردنی دایکەکە نییە، بەڵکو زیاتر بۆ دەربڕینی بۆچوونێکە سەبارەت بەو دایکە. ئەو دۆخی هەڵسەنگاندنە لەڕێگەی نیشاندانی وەسفیی وێنەییەوە زیاتر بەرجەستەدەکرێت و بە ئاشکرا شوێنگۆڕکێیەکی میتافۆرییانەی پێوەدیارە (کاتێک دایکەکە بەوە دێتەپێشچاو کە قەساب بێت).

لە خوارەوە شیکاریی و گریمانەی میتافۆری دایکەکە قەسابە خراوەتەڕوو:

لە سیناریۆیەکدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، قسەکەر منداڵێکە بەم دوواییانە لەلایەن دایکییەوە ڕووبەڕووی ئازاردان و لێدان بووەتەوە، لە ئەنجامی ئەم کارە شوێنی برین و تەقەڵ بەسەر جەستەی منداڵەکەوە بە ئاشکرا دیارە، هەربۆیە منداڵەکە بەوە دڵخۆش نەبوو کە کەسی دیکە شوێنی ئەم برین و تەقەڵانە ببینێت، لەکاتێکدا لە قوتابخانە بۆ وانەیەکی وەرزش خەریکی لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەت بە وانەکە دەبێت، خوێندکارە هاوڕێکانی کاتێک چاویان بە شوێن برینەکە دەکەوێت سەریانسوڕدەمینێت، لە ئەنجامدا منداڵەکە ئەو نارەزایەتییە لەبەرخۆیەوە دەردەبڕێت و لە نارەحەتییەکی زۆرەوە دەڵێت (ئەم دایکەی من قەسابە). مامۆستای وانەکەی ئەم دەربڕینەی وا وەرگرت، کە ئەم منداڵە هەستیکردووە دایکەکەی دەبوایە وریابووایە لە پەروەردەکردن و لێدانی منداڵەکەیدا، چونکە ئیتر ئەو منداڵە دەبێت بۆ هەموو ژیانی بەو جێبرینە دیارەوە بژی، کە هەرکەسێک بە ڕووتیی ببینێت، ئەوا بە ئاسانی شوێن برینەکە دەبینێت. لێرەدا مامۆستاکەی بەهۆی بوونی بەهرەیەکی باش تیایدا گرنگیدا بە بابەتەکە و وای نیشاندا و دڵنیاییدایە منداڵەکە، کە لە سەیرکردنی تێرناخوات و بە دەربڕینی وشە و دەستەواژەی خۆشەویستییەوە دڵیدایەوە. بێگومان لێکدانەوەی گوێگر/ مامۆستا لێرەدا بۆ دەستەواژە دەربڕاوەکە وەک دڵدانەوەیەک، پشتدەبەستێت بە یەکەمین تێگەیشتن لە دەربڕینەکە وەک پێشینەیەکی هەڵسەنگاندن، کە لە بەرامبەردا لەلایەن چوارچێوەی دەوروبەری تێکردەکانەوە دەستنیشانکراوە. کەواتە گوێگر لە دەستەواژەکە تێگەیشتووە، کە (قەساب) پێشنیازکراوە بۆ (ئەم دایکە). لێکدانەوە و تێگەیشتن لەم قۆناغەدا پێویستی بە هاوسێیی وشەکان و کارامەیی سینتاکس لە ڕستەکەدا هەیە، کە پێشنیازکردنەکە میتافۆرییە، هەروەها لە چ ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە ئەم دایکە قەسابە، دواتریش ئەو هەڵسەنگاندنەی پشت بەم ئاوێتەیە دەبەستێت، لەتەکیشیدا ئایا چ

دەرکەوتەیەکی پراگماتیکی سەرهەڵدەدات؟ لەگەڵ پێدانی واتای هەڵهێنجراو بە ئاوێتەکە و ئەو بارودۆخەی وادەکات گفتوگۆکە تایبەتمەندبکرێت و ڕوووبدات.

خەملاندنی قسەکەر بۆ شوێنبرینێک ئەوە یەکلایی دەکاتەوە بۆ گوێگرەکە یان وەرگرەکە، کە نیاز و ویستی قسەکەر بۆئەوە نییە دایکەکە پۆلێنبکاتەوە یان سەرنج و تیشک بخاتە سەر خولیایەکی ئەو. ئەو ئاوێتەیەی لەڕێگەیەوە دوو دەستنیشانکردنی کەتەگۆرییانە پێکەوە دەبنە یەک ئایتم، میتافۆرییە، تەنها زۆر بەسادەیی ئەگەر هاتوو ئەوەی دەرنەبڕی، کە ئەو ئایتمە پێویستی بە پۆلێنکردنەوە هەیە (ئەمە پێیشی دەوترێت دایک، لەڕاستیدا دایکێک نییە بەڵکو قەسابێکە)، یان کاتێک لە هەردوو بارەکەدا دەبێت پۆلێنبکرێتەوە (ئەم دایکە شارەزایی لە دوو بواردا هەیە، قەسابیشە).

لە میتافۆری (دایکەکە قەسابە)دا و پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردییەوە، ناتوانرێت ئەم دابڕینە بەسەر هەموو دایکێکدا بەشێوەیەکی ڕەهایی بکەین، بەڵکو ڕێژەیەکی کەمیش بەر ئەم دابڕینە دەکەوێت، بەدیوێکی دیکەیشدا ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی گشتییانە نییە بۆ کاتەگۆریی قەسابیش، واتە کاتەگۆریی قەساب بەگشتیی بریتیی نییە لە کاتەگۆریی خەڵکێکی دڵڕەق و بێبەزەیی، بەجۆرێک ناکرێت قەساب لە خانەوادەی ئەو جۆرە کارمەندانە پۆلێنبکرێت، کە دڵڕەق و بێتوانان و بەئاشکرا پیشەکەی خۆیان ناشرین دەکەن. دەشێت لەو ڕێگایەوە کە بەگشتییکردنی (قەساب) بەشێوەیەکی میتافۆرییانە بەکارهاتبێت، واتایەکی نەرێنییانە دەگەیەنێت، لێرەشدا ئەو پرسیارە چێدەبێت، کە ئایا دانەپاڵی قەساب هەمیشە وێنەی بابەتی مەبەستی میتافۆرەکە وەک ئیهمال و دڵڕەق.. تاد دەخاتەڕوو؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بڕوانە نموونەکانی (٥٣ و ٥٤):

٥٣. خۆشەویستەکەی وەک قەسابێک هەموو خەونەکانی لەسەر ڕێدا سەربڕی.

٥٤. پیاوە نووسەرەکە لەپێناو ماددەدا قەڵەمەکەی خۆی سەربڕیوە.

وەک باسکرا میتافۆری قەساب لە نموونەی (دایکەکە قەسابە)، دایکەکەی بەچەمککردووە بەوەی ڕەفتارەکەی ناپیشەییانەیە (ئیتر پەیوەندیی بە شارەزاییەوە هەبێت یان نا)، بەڵام واتاکان لە نموونەکانی (٥٣ و ٥٤)دا، نزیکن لە واتای نموونەی دایکەکە قەسابە. هەرچەندە فۆرمێکی چالاکتری ڕێکخراو جێبەجێکراوە، توندڕەوی چالاکانەتر و ئارەزوومەندانەترە لە دایکە قەسابەکە، واتە دایکەکە بەپێویستییەوە لە دڵڕەقیی نەڕوانیوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناشایستە و دوور لە ڕاهێنانی پیشەییانەی خۆی بەو هەڵەدا چووە.

یەکێک لەو کێشە گرنگانەی ڕووبەڕووی تیۆری ئاوێتە دەبێتەوە بۆ میتافۆر، ئەوەیە کە لە ڕاستییدا مەبەستی  قسەکەر بەشێوەیەکی جددی لەبەرچاو ناگیرێت، ئەوە بەهەندوەرناگیرێت، کە دەکرێت تاکە میتافۆرێکی وەک (ڕێبەرەکەمان/ قاچاخچییەکەمان قرشە)، دەکرێت بۆ گەیاندنی کۆمەڵێک واتا بەکاربهێنرێت لە بارودۆخی جیاوازدا. هەر ئەمەشە وایکردووە کە گوێگر ئاوێتەیەکی جیاواز دەئافرێنێت لە هەموو دۆخێکدا. "ئەوە ڕوون نییە کە ئەمە چۆن ئەنجامدەدرێت. لەبەرئەوەی زیادکردنی کۆزانیاریی لە فەزای تێکردەوە بۆناو فەزای ئاوێتە بۆئەوە ئەنجامدەدرێت پشتببەستێت بە لێکچوونە بنیاتییەکانی نێوان فەزاکان و بەدوای ئەوەدا ناگەڕێت ویستی قسەکەری تێدا بناسێتەوە". (Vega. M., 2007:81). لەگەڵئەمەشدا و سەرەڕای سودەکانی هەنگاوە مۆدێرنەکانی درکپێکردن بۆ میتافۆر "کێشەیەکی باو هەیە بۆ تەواوی ئەم هەنگاوانە، کە بریتییەلە کەمیی میکانیزمی بەڵگەی پڕاگماتیکیی پێویست بۆ ڕێنماییکردنی پرۆسەی شیکردنەوە و بۆ حسابکردن بۆ دانەپاڵی کەرەستەکان و شیتەڵکردنی ئەو کەرەستە شیکارییانەی لە لێکدانەوەی میتافۆرێکدا ڕوودەدەن". (سەرچاوەی پێشوو: ٨٥).

هەروەها کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنیی بۆ تیۆری ئاوێتە لەلایەن فاوکۆنیەر و تیونەر (١٩٩٨) خراونەتەڕوو، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئاوێتە کەی و چۆن لەکاریگەرترین ئاستیدا دەبینرێت؟ لایەنە ئەرێنییەکان بەم تەرزانە باسکراون:

**١. گرێدان و یەکخستن/ لەحیمکردن Integration**

دەبێت بۆ هەر ئاوێتەیەک سیناریۆیەک یان زیاتر دروستبکرێت هەروەک لە نموونەی (دایکەکە قەسابە دروستکرا)، کە پێویستە دیمەنێکی یەکخراوی زۆرباش لەخۆبگرێت.

**٢. تۆڕ/ تەون Web**

مەرجە پەیوەندیی نێوان ئاوێتە و تێکردەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بێت و پارێزگاریی لێبکرێت "دەبێت پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئاوێتەکە و تێکردەکان بەدەستبهێنرێت، بەجۆرێک ڕووداوێک لە یەکێک لەفەزاکانی تێکردەدا، بەنموونە، لەشێوەی ڕووداوێکی هاوشێوەی نێو ئاوێتەکە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت". (Oakley, T. & Coulson, S., 2021:108)

**٣. دەرهێنان/ جیاکردنەوە Unpacking**

لەکاتی هەبوونی ئاوێتەکەدا، پێویستە کارێکی ئاسان بێت سەرلەنوێ جیاکردنەوەی تێکردەکان و بنیاتنانەوەی تۆڕی پەیوەندییەکانیان کارێکی گران نەبێت، هەروەها دەبێت تێکەڵکردنەکە توانا بە مێشک ببەخشێت و ئاوێتەکردنەکە ڕووبدات.

**٤. جوگرافیاناسی/ شوێنناسی Topology**

دەبێت پێکهاتەکانی ناو ئاوێتەکە لەهەمان جۆری پەیوەندییدا بەشداربن، بەچەشنێک پەیکاڵبن بە تێکردەکانیانەوە، واتە هاوشان و هاوبەشبن لە تێکردەکانیاندا. بەجۆرێکی تر؛ دەبێت میتافۆرەکە پەیکاڵی تێکردەکان بێت.

**٥. ئەنجامی باش/ هۆکاری باش Good Reason**

مەرجە هەر پێکهاتەیەک کە لەئەنجامی تێکەڵکردنی پێکهاتەکانەوە لە تێکردەکەدا دەردەکەوێت، ماناداربێت و واتای تەواوی هەبێت. واتە ئەو ئەنجامانەی کە پەیدادەبن دەبێت ماناداربن.

## ٥/٢. جیاوازییە گشتییەکانی نێوان تیۆری میتافۆری چەمکیی و ئاوێتە

پاش ناساندن و شیکردنەوەی هەر دوو تیۆرییەکە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا، بەگرنگزانرا جیاوازییەکانیشیان دەربخرێن و بخرێنەڕوو:

زمان و دروستەی چەمکیی لە مەودای (سەرچاوە)ی بینیندا بۆ وێناکردنی دۆخێک لە مەودای (مەبەست)ی کۆزانین و تێگەیشتندا بەکاردەهێنرێت، توخمە تایبەتەکانی مەودای سەرچاوە و مەبەست بەهۆی بەستنەوەی لە زمانی سەرچاوەی بەکارهێنراو، بڕوانە دەربڕاوی (لیژنەکە لەسەر ئەم بابەتە منی ***لە تاریکیدا*** هێشتووەتەوە) و میتافۆری چەمکیی پەیوەندیدار هەڵدەبژێرێن، نەخشەی هزری - کە پێدەچێت وەک دروستەیەکی کۆزانیاریی لە یادگەی درێژخایەندا هەڵبگیرێت- پێماندەڵێت چۆن توخمەکانی ناو دوو مەوداکە لەگەڵ یەکتردا ڕیزدەبن. لەم میتافۆرەدا (لە تاریکیدا) دروستەی کۆزانیاریی، کە پەیوەندییان بە بینینەوە هەیە، لەگەڵ دروستەیەکی تایبەت بە کۆزانیاریی و هۆشیاریی، خراونەتەکیەکەوە، ئەمەش ئەو تێگەیشتنە دەدات، کە نەخشەکە بنەدار یان پرانسیپڵە، لێرەوە دۆخی (نەزانین) پەیوەست بە تاریکیی و هەروەها بارودۆخی دیکە، کە ڕێگری لە بینین دەکەن دەکرێتەوە. لەڕاستییدا بەهۆی نەخشەی گشتیی نێوان تێگەیشتنی بینراو و چالاکیی هزری، بەنزیکەیی هەر چەمکێک، کە پەیوەندیی بە ئەزموونی بینینەوە هەبێت، ئەگەری زۆرە هاوتایەکی ڕوونی لە کایەی کۆزانیاریی و بیرۆکەکاندا هەبێت، ئێمە بە ئاسانی لە ڕستەیەکی ڕۆمانسی وەک "پێویستت بە وردبینی ئەلیکترۆنی دەبێت بۆ دۆزینەوەی خاڵی ئەم بابەتە" تێدەگەین- هەر بۆیە میتافۆری چەمکیی ئەو میکانیزمەیە، ئێمە بەهۆیەوە ئەم جۆرە ئاماژانە لێکدەدەینەوە.

بەپێچەوانەوە لە تیۆری میتافۆری ئاوێتەدا، یەکەی بنەڕەتی (ڕێکخستنی درکپێکردن) مەودا نییە، بەڵکو"فەزای ئاوەزییە"، نواندنی دروستەیەکی بەشەکی و کاتییە، کە ئاخێوەران لەکاتی بیرکردنەوە یان قسەکردن لەسەر ڕابوردوویەکی هەستپێکراو، ئەندێشەکراو، ڕابوردوو، ئێستا، یان داهاتوو، دروستیدەکەن.

فەزای ئاوەزی هاوتای مەوداکان نین، بەڵکو زیاتر وابەستە یاخود پەیوەستن بە مەوداکانەوە: فەزاکان سیناریۆی دیاریکراو دەنوێنن، کە بەپێی مەودا دیاریکراوەکان پێکدەهێنرێن. بۆ نموونە، حسابێکی تیۆری ئاوێتە لە نموونەی (لیژنەکە لەسەر ئەم بابەتە منی ***لە تاریکیدا*** هێشتووەتەوە.) فەزایەک دەگرێتەوە، کە بکەرەکە لە تاریکیدا تێیدا وەستاوە، لەکاتێکدا ئەم نوێنەرایەتییە سەرنجی کۆزانیارییەکان لەبارەی ئەزموونی بینراوەوە ڕادەکێشێت، پێکهاتەی وەرگیراو تەنیا کۆڵەکەیەکی بچووکی کۆزانیاریی ئەو مەودایەیە، بە کورتی؛ فەزای ئاوەزیی بنیاتێکی کورتخایەنە، کە لەلایەن دروستەی کۆزانیاریی گشتیی و دروستەی کۆزانیاریی گونجاو بە مەودای دیاریکراوەوە پەیوەستدەکرێتەوە.

لەکاتێکدا شرۆڤەکانی تیۆری چەمکیی میتافۆر نەخشەسازی لەنێوان دوو پێکهاتەی چەمکیی ورد لەخۆدەگرن، تیۆری ئاوێتە؛ بەشێوەیەکی گشتیی لە مۆدێلێکی چوار فەزایی کەڵکوەردەگرێت. ئەم فەزایانە دوو بۆشایی (تێکردە) لەخۆدەگرن، کە لە دۆخێکی مێتافۆریدا، پەیوەستن بە سەرچاوە و مەبەستی  تیۆری ئاوێتەی چەمکییەوە، لەگەڵ (فەزای گشتیی)، نوێنەرایەتی پێکهاتەی چەمکیی دەکات، کە لەلایەن هەردوو تێکردە هاوبەشەکەوە (فەزای ئاوێتە)، کە تێیدا ماددە لە کۆزانیارییەکانی تێکردەدا کۆدەبێتەوە و کارلێکدەکات. حسابێکی BT لە نموونەی (لیژنەکە لەسەر ئەم بابەتە منی ***لە تاریکیدا*** هێشتووەتەوە) ئەم فەزایانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت: فەزای تێکردەکە، کە نەخشە لەسەر مەودای بینین دەکێشێت، کە تێیدا کەسێک (A) بە تاریکی دەورەدراوە؛ فەزایەکی دیکەی تێکردەکە، سوود لە مەودای چالاکیی فیکری وەردەگرێت، کە تێیدا لیژنەیەک کۆزانیارییەکانی لە تاکێک (A) ڕاگرتووە؛ نەخشەکێشانێک لەنێوان ئەم بۆشاییانەدا، کە دیاریدەکات A و A وەک یەک کەس وەربگیرێن، بەجۆرێک بێتوانایی کەسەکە لە بینین هاوتایە لەگەڵ بێئاگابوون و تاد. فەزای گشتیی ئەو ماددە هاوبەشەی تێدایە، کە دوو کۆزانیارییەکە هاوبەشن، بەنزیکەیی، (کەسێک کە دەستی بە هاندەرێکی دیاریکراو نەگات)، فەزای ئاوێتە، کە تێیدا لیژنەیەک دەبێتەهۆی ئەوەی تاکێک لە تاریکیدا بمێنێتەوە.

لە مۆدێلی چوار فەزادا، ماددە لە هەردوو فەزای سەرچاوە و مەبەستەوە بۆ ئاوێتەکە پرۆژەدەکرێت. ئەم ڕێکخستنە لەگەڵ پێشبینیکردنی سادە و یەک ئاڕاستەیی جیاوازە، کە لەلایەن تیۆری چەمکیی ئاوێتەوە دانراوە، تێیدا نەخشەکە لە سەرچاوەیەکەوە بۆ مەبەستێکی ترە، ئەوەش

دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، هەریەکە لە تێکردەکان لە مۆدێلی چوار فەزایدا خاوەنی مەودای مەبەست و سەرچاوەی تایبەت بەخۆیانن. هەر ئەمەشە وایکردووە مۆدێلێکی تەواو نوێ و جیاواز و ئاڵۆز پێشکەشبکات. "یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکان بۆ تیۆری ئاوێتە، بەپێی لایەنگرانی، ئەوەیە، مۆدێلی چوار فەزایی دەتوانێت حساب بۆ ئەو دیاردانە بکات، کە بە ڕوونی لەلایەن میکانیزمەکانی مۆدێلی دوو مەوداوە چارەسەرناکرێت". (Oakley, T. & Coulson, S., 2021:103). وەک ئەو دەربڕاوە میتافۆرییەی پێشتر هێنرایەوە:( ئەم پزیشکە نەشتەرگەرە قەسابە)، مەبەست لێی وەک لێدوانێکی نەفرەتلێکراوانە سەبارەت بە پزیشکێکی ناکارامە لە سەرەتادا، ڕەنگە وا دەرکەوێت میتافۆرەکە لە ڕووی پێشبینیکردنی ڕاستەوخۆ لە ناوچەی سەرچاوەی قەسابەوە بۆ ناوچەی مەبەستی نەشتەرگەری ڕوونبکرێتەوە، کە بە زنجیرەیەک نەخشەی هاوتای جێگیر ڕێنماییدەکرێت: (قەساب) لەسەر (پزیشکی نەشتەرگەری)، هەروەها (ئاژەڵ) وەک (گا) نەخشە لەسەر (مرۆڤ) دەکات؛ (کالا) لەسەر (نەخۆش)، (تەورزن/ چەقۆی قەساب) لەسەر (نەشتەر/ چەقۆی نەشتەرگەری) و... تاد. بەڵام ئەم شیکارییە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان مەوداکان، ناتوانێت خۆی توخمێکی چارەنووسساز لە واتای دەستەواژەکە ڕوونبکاتەوە: پزیشکی نەشتەرگەری بێتوانایە. قەساب، هەرچەندە لە پزیشکی نەشتەرگەری کەمتر بەناوبانگە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی لێهاتووە لەو کارەی دەیکات و لەوانەیە ڕێزی زۆری لێبگیرێت. لێرەدا چەمکیی (بێتوانایی) لە سەرچاوەیەکەوە بۆ ئامانجێکی تر پێشبینیناکرێت.

گفتوگۆکان لەسەر تیۆری ئاوێتەی باو دەستیانخستووەتە سەر هەندێک خاڵی پەیوەندیدار، بۆ نموونە، لاکۆف و تیونەر، باس لە سەرچاوەی کەسێتی مردن دەکەن، (بۆچی دروێنەکار خەمبارە؟) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەرج نییە دروێنەکارە ڕاستەقینەکان خەمباربن، هەروەک چۆن قەسابەکان مەرج نییە بێتوانا بن، وەڵامەکەیان لە بەشێکدا ئەوەیە، کە (ئەو ڕێگەیەی ئێمە دەربارەی دەرکەوتن و کارەکتەری کەسایەتیکردنەکە هەستیپێدەکەین، دەبێت لەگەڵ شێوازی هەستکردنمان بە ڕووداوەکە بگونجێت)، ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی خۆڕسکی ڕەزامەندانەیە بۆ تاریکی دروێنەکار، بەڵام وەک لاکۆف و تیونەر ئاماژەیپێدەکەن، هۆکاری سەربەخۆ هەیە، کە بۆچی مردن وەک دروێنەکارێک لە پلەی یەکەمدا کەسایەتی پێدەدرێت، هەروەک بەچەمککردنی میتافۆری سوڕی ژیانی مرۆڤ وەک سوڕی ژیانی ڕووەکێک.

ناکرێت هەمان ئەو لۆژیکەی باسکرا بۆ دۆخی قەسابێکی ناکارامە بەکاربهێنرێت، لێرەدا ئەو پرسیارەدەکرێت، بۆچی قەسابێک وەک وێنەیەکی سەرچاوەی گونجاو، بۆ پزیشکی نەشتەرگەری هەڵدەبژێرێت، هەروەها چۆن ئەو هەڵبژاردنە خۆی–لە–خۆیدا بەبێئەوەی پێویستمان بە دیاریکردنی قەسابێکی خراپ، یان گەیاندنی چەمکی بێتوانایی دەکرێت؟ وەڵامی خۆڕسکی ئەوەیە، کە

هەڵبژاردنی وێنەی سەرچاوە، بۆ لێکدانەوەی ڕستەکە، بەشێکی پەیوەستە بە جیاوازی نێوان پزیشکانی نەشتەرگەری و قەسابەکانەوە؛ ئەمە هۆکارێکە کە میکانیزمەکانی تیۆری چەمکیی ئاوێتە ناتوانن ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ببنەوە.

مۆدێلی تیۆری ئاوێتە بەمشێوەیە ئەنجامدانی بێتوانایی دەخاتەڕوو: یەکەم، ئاوێتەکە هەندێک دروستەی هەریەک لە تێکردوەکان بە میرات دەگرێت، لە (فەزای تێکردەی مەبەستەوە)، کە لەلایەن مەودای نەشتەرگەرییەوە پێکهێنراوە، توخمگەلێکی وەک ناسنامەی کەسێکی دیاریکراو، کە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت (واتە قسەکەر)، ناسنامەی تاکێکی دیکە، کە نەشتەرگەرییەکە ئەنجامدەدات، ڕەنگە وردەکارییەکانی نەشتەرگەرییەکە لە ژووی نەشتەرگەریدا بە میراتبگیرێت، لە فەزای تێکردەی سەرچاوەوە، کە سوود لە مەودای قەساب وەردەگرێت، ڕۆڵی (قەساب) و چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە میراتدەگرێت، دوو فەزای تێکردە هەندێک پێکهاتەی هاوبەشیان هەیە، کە لە فەزای گشتییدا دەنوێنرێت، تێیدا کەسێک ئامێرێکی تیژ بەکاردەهێنێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارێک لەسەر هەندێک بوونەوەری دیکە. جگەلە میراتگرتنی دروستەی بەشەکی لە هەر فەزایەکی تێکردەدا، ئاوێتەکە ناوەڕۆکی (دەرکەوتن emergent)ی، تایبەت بە خۆی پەرەپێدەدات، کە لە ئەنجامی یەکتر جێگیرکردنی توخمەکان لە تێکردەکاندا دێتەئاراوە، بەتایبەتی، فەزای قەسابخانە پەیوەندییەکی ئامراز-کۆتایی پڕۆژەسازدەکات، کە لەگەڵ پەیوەندیی ئامراز-کۆتایی لە فەزای نەشتەرگەریدا ناگونجێت، بۆ نموونە؛ لە قەسابخانەدا ئامانجی ڕێکارەکە کوشتنی ئاژەڵەکە و دواتر بڕینی گۆشتەکەو جیاکردنەوەیەتی لە ئێسکەکانی، لە بەرامبەردا ئامانجی پێشوەختە لە نەشتەرگەریدا چاککردنەوەی نەخۆشە، لە فەزای ئاوێتەدا، ئامرازەکانی قەسابیکردن لەگەڵ کۆتاییەکان و تاکەکان و چوارچێوەی نەشتەرگەری فەزای نەشتەرگەرییەکە ئاوێتەکراون، ناتەبایی ئامرازەکانی قەساب لەگەڵ کۆتاییەکانی پزیشکی نەشتەرگەریدا دەبێتەهۆی ئەنجامێکی ناوەندی، بەجۆرێک کە قەسابەکە بێتوانایە، ئەم تایبەتمەندییە (بێتوانایی-دەرکەوتەی تێکەڵەکە) ناتوانرێت بەو شێوەیە بە ڕوونی لەناو شیکارییەکی شێوازی تیۆری چەمکیی میتافۆردا ببینرێت، کە سەرنجدەخاتە سەر پەیوەنداریێتی و پێشبینییەکان لە سەرچاوەیەکەوە بۆ مەبەستێکی تر.

لە بەراوردکردنی هەردوو تیۆرییەکەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، تێڕوانینی ئاڕاستەیی لە تیۆری میتافۆری چەمکییانەی سەرچاوە و مەبەست، لە تیۆری ئاوێتەدا شوێنیان گۆڕدراوە بە تێڕوانینی نائاڕاستەیی، کە لەمەی دووەمیاندا زیادکردنەکە لە ژمارەیەک تێکردەوە دەڕوات، بەلایەنی کەمەوە دوو تێکردە بەرەو ئاوێتەکە، هەندێک کاتیش بەپێچەوانەوە دەگونجێت لە ئاوێتەکەوە بگەڕێتەوە بۆ یەکێک یان زیاتری تێکردەکە. ”تیۆری میتافۆری چەمکییانە دەکەوێتە ژێر باری ئەو شیکردنەوە ڕەخنەییەی، کە سەرسامە بەو دەستەواژانەی تەنها وەک داتایەک بەردەستن

له هەڵدانەوەی پەردە لەسەر چەمکە میتافۆرییەکان. ئەمە لەکاتێکدا تیۆری ئاوێتە بەبێ نکۆڵییکردن زیاتر بەو ئاڕاستەیە دەڕوات و ڕوویکردووەتە شیکردنەوەکانی واتای دەستەواژە". (Brandt, line, 2014: 2).

تیۆری میتافۆری ئاوێتە، مەرج نییە بەتەنها لەچوارچێوەی نموونە زمانییەکاندا هەبێت، لێرەدا و پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەوە، ئەوە دەخرێتەڕوو، چۆن لەناو دەقە شیعرییەکانیشدا چێدەبێت و لەسەر بنەمای هەمان ڕاستییە شیکارییەکان، کە پێشتر بۆ تیۆری میتافۆری ئاوێتە خرانەڕوو، لەم بارەیەوە بڕوانە (٥٥):

٥٥. "دڵم لە شەقامێکدا بینی

جانتایەکی پڕ دووکەڵی بەشانەوە بوو

گوتم ئەی ڕێبوارە بێ خەونەکە بۆ کوێ؟

گوتی بۆ شوێنێک ناونەنرابێ نیشتیمان!"

(هەڵمەت، لەتیف، ٢٠٠٩: ٥٤)

لە نموونەکەی سەرەوەدا هەریەکە لە (دڵ، جانتای پڕ دووکەڵ، ڕێبواری بێ خەون و بێ نیشتیمان) تێکردەن، هەریەکە لە تێکردەکان فەزای تایبەت بە خۆیان هەیە لەهەمانکاتدا وەک خاڵی بەهێزی درککردن و دۆزینەوەی میتافۆرە ئاوێتەکەی درک بە پەیوەندیی هاوبەش و جیاواز و پێکەوەیی تێکردەکان دەکرێت. بەمجۆرەش پاش وردبوونەوە لە شیعرەکە و سەرنجدان لە تێکردەکانی ناو پێکهاتەکە، میتافۆرە ئاوێتەکە دیار و دەستنیشاندەکرێت، کە بریتییەلە (بێ نیشتیمانیی بێ خەونییە/ گەر بێ نیشتیمان بیت خەونیشت نابێت)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات ئەو ڕێبوارانەی خاوەنی خەونن و خەونیان هەیە، لەهەمانکاتدا نیشتیمانیشیان هەیە و لە چوارچێوەی ئەو نیشتیمانەدا خەونەکەیان دەهێننەدی. بە بەیانێکی سادەتر؛ نیشتیمان جێگەیەکە بۆ هێنانەدی خەونی ڕێبوارانی. لە هەمووشی گرنگتر هەموو تێکردەکانی نێو دەقە شیعرییەکە لەکاتی لێکدان و تێکەڵکردن و کارلێککردنیاندا میتافۆرێکی ئاوێتەی مانادار و پڕمانایان لێ بەرهەمهاتووە، گەر وا نەبووایە و ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە نەخرابایەتەڕوو، هەرگیز نەدەتوانرا میتافۆری ئاوێتەی (بێ نیشتیمانی بێ خەونییە)، دەرببڕدرێت.

# بەشی سێیەم
# چەمکی کات بەپێی تیۆری ئاوێتەکردن لە کۆدە شیعرییەکاندا

## ١/٣. چەمکی کات

لەڕاستییدا چەمکی کات لەهەموو زمانەکانی دنیادا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە، دەبینین ئەم چەمکە ئاڵۆزە بەدرێژایی سەدەکانی ڕابوردوو هزر و بیریی زانایان و فەیلەسوفەکانی بەخۆیەوە خەریککردووە. ڕەنگە تووشی جۆرێک لە سەرسوڕمان ببین، لە کاتێکدا ئەو ڕاستییە زانراوە، کە ئێمەی مرۆڤ تا ئێستا بەتەواوی نازانین، کات چییە و چۆن هاتووە و لەکەیەوە دەستییپێکردووە و دروستبووە. بەگوزارەیەکیتر؛ تا ئێستا پەسنێکی یەکگرتوو و تێروتەسەل نییە بۆ ئەم چەمکە ئاڵۆزە، هەر زانا و فەیلەسوف و شارەزایەک، لە مێژەوە تا هەنووکە بە جۆر و تێڕوانینی جیاواز پێناسەی کاتیان کردووە. بەمجۆرە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە تێگەیشتن لە کات هەروا شتێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا ئەگەر تێبفکرین و هزراندنی بۆ بکرێت، ئەوا ڕەنگە گەر لە خۆشی تێنەگەین، شتانێکی تری درکبکرێت و هەندێک لە خاسییەت و نیشانەکانی چنگبخرێت، ئالێرەدا پێویستە وردتر و فزوڵیانەتر وردببینەوە لەبارەی ئەم چەمکەوە، لێرەشەوە ویستی زانستخوازی وا دەخوازێت، لە ڕوانگەی ژیرییەوە هاوشێوەی ئەو منداڵە فزوڵبین، کە یارییەکی میکانۆی لەبەردەستدایە و بەو یارییانە خانوویەک دروستکراوە، منداڵەکە دێت و دووبارە خانووەکە پارچە پارچەدەکاتەوە و خواستێتی بزانێت پارچەکانی ئەم خانووە، کە لە بنەڕەتدا پارچەی یارییە میکانۆکانێتی چین و لە چ شتێک پێکهاتوون، لێرەدا منداڵەکە لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی پارچەکانی یارییەکە دەگات بە پێکهاتەی کارە گەورەکە، یاخود پێکهاتەکانی کارە گەورەکەی، کە خانووەکەیە دەستدەکەوێت. ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت ئەو پارچانەی کاتی لێدروستبووە بیاندۆزێتەوە و درکیان بکات و شیکارییان بکات، ئەوا تێگەیشتنیشی بۆ کات بە شێوەیەکی تەواو نابێت.

بەشێوەیەکی گشتیی کات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆییدا، وەک ئامرازێک بەردەوام پەیوەستە بە ژیانکردنەوە و بەکاردەهێنرێت، هەربۆیە هەست بە تێپەڕبوونی دەکرێت، هەروەک دیاردەکانی شەو و ڕۆژ، وەرزەکان، شکانی گۆزەیەک کە ناگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی پێش شکاندنەکەی، تێپەڕبوونی تەمەن... تاد، بەڵام هێشتا هەموو ئەمانەش لەو پرسیارە جەوهەرییە نزیکمان ناکاتەوە، کە ئایا خودی کات چییە؟

زۆربەی جارەکان وەک ڕەهەندی چوارەم ناودەبرێت، لەپاڵ سێ ڕەهەندەکەی تر لە بۆشاییدا، واتە بەرزیی و درێژیی و پانیی، بەمجۆرەش ئەوە دەردەکەوێت، چەمکی کات هەڵگری پێناسەیەک نییە کە هەموو بوارەکانی فەلسەفە و زانست و دین و... تاد، لەخۆیدا هەڵگرتبێت، واتە دوورە لەوەها ناساندنێکەوە، کە بەر دڵی هەموو بوارەکان بکەوێت. "بێگومان هەریەکە لە ئێمە دەزانین (کات) چییە، بەڵام ئەوەی کە نازانین ئەوەیە کە چۆن پێناسەیبکەین و لەڕوانگەی زانستییەوە زۆربەمان نازانین (کات) چییە". ( ئیبراهیم، گۆران، ٢٠١٥: ٢٩). هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا،

بەمجۆرە پێناسەی کات کراوە: "بریتییە لە حاڵەتێک کاتێک تۆ کارێکی تێدا ئەنجامدەدەیت، یان شتێک بەسەرتدا ڕوودەدات". (oxford, 2005: 1362).

کات وەک چەمک بەتەواوی گرێدراوی مێشک و تێگەیشتنی مرۆڤە، هەربۆیە هەستەکان و لێکدانەوەی مێشک ڕۆڵدەبینن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی کات. هاوشێوەی ئەوەی لای جۆن لۆک بەدیدەکرێت. لای ئەو کات جگە لەڕێکخستن و ڕیزکردنی چوونە ژوورەوەی بیر/ فیکر بۆ ناو مێشک، یان ڕیزیی ئەو بیرانەی لە حاڵەتی لێکدانەوە دروستدەبن، هیچیتر نییە. واتە لە ئەنجامی چوونە ژوورەوەی ڕیزێک بیر بۆ ناو مێشک یان ئەو بیرانەی، کە لە ناو خودی مێشکدا دروستدەبن، بەهۆی هەستەکانمانەوە درک بەوە دەکرێت، کە تەرتیبییەک ڕوودەدات، ئەو بیرەی پێش هەمووان دێت دەبێتە بیر/ یادگاریی ڕابوردوو(کۆن)، ئەوەشی لە ئێستادایە تەنها ئەو بیرانەن کە ئێستا (بۆ نموونە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانەدا) دەچنە مێشکەوە، داهاتووش ئەو نووسینانەن هێشتا نەخوێنراونەتەوە و دوای ئەم دێڕانە دێن. هەر ئەم ڕیزکردن و تەرتیبییە لەلای جۆن لۆک پێیدەگوترێت کات. لەتێڕوانینێکی تردا لەبارەی چەمکی کاتەوە دەوترێت: "زەمەن چییە؟ زۆر باش دەزانم چییە تا ئەوکاتەی کە کەسێک لێم ناپرسێت، بەڵام هەر کەسێک لێم بپرسێت ئەوە چییە و بۆی ڕوونبکەمەوە، دادەمێنم. بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەگەر هیچ شتێک تێنەپەڕیبایە، زەمەنی داهاتوو وجودی نەدەبوو، گەر ڕووداوێک لەڕێدا نەبووایە، زەمەنی داهاتوو بوونی نەدەبوو". (ستراتێرن، پۆڵ، ٢٠١١: ٣٢). ڕەنگە زۆربەمان هەمان هەستی تێگەیشتنمان بۆ کات هەبێت، لەتەکئەمەشدا، درک بەوەکراوە، کە کات چەند گرنگە بۆ مرۆڤ و دەورووبەر و ئەو ژینگە و جیهانەشی تیایدا دەژی. لە (ابوشیخە، ١٩٩١: ٣٦)ەوە، کات "ئەو مادەیە کە ژیانی لێوە دروستبووە، شتێکی یەکسانە بۆ هەموو کەس بە چاوپۆشی لە هەر تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی تر". لەمڕوانگەیەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کات یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی نێو گەردوون، بۆ ئەوەی لەمەڕ ئەم بابەتە گرنگە زیاتر تێگەیشتنمان هەبێت و قوڵتر ڕۆبچینە ناویەوە و بیناسین، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چەند ڕەهەندێکەوە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت و ڕوونکردنەوەی زیاتری لەبارەوە دەدرێت.

## ١-١/٣. کات لە ڕوانگەی زانستییەوە

ڕوانگەی زانستیی یەکێکە لەو ڕوانگانەی زۆرترین باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەی کاتەوە کردووە، لەگەڵئەمەشدا لەڕووی زانستییەوە تا ئێستا پێناسەیەکی تەواو بۆ کات نییە و بەتەواوی نازانرێت کات چییە. لە زانستدا و بە شێوەیەکی باو کاتێک باس لە کات دەکرێت، یەکسەر بیرمان بۆ لای چرکە و خولەک و هەفتە و مانگ و ساڵ دەچێت، بەڵام لە ڕاستییدا ئەمانە تەنها پێوەرن بۆ خودی کات، ئەوەی هەیە زانست هەندێک لە ئەدگار و خەسڵەتی کاتی درک و دەستنیشانکردووە،

واتە خەسڵەتەکانی کات لەڕووی زانستییەوە زانراوە. بۆ ئەوەی بابەتەکە تێروتەسەلتر بێت و باشتر ڕووی زانستیی کات دەربخرێت، وا پێویستدەکات سەرەتا تێڕوانینی فیزیایی کلاسیک بخرێتەڕوو، لەمڕوانگەیەشەوە یەکەمین پێناسەی کات دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەناوبانگی ئینگلیزیی "ئیسحاق نیوتن"* کاتێک وتی؛ کات سەربەخۆیە و یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی نێو گەردوون. بەمجۆرە لای نیوتن کات ڕەها و سەربەخۆیە و لە گەردوونی دادەبڕێنێت. "بەپێچەوانەی فەزای ڕەهاوە، کاتی ڕەها لەگەڵ قانوونەکانی نیوتندا بەباشی دەگونجێت، ئەمەش بەو جۆرەیە، کە زۆرینەی خەڵک بە ئاگایانە تێڕوانینی هاوبەشیان بۆی هەبێت". (هۆوکینگ، ستیڤن و ملۆدینۆ، لیۆنارد، ٢٠١٦: ٤٧).

لەساڵی ١٩٠٥دا، ئەنیشتاین، تیۆری "ڕێژەیی تایبەت"ی بڵاوکردەوە و سەلماندی، کە کات ڕێژەییە، ئەنیشتاین کاتی لە شتێکی ڕەهاوە کرد بە شتێکی ڕێژەیی. تیۆری ڕێژەیی تایبەت لەبارەی ئەو تەنانەوەیە، کە بەخێراییەکی جێگیر لەسەر هێڵێکی ڕاست دەجوڵێن، لەگەڵیشیدا ڕەفتاری ئەو تەنانە لەگەل یەکتردا لێکدەداتەوە. لە ساڵی ١٩١٥داو جارێکیتر ئەنیشتاین تیۆرییەکی نوێ و کاریگەرتری پێشکەشکرد، بە ناوی "ڕێژەیی گشتیی"**. گریمانەی سەرەکی ئەم تیۆرییە


---

* کاتێکیش نیوتن یاساکانی جوڵەی داهێنا، کاتی وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی و گرنگ خستە ناو هاوکێشەکانییەوە، وەک شتێکی بنچینەی لێی ڕوانی و وایدانا، پێش ئەوەی گەردوون هەبێت، کات هەبووە و لە ئێستای گەردوونیشدا کات ئامادەگی هەیە و دوای نەمانی گەردوونیش، بەبڕوای نیوتن کات هەر دەمێنێت. دواتر ئەوە دەرکەوت، کە پێناسە و تێڕوانینەکانی نیوتن لەسەر کات زۆر وردنەبوون و هەروەها گۆڕانکاریشیان بەسەرداهات.

** تیۆری ڕێژەیی، داڕێژراوە لەسەر ئایدیای قانوونەکانی زانست دەبێت بۆ هەموو چاودێرەکان یەک شت بێت و گرنگ نییە چۆن دەجوڵێت، هێزی کێشکردن بەپێی چەمانەوەی فەزا-کاتی چوار ڕەهەندی شرۆڤەدەکات. ئەنیشتاین وەک نیوتن وتی ڕاستە (کات) هەیە، بەڵام تێڕوانینی تاقانەی ڕەهای بۆ کات ڕەتکردەوە، ئەنیشتاین وتی؛ کات ڕێژەییە و پەیوەستە بە بۆشایی ئاسمانەوە و تێهەڵکێشیێتی، هەروەها ئەو ڕاستییەشی دەرخست، کە لەنێو گەردوون کات بنچینەیی نییە و لەهەموو شوێنێک و وەکیەک و بەیەک هەنگاو ناچێتە پێشەوە. ئەو وتی؛ لەنێو گەردوون کۆمەڵێک کاتژمێر هەیە، هەر بارستە و شوێن و گەلەئەستێرەیەک کاتژمێری خۆی هەیە بەپێی جوڵەکەی لەناو بۆشاییدا، بە بەراورد بە جوڵەی گەلەئەستێرەیەکی تر، بەنموونە؛ کاتژمێری گەلەئەستێرەیەک جیاوازە لەگەلەئەستێرەیەکی تر، زۆر بەکورتی، ئەوەی خستەڕوو؛ ئەگەر لە دوو شوێنی جیاوازیی گەردوونەوە چاودێریی یەک دیاردە یان یەک ڕووداو بکرێت، ئەوا لە هەریەکێک لەم دوو شوێنەوە، بەشێوەیەکی جیاواز و لە دوو کاتی جیاوازدا ئەو ڕووداوە دەبینرێت، دواتر ئەم حاڵەتەشی لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە سەلماند. بەپێی بیردۆزی ئەنیشتاین، کات لەگەڵ دروستبوونی تەقینەوە گەورەکەدا (دروستبوونی گەردوون) و لە سەرەتای تەقینەوە گەورەکەدا دروستبووە، ڕووداوەکانیش هەر لەناو کاتدا دروستبوون، بەشێوەیەکی زانستیی و لەڕێگەی تاقیکردنەوەو ئەوەی سەلماند، کە لە تەواوی گەردووندا بە یەکجۆر و بە یەک هەنگاو کات ناڕوات لە هەموو شوێنێکدا، بۆ نموونە لە هەسارەیەکەوە بۆ هەسارەیەکی تر یان لەگەلە ئەستێرەیەکەوە بۆ گەلەئەستێرەیەکی تر، دەشێت کات لە هەندێکیاندا خاوتر و لە هەندێکیتریاندا خێراتربێت. وەکئەوەی کە لە کاتی نزیکبوونەوەی کونە ڕەشەکاندا دۆزرایەوە و سەلمێنرا، کە کاتی نزیکبوونەوە لە کونە ڕەشەکان، کات بەڕێژەیەکی زۆر خاودەبێتەوە تا حاڵەتی وەستانی لە هەندێک شوێنیدا، یاخود لەسەر ڕووی هەسارەکەمان، کات هەندێک خاوترە وەک لەوەی بەرزتر ببینەوە بەرەو ئاسمان، ئەمەش لە ئەنجامی هێزی کێشکردنەوەیە، واتە هێزی کێشکردن وادەکات کات خاو

بریتییەلەوەی کێشکردن بەهۆی چەمانەوەی فەزاکاتەوە ڕوودەدات. بڕوانە: (لانداو، ل.د. و ڕومەر، گ.ب.، ٢٠٢٠: ١٣-٥٣).

بەپێی بیردۆزی ڕێژەیی گشتیی ئەنیشتاین، کات (ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو)، بەبێ دیاریکردنی شوێن، هەڵگری هیچ مانا و پێناسەیەکی دیاریکراو نییە. لەلایەکی ترەوە ئەوەشی دەرخست، کە کات بە یەک ئاڕاستە دەڕوات و یەک ئاڕاستەی هەیە، ئەمە لەڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە، کات لە ڕابوردووەوە هاتووە و لە ئێستادا هەیە و بەرەو داهاتووش دەچێت، بەنموونە: ئێستا دەتوانرێت لاپەڕەی پێشووتری ئەم لێکۆڵینەوەیە جارێکیتر بخوێنرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت بۆ ئەو کاتە بگەڕێینەوە، کە پێشووتر ئەو لاپەڕەیەی تێدا خوێنراوەتەوە، ئەمەش یەک ئاڕاستەیی کات دەسەلمێنێت، کە هەرگیز توانایی گەڕانەوەی بۆ دواوە نییە، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی، لەمبارەیەوە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١):




هێڵکاریی ژمارە (١)
یەک ئاڕاستەیی کات


دواتر و لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێی زانستیی سەریهەڵدا و ناونرا فیزیای کوانتەم*. فیزای کوانتەم هەر زوو گۆڕانکاری بەسەر ئەو تێگەیشتنانەدا هێنا، کە دەربارەی کات خرابوونەڕوو. بەپێی تێڕوانینی فیزیای کوانتەم کات بەهەموو ئاڕاستەیەکدا** دەڕوات لە ئاست تەنۆچکەکان، واتە کات بەرەو ئاڕاستەی ڕابوردوو و

بێتەوە. لەمبارەیەوە و بۆ دەست کەوتنی زانیاریی زیاتر دەربارەی تیۆری ڕێژەیی، لە( لانداو ل.د. و ڕومەر گ.ب.، ٢٠٢٠)، ورد ببەرەوە.

* میکانیکی کوانتەم، زانستی تەنۆچکە هەرە بچووکەکانی نێو گەردوون بوو، ئەوانیش لە گەردیلەکانی توخمەکان پێکدێت، لەگەڵئەمەشدا ئەو تەنۆچکانەش دەگرێتەوە کە لەگەردیلە بچووکترن. ئەم زانستە بەبەراورد زۆر نوێترە لە زانستی فیزیای کلاسیکی و لە ڕەفتارەکانی ئەو تەنۆچکە زۆر بچووکانە و کارلێککردنیان لەگەڵ وزە دەکۆڵێتەوە. بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی فیزیای کوانتەمەوە، بڕوانە( ڕای، ئالستەر: ٢٠١٧).

** بۆ سەلماندنی فرەئاڕاستەیی کات، فیزیای کوانتەم هەستا بە تاقیکردنەوەیەک، بەمجۆرە: کاتێک ئەلیکترۆنێک بەناو دوو قلیسدا هەڵدەدرێت، لەپشتەوە و لەسەر شاشەیەک ڕەفتاری ئەلیکترۆنەکە تۆمارکرا، لە حاڵەتی چاودێریکردنی ئەلیکترۆنەکە لە کاتی هەڵدانیدا، ئەوە دەرکەوت کە ئەلیکترۆنەکە وەک بارستە خۆی دەنواند و ڕەفتاری بارستەشی دەکرد، بارستەکەشی پێوانەکرا، لە لایەکیترەوە لەو کاتانەدا ئەلیکترۆنەکە دووربوو لە چاودێریکردنەوە، ئەوا لە کاتی هەڵدانیدا ئەلیکترۆنەکە بەشێوەی شەپۆل ڕەفتاری دەکرد، بەمجۆرەش ئەو ڕاستییە

داهاتووش دەڕوات، ئەمەش پێچەوانەی فیزیای کلاسیکە کە پێشتر خرایەڕوو، کە کات بەیەک ئاڕاستە و بەرەو داهاتوو دەڕوات، لەمبارەیەوە بڕوانە هێڵکاری (٢):




هێڵکاریی ژمارە (٢)
فرە ئاڕاستەیی کات

## ١/٣-. کات لەڕوانگەی فەلسەفییەوە

بۆ قسەکردن لەسەر چەمکێکی ئاڵۆزو بنچینەیی وەکو کات، لەڕوانگەی فەلسەفییەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی فەلسەفەی گریک* لەوێوە ئەو پرساندنە بهێنرێتە گۆڕێ داخۆ کات چییە؟ فەیلەسوفان چۆن لەکاتیان ڕوانیوە و خودی کات چییە؟ ئایا شتێک هەیە بەناوی کاتی ڕووت؟ کات بەبێ شوێن و جوڵە؟ زەینون فەیلەسوفی ئیتاڵیی، کە بەر لە زایین ژیاوە، وەک سەرەتاییترین هەوڵێک بۆ پرساندنی کات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هیچکات ناتوانرێت لەکاتێکی دیاریکراودا، ناکۆتا خاڵ تێپەڕێندرێت. لێرەدا "ناکۆتا خاڵ" وەک نمایندەی شوێن دێت، واتە بۆ یەکەمینجار شوێن دەبێتە پێشمەرج بۆ ئەوەی بزانین کات چییە؟ بەڵام ئەم تێگەیشتنە بۆ کات تێگەیشتنێکی ماتەرییە و کات دادەماڵێت لەوەی بونێکی سەربەخۆ و پوختی هەبێت، چونکە مادام

---

زانرا کە کاتی چاودێریکردن و چاودێرینەکردنی تەنۆچکەکە، کاریگەری دەخاتە سەر ڕەفتاری ئەلیکترۆنەکە. جارێکیتریش هەمان تاقیکردنەوە ئەزموونکرایەوە، ئەمجارە مرۆڤ هات پێوەرێکی لەپشت دوو قلیسەکەوە دانا، بۆئەوەی هەرکات بیەوێت ئەلیکترۆنەکە پێوانەبکات و خۆی چاودێرینەکات، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت، ئەگەر مرۆڤ نیازی وابێت پێوانەی ئەلیکترۆنەکە بکات (چونکە پێوانەکە وادانرابوو هەندێکجار بەکاربخرێت و هەندێجاریش بەکارنەخرێت)، لەمکاتەدا ئەلیکترۆنەکە وەکئەوەی بزانێت پێوانەکە بەکاردەخرێت و چاودێریدەکرێت، وەک تەنۆچکە ڕەفتاری دەکرد و ئەو جارانەشی پێوانەکە بەکارنەخرابایە، وەک شەپۆل ڕەفتاری دەکرد، ئەمەش تێگەیشتنی هەموو فیزیاناسانی دەربارەی کات گۆڕی، چونکە ئەوەی دەرخست، ئەلیکترۆنەکە وەکئەوەی بچێتە داهاتووەوە و بزانێت لە داهاتوودا چیی ڕوودەدات، دێت ڕابوردووی خۆی دەگۆڕێت، ئەمەش مانای ئەوەبوو کە کات بە هەموو ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.

* فەلسەفەی کلاسیک زیاتر تێڕوانینێکی ماتەری بۆ کات هەبووە و کاتی وەکو سروشتێکی ئیلاهی لەپێشچاو گرتووە. ئەوەش ڕێگا خۆشکەر بووە بۆئەوەی ئەم چەمکە گرێبدرێت بە شوێن و گۆڕانکاری و جوڵەوە و وەک بوونێکی سەربەخۆ سەیرنەکرێت، چونکە فەلسەفەی کلاسیک لەسەر ئەو باوەڕە دامەزرابوو، هەموو شتێک سەرەتایەکی هەیە و پەیوەستە بە کاتی لەناوچوونییەوە، ئەوەش لەگەڵ ڕوانگەی وەحدانییەتی وجود یەکی دەگرتەوە، کە بێپێشینەو بێکۆتاییەو ناکرێت پێش ئەو شتێک هەبووبێت.

شوێن پێشمەرجی یەکەمە، دەبێت لەم شوێنەدا شتێک هەبێت بەناوی جوڵە، هەتاوەکو کات بتوانێت درکبکرێت. هیچکاتێکیش جوڵە بەبێ شوێن ڕوونادات. بەمانایەکی تر؛ جوڵە لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر، دەبێتەهۆی ئەوەی ئێمەی مرۆڤ لە زەینماندا هەست بە تێپەڕینی کات بکەین. درکبکەین لە بوونی شتەکەدا گۆڕانێک ڕوویداوە. بەڵام ئەم تێگەشتنە بۆ کات، تێگەشتنێکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە دەکرێ جوڵە و کات لە ناشوێندا بەبێ ئامادەبوونی شوێن، "شوێن" وەک ماددە ڕووبدات. دواتر ئەرستۆ کات بەجوڵەوە گرێدەدات و لەڕوانگەی ئەوەوە بەبێ کات هیچ گۆڕانێک ڕونادات، ئەوەشی ڕوودەدات پەیوەستی دەکات بە خێرایی و خاوییەوە، کە پێوەرێکە چەندێتی تێپەڕینی کاتەکە دەستنیشاندەکات. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کاتەوە لای ئەرستۆ، بڕوانە (اریکسن، تروند برگ: ١٣٩٤).

ئەو تێڕوانینەشی کە لای قەشە ئاگۆستین لەبارەی کاتەوە دەبینرێت ئەوەیە، کات دەبەستێتەوە بە ڕووداوەکانەوە، باوەڕیوایە، لەکاتی خولقاندنی ڕووداوەکاندا کاتیش دێتەبوون، تا ئەو چرکەساتەشی ڕووداوێک نەخولقابێت، کاتیش وجودی نییە و لە ئەزەلەوە نەهاتووە. لەبارەی کاتی ڕابوردوو و داهاتووشەوە بەگومانە و جیاوازی لەنێوانیاندا ناکات و هەردوو فۆڕمی ڕابوردوو و داهاتوو بەفۆڕمێکی نەبوو نادیار وەسفدەکات، لەگەڵئەوەشدا دانبەوەدادەنێت، کە ناکرێت هەمیشە کات ئێستا بێت و نەجوڵێت تا ببێت بە ڕابوردوو، هەر کات ئەمە ڕووبدات ئیتر ئەمە کات نییە، بەڵکو دەبێت بە ئەبەدییەت. بەمجۆرەش ئەو ئەنجامە دەردەکەوێت، کە لای ئاگۆستین واتای تێپەڕبوونی کات بوونی نییە و ئەوەی هەیە ئەزەلییە. لەمبارەیەوە لە (پۆڵ، ستراتێرن، ٢٠١١: ٣٦-٤٢)، زانیاریی زیاتر دەبینرێتەوە.

هەرچی ئیبن سینایە، بەجۆرێک تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو، کە نزیکیان دەکاتەوە لە گیان و عەقڵی سەردەم، وەکو برِی "هێند" جوڵەیەکی کەوانەیی یان بازنەیی لەڕووی پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی، نەک لەڕووی دووری یان لادان پێناسەی کات دەکات، بەو هۆکارەی جوڵە سیفەتێکی ماددەیە، واتە بە ماددەوە لکاوە، هەر بەو چەشنەش "کات"یش، لکاوە بە جوڵەوە. باوەڕیوایە، کە وێناکردنی کات ناتوانرێت بکرێت بەبێ بوونی جوڵە (گۆڕان)، لەگەڵئەمەشدا هیچ جوڵەیەکیش بەبێ بوونی ماددە مومکین نییە، لەمڕوانگەیەشەوە ئەوە درکدەکرێت، کە تێگەیشتنی ئیبن سینا بۆ کات، تژییە لە ماتریاڵ، واتە تێگەیشتنێکی تەواو ماتریاڵییە.

بەڵام دواتر و لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، نیوتن کات پەیوەست ناکات بەجوڵە و شوێن و بۆشایی و ئاسمانەوە، هەروەک لە ڕەهەندیی زانستیشدا خرایەڕوو، ئەو پێیوایە کات بونێکی ئەوەڵی و هەتا هەتایی هەیەو نە سەرەتای هەیە نەکۆتایی، تا ماوەیەکی زۆریش ئەم پەسنەی نیوتن لای زۆرێک لەفیزیا زانەکان جێگای قبووڵ بوو.

هەروەها ئیمانوێل کانت، لەکتێبی ڕەخنە لەعەقڵی پەتیدا سەبارەت بەچەمکی کات، پێیوایە هەم شوێن و هەم کات بەبێ یەکتر ناتوانن بونیان هەبێت و هەردوکیان تەواوکەری یەکترن و دەبنە پێشمەرجی پەیدابوونی ئەزموون. مرۆڤ ناتوانێت بەبێ شوێن، ماتریاڵ بهێنێتە پێشچاو، بەڵام دەکرێت شوێن لەزانیندا بەبێ هەبوونی شت لەپێشچاو بگیرێت. واتە شوێنکات توانای سڕینەوەو لادانی نییە لەفکرداو هەردوکیان وەک ڕوداوێکی ئامادەکراو لەعەقڵدا بونیان هەیە. بەمشێوەیە کانت چەمکی "کات" گرێ دەدات بەشوێنەوەو شوێنکات دەکاتە پێشمەرجی هەموو ئەزموون و ماتریاڵێکەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (کانت، ایمانوئل، ١٣٩٦: ٨٩-١٠٦).

هەروەک لەڕوانگەی زانستییشدا خرایەڕوو، تیۆرسێنەکانی بواری فیزیا کات وەک ڕەهەندێکی فرە لایەن دەبینن و جیاوازە لەو کاتە گریمانکراوەی فەلسەفە وێنای بۆ کردووە. بەپێی فیزیا گەردوون لەکاتی کشانیدا تاودانیشی زیاد دەکات، واتە هەتا مەودای فەزا زیاتر بێت جۆرێک لەکاتی گەردوونیش زیاتر دەبێت. بێگومان ئەم کاتەش جیاوازە لەو کاتە زەمیینەی لەئێستای مرۆڤەکاندا هەیە، چونکە ئەم کاتە نە جوڵەیەک بەرهەم هێنەریەتی، نە لەناو شوێنێکی ماتەریدایە. یەکێکی تر لەتێرمەکان ئەوەیە، ئەگەر نزیکببینەوە لە کونە ڕەشەکانی گەردوون کات تیایدا یەکسان دەبێتەوە بەسفر، واتە ئەگەر کەسێک لە لێواری کونێکی ڕەشدا جێگیر بێت، یەک کاتژمێر کە لەوێدا بەسەریدەبات یەکسان دەبێت بە ملیار ساڵی کاتی زەمینی.

بەڵام ئەوە بەتەنیا فیزیا نییە تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ کات هەیە، بەڵکو بەم دواییە فەیلەسوفە بونگەراکانیش بەشێوازێک باس لە کات دەکەن، کە نە لە تێڕوانینەکانی پێشووی بواری فەلسەفە دەچێت، نە لەوەی تیۆری ڕێژەیی تایبەت باسیکردووە. بەتایبەت فەیلەسوفێکی وەکو هایدگەر* لەلێکۆڵینەوەکانی خۆیدا تایبەت بەکات، هیچکات باس لەکات ناکات وەک چەمکێکی جیاواز و ڕووت، یاخود شتێک جیاواز بێت لە ژیانی مرۆڤ و لەدەرەوەی شوێن، یاخود پەیوەست بێت بەجوڵەو گۆڕانەوە. بەڵکو ئەو کات پەیوەست دەکات بە هەڵسوکەوت و ئامادەگی و ئەو پرۆژانەی کە ئێستای مرۆڤ تەواو دەکەن و کتومت وەک بوونێک دەیبینێت، بوونێک پەیوەست بەمرۆڤەوە. ئەو پێیوایە هەر شتێک کە لەنێو جیهاندایە هاوکات بوونە لەنێو کاتدا. هایدگەر بوون لەنێو جیهان

* بەتێڕوانینی هایدگەر، مرۆڤ بەهۆی بوون لەنێو جیهانیدا، بوونی خۆی دەکات بە کێشە، بۆ ئەمەش بەنیگەرانییەوە سەیری دەوروبەری دەکات، لەبەکارهێنانی خۆی و لەپێناوی خۆیدا، سوود لەخۆی وەردەگرێت، سوود لەخۆ وەرگرتنیش سوود وەرگرتنە لە کات. واتە نیگەرانی لەڕێگای بیرکردنەوەوە دەبێتەهۆی خۆڕەتکردن و گەیشتن بەسەرجەمێتی بوون. لەبەرئەوەی نیگەرانی پێکهاتەی مرۆڤەو هەبوویەکە پێش خۆی دەکەوێت. بەگشتیی چەمکی کات لەڕوانگەی هایدگەرەوە چەمکێکە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە و بەبێ بوونی مرۆڤ شتێک نامێنێت بە ناوی هەستکردن بە کات، بۆ ئەوەی کات مانایەکی هەبێت دەبێت مرۆڤێک هەبێت هەتاوەکو درک بە بوونی بکات، ئەم درکپێکردنەش لە بوون لەژیانی ئێستایدا و بەهۆی نیگەرانییەکانی بڕیاردانەکانییەوە ڕوودەدات. کات لەڕوانگەی هایدگەرەوە زیاتر ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیەو وەک هەبوویەک، کە بەرجەستەکراوی ژیانی مرۆڤە مامەڵە دەکرێت.

بەمەرجێکی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ دادەنێت و ئەم بوونەشی بەهۆی نیگەرانییەوە، کە ئامادەیە "لێرەو لەئێستادا" ڕەتدەکات بۆ گەلاڵەکردنی پرۆژەکانی داهاتوی و خۆ تەواوکردنی. واتە مرۆڤ لەبوونی نیگەرانی، کە مەرجە بۆ بوون لەنێو جیهانداو لەڕێگەی ئەم نیگەرانییەشییەوە هەوڵدەدات، ئەوا ئەم بوونەی هەتاوەکو هەبێت نابێت بە ڕابوردوو. چونکە نیگەرانی پەیوەندی بەهەبوونەوە هەیە لەئێستادا. بنیادەم بەهۆی نیگەرانییەوەیە لەحاڵ و دەمی ئێستای ئاگادارە و بەتەنگ پرۆژەکانی داهاتوویەوەیەتی، لەگەڵ نەمانی نیگەرانیشیدا بوونی ئەو لەنێو جیهانیشدا کۆتایی دێت. واتە کات بەلای هایدگەرەوە دیاردەیەکە لەنێو پرۆژەی بونگەرانەی مرۆڤدا ڕوودەدات، نەک بەردەوام بوونی لەدەرەوەی ئەودا. ئەم پرۆژەیەش بەهۆی ژیانی ڕۆژانەوە و لەڕێگای دەرکەوتەی وەکو تێگەیشتن و مەزاج و کەوتن و گوتار و بڕیاردانەوە "کات" کاتێتی خۆی بەرجەستەدەکات و دەبێت بە بنەمای بوون لەنێو جیهاندا. زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە دەبینرێتەوە لە: (هایدگەر، مارتن، ٢٠١٣: ٣٢١-٥٥٣).

لەلای پۆڵ ریکۆریش (خەیاڵ و کات و ئەگەر)، پێکهێنەری سەرەکی و هەوێنی لەدایکبوونی تیۆرییە فەلسەفەکانییەتی، لای ریکۆر تەواویی بوون لەناو کاتدا خۆیی مانیفێست دەکات، (کات) وادەکات (بوون) زیاتر ڕوونببێتەوە، ریکۆر پێیوایە ئێمەی مرۆڤ لەڕێگەی ئەو هێما و دەقانەوە، کە بەو بوونەوە پەیوەستن دواجار لە بوونی مرۆڤ خۆی و ئەگەرەکانی مرۆڤیش تێدەگەین. "گێڕانەوەکان ناوازەن لە پیشاندانی ئەگەرە وجودییەکان و ئەگەری کردەکانی مرۆڤ و ڕێگەکانی بوون لەناو، یان لەخۆئاراستەکردندا بەرەو کات". (ریکۆر، پۆڵ، ٢٠١٦: ٨). لەمبارەیەشەوە ئەوە درکپێدەکرێت، کە تێڕوانینی هەریەکە لە هایدگەر و ریکۆر لەبارەی ئەگەرەوە وەکیەکە، بە چەشنێک هەردووکیان پلەی پێشینەیی بە ئەگەر دەدەن، لەتەکئەمەشدا ریکۆر بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەگەرەکان پێشبینینەکراون ئەگەر خودی گێڕانەوە نەبێت. وەک باسکرا لەنێوان پرۆژەکەی هایدگەر و ریکۆردا خاڵی هاوبەش و هاوتەریب هەیە، هەروەک هاوتەریبی لەنێوان بوون و کاتدا لەلایەکەوە و نێوەندگیریی بوون و کات لەلایەکیترەوە لەلای پۆڵ ریکۆر لەڕێگەی گێڕانەوەوە. "ئەگەر بابەتی لاساییکردنەوەی گێڕانەوە کردەی مرۆڤ بێت، دەتوانین هەرئێستا تێبگەین چۆن ریکۆر لێکدانەوە کاریگەرەکەی هایدگەر لەبارەی دازاینەوە(بوون لێرە/ بوون لە جیهاندا)، لە تیۆری گێڕانەوەکەیدا بەرەو پێشدەبات، چونکە کردەی مرۆڤ هیچ نییە، جگە لە«بوون لەناو کاتدا»، ئەمەش تەنیا بە مانای لەناو- کاتدا- بوون نا، بەڵکو پتر بەمانای بیرکردنەوە لە رابوردوو و ڕانەبووردو و داهاتوو". (سەرچاوەی پێشوو: ١١). هایدگەر وەک فەیلەسوفێک باوەڕیوایە، کات واتایی سەرەکییبوون (دازاین) پێکدەهێنێت، ئەمەش بۆ دازاین بابەتێکی هەستیارە، چونکە بەبڕوای هایدگەر بەهۆی ڕوونکردنەوەی کات خۆی لە کۆی هەبووەکانی ناو جیهان جودادەکاتەوە، لێرەشەوە درک بەوەدەکرێت، کە چۆن دازاین دەیەوێت پرۆسێسی تێگەیشتن لە

کاتیبوونی کات ڕوودات. کەواتە واتای بوونیش بەگشتیی دەخرێتە بەر ڕۆشنایی کات و لەبەر ئەو ڕۆشناییەدا وێنەکەی دەبینرێت، بەمجۆرە ناتوانرێت لەدەرەوەی کات لێکدانەوە بۆ دازاین بکرێت، چونکە بوونی کات/ بەکاتیبوون "تەنها کات نییە، بەڵکو "کات"ی خودە، دەیەوێت بوونی بسەلمێنێت، کەواتە کاتیش کاتی ئێستایە و لەناو کاتیی بووندا". (احمد، ابراهیم، ٢٠٠٨: ٨٩).

سەرەڕای هەبوونی هەموو ئەو هزراندنە فەلسەفییانەی، کە لەمبارەیەوە کراون و هەندێکیان خرانەڕوو، کەچی هێشتا چەمکی کات هەر بە تەمومژاوی و کرچوکاڵی ماوەتەوە، لەوەش زیاتر، ئەوە دەردەکەوێت، درکپێکردنی خودییانەی کات کردەیەکی تەواو دژوارە، هەربۆیە لە کۆتاییدا و جارێکیتر ئەو پرسیارە فەلسەفییە خۆی دووبارەدەکاتەوە، کە ئایا کات بە تەنها بریتییەلە خڕبوونەوەی وەختەکان و لەجیهانی هەستەکییانەدا هیچ بوونێکی واقعی نییە؟ یان کات بە تەنها وەهمە، یاخود ڕاڤەی کات وایە، لە قوڵایی بوونی هەستییانەی واقعە، یاخود قەوارەیەکی تەواو زەینییە بە تەنها؟ لە بەکارهێنانی میتافۆرییانەداو بەتایبەت لەو دەقە شیعرییانەی کراونەتە کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لایەنی وەسفی ئەم پرسیارانە، تێبینیدەکرێت.

## ٣-١/٣. کات لەڕوانگەی ئایینییەوە

سەرجەمی دینەکان ئاسمانیی/ زەمینیی، کات بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان دادەنێن، لەمڕوانگەیەوە بەدەگمەن ئایینێک/ دینێک دەبینرێت، بە بایەخەوە لەم چەمکەیان نەڕوانیبێت و باسیان لێوەنەکردبێت. بەوپێیەشی بەشێکی زۆری مێژووی ئایینەکان، لە ڕێگەی چیرۆکە باو و سەرنجڕاکێشەکانیانەوە گێڕدراونەتەوە و بڵاوبوونەتەوە، هەربۆیە لەنێو هەموو ئەو چیرۆکە دینیانەدا، کات بە ڕەگەزێکی هەرە بنەڕەتییان دادەنرێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا و پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردییەوە، کە ئایینی ئیسلام ئایینی زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت، هەوڵدەدرێت تێڕوانینی ئایینەکە بۆ چەمکی کات بخرێتەڕوو:

ئایینی ئیسلام یەکێکە لەو ئایینانەی، کە بەگشتیی گرنگی بە کات داوە و لەگەڵیدا مامەڵەیکردووە، بە چەشنێک لەم دینەدا هیچ جۆرە پەرستشێک نادۆزیتەوە، کە بەلایەنی کەمەوە ڕەگەزێکی کاتی تیادا نەبێت، لەڕێگەی ئەم چەمکە گرنگەوە مرۆڤی باوەڕدار بە ئایینی ئیسلام، بە پێنج جار نوێژکردن لە ڕۆژێکدا و نوێژی هەینیی لە هەفتەیەکدا و ساڵانە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و هەموو تەمەنیشی یەکجار بەجێهێنانی ئەرکی حەجکردن؛ تایمی کاتی دراوە. جگەلەمەش لە پیرۆزترین کتێبی ئایینەکەدا، کە کەلامی خوایە، زۆر شێلگیرانە باس لە گرنگیدان بە کات کراوە و

تاڕادەیەک کە خودای گەورە لە قورئاندا سوێندی پێدەخوات*، گومانیشی تێدا نییە، خودا سوێند بە شتێک دەخوات کە گەورە و گرنگ بێت.

بە تێڕوانینی ئایینی ئیسلام خودی کات بریتییەلە تەمەنی مرۆڤ، بەجۆرێکی دیکە؛ ژیانی مرۆڤ پێکهاتووە لە کات، ئایینی ئیسلام پاراستنی کاتی بەسەرچاوەی هەموو خێرێک داناوە، بە پێچەوانەشەوە لەدەستدانی بە خەسارەت وماڵوێرانی وەسفکردووە، بەمجۆرە درک بەوە دەکرێت، کە قورئان وەک کتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلام، پەیڕەوکەرانی خۆی هۆشیاردەکاتەوە، کە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کاتدا مامەڵەیەکی تەندروست و بەرزبێت. لەگەڵئەمەشدا و لە ئیسلامدا ئەوە بە تەنها قورئان نییە، کە بە گرنگییەوە باسی لە کات کردووە، جگە لەمەش، پێغەمبەری ئیسلامیش(د.خ)، لە وانەکانیدا، یەکێک لەو بابەتانەی زۆرترین جار سەرنجی خۆی لەبارەیەوە دەربڕیوە، بابەتی کاتە. پەیامبەری ئیسلام درکی بە بایەخ و گرنگی ئەم چەمکە کردووە و مەبەستیشی بووە، خەڵک بە گشتیی و شوێنکەوتووانی دینەکەی خۆی بە تایبەت، گرنگتر لێیی بڕوانن و مامەڵەی لەگەڵدابکەن، پێغەمبەر(د.خ)، هەمیشە جەختی لەسەر بەکارهێنانی تەندروستانەی کات کردووەتەوە پێش ئەوەی تێپەڕێ و لەدەست بچێت، چونکە خراپ تێپەڕبوونی لێپرسینەوەی خوای گەورەی لەسەرە لە ڕۆژی دواییدا**.

پێغەمبەر(د.خ)، کات بە یەکێک لە نیعمەتە هەرە گرنگەکان دادەنێت، کە بە مرۆڤ بەخشراوە، کەچی خەڵکی زۆر بێ ئاگان لەمبارەیەوە، دەفەرموویێت: "نِعمتان مغبونٌ فيهما كثيرٌ من النَّاسِ : الصِّحَّةُ والفراغُ". (البخاریی،١٩٩٨: ١٢٣٢). واتە دوو نیعمەتی زۆر گەورە هەن، کە زۆرینەی خەڵکی لێیان بێ ئاگان، یەکێک لەو نیعمەتانە؛ نیعمەتی کاتە. بە تێڕوانینی ئایینی ئیسلام کات نیعمەتێکێ گەورەیە، هەربۆیە زۆر شێلگیرانە پێداگری لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە کاتی دەست بەتاڵی بە شتی بێ

---

* خودا لە قورئاندا سوێند بە کات دەخوات، دەفەرموێت: "وَالْعَصْرِ*إِنَّ الإنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ". (العصر، ١-٢) و "وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى*وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّى". (اللیل، ١-٢) و "وَالضُّحَى*وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى". (الضُّحَى، ١-٢) و "وَالْفَجْرِ*وَلَيَالٍ عَشْرٍ". (الفجر، ١-٢). ئەم گرنگیدان و سوێندخواردنەی خودای گەورە بە کات، ئەوە دەردەخات، مەبەستێتی سەرنجی خەڵکی بەلای کاتدا ڕابکێشێت و لە نرخ و بایەخی کات ئاگاداریانبکاتەوە، لەمڕوانگەیەشەوە ئیدی مرۆڤی موسوڵمان هەست بە بەها و بایەخی کات دەکات، هەر کاتێکیش مرۆڤ بەهای شتێکێ درککرد، ئیتر سوور دەبێت لەسەر پاراستنی و دەستپێوەگرتنی.

** لەمبارەیەوە پێغەمبەر (د.خ)، فەرموویەتی: "لاَ تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمْرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ ، وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَا فَعَلَ ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ ، وَفِيمَا أَنْفَقَهُ ، وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَا أَبْلاَهُ". (الترمذیی، ١٣٩٨هـ: ٦١٢). پێغەمبەر(د.خ) لەم فەرموودەیەدا ئەوە دەردەخات، کە هەر دوو پێی هیچ کەسێک ناتوانێت هەنگاو بنێت لە ڕۆژی دواییدا تاوەکو لە بارەی ئەم چوار شتەوە پرسیاری لێنەکرێت: سەبارەت بە تەمەنی لە چییدا بەسەری بردووە، وە سەبارەت بە زانستەکەی، کە ئایا کردەوەی پێکردووە؟ وە سەبارەت بە پارە و ماڵەکەی چۆن پەیدایکردووە و لە چییدا خەرجیکردووە؟ سەبارەت بە لاشەشی لە چییدا بەکاریهێناوە؟ بەمجۆرە یەکەم شتێک پێش هەنگاونانی هەر مرۆڤێک لە ڕۆژی دواییدا پرسیار لەبارەیەوە دەکرێت، تەمەنی ئەو مرۆڤەیە، واتە کاتەکانی ژیانی، ئایا لەچییدا بەسەریبیردووە و بە چ شتێکەوە بەسەریبیردووە؟ ئەمەش جارێکی تر دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە کات لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە زۆر گرنگ تەماشادەکرێت.

کەڵکەوە بەسەرنەبردرێت و پڕنەکرێتەوە، چونکە ئەگەر وابوو ئەوا کوفری یەکێک لە نیعمەتەکانی خودای گەورە کراوە، مرۆڤی موسوڵمان لەم بارودۆخەدا پێویستە کاتە بە تاڵەکانی بقۆزێتەوە و نەهێڵێت بە ئاسانی تێپەڕێت و لەدەستی بچێت*.

ئەوەی لەم وەچەپارەدا و تائێستا باسکرا، تێڕوانینی ئایینی ئیسلام بوو لەسەر کات، لەڕوانگەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ)، وەک خرایەڕوو، ئیسلام زۆر بەگرنگەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسەدا کردووە و بە بایەخەوە تەماشایکردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا زیاتر هەڵوەستەی لەسەربکرێت، تێڕوانینی ئایینەکەیە دەربارەی کاتی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو، کە ئایا دینی ئیسلام بە چ جۆرێک و چۆن لەم سێ لایەنەی چەمکی کات وردبووەتەوە و چۆن ئەم لایەنە شاراوانەی چەمکی کاتی بۆ مرۆڤایەتیی بەگشتیی و شوێنکەوتووانی خۆی بەتایبەت دەرخستووە و ڕوونکردووەتەوە؟

تێڕوانینی ئیسلام بۆ کات، ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو، هەموو پێکەوە لەخۆدەگرێت. لە ئیسلامدا دەستپێکی کات ئافراندنی دنیایە، خودی کات لەوێوە دەستپێدەکات، کە خودا جیهان دەئافرێنێت، ئەم کاتەش بەردەوام لە چوونە پێشەوەدایە تا پەسڵان، ئەمەش ئەوە دەردەخات هەم دنیا و هەمیش کۆتاییهاتنی دنیا و چوونە ڕۆژی پەسڵان، گرێدراون بە کاتەوە و کات خولقاندوونی. لەڕاستییدا کاتی ئەم دنیایە، کاتێکە کۆتایی دێت و پلەیەکە بۆ گەیشتن بەکاتی بێکۆتایی ئەو دنیا( ڕۆژی دوایی). کاتی ئەم دنیا کاتێکی کەمە و زوو تێپەڕە، تەنها بایەخەکەشی هەر لەنێو ئەم دنیادایە، کاتی دواڕۆژ، لە بەهەشت و جەهەنەمدا، کاتێکی جێگیر و هەمیشەییە، مانەوە تیایدا هەمیشەییە، وەک خودا دەفەرموێت: "وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ" (الأعلى، ١٧).

لەمبارەیەوە و پەیوەست بەزمانی کوردییەوە، بڕوانە نموونەی(١) :

١. دنیا پێچی مێزەرێکە.

لە نموونەی (١)دا، درک بە هەمان ناوەڕۆک و مەبەست دەکرێت، کە لەسەرەوە و لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە، لەبارەی کاتی کورتی دنیاییەوە خرایەڕوو. واتە ئیدیەمی (دنیا پێچی مێزەریکە)،

---

* پەیامهێنەری ئیسلامیش جەختی لەسەر پاراستنی کات و بەفیڕۆنەدانی و سود-لێبینینی کردووەتەوە، دەفەرمووێت: "اغْتَنِمْ خَمْسًا قبلَ خَمْسٍ: شَبابَكَ قبلَ هِرَمِكَ، وصِحَّتَكَ قبلَ سَقَمِكَ، وغِناكَ قبلَ فَقْرِكَ، وفَرَاغَكَ قبلَ شُغْلِكَ، وحَياتَكَ قبلَ مَوْتِكَ". (الحاكم، ١٩٩٠: ٣٤١). واتە سوود لە پێنج شت وەربگرە، پێشئەوەی پێنج شتت بەسەردابێت، تیایدا هاتووە: کاتی دەست بە تاڵی پێش سەرقاڵبوونت. ئەم فەرموودەیە ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانانە، لەبارەی ڕێزگرتن لە کاتە بەتاڵەکانی ژیانیان، هەروەها بە خۆڕایی لە کیس خۆیانی نەدەن، چونکە دواتر پەشیمانییان هیچی لێ سەوزنابێت، وەکئەوەی دەوترێت، لە ڕۆژی دواییدا ئەهلی بەهەشت خەفەت و پەشیمانییان بۆ هیچ شتێک نییە، تەنها بۆ ئەوە نەبێت، کە لە دنیادا کاتێکیان بەسەربردبێت و بەبێئەوەی یادی خودای گەورەیان تێدا نەکردبێت. خودای گەورەش سزای ئەو کەسانە دەدات، کە کاتەکانیان بەفیڕۆداوەو لە ڕۆژی دواییدا لەبارەی کات بە فیڕۆدانیانەوە لپێپرسینەوەیان لێدەکات، هەروەکئەوەی ئیمامی ئیبن قەیم، کات بە فیڕۆدان بە گەورەتر و مەترسیدارتر لەمردن باسدەکات، لەو ڕوانگەیەوە، کە بەفیڕۆدانی کات دەتپچڕێنێت لە خودا و لە ڕۆژی دوایی، بەڵام مردن لە دنیا و ئەهلەکەی دووردەخاتەوە و دادەپچڕێنێت.

هەڵگری هەمان ناوەڕۆک و مەبەستی تێڕوانینی ئایینی ئیسلامە بۆ کاتی دنیایی، کە کورت و کەمخایەن و بڕاوەیە.

تێڕوانینی ئایینی ئیسلام بۆ کاتی ڕابوردووش* بەمجۆرەیە: مرۆڤی موسوڵمان لەپێناو ڕزگارکردنی ئێستا، ڕابوردوویەکی تولانی بە چاوەڕوانییەکی زۆر تولانیتر بۆ داهاتوو بەیەکەوە گرێدەدات، هەر ئەمەشە وایکردووە ڕابوردووی موسوڵمان کاریگەری لەسەر ئێستا و داهاتووشی ببێت، تەنانەت هەندێکجار ئێستاو داهاتووشی لەڕێگەی ڕابوردووەوە دەستدەکەوێت. بەمجۆرە ئەوە دردەکرێت، ڕابوردوو لە تێڕوانینی ئیسلامدا شتێکە بوونی هەیە، تەنانەت ئەم لایەنەی کاتیش بووەتە پەند و ئامۆژگاریی بۆ مرۆڤی موسوڵمان و کەڵکی لێیان وەرگرتووە و لێیانەوە فێربووە، ڕابوردووی موسوڵمان ڕابوردوویەک نییە وەهم بووبێت و تێپەڕیبێت، بەڵکو ڕابوردوویەکە بڕیار لەسەر ئێستای موسوڵمانیش دەدات، بەگوزارەیەکی تر؛ کەسایەتیی ئێستای موسوڵمان، بنەمای دروستبوونەکەی؛ ڕابوردوویەتی. بڕوانە نموونەی(٢):

٢. ڕابوردوویی بووە بەدەرس بۆی.

بەوردبوونەوە لە نموونەی (٢)، ئەوە دەردەکەوێت، ڕابوردوو بۆ کەسی ئەزموونکەر، شتگەلێک بێت، کاریگەری بەسەر ئێستا و داهاتووشییەوە جێهێشتبێت و بەهۆیەوە کەڵک و سوودی لێوەرگرتبێت. هەروەها بووبێتە پەند و ئامۆژگاری بۆی.

هەرچی دەربارەی کاتی ئێستایە لە ئایینی ئیسلامدا، ئێستا کورت و کەمخایەنە و زۆر تولانی نییە، بەڵکو کاتێکە دێت و ناوەستێت، زوو تێپەڕە. ئەم کاتە کەمخایەنەی ئێستای مرۆڤ بەراورد بە کاتی دواڕۆژیی نرخ و بەهایەکی کەمتری هەیە، بەوپێیەی کاتی ئێستا کاتێکی خێرایە لەگەڵ کاتی دواییدا، بۆیە مرۆڤ لە کاتی لێپرسینەوەی لەڕۆژی دواییدا و دوایئەوەی، کە ئەزموونی کاتی قیامەتیی دووروودرێژی کردووە، لەوەڵامی کەمی کردەوەی چاکەیەوە لە دنیادا، سوێند بۆ خودا دەخوات، کە ئەو تەنها یەک ئێوارە لەسەر زەویی ماوەتەوە، ئەمەش جیاوازیی و خێرا تێپەڕبوونی کاتی سەر زەوییە بەراورد بەکاتی ڕۆژیی دوایی. هەروەها مرۆڤی موسوڵمان ناتوانێت پشت لەو ڕاستییە بکات، کە کاتی ڕابوردوو و داهاتوو، کاریگەرییان لەسەر کاتی ئێستای هەیە و کاتی ئێستا بێ پەیوەندیی نییە لەگەڵ ڕابوردوو و داهاتوودا. بەناو یادگەدا کاتی ئێستای ڕابوردوو تێدەپەڕێت

* بابەتی کاتی ڕابوردوو بۆ مرۆڤی موسوڵمان، ڕابوردوویەکی دووروودرێژە، هەندێکجار لەڕێگەی چیرۆکەکانی ڕابوردوویەوە، ئیسلام داوادەکات، کە کەڵک لە ڕووداوەکانی ڕابوردوو وەربگیرێت، چونکە ڕابوردوو دەفرێکە ڕووداوەکان تیایدا کۆدەبنەوە، دواتریش دەبنە گەنجینەی پەند و ئامۆژگارییکردن. یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە بەهۆی ڕابوردووی هەر موسوڵمانێکەوە پێویستە هەبێت و دروستدەبێت، لێپرسینەوەیە لە خود، کاتێک مرۆڤی موسوڵمان یەک ڕۆژ لەتەمەنی دەڕوات و دەبێت بە ڕابوردوو، ئیدی پێویستە لێپرسینەوە لە خۆی بکات و لۆمەی خۆی بکات لەسەرئەوەی، کە ئایا چییکردووە؟ بۆ چیی کردوویەتی؟ وازی لە چیی هێناوە؟ ..تاد. لەمبارەیەوە ئیسلام ساتی خود لێپرسینەوە( کە کاتی ڕابوردووە)، بە کاتی باڵابوونی نەفس داناوە.

و داهاتووش کاتێکە لە چاوەڕوانییدایە. کاتی ئێستای ئێستاش بنەمای دروستبوونی ئەو درککردن و پێشبینییانەیە، کە هێماگەلێکن دانراون لە خزمەتی ڕابوردووەکەی و داهاتووەکەشی. ئێستای موسوڵمان شایەتحاڵی ڕابوردووەکەیەتی، لەڕێگەی ئێستاوە وێنای ڕابوردووی مرۆڤی موسوڵمان دەنەخشێنرێت و ڕابوردووەکەی دەسەلمێنرێت. کاتی ئێستا* بۆ مرۆڤی دیندار ئەگەرچی کەم و کورتخایەنە، بەڵام کاتێک نییە، کە تیایدا موسوڵمان هەوڵی قۆزتنەوەی نەدات و پشتگوێیبخات، بەڵکو کاتێکە مرۆڤی موسوڵمان دەبێت هەوڵبدات ژیرانە بەکاریبهێنێت و تیایدا ئاگایی بۆ خودای خۆی هەبێت و خودای خۆی لەبیرنەکات، پێویستە چاودێری خۆی بێت بەسەر ئەو کاتەی کە هەیەتی، خود سازییبکات بۆ داهاتوو و دواڕۆژی. هەمان ڕاستیی شیکاریی لەنموونەی (٣)دا، دەبینرێتەوە:

٣. کاری ئەمڕۆت بە سبەینێ مەسپێرە.

نموونەی(٣)، گرنگیدانە بە کاتی ئێستا و پستگوێنەخستنێتی، هەروەکئەوەی ئایینی ئیسلام داوایدەکات لە شوینکەوتووانی، ئاگاداری کاتی ئێستایان بن و بەگرنگییەوە یادی خودای تیادابکەن و خودا لەبیرنەکەن. درکیش بەو ڕاستییە کراوە، کە هاتنی ڕۆژی پەسڵانیش هەر پەیوەندیی بەکاتی ئێستاوە هەیە و لە ئێستادا ڕوودەدات، ئێستایەکە جیهان تیایدا پڕبووە لە تاوان، لێرەدا ئیدی کات کۆتایی دێت تاوەکو خاڵی کۆتایی لەسەر ئەم کارەساتە دابنێت.

لەلایەکی تریشەوە تێڕوانینی داهاتوو، شتێکی بنەڕەتییە لەکرۆکی ئایینی ئیسلامدا، قورئان ناوەڕۆکی داهاتووی لەپێش چاوی شوێنکەوتووانی داناوە، موسوڵمان دەزانێت چ داهاتوویەک چاوەڕوانیدەکات، هەربۆیە ئەم ئاگاییە پێشوەختە دەبێتە چاوساغێک و ڕۆڵی ڕێبەریی لە بوونی موسوڵماندا دروستدەکات. ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە مرۆڤی باوەڕدار بە ئایینی ئیسلام، تەنها گرنگی بە داهاتووی و دواڕۆژیی دەدات و داهاتووی دنیای پشتگوێخستووە، بەڵکو موسوڵمان لەڕێگەی بەرنامەی ئایینەکەیەوە فێربووە، پلان بۆ سبەینێ دابنێ و پاشخانی خۆی بۆ ساز و ئامادەبکات، ئەمەش بۆ هەردوو کاروباری دنیایی و ئایینیشی ڕاستە. بەشێکی تر لە وێنەی داهاتوو لەڕوانگەی ئایینییەوە پەیوەندیی بەو سروشتەی مرۆڤەوە هەیە، کە بەردەوام مەیلی بووە، لەبارەی داهاتوویەوە شتێک بزانێت، بە بەیانێکی تر؛ مرۆڤ هەرگیز نەیتوانیوە واز لە داهاتوو

* لەمڕوانگەیەشەوە ڕەنگە باشترین نموونە لەسەر بابەتی کارکردن بۆ ئێستا و گرنگیدان بە ئێستا، ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)بێت، کە فەرموویەتی: ئەگەر ڕۆژیی دوایی هات و کەسێک لە ئێوە نەمامێکی بەدەستەوەبوو، ئەگەر توانی با لەجێی خۆی نەجوڵێت تا نەمامەکە ئەنێژێت. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، خۆ کات کاتی کۆتایی دنیایە و بۆ نەمام ناشتن؟ ئایا کاتێک دنیا کۆتایی دێت هیچ کەسێک سوود لە ناشتنی ئەم نەمامە دەبینێت؟ یاخود ئایا کەسێک دەمێنێت لەسەر زەویی دوای کۆتاییهاتنی دنیا، تاوەکو لەبەریی ئەم نەمامە بخوات؟ لێرەدا بابەتەکە گرنگیدانە بە کارکردن لە کاتی ئێستادا، بەو ساتەی تیایدا دەژیت، بێ ڕەچاوکردنی ڕابوردوو و داهاتوو.

بهێنێت و فەرامۆشیبکات، هەروەکچۆن مرۆڤ بەشێک لە زاکیرەی بەردەوام دەیبەستێتەوە بە ڕابوردووەوە، ئاوهاش لەڕێگەی بیرکردنەوە و هزری خۆیەوە ئەو تەسەوراتانە دروستدەکات، کە لە داهاتویدا ڕوودەدەن و پێیاندەگات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی داهاتوو لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە "ئەوەیە غەیب و نەزانراوە، کەسیش نازانێت چ نهێنییەکی لە هەگبەدایە، هەروەها لە چاکە یان خراپە کامیانی پێیە". (القرضاوي، يوسف، ١٩٩١: ٥٠). بە پێچەوانەی کاتی ئێستاوە، کاتی داهاتووی ئایینی ئیسلام کاتێکی کورت و زوو تێپەڕ نییە، بەڵکو کاتێکی تولانیی و بێکۆتایە، کاتێکە بەراورد بە کاتی ئێستای زەمینیی زۆر زیاترە، یاخود ڕۆژێکی ڕۆژی دوایی زۆر زیاترە لە ڕۆژێکی ئێرە/ دنیایی. داهاتوو ئەو کاتەیە بۆ مرۆڤی موسوڵمان تیایدا دەحەسێتەوە و پشوودەدات و نارەحەتییەکانی دنیای لەبیردەچێتەوە، داهاتووی مرۆڤی موسوڵمان داهاتوویەکە تژییە بە ناز و نیعمەتی خوایی. لە تێڕوانینی ئیسلامدا مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە، کە خودسازیی بۆ دەکات، پێش هاتنی خۆی بۆ ئامادەکردووە و لەچاوەڕوانیی هاتنیدایە. جیا لەمەش؛ هەرچەندە زۆرینە وادەزانن داهاتوو زۆر دوورە، بەڵام خودای گەورە باس لە هاتنی داهاتووی بێبڕانەوە دەکات لەکاتێکی زۆر نزیکدا، لەمبارەیەوە دەفەرمووێت: "وَمَا أَمْرُ السّاعة إلا كلمح البصر". (النحل، ٧٧). بڕوانە (٤):

٤. لەگەڵ ئەمرۆشدا سبەینێ هەیە.

دەربڕدراوی (٤)، ئەو تێڕوانینەی ئایینی ئیسلامیی لە ناواخنیدا هەڵگرتووە، کە لەسەرەوە و لەبارەی زووهاتنی ڕۆژی دوایی خرایەڕوو، بەجۆرێک سبەینێ بۆ ئەمرۆ زۆر نزیکە.

بەمجۆرە تێڕوانینەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، ئایینی ئیسلام زۆر بە گرنگییەوە لە چەمکی کاتی ڕوانیوە، تەنانەت بە ئەرکی داناوە لەسەر شوێنکەوتووانی پارێزگاری لە کاتەکانیان بکەن و بزانن چۆن و لەچییدا بە خەرجی دەبەن، لە تەکیشیدا ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو، لە ڕوانگەی ئایینییەوە باسکراو خرایەڕوو.

## ٢/٣. دووانەیی/ دوالیزمی کات لە نێوان ڕاستیی و خەیاڵدا

یەکێک لەو پرسیارە جەوهەرییانەی تاوەکو ئێستا وەڵامی تەواو و بێکەموکوڕیی نەدراوەتەوە ئەوەیە، کە ئایا کات بوونی هەیە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری نێو گەردوونە؟ یاخود کات خەیاڵە بۆ بەئاگایی ئێمە؟ ئایا کاتی ڕابوردوو و داهاتوو بوونیان هەیە، یاخود بە تەنها کاتی ئێستا بوونی هەیە؟ ئایا ئێمە دەتوانین بەناو کاتدا گەشتبکەین؟

لەڕاستییدا و بەو هۆکارەی، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زیرەکی نێو گەردوونە، کات بۆی ڕاستییە و درکیشی بەم ڕاستییە کردووە، مرۆڤ هەر بەتەنها بە داخستنی چاوەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر کەم، ئەوە درکدەکات، کە بەنێو کاتدا تێدەپەڕێت، کاتێکیش چاویدەکاتەوە هەست بەجوڵەی تەنەکانی نێو گەردوون و فڕینی باڵندەکان و لەرینەوەی لق و گەڵای درەختەکان دەکات و

دەیانبینێت، هەربۆیە دەگات بەو ڕاستییەی، کە کات هەیە و لەنێویدا دەژی و تەنانەت ڕووداوەکانی نێو گەردوونیش هەر لەنێو کاتدا دروستدەبن. بەپێی یاسا فیزیاییەکانیش کات هەیە، بە نموونە: ئەگەر دۆخی بارستەیەک یان گەردیلەیەک لەئێستادا بزانین، ئەوا دەزانین لە ڕابوردوودا چۆن بووە و بەوردبوونەوە و لێکۆڵینەوەش لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئێستای ئەو تەنەش یان ئەو گەردیلەیە، دەتوانین خوێندنەوە بۆ داهاتووشی بکەین و بزانین داهاتووشی چۆن دەبێت. کەواتە تێگەیشتنی مرۆڤ و یاسا فیزیاییەکانیش بۆ کات پەیکاڵن و کات بە شتێکی ڕاستیی نێو گەردوون دەزانن.

لەبارەی بوونی ڕابوردوو یان داهاتووشەوە، فیزیاناسان بەسەر دووبەرەدا دابەشبوون، بەمجۆرە: بەرەیەکیان پێیانوایە، تەنها کاتی ئێستا ڕاستییە و ڕابوردوو نییە، هەر ئەوەندە هەبووە، کە ئێستا بووە و بووە بەڕابوردوو و وەک سەرابی لێهاتووە، وەکو بابەتێک یان شتێک بوونی نەماوە و ناتوانرێت باسی لێوەبکرێت، بووە بە یادگاریی و لە مێشک و هزردا هەن و هەڵگیراون. بۆ داهاتووش بە هەمان شێوە، بەوپێیەی هێشتا نەهاتووە و بوونی نییە، ئاواش نازانرێت ئاخۆ داهاتوو دێت و ڕاستییە، یان نا؟ ئەوەی هەیە هەر ئێستایە و بەتەنها هەر ئەو ڕاستییە. بەرەی دووەمیان دەڵێن؛ ڕابوردووش ڕاستییە و درکی پێکراوە و داهاتووش بە هەمان شێوە ڕاستییە و دێت، بەڵام ئەوەندەی هەیە کە جارێ نەهاتووە. لەڕووی زانستییەوە زانست زیاتر پشتیوانی لەبەرەی دووەم دەکات و لەگەڵ ئەودایە، وەک پێشتر باسکرا، ئەگەر زانیارییمان لەسەر خەسڵەتەکانی ئێستای تەنێک هەبێت، ئەوا دەتوانرێت ڕابوردوو و داهاتووەکەشی بزانرێت. ئەنیشتاین لەڕێگەی نموونەیەکەوە، کە پێیوایە هەموو گەردوون شریتێکی سینەماییە و ئێمە کارەکتەری نێو ئەو فیلمەین، ئەوەی ڕۆشتووە بووە بە ڕابوردووی ئەم شریتە و لە شوێنێکدا هەڵگیراوە، ئەگەرچی ئێمەی مرۆڤ جارێکی تر ناتوانین بگەڕێینەوە بۆی، داهاتووش بۆ ئێمەی مرۆڤ، کە وەک کارەکتەرێکی نێو ئەم فیلمە نواندن دەکەین هەیە، بەڵام جارێ نەهاتووە، پشتگیریی خۆی بۆ بەرەی دووەم دووپاتدەکاتەوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە گەردوون هەمووی تۆمارکراوە و لەئێستادا لێدەدرێت.

بابەتی گەشتکردن بە کاتدا، یەکێکی ترە لە توخمەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ، شتێکی ڕوون و ئاشکراشە، کە مرۆڤ کاتێک لەنێو گەردووندا دەژی، هەمیشە حەز و ئارەزووی بۆ ئەوە هەبووە کات بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە و بچێتەوە ڕابوردوو*. هەرکات مرۆڤ کەوتبێتە حاڵەتی بیرکردنەوە و

* خواستیی لێکۆڵەربوو، گەشت بە کاتدا بکات و چەند ڕۆژێک بگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو، لەکاتێکدا لە تەمەنێکی کەمییدا باوکی دەمرێت، لە ڕۆژی دووەمی پرسەکەیدا ئەو پرسیارەی لا دروستدەبێت، ئایا دەتوانێت گەشت بە کاتدا بکات و بگەڕێتەوە بۆ چەند ڕۆژێک بەر لەمردنی باوکی، بۆ ئەم مەبەستە کاتژمێری دیوارەکە دادەگرێت و زۆر بەخێرایی میللەکانی کاتژمێرەکە بۆ چەند کاتژمێرێک و دواتریش بۆ چەند ڕۆژێکی پێشتر دەگەڕێنێتەوە، سەرئەنجام تەنها شکاندن و تێکچوونی کاتژمێرەکە نەبێت هیچی تری دەستناکەوێت، ئەمێستاکە و دوای

بیری لە ڕابوردوو کردبێتەوە، ئاواتی بووە بۆ هەندێک ڕووداو و حاڵەتی ژیانی ڕابوردووی گەشت بکات و بگەڕێتەوە، هەندێک ڕووداوی خۆش و شادیی ڕابوردووی دووبارەببینێتەوە، بۆ هەندێکی تر مەبەستی بووە گەشتبکاتەوە بۆ ڕابوردوو لەپێناو نەکردن یان ڕاستکردنەوە هەندێک هەڵە و کەموکوڕی ژیانی. بابەتی گەڕانەوە بۆ گەنجێتیی/ لاویی لای مرۆڤ، یەکێکی ترە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بە مەبەستی گەشتکردن و گەڕانەوە بۆ ڕابوردووی. لەگەڵئەمەشدا و مرۆڤ هەمیشە خولیای ئەوەی هەیە، لەبارەی داهاتوویەوە شتێک بزانێت و درکپێکردنی بۆ بەشێک لەو ڕووداوانەی لە داهاتوودا دێنەڕێی هەبێت، بەمشێوەیە ئەمەش دەبێتە یەکێکی تر لەو خاڵە بنەڕەتییانەی بیری مرۆڤی سەبارەت بە گەشتکردن بەنێو کاتدا داگیرکردووە. بیرۆکەی گەشتکردن بە کاتدا تایبەت بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو بۆ تەواوی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەوەی هەیە لەسەردەمی ئێستادا، ئەم ئایدیایە لەڕێگەی یاسا فیزیاییەکانەوە ڕوونکراوەتەوە و بەدیاردەیەکی مومکین دادەنرێت. بەتایبەت بابەتی گەشتکردن بۆ داهاتوو، وەکئەوەی دووانەیەک هەستن بە ئەنجامدانی گەشتێک، ئەویش لەکاتێکدا یەکێک لەم دووانەی گەشتەکە دەکەن، بە خێراییەک گەشتبکات، کە خێرایی نزیک بێت لەخێرایی ڕووناکییەوە، لەکاتی گەڕانەوەیدا داهاتووی براکەی خۆی دەبینێت. لێرەدا دەگونجێت ماشێنی کات ئەو کەشتییە فەزاییە بێت و لەگەڵ گەڕانەوەیدا دەبینێت کاتێکی زۆر زیاتر لەسەر زەوی تێپەڕیوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە یەکێک لەو دووانەی کە بە کەشتیی گەشتی بەرەو فەزاکردووە، لە ڕاستییدا گەشتی بۆ داهاتوو کردووە. لەبارەی گەشتکردن و گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، یاسا فیزیاییەکانی نێو گەردوون ئەگەرێکی کراوە بۆ ئەم بابەتە دانانێن و بەپێی ئەم یاسایانە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو نییە، بۆنموونە: ڕەنگە ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لەئێستادا هەیە، ئەگەر بیگەڕێنینەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، ئەوا نەک هەر ئۆتۆمبێلەکە بوونی نییە، بەڵکو دەشگونجێت تەواوی ئەو پارچە ئاسنانەشی ئۆتۆمبێلەکەی لێدروستبووە، لەژێر زەویدابن و هێشتا دەرنەهێنرابن، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە کاتی ڕابوردوو کاتێکە نەگۆڕە، لەمبارەیەوە "ڕابردوو نەگۆڕە چونکە پێشتر بینیومانە، بۆیە ئەو جۆرە لە لولکردن بۆئەوەی لەداهاتووەوە بگەڕێینەوە لەبەردەستدا نییە. لەلایەکی ترەوە، داهاتوو نەناسراو و کراوەیە لەبەردەمماندا، بۆیە لەوانەیە بەباشی ئەو کێرڤە گونجاوەمان لەبەردەستدابێت. ئەمە واتای ئەوەیە سەفەرکردن لەکاتدا سنورداره بەسەفەرکردن بۆ ئاینده". (هۆوگینگ، ستیڤن و ملۆدینۆ، لیۆنارد، ٢٠١٦: ١٧٠). ئەگەر هاتوو بەگریمانەش وادانرا، دەتوانرێت گەشتبکرێت و بگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو،

---

خەریکبوون بە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، لێکۆڵەر دەگات بەو ڕاستییەی، کە پرسیارەکە تاوەکو ئێستا، زانست و تەنانەت فەلسەفەش توانای وەڵامدانەوەیەکی تەواو و یەکلاکەرەوەیان لەبارەیەوە نییە.

ئەوە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی کۆمەڵێک کێشە دەبینەوە، لەخوارەوە بەکورتی خراونەتە ڕوو؛ بەم تەرزانە:

١. یەکەم کێشە و پاڕادۆکس لەبەردەرگای گەشتکردن بۆ ڕابوردوو، کە ئامادەگی هەیە، بریتییەلە پاڕادۆکسی دایەگەورە و بابەگەورە، بەجۆرێک لەکاتی گەشتکردن بە کاتدا و گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، ڕەنگە بگەینەوە بەکاتێک، کە هێشتا باوکت یان دایکت لەوکاتەدا لەدایکنەبووبێت، بەگریمانە وادادەنرێت لە ڕووداوێکدا دایەگەورەت یان بابەگەورەت دەکوژیت، سەرئەنجام ئەم ڕووداوە وادەکات، کە هیچ کات دایکت یان باوکت لەدایکنەبن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی تۆش لەدایکنەبیت و بوونت نەبێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەوە کێیە گەشتی بەکاتدا کردووە و بۆ ڕابوردوو گەڕاوەتەوە؟

٢. خود-هۆکاریی؛ یەکێکی ترە لەو پاڕادۆکسانەی، لەکاتی گەشتکردن بە کاتدا بۆ ڕابوردوو سەرهەڵدەدات، ئەمەش بەوە ناسێنراوە، کە ئەو ڕووداوانەی لە داهاتوودا ڕوودەدەن کار لە ڕابوردوو دەکەن، وەکچۆن ڕابوردوو کار لە داهاتوو دەکات، ئەم ڕاستییە لەم نموونەیەدا پاسادان دەکرێت: گریمانەدەکرێت، باوکی تۆ لە تەمەنێکیدا تووشی ڕووداوێک دەبێت و لە شەقامێکدا ئۆتۆمبێلێک لێی دەدات و دەمرێت، پاش ماوەیەکی زۆر تۆ دێیت و لەڕێگەی ماشێنی کاتەوە دەتەوێت گەشتبکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ ڕابوردوو بەر بەو ڕووداوە بگریت و نەهێڵیت باوکت تووشی ئەو ڕووداوە ببێت و بمرێت، دوای گەڕانەوەت بۆ ڕابوردوو هەروەها گەیشتنت بەو ڕۆژە، لەکاتێکدا بەخێراییەکی زۆر شۆفێریدەکەیت بۆئەوەی فریای باوکت بکەویت و لەو ڕووداوە ڕزگاریبکەیت، لەپڕێکدا لەڕێگەدا تووشی ڕووداوێک دەبیت و لەسەر شەقامێک خۆت بە کەسێکدا دەکێشیت، دوایئەوەی دادەبەزیت و لە کەسی بەرکەوتووی ڕووداوەکەی خۆت دەڕوانیت، دەبینیت ئەو کەسە باوکی خۆتە تۆ خۆتت پیاکێشاوە. ئەمەش جارێکی تر دەرخەری ئەو ڕاستییەیە ڕابوردوو ناگۆڕێت لەگەڵ داهاتوودا بەردەوام لە کارلێککردندان و پێکەوە بەستراون و پێشتر بڕیاریان لەبارەوە دراوە.

٣. پاڕادۆکسی خود-هاوکاریی؛ یەکێکی ترە لەو پاڕادۆکسانەی لەکاتی گەشتکردن بە کاتدا و گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو ڕووبەڕوی دەبیتەوە، ئەم پارادۆکسە بەمجۆرە ڕوونتر دەکرێتەوە، بۆ ڕوودانی ڕوداوێک بنچینەی ڕووادوەکە نادۆزرێتەوە و نازانرێت کامیان هۆکاری ئەویتریانە، بە نموونە: لە ئێستادا تۆ بیرۆکە و پرۆژەی نووسینی بیردۆزی ڕێژەیی گشتیی ئەنیشتاینت لەلایە و لەڕێگەی ماشێنی کاتەوە گەشتدەکەیت و دەگەڕێیتەوە بۆ ڕابوردوو، پرۆپۆزەڵی بیردۆزی ڕێژەیی گشتیی بە ئامادەکراوی دەدەیت بە ئەنیشتاین، لەبەرامبەردا ئەویش هەڵدەستێت بە بڵاوکرنەوەیی و ناساندنی بە ناوی خۆیەوە، سەرئەنجام بیردۆزەکە دەبێتە ماکی ئەو و لەڕێگەیەوە ناوبانگ پەیدادەکات، واتە ئەنیشتاین بەم ڕێگەیە بووە بەخاوەنی بیردۆزی ڕێژەیی گشتیی، لێرەدا

پاڕادۆکسەکە ئەوەیە، کە لە ڕاستییدا ئایا کێ خاوەنی بیردۆزەکەیە و بنچینە و دانەری بیرۆکەی بیردۆزەکە کێیە؟

## ٣/٣. تایبەتمەندییەکانی کات

پاش باسکردن و خستنەڕووی چەمکی کات و چەند ڕەهەندێکی ئەم چەمکە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا، لەخوارەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دەخرێتەڕوو:

**یەکەم: خێراتێپەڕبوونی/ بەسەرچوونی کات**

بەخێراییەکی زۆر دەڕوات، هاوشێوەی خێرایی(با)، هەربۆیە، کە دێت لەسەر کەس ناوەستێت و بەخێرایی تێپەڕدەبێت و بەسەردەچێت "کات وەک خێرایی هەورەکان و با تێدەپەڕێت، جا کاتەکە خۆش و دڵڕفێن یان کاتی ناخۆش بێت، بۆیە کاتە خۆش و شادەکان خێراتر گوزەردەکەن و کاتە ناشادەکان و ڕۆژە سەختەکان هێواشتر و قورستر تێدەپەڕن". (القرضاوی، یوسف، ١٩٩١: ٩). مرۆڤ هەندێکجار وا وێنای کاتە سەخت و دژوارەکانی دەکات، کە سەخت و تێنەپەڕن، یاخود هێواشتر تێدەپەڕن، بەپێچەوانەشەوە کاتە شادەکان کە دێن، بەخێرایی تێدەپەڕن، هەروەک شاعیر دەڵێت:

"بۆ شادمانی زۆر کورتە تەمەن

بۆ کوێرەوەری نابڕێتەوە"

(عوسمان، محەمەد عومەر، ٢٠١١: ٥٤)

بەڵام لەڕاستییدا ئەم خێرا و هێواش تێپەڕبوونەی کات، پەیوەندی بەهەستی مرۆڤەوە هەیە نەک بەڕاستیی گوزەرکردنی کاتەوە.

**دووەم: کات لە گرنگترینی ئەو شتانەیە کە مرۆڤ هەیەتیی**

کات لە شتە دەگمەن و دانسقەکانی مرۆڤە، ئەم بابەتە وەک شتێکی ناوازە، جیاوازە لە هەموو کەرەستە سەرەکییەکانی تری مرۆڤ، وەک (هێزی کار، سەروەت و سامان و ئامێرەکان... تاد)، لەبەرئەوەی، کات وەک ئەو شتانەی کە باسکران توانای هەڵگرتن و خەزنکردنی نییە "ئەگەرچی هەندێک کەس دەڵێن کات وەک ئاڵتوونە، ئەوا ئێمە دەڵێین کات لە ئاڵتوون و هەموو گەوهەرەکانی تری دنیا بەنرخترە". (المصري، محمود، ٢٠٠٣: ١٨). بەمجۆرە ئەوە دردەکرێت، هیچ شتێک هێندەی کات بۆ مرۆڤ بەنرخ و بەهادار نییە، لە هەندێک شوێنی تردا وەک سەرمایەی مرۆڤ وێناکراوە، بگرە زیاتریش، ئەمە جگەلەوەی کە کات بنچینەی هەموو کار و بەرهەمێکە.

**سێیەم: کات کە تێپەڕیی نە دەگەڕێنرێتەوە نە قەرەبوودەکرێتەوە**

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی کات، ئاوڕنەدانەوە و نەگەڕانەوەیەتی، بە چەشنێک هەر کاتژمێرێک یان هەر ڕۆژێک کە گوزەردەکات، ئیتر توانای گەڕاندنەوەی نییە و لە هەمانکاتدا ناتوانرێت قەرەبووش بکرێتەوە.

**چوارەم:** لە تایبەتمەندییەکی دیکەی کاتدا هاتووە، کە "هیچ شتێک نییە هێندەی کات درێژبێ، چونکە ئەندازەی مانەوەیە، هەروەها هیچ شتێک نییە هێندەی کات کورت بێت، لەبەرئەوەی بەشی هەموو ئەوە ناکات کە مرۆڤ دەیەوێت بەدەستیبهێنێت". (الحناوي، إيناس اكرم، ٢٠١١: ٣٤).

**پێنجەم: کەس خاوەنی نییە**

ئێمەی مرۆڤ خاوەنی کات نین و ئەو دێت و دەڕوات و ماڵە بەسەرمانەوە، ئەگەر بتوانین بەکارییبهێنین. ئەوا ئەو ئێمە بەکارناهێنێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەکارینەهێنین، ئەو ئێمە بەکاردەهێنێت، بەگوزارەیەکی تر؛ دەبێت ئێمە ئەو ئیدارە بدەین، نەک ئەو ئێمە ئیدارە بدات. هەروەکئەوەی دەوترێت: (کات وەک شمشێرێک وایە، ئەگەر تۆ ئەو نەبڕیت، ئەوا ئەو تۆ دەبڕێت).

**شەشەم: شایەنیی بەخشیین نییە**

کات شتێک نییە بتوانرێت ببەخشرێت، بەنموونە ناتوانیت بەهاوڕێیەکت بڵێیت؛ من ئەمڕۆ کاتم زۆرە دوو کاتژمێر دەبەخشم بە تۆ تا سبەی، هەروەها ناتوانرێت بکڕدرێت یان بفرۆشرێت، یان بدزرێت یاخود قەرزبکرێت، هەروەها ناتوانرێت بشوەستێنرێت.

## ٤/٣. میتافۆری چەمکی کات، بەپێی تیۆری ئاوێتە لە کۆدە شیعرییەکاندا:

### ٤/٣_١. کات وەک جوڵە

بەشێوەیەکی گشتیی جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش بەدیدەکرێت، لەنێوان میتافۆرەکانی _کاتی جوڵاو و خودی جوڵاو_دا، هەریەکە لەم دوو مۆدێلەش لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

#### ٤/٣_١_١. جوڵانی خود Moving ego

میتافۆری جوڵانی خود، بەوجۆرەیە، کە لەبوارە چەمکییەکەیدا ئەزموونکەری کات/ خود بەرەو داهاتوو دەجوڵێت، ئەمە لەکاتێکدایە، کە کات وەک شوێنێکی جێگیر وایە لەسەر دیمەنێکی کاتی (ناهەمیشەیی). بەگونجان لەگەڵ کاتی ئێستادا، شوێنی خود (ego)، وەک خاڵێکی سەرچاوەی کاتی ڕۆڵدەگێڕێت، کە پەیوەستە بەوەی خاڵەکانی دیکەی کات یان ناهەمیشەیی ڕوویان لەکوێیە. لێرەدا شوێنەکان بەرەو خودەکە نەخشەکێشراون بۆسەر خاڵە ناهەمیشەییەکان لە داهاتوودا و شوێنەکانی دوای خودەکە بۆسەر خاڵە ناهەمیشەییەکان لە ڕابوردوودا. لەجوڵانی خوددا

قسەکردنە لە (کات)، بەڵام لەڕێگەی هێنانەئارای پەیپێبردنی جیاواز سەبارەت بە خود " لە میتافۆری خودی جوڵاودا کاتەکان بریتین لە شوێنی جێگیر و وەستاو و ئەزموونکەری کات بەرەو پێشەوە و لە ڕابوردووەوە بۆ داهاتوو دەجوڵێت". (Jian, S., 2008: 103). کەواتە لەمجۆرەیاندا (کات) وەستاوە و (خود) لە جوڵەدایە. نموونەکانی خوارەوە پاساودانی شیکاریی سەرەوەن، لەبارەی جوڵانی خود و وەستانی کاتەوە:

٥. بەرەو وەرزی زستان دەڕۆین.
٦. وردە وردە بەرەو کۆتایی خوێندن دەڕۆین.
٧. پڕۆژەکەیان تەواوکرد.
٨. گەشتەکەمان بەرەو تەواوبوون دەڕوات.


پەیوەست بەمەشەوە، نموونە شیعرییەکانی (٩ و ١٠)، هەڵگری هەمان مۆدێلی کاتە وەک جوڵە:

٩. "دێم بۆ لات
لەگەڵ بارینی یەکەمین بەفردا دێم
لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین کڕێوەی پیریدا
کاتێ دێم
کە دڵتەنگیی دەمتەنێ
کاتێ دێم
کە خەیاڵێ لە مردن تەنکتر
دێتە ژێر باڵم
وەسوەسەم دەکا و بە چرپە
ناوی تۆم پێ دەڵێ"
(قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠: ٤٠٥)

بەپشتبەستن بەو زانیارییانەی، لە تیۆری ئاوێتەی چەمکیی و باسکردنی زاراوەکانی تیۆرییەکە خرایەڕوو، شیکاری نموونەی (٩)، لەخوارەوە دەکرێت:

لەڕێگەی فەزای گشتیی پارچە شیعرەکەوە، کە فەزای تێکردەکان دەگرێتەوە و لە هاوبەشێتییدان، هەنگاو بەرەو دیاریکردنی فەزای تێکردەکان و دەستنیشانکردنی ئاوێتەکە و دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە دەنرێت، بەمجۆرە؛ (بەفر)، فەزای تێکردەی یەکەم و (پیریی)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن، پەیوەندیی نێوان بەفر و پیریی، هەروەک لە (سپیبوون، دڵتەنگیی، نەمان، ... تاد) دەبینرێت و دەردەکەوێت. کڕێوەی بەفر پەیکاڵە بە گوزەرکردنی کات و بەهۆیەوە گۆڕانی بایلۆجیانەی مرۆڤ، هەروەک لە فەزای ئاوەزیی شاعیردا بە کڕێوەی پیریی گوزارشتکراوە، کە بەخێرایی ئەم گورزی کاتە دێت و هێرشدەکاتە سەر گەنجێتیی. دیسان لە

فەزای ئاوەزیی شاعیردا پیربوون کاتە لەدەستچووەکانی گەنجێتییە، کە تەژی بووە بە هێزو جوانی و خۆزگەو ئاوات، هەربۆیە مرۆڤ کە پیر دەبێت، لەدەستدانی هێزو جوانییەکەی وایلێدەکات بەرەو دڵتەنگیی بڕوات، ئالێرەدا شاعیر یەکێک لە ڕایەڵە گرنگەکانی پەیوەندارێتی فەزای ئاوەزییانەی تێکردەی (پیریی) هەمبەر بە تێکردەی (بەفر) تەنها (سپیبوونی سەر) وەک گۆڕانکارییەکی بایلۆجیی نییە، بەڵکو لەڕێگەی پەسنی پیرێتیی بە کرێوە ئەو دۆخەی مرۆڤ نیشاندەدات، کە لەکاتی پوکانەوەی خانەدەمارییەکانی مرۆڤدا جەستە یان لەشولاری مرۆڤ لەڕێکی دەکەوێت، هەروەک شاعیر بە میتافۆری (خەیاڵی لە مردن تەنکتر دێتە ژێر باڵی) بە چەمانەوە و لاوازبوونی لە کاتی پیرییدا ئاماژەیبۆکردووە. شاعیر بێئاگا لە تەمەنی خۆی، کە بەرەو پیریی هەڵکشاوە، لە پڕدا بیری هاتنی دەکەوێتەوە، کاتێک ئیتر پێویستی بە یەکێکە ڕێک لەسەر قاچەکانی بیوەستێنێت، کاتێکە هێزی جەستەی ڕوو لە ڕمانە و تەنانەت ناتوانێت بەرامبەری ڕابوەستێت. ئەگەر بە تەنها لە فەزای هەر تێکردەیەکیان بڕوانرێت، ناتوانرێت دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە دەربخرێت، بەڵکو بەهۆی پێکهاتەکەوە بەرهەمدەهێنرێت. لەمڕوانگەیەوە و پاش خستنەڕووی فەزای تێکردەکان و دیاریکردنی گرنگترین بەستەری پەیوەندارێتی و خاڵە هاوبەشەکانیان (بێئاگایی مرۆڤ لە کات)، ئەو دروستەیە، کە دەکرێت وەک دروستەی دەرکەوتووی نموونەکەی سەرەوە دەستنیشانبکرێت. لێرەدا کات وەستاوە و ئەزموونکەری کات/ خود بەرەو داهاتوو لە جوڵەدایە، لەم دەقە شیعرییەدا کۆدی شیعری (بێئاگابوون لە کات)، کە دەرهاویشتەی ئاوێتەکردنی فەزا ئاوەزییەکانە، جوڵانی خود بەپێی تێڕوانینی شاعیر؛ بێئاگایی خود لە خێرایی کات، بریتییەلە بیرەوەرییەکی بێئامانج و بکەر یان ئەزمونکەرێکی ناکارا. لە هێڵکاریی (٣)دا، نموونەی (٩)، دەنوێنرێت:




هێڵکاریی ژمارە (٣)
جولانی خود

١٠. "لە ئێستاشدا...
تەرمی ڕابردوو دەشۆم و
وسڵی مردوو لە گیانم دەردەکەم.
لەبەر بارانی ئەویندا
فڕینم تەڕ دەبێ و
بەهێمنی دەنیشمەوە،
بۆئەوەی بە زەمەن بڵێم:
ئایندەم خۆشدەوێت."
(ئەحمەد، کەژاڵ، ٢٠١٤: ٥٦)

بەپێی تیۆری ئاوێتەکردنی چەمکییانە، شیکاریی نموونەی (١٠)، دەکرێت. فەزای ئاوەزیی شاعیر لەپێکەوەگرێدانی هەردوو تێکردەی (رابردوو/ تەرم)، هەروەها (خۆشەویستی/ فڕین) دیاریدەکرێت، کە ئەو پاکێتە بیریانەن شاعیر بەهۆیەوە گوزاشت لە بیرکردنەوەکانی لە چوارچێوەی میتافۆردا، پێدەکات. بەمپێیە (ڕابردوو)، فەزای تێکردەی یەکەم و (تەرم)، فەزای تێکردەی دووەم پێکدەهێنن، هەروەها پەیوەندییەکانیشیان لە فەزای گشتییدا بەهۆی (تەواوبوون، نەگەڕانەوە، ... تاد)، دەردەخرێت. لەگەڵئەمەشدا (ئەوین)، فەزای تێکردەی سێیەم و (فڕین)، فەزای تێکردەی چوارەم دەنوێنن، لینکی پەیوەندیی نێوان (ئەوین/ فڕین) لە ئاماژەکانی هێز و مانەوە و ئومێددا دەبینرێنەوە. لێرەدا باران ئاماژەیە بۆ لێڕژان و پڕبوون لە ئەوین. پشتئەستوور بە شیکاریی سەرەوە و بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی تێکردەکان و پەیوەندیی نێوانیان و کارلێککردنیان (کات هیوا و ئومێدە/ کات بەردەوامیدانە بە خۆشیی مرۆڤ)، ئەو دروستە دەرکەوتووەیە، کە پڕۆژەی تێکەڵەکەی لێ دروستبووە. لێرەدا کات وەستاوە و ئەزموونکەری کات/ خود بەرەو داهاتوو لە جوڵەدایە.

لە فەزای ئاوەزیی شاعیردا چەمکی ڕابوردوو، وەک بوونگەراکان پێیانوایە، وجودی نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە بوونە لە ئێستادا، واتە نیگەرانییەکانمان لە ئێستادا بریتییەلە کاتی ئێمە لەنێو جیهاندا، ئالێرەدا لەنێو فەزای ئاوەزیی شاعیردا تێکردەی (تەرم) تێکەڵ بە بیرکردنەوەکانی دەکات و میتافۆری نەمانی ڕابوردووی لێبەرهەمدەهێنێت، بەجۆرێک ڕابوردوو چەشنی ئەو تەرمەیە، کە دەشۆرێت و دەنێژرێت و ئیدی کۆتاییدێت، ئەمەش گرتنەبەری تێڕوانینی بوونگەراکانە بۆ کات، دواتر شاعیر بەهۆی تێکردەی سێیەمەوە (ئەوین)، کە پیشاندانی خەمی مرۆڤە بۆ هەوڵدان و بەردەوامی و بەهۆیەوە چوون بەرەو ئایندە، ئەمەش لە فەزای ئاوەزیی شاعیردا ئەو فڕینەیە، کە بەهۆیەوە پێشتر دەبینرێت، بەمپێیە، (فڕین) ئاماژەدەری ئایندەیە، ئەمەش جەخت لە دیدگای هایدگەر دەکاتەوە لە نرخپێدان بە ئایندەو کەمبەهاکردنی زەمەنی ڕابوردوو.

لێرەدا دەرکەوتەی گشتیی یاخود فەزای گشتیی لە ئاوێتەکردنی تێکردەکان و لە هەڵهێنجانی کۆدە شعرییەکەدا بریتییەلە (کات لە ئێستابوون و گرنگیی ئایندەدایە). ئەمەش ڕەهەندێکی دیکەی خود جوڵانە، کە بەپێچەوانەی تێکستی (٩)، نرخدانە بە ئێستاو کەمبایەخکردنی ڕابوردووە.

### ٤/٣_١_٢. جوڵانی کات Moving Time

بەپێچەوانەی خودی جوڵاوەوە، لەمیتافۆری جوڵانی کاتدا، کات لە پێشەوە (داهاتوو)، دەستدەکات بە جوڵە بۆ دواوە (ڕابوردوو)، بەگوێدانە ئەزموونکەری کات بە وەستاوی یان

جێگیریی. شوێنی ئەزموونکەرەکەی کات نوێنەرایەتی کاتی ئێستا دەکات. شوێنەکانی بەردەم خود نەخشەیان بۆ کێشراوە بەرەو خاڵە ناهەمیشەییەکانی داهاتوو، هەروەها شوێنەکانی پشتەوەی خودەکە نەخشەیان بۆ کێشراوە بۆ سەر خاڵە ناهەمیشەییەکانی ڕابوردوو. بەگوزارەیەکی تر؛ لە میتافۆری کاتی جوڵاودا، کات لە پێشەوە (داهاتوو) دەجوڵێت بەرەو (ڕابوردوو)، یان بۆ ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، بەگوێدانە کات وەک ئەزموونکەرێکی وەستاو، بڕوانە (١١ و ١٢ و ١٣):

١١. منداڵییمان زوو تێپەڕبوو.

١٢. خەیاڵیی گەڕانەوە بۆ لاوێتی پشووی لێدەبڕێت.

١٣. جاران هەموو کەس ڕێزیان لە گەورەکان دەگرت.

هەمبەر بەمەش لەنموونەکانی (١٤ و ١٥)، وردببەرەوە، کەدەرخەری مۆدێلی جوڵانی کاتە، لە شیعریی کوردییدا:

١٤. "دەڵێی خەون دەبینم

دڵم پەلەپەل لێدەدا

لەسەر پردەکەی ئەوسا ڕادەوەستم

ئەو پردەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان

لێیەوە دەپەڕینەوە

کۆڵان

ئەو پردە کتوپڕ ئێوارەیەکیان

لافاو و عومر ڕایانماڵی و

ئیدی هەستمانکرد

شتێک لە ناوەوەمانڕا

زرمەی هات و

ڕما"

(قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠: ٣١٢)

لەسەر بنەمای نەخشەی تەواوکاریی لە تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییدا، شیکردنەوە بۆ نموونەی (١٤)، دەکرێت و پەیوەندیی نێوان یەکەکانی بەمشێوازەی خوارەوە دەخرێتەڕوو:

لە دەقی (١٤)دا، (ژیان)، فەزای تێکردەی یەکەم پێکدەهێنێت، هەروەها (پرد)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنێت، کە بریتییەلە فەزای ئاوەزیی شاعیر، پەیوەندییشیان لەگەڵ یەکدیدا فەزای گشتیی بەرهەمدەهێنێت. تێکردەی سێیەم بریتییەلە (تەمەن) و تێکردەی چوارەمیش (لافاو)ە. خاڵی هاوبەش و پەیوەندارێتیی نێوان تێکردەکان بەمجۆرەیە؛ گرنگترین بەستەری نێوان تێکردەی (ژیان/ پرد)، لە هەوڵی مرۆڤدایە بۆ پێکانی ئامانجەکەی، لەمڕووەوە پرد هەمبەرە بە ئەزموونی مرۆڤ و مرۆڤ بەهۆیئ ئەزموونییەوە لەگەڵ ژیاندا دروستیدەکات. گرنگترین ڕایەڵی نێوان (تەمەن/ لافاو بەجێهێشتنی ئاڕاستەییانەی (شوێن و ساتە)، بەمپێیە لافاو وەک تێکردەیەک لینکی لەگەڵ عومر/ تەمەندا، وەک تێکردەیەکی تر، لە ڕمانی پرد/ هەوڵ و کۆششی مرۆڤدا ڕووندەبێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە کات عومر/ تەمەنی مرۆڤ دەبات و وردەوردە جێیدەهێڵێت. لە ئەنجامی تێکەڵکردنی تێکردەکانەوە و بە سەرنجدان لە پەیوەندیی و لینکی نێوانیان، دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بەرجەستەدەبێت، ئەویش بریتییەلە (خولانەوەی مرۆڤ لەناو حەسرەتەکانیدا). لەم کۆپلە شیعرەدا، ئەزموونکەری کات/ خود وەستاوە و کات لە داهاتووەوە بۆ ڕابوردوو لە جوڵەدایە، بەمپێیە لە هەر گەڕانەوەیەکی مرۆڤدا لە ئێستاوە بۆ ڕابوردوو، کات دەبێتە ئێلیمێنتێکی ڕۆشتوو، لەهەمانکات ویستی مرۆڤ بۆ گەڕانەوە بۆ ساتە ڕۆشتووەکان، دەبێتە ئەو حەسرەتەی خۆزگەی گەڕانەوەی پێدەبەخشێت.

ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابوردوو، هاوتای ئەو بیرۆکە زانستییەیە، کە کات فرە ئاڕاستەییەو دیاریکردنی شوێن و لەهەمانکات خێرایی تەنێک ئەستەمە، ئەمەش لە تێڕوانینی زانستییانەی کاتدا و لە فیزیای نادڵنیایی کوانتەمدا پێشتر خرایەڕوو. بەپێی تێڕوانینی لێکۆڵەر، بەجۆرێکە، کە دیاریکردنی شوێنی شاعیرو خێرایی تێپەڕینی کات، هەروەها کاریگەریی ئێستا یان داهاتوو لەسەر ڕابوردووی مرۆڤ و نادڵنیایی پێوانەگەری ژیان، کار لەسەر چەندێتی و چۆنێتی حەسرەتی گەڕانەوەی مرۆڤ، بۆ ڕابوردوو دەکاتەوە.

١٥. "من کە نیشتمانم جێهێشت

خۆمم بە سەری شکاوەوە

لە کۆڵانەکانی منداڵیدا جێهێشت

شەوم بەسەردا هات و لەناو بەردەکانا مردم

دەزانم... تازە گەر خوداش بمبووریٚ

خۆم هەرگیز


لە خۆم نابوورم"

(قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠: ٥٣٢)

پەیوەندیی نێوان تێکردەکان و دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە، لە دێڕە شیعریی (١٥)دا، بەپێی تیۆری ئاوێتەی چەمکیی، لەحیمکردنی تێکردەکانی نێو فەزای ئاوەزیی شاعیرە، بەجۆرێک؛ (نیشتمان)، فەزای تێکردەی یەکەم و (زامداری/ سەری شکاو)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن. هەریەک لە (نیشتمان/ زامداری/ ئازار-سەری شکاو) لینکی پەیوەندیی نێوان هەردوو فەزاکە چێدەکەن، هاوبەشێتی و بەراوردکردنی تێکردەکان بەرجەستەی فەزای گشتیی دەکەن، بۆ بەرهەمهێنانی دەرکەوتەی گشتیی وەک کۆدە شعرییەکە هەر یەک لە فەزای تێکردەی سێیەم (کۆچ)، و فەزای تێکردەی چوارەم (ناسەنگین/ مردن لەناو بەرد)دا، دەبنە بەشێکی تەواوکەرانەی تێکردەی یەکەم و دووەم. پەیوەندارێتیی نێوان (کۆچ/ زامداری-ئازار) دوورکەوتنەوەیە لە تەندروستیی جەستەیی و دەروونی و گوزەراندنی ژیان، وەکچۆن زام خانەکانی لەش تێکدەشکێنێت، ئەوهاش مرۆڤ بە دوورکەوتنەوە لە نیشتیمانی بێڕێزو ناسەنگین دەبێت، لەڕووی دەروونییەوە تێکشکاوو هەست بە خۆبەکەمزانین و بچوکی و ناهاوسەنگی دەکات. وردتر؛ دیاریکردنی فەزای ئاوەزیی شاعیر لە (کۆچ)دا و بەستنەوەی بە فەزای تێکردەی (مردن لەسەر بەرد)، وەک ئاماژەی بۆ کرا، دەرخستنی نانیشتیمانی ئەزمونکەرە، بەجۆرێک (کۆچ) هەڵکەندنی مرۆڤە لەنێو ماڵ و چەمکی مردن لەسەر بەرد، دەرخەری پڕ بەهایی ماڵە، لەئەنجامی تێکەڵکردنی تێکردەکانی نێو دێڕە شیعرەکەوە، فەزای ئاوێتەکەش دەردەکەوێت، کە بریتییەلە (کەمنرخی و بێبەهایی مرۆڤ لە تاراوگەدا). پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو، کە لێرەدا بەرد میتافۆرە بۆ تاراوگە. بەهەمان شێوەی نموونەی پێشووتر، لەم نموونەیەشدا ئەزموونکەری کات/ خود وەستاوە و کات لە داهاتووەوە بەرەو ڕابوردوو لە جوڵەدایە، بەمپێیە کۆدە شیعرییەکە وەک دەرکەوتەی گشتیی فەزای ئاوەزیی شاعیر، بریتییەلە سەنگینی شوێنکاتی مرۆڤ بەو واتایەی مرۆڤ لە (شوێن و دەموکاتی خۆیدا سەنگین و تەندروستە). کەواتە ئیلیمێنتی کات لێرەدا ئەزموونی دۆخی مرۆڤە لە ناشوێندا*. جوڵانی کات لە هێڵکاریی ژمارە (٤)دا، زیاتر ڕووندەکرێتەوە:

---

* بەکارهێنانی چەمکی (ناشوێن) بۆ ئەو مەوداو ناوچەیەیە، کە شوێنگەو زێدو نیشتیمانی ئەزمونکەر نییەو پەیوەست بە ئەزمونکەرەوە تاراوگەیە.





هێڵکاریی ژمارە (٤)
جوڵانی کات

هەرلەبارەی جوڵانی کاتەوە و لە تێڕوانینی زانستییانەی کاتدا هاتووە، هەروەک پێشتریش خرایەڕوو، کات هەرگیز ناوەستێت لە جوڵە و هیچ شتێک ناتوانێت جوڵەکەی بوەستێنێت، لەمبارەیەوە بڕوانە نموونەی (١٦)، کە تیایدا، بەپێچەوانەی زانستەوە بەپێی تێڕوانینی خەیاڵی شاعیران، کات هەمیشە لە جوڵەدا نییە، دەتوانرێت بجوڵێت و بشوەستێنرێت، بە ویست و ئیرادەی خودی خۆی، هاوکات دەشگونجێت ئەزموونکەری کاتیش جێگیرنەبێت:

١٦."شاعیران لێرەن تا فێربین
چۆن گوڵاوی ئەم دەریاچەیە بگرین.
فێربین سەیری ئەو سەعاتانە بکەین
کە تێدەپەڕن و ئێمە پیر نابین...

سەیری ئەو ڕۆژانە بکەین
کە دەڕۆن و ئێمە بە منداڵی دەمێنینەوە"
(عەلی، بەختیار، ٢٠١٤: ١٤٠)

نموونەی (١٦)، بەپێی تیۆری ئاوێتە، فەزای ئاوەزی شاعیر لە دیاریکردنی تێکردەکاندا بەمجۆرە شرۆڤەدەکرێت: فەزای تێکردەی یەکەم بریتییەلە (کات)، هەمبەر بە چەمکی (پیرنەبوون)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنێت. هەردوو تێکردەکە لە فەزای گشتییدا لە هاوبەشێتییدان. بە تەنها هەریەکە لە تێکردەکان ناتوانن تەرزی تێکەڵەکە بچنن، بەڵام لە ئەنجامی پەیپێبردن و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و بەراوردکردنی نێوان تێکردەکانەوە، دەتوانرێت هەنگاو بۆ دۆزینەوەی دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بنرێت. لێرەدا ئەو پارادۆکسەی، لەنێوان هەردوو تێکردەکەدا هەیە و دژیەکی دروستکردووە، ڕەونەقی بە شیعرەکە داوە و لە هەمانکاتدا وەستانی کات دەردەخات. لینکی نێوان تێکردەکان لەوەدایە، کاتێک کات تێدەپەڕێت، ئیتر خودی کات بۆ خۆی دەبێت بە هەڕەشە لەسەر پیربوون. کۆبوونەوەی کات و خێرا تێپەڕینی پەیکاڵە لەگەڵ کۆبوونەوەی تەمەنی مرۆڤ و پیربوون. شاعیر لێرەدا لە هەوڵی ئەوەدایە بە منداڵی بمێنێتەوە، تاوەکو تێپەڕینی ئێوارە و نیوەڕۆکان هەڕەشە نەبن بۆ سەری، چ هەڕەشەیەک، بێگومان هەڕەشەی گەورەبوون. هەر بۆیە شاعیر پێچەوانەی گوزەرکردنی کات دەوەستێتەوە. دانایی وەستاندنی کات لەوەدایە، بۆئەوەی هەڕەشە نەبێت بۆ سەر شاعیر، شاعیر دێت بەرەنگاریدەبێتەوە و دەیوەستێنێت (ئەگەرچی لە ڕاستییدا و بەپێی تێڕوانینی زانستییانەش بۆ کات، وەک لە ١/٣-١دا، خراوەتەڕوو، کات هەرگیز لە جوڵە ناکەوێت و ناوەستێت). لەهەمانکاتدا وەستاندنی کات لێرەدا ئاماژەیە بە وەستانی کاتی ناوەوەی مرۆڤ، کات وەستێنراوە و ناتوانێت کار لە ناوەوەی مرۆڤ بکات، ئەگەرچی کاتی فیزیکی گۆڕانکاری لەسەر جەستە و ڕووخساری شاعیر دەرخستووە، بەو واتایەی کات کاریگەریی لەسەر خواستی ناوەوەی مرۆڤ هەیە بە کامڵبوون و پێگەیشتن و لوتکەبوونی، بەپێچەوانەی جەستەوە، بەپێی تێپەڕینی کات بەرەو لاوازبوون و پوکانەوە دەڕوات، بەمپێیە مامەڵەکردنی شاعیر کە لەگەڵ دنیای ناوەوەیەتی، درک بەوە دەکات، کات شتێک نییە کاریگەریی لەسەر ناوەوەی مرۆڤ هەبێت، بەڵکو دەکرێت هەر هەمان منداڵ و هەمان گەنج بێت. لێرەدا بەپێی پەیوەندارێتی هەردوو تێکردەکە و تێکەڵکردنی تێکردەکان و پەیکاڵکردنیان بە یەک، دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بریتیدەبێت لە کۆدی شیعری (کات بەدەر لە ناوەوەی مرۆڤ) ئەمەش وادەکات مرۆڤ لە ناوەوە بەرەو دەرەوە لەگەڵ جوڵەی کاتدا زۆرانبگرێت و وەکچۆن کار لە خۆزگەو خولیاکانی ناوەوە ناکات، ئاوهاش دەبێت بە خەیاڵ و خواستە باڵاکان ڕێگە لە لاوازی جەستەبگیرێت، ئەم پەیکاڵکردنەی ناوەوەو دەرەوە/ فیزیکی کات وەک وەهمێک وێنادەکرێت. هێڵکاریی ژمارە (٥)، وەستانی کات لە نموونەی (١٦)دا، دەنوێنێت:




هێڵکاریی ژمارە (٥)
وەستانی کات

لەگەڵئەمەشدا، هەر بەسەرنجدان لە بابەتی کات، درک بەو جیاوازییە لەنێوان جوڵانی خود و جوڵانی کاتدا، دەکرێت. بەچەند وشەیەکی تر؛ لە نەخشەکەدا یان کات دەجوڵێت یان ئەوەتا چاودێری کات دەجوڵێت. هەروەها دەتوانرێت ئەوەش درکبکرێت، کە هەردووک لە کات و ئەزموونکەری کاتیش دەتوانن جوڵەیان لە نەخشەی میتافۆرێکی کاتدا هەبێت. وەک (١٧):

١٧. "ئەمرۆ بەڕێوەم بڕۆم بۆ شوێنێک

بەڵام هەردەڵێی دوێنێیە،

کە لەوێ هاتوومەوە،

لەسبەینێش دەچێت

کە نە دوێنێ بەرێوەبووم بۆ ئەوێ و


نە ئەمڕۆش لێرەدەبم!"

(قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠: ٨٠٢)

لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەی چەمکییەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە شیکاریی بۆ نموونەی (١٧) دەکرێت:

(شوێن)، وەک فەزای تێکردەی یەکەم و (کات)، وەک فەزای تێکردەی دووەم فەزای ئاوەزیی شاعیر پێکدەهێنن. لەم فەزا ئاوەزییەدا دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان تێکردەکان هەڵهێنجانی میتافۆرە ئاوێتەییەکە دەستەبەردەکات، کە لێرەدا بریتییەلە (جوڵەی مرۆڤ لە شوێندا بەپێی کات)، لەم دەقە شیعرەدا و لەنیوەی سەرەتای شیعرەکەدا، ئەزموونکەری کات/ خود دەجوڵێت و کات وەستاوە، لە نیوەی کۆتایی شیعرەکەشدا، بە پێچەوانەوە کات لە جوڵەدایە و ئەزموونکەری کات/ خود وەستاوە. ئەم ڕاستییە شیکارییە، وەڵامی ئەرێیە، بۆ پرسیارگەلێکی وەک: ئایا دەکرێت لە پارچە شیعرێکدا هەم کات بجوڵێت و هەم ئەزموونکەری کاتیش؟ پێشبینیکردنی مرۆڤ بۆ دووبارەبوونەوەی ساتەکان وەکیەک و دروستکردنی دۆخی نائومێدی، هەروەک ئەلبێر کامۆ لە ئەفسانەی سیزف و برێخت لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، لە جووت ئاڕاستەیی کات و ئەزمونگەری کاتدا بەرجەستەدەبێت، ئەمەش وەک بەشێک لە فەزای ئاوەزیی شاعیر تێبینییدەکرێت، هەروەک لە نیوەدێڕی (ئەمڕۆ بەرێوەم بڕۆم بۆ شوێنێک بەڵام هەردەڵێی دوێنێیە، کە لەوێ هاتوومەوە)، لێرەدا دووبارەبوونەوەی ئەمڕۆ لە دوێنێدا دەبێتە پنتی بێهودەیی ئەمڕۆ، هەروەها هەمان پێشبینیکردن لە نیوەدێڕی دووەمدا (لەسبەینێش دەچێت کە نە دوێنێ بەرێوەبووم بۆ ئەوێ و نە ئەمڕۆش لێرەدەبم!)، ئەو ئاماژەیە دەبەخشێت، لێکچوونی ڕۆژو ساتەکان هیچ واتایەک لە ژیان نابەخشێت جگەلە پووچێتی، ئەمەش چەسپاندنی ئەو ڕوانگە وجودییەیە، کە ژیان لە دووبارەبوونەوەدا بێمانا دەکات.

بەمپێیە دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە، بریتییەلە (دووبارەبوونەوە و بێهودەیی ژیان/ پوچگەرایی کات)، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە، بەردەوام ژیان خۆی لە بەرگێکی دووبارەبووەوەدا دەردەخات، مرۆڤ هەرگیز بەو ئامانجە ناگات لە ژیاندا هەیەتی، لەلای شاعیر هەرچەندە سبەینێ نەهاتووە و ڕووینەداوە، بەڵام هەستدەکات هەمان ڕۆژی ئێستا یان دوێنێیەتی و دووبارەیە و هیچ شتێکی نوێ تۆمارناکات. لەبارەی جوڵانی کات و خودەوە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٦):




هێڵکاریی ژمارە (٦)
جوڵانی خود و کات

بەدەر لەم تێڕوانینەی بەهۆی پەیکاڵکردنی تێکردەکانەوە لە نموونەی (١٧)دا خرایەڕوو، هاوکات هەمان تێڕوانینی ئەنیشتاین بۆ کاتی تێدا دەستەبەردەکرێت، هەروەک پێشتر و لە ڕوانگەی زانستیی کاتدا باسکرا، کە کات دەبەستێتەوە بە فەزا/ شوێنەوە و پێیوایە، کات لە ناو فەزادا دەچەمێتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (٣/١-١) ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## ٣/٤_٢. کات وەک ئاڕاستە

بەشێک لە تێڕوانینەکان لەبارەی کاتەوە بەجۆرێکە، کە وەک ڕاستەهێڵێک تەماشای کات کراوە، لێرەدا ئەم تەماشاکردنە پەیکاڵە لەگەڵ تێڕوانینی زانستیی بۆ کات لای ئەنیشتاین، هەروەک پێشتریش خرایەڕوو. کات ڕاستەهێڵێکە، ئاماژەدانە بە یەک ئاڕاستەی کات، بە چەشنێک هەر

ڕاستەهێڵێک خاڵی سەرەتا و کۆتایی هەیە، بۆ کاتیش هەمان شت دروستە. باشترین نموونەیەکیش بۆ ئەم تێڕوانینەی کات، خودی بیرۆکەی مردنە، کە ئەوە نیشاندەدات، بە پێچەوانەی دووبارەبوونەوەی ڕۆژ و وەرزەکان، ژیان بریتیی نییە لە بازنەیەکی بێکۆتایی، بەڵکو ڕاستەهێڵێکە بە خاڵی دەستپێک و کۆتاییەوە. بەسەرنجدان لەم گۆشەیەش، بەهەمانشێوە، کات لای ئەو کەسانەش، کە وا لە ژیان دەڕوانن کۆتاییەکی هەبێت و شتەجوانەکانی ناوی شیاوی دووبارەبوونەوە نین، هەر ڕاستەهێڵێکە. بەوردبوونەوە لەو نموونانەی لە خوارەوە بۆ ئەم مەبەستە هێنراونەتەوە، بەردەوام لە کاتێکدا وەک ڕاستەهێل لە کات دەڕوانرێت، ئیدی کرۆک و ناوەڕۆکی شیعرەکان بە گشتیی لە چوارچێوەی (هەستی نائومێدیی)دا، دەخولێنەوە. بۆ پاساودانی ئەمە بڕوانە نموونەکانی (١٨ و ١٩):


١٨. "ئەو گوڵی خۆش ناوێت،

گوڵ ئەو ژیانەی بیردەخاتەوە

کە زوو دێت و زوو دەڕوات"

(عەلی، بەختیار، ٢٠١٤: ١٠٤)

(مرۆڤ)، فەزای تێکردەی یەکەم و (گوڵ)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن، لە فەزای گشتییدا تێکردەکان لە پەیوەندییدان. گرنگترین بەستەری هەردوو تێکردەکە؛ زوو تێپەڕینی ژیانی مرۆڤ و هەنگاونان بەرەو تەواوبوونی تەمەنی بە پێی تێپەڕینی کات، هاوکاتە لەگەڵ زوو تێپەڕینی تەمەنی گوڵ و کورتی تەمەنی گوڵ و زوو هەڵوەرین و مردنی، هەربۆیە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی تیکردەکان و کارلێککردنیان و دۆزینەوەی لینکی نێوانیان، لە فەزای گشتییدا، دەتوانرێت دروستەی دەرکەوتوو و کۆدە شیعرییەکەی لە (کات خاڵی سەرەتا و کۆتایی هەیە/ کات دێت و دەڕوات)، دیاریبکرێت. هێڵکاریی ژمارە (٧)، کات وەک ڕاستەهێڵ دەنوێنێت:




هێڵکاریی ژمارە (٧)
کات وەک ڕاستەهێڵ

١٩. "زەمەنی ئێمە چواروەرزی ساڵ

بەخێرایی دێت و دەڕوا

دەڕوا تروسکایەکی تێدا نیە

هەگبەیەکە پڕ لەخەم

وەرزێکی تێدا نیە بۆبارین

کەلێوی ووشکەبوومان تەڕکا

چەند ناشیرینە نەبینی

گوێت لەگمەی کۆترێک و

جریوەی بەیانیانی چۆلەکەیەک بێ"

(خدر، کەژاڵ ئیبراهیم، ٢٠١١: ١٠٩)

شیکاریی نموونەی (١٩)، بەپێی تیۆری ئاوێتە بەمشێوەیەی خوارەوە دەکرێت:

(مرۆڤ)، فەزای تێکردەی یەکەم و (وەرزەکان)، فەزای تێکردەی دووەم پێکدەهێنن، هەر دوو تێکردەکە لە فەزای گشتییدا لە هاوبەشێتییدان. قۆناغی ژیانی مرۆڤ سەرەتا بە لەدایکبوون دەستپێدەکات و بەرەو قۆناغی مەلۆتکەبوون دواتر منداڵیی و هەرزەکاریی و لاوێتیی و گەنجێتیی و پاشانیش بەرەو تەمەنی کامڵبوون و پیریی و تەواوبوون هەنگاودەنێت، هەریەکە لەم قۆناغانە، خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیانن، هەموو ئەمانە پەیکاڵن بە ژیان و ماوەی تەمەنی هاتن و چوونی وەرزەکان (بەهار، هاوین، پاییز و زستان)، کە ئەمانیش لە هەر قۆناغێکیاندا کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کۆتایی هەریەکە لە وەرزەکان بەشێکە لە کۆتاییەکی گەورەتر، هەر وەرزێک وەک قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ دەڕوات و تێدەپەڕێت، تاوەکو کۆتایی بە کۆی قۆناغەکان دێت. پاش خستنەڕووی تێکردەکان و دۆزینەوەی لینکی نێوانیان، هەروەها لە ئەنجامی تێکەڵکردنی تێکردەکان و کارلێککردنیان، هەنگاو بۆ دیاریکردنی دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە دەنرێت، کە بریتییەلە (کات دێت و دەڕوات)، پەیوەست بەمەشەوە لە بیرۆکەی کات ڕاستەهێڵە، ئەو بیرۆکەیە خۆی نمایندەدەکات، کە کات دەستپێک و کۆتایی هەیە، هەر بۆیە مرۆڤی نائاگا بەم حەقیقەتی ڕاستەهێڵە وادەکات دووچاری نائومێدیی و سەرگەردانی ببێتەوە.

هەمبەر بەمەو پێچەوانەی بەچەمککردنی کات وەک ڕاستەهێڵێک، دەکرێت کات وەک ماوەیەکی دووبارەبووەوە/ وەک بازنە تەماشابکرێت، تیایدا دیاردەی گرنگ بەهەمان فرمانەوە خۆیانی تێدا دووبارەدەکەنەوە، هەروەکئەوەی بەناو بازنەیەکدا تێپەڕن یان لەجوڵەدابن، بۆنموونە؛ بەهار، هاوین، پاییز و زستان لەبازنەی ساڵێکدا خۆیان دووبارەدەکەنەوە، ئەمە بنەمایەکی میتافۆری کاتە وەک بازنەیەک، وەک(٢٠ و ٢١):

٢٠. "کەس گوێی لە کەوتنی گەڵایەک نابێ

کەس گوێی لە کەوتنی گەڵایەک نییە

بۆ نێو ئەم تابووتە پڕ کاتژمێرە

جەستەکان ڕۆشتن

کاتژمێر لێرە مایەوە

کەس تاقەتی پێشبینیی کاتژمێری نەماوە

کەس تاقەتی نییە ژیان بە نهێنییەکی گەورە بزانێ

هەموومان لەم ڕۆژگارە مردووەدا ئەبین بە بازنە


بازنەی ڕۆژگار"

(سوبحی، ئازاد، ٢٠١٥: ٦)

لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەوە، کە پێشتر لە بارەی تیۆری ئاوێتەو و زاراوەکانییەوە خرایەڕوو، لێکدانەوە بۆ  نموونەی (٢٠)، بەپێی هەمان تیۆری دەکرێت:

لەم دێڕە شیعرەدا (تابووت)، فەزای تێکردەی یەکەم و هەروەها (ژیان)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن، هەریەکە لە تێکردەکان بە تەنها توانای ئەوەیان نییە، کە تەرزی تێکەڵەکە لەخۆبگرن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لە فەزای گشتییدا لە پەیوەندییدان، لەڕێگەی دۆزینەوەی بەستەری پەیوەندیی نێوانیانەوە، دەتوانرێت درک بە دروستەی گشتیی/ دەرکەوتووی ئاوێتەکە بکرێت. بەپێی کۆزانینی دنیایی (تابووت) بۆ هەڵگرتنی تەرمە، ئەم کۆزانینە دنیاییە بووەتە بنەمایەکی فەزای ئاوەزیی شاعیر بۆ بەمیتافۆرکردنی وشەکە، بەجۆرێک لەبری جەستە کاتژمێرە مردووەکانی هەڵگرتووە، بەمپێیە هەر دوو تێکردەکە بەستەری (مردن/ مردوو: تەرم/ کاتژمێری مردوو) کۆیاندەکاتەوە، کەواتە تابووتێک جەستەیەکی مردووی هەڵگرتبێت، پەیکاڵە بە ژیانێک، کە پڕیەتی لە کاتژمێری مردوو. لەمڕوانگەیەشەوە و پاش سەرنجدان لە تێکردەکان و تێکەڵبوون و کارلێککردنیان لەناو پێکهاتەکەدا، کۆدە شیعرییەکە لە (کات دووبارەبوونەوەیەکی بێهودەیە)، وەک دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە دەردەکەوێت.

هەمان ناوەڕۆک و مەبەستی نموونەکەی سەرەوە لە ئەفسانەی سیزیفدا دەبینرێتەوە وەک لە نموونەی پێشووشدا ئاماژەی بۆ کرا، کاتێک لە چیرۆکی ئەفسانەکەدا کوڕێک بەردەوام هەموو ڕۆژێک لە هەوڵی بردنە سەرەوەی بەردێکدایە بۆ سەر لوتکەی گردێک، پاش تەواوبوونی هەوڵدانەکەی و خستنەسەرەوەی بەردەکە، دواتر بەرەو خوارەوە گلۆر دەبێتەوە بۆ دامێنی گردەکە، ئەمە وادەکات کوڕی نێو ئەفسانەکە بەردەوام ڕۆژانە بەم کارە بێهودەوە خۆ خەریکبکات. کەواتە نموونە شیعرییەکە و ئەفسانەی سیزیفیش، نموونەن بۆ بێهودەیی ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی لە بازنەیەکی داخراودا. نموونەی (٢٠)، لە هێڵکاریی (٨)دا، دەنوێنرێت:




هێڵکاریی ژمارە (٨)
کات وەک بازنە

٢١. "فێرمکە منیش وەک تۆ بەدەوری ژیاندا پێچبکەمەوە

فێرمکە بەدەوری ڕۆژو هەفتەکاندا پێچبکەمەوە

بەدەروی لەدایکبوون و فەنابووندا پێچبکەمەوە

کە ژیان هەمووی ژورێکە وەهمی پەنجەرەکانی دەگۆڕێت

وجود هەموی وێنەیەکە وەهمی شێوەکانی دەگۆڕێت"
(عەلی، بەختیار، ٢٠١٩: ٦١)

لەدێڕە شیعریی (٢١)دا، (مرۆڤ)، فەزای تێکردەی یەکەم و (وجود)، فەزای تێکردەی دووەم و (پێچکردنەوە)، فەزای تێکردەی سێیەم و (وەهم)، فەزای تێکردەی چوارەم دەنوێنن، هەریەکە لە تێکردەکان بە تەنها توانای دروستکردن و پێکهاتنی دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکەی نییە، بەڵکو لە فەزای گشتییدا، هاوبەشێتیی و بەراوردکردنی بەستەرەکانی نێوان تێکردەکان دەرکەوتەی تێکەڵەکە وەک کۆدی شعریی دەقە شعرییەکە بەرجەستەدەکات. بەستەری نێوان (مرۆڤ/ وجود) بەش و گشتە، بەجۆرێک تایبەتمەندێتی مرۆڤ وەک هەبوویەک بەشێکە لە بوونێکی گشتیی کە وجودە، قۆناغی دەستپێک و کۆتایی هەیە، هەروەکچۆن وجودیش ئەبەدی نییە، پەیوەست بەمەش خواستی گەڕانەوەی مرۆڤ لە هەمان وجوددا، پەیکاڵ بە تێکردەی (پێچکردنەوە) هەمبەر بە هەردوو تێکردەی (مرۆڤ/ وجود)، گرنگترین بەستەری نێوان تێکردەکانی (مرۆڤ/ وجود/ پێچکردنەوە)یە، بەڵام ئەم خواستەی مرۆڤ جگەلە وەهمێک چیدی نییە، هەروەک شاعیر بەستەرەکانی نێوان ئەو سێ تێکردەیە بە (وجود هەمووی وێنەیەکە وەهمی شێوەکانی دەگۆڕێت)، لە حەقیقەتی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خاڵی سەرەتا پوچەڵدەکاتەوە، هەرچەندە مرۆڤ بە وەهمەکانییەوە وەک هەبوویەکی واقعی مامەڵەی ئاسایی خۆی دەکات.

بەمپێیە مرۆڤ لە وجوددا، شێوە جیاوازەکانی دەگۆڕێت و خۆی وەک هەبوویەک کۆتاییدێت، گەڕانەوەی مرۆڤیش بۆ ئەم وجودە، کە خۆی بوویەکی کۆتاییدارە مەحاڵە، هەر بۆیە کۆدی شیعریی هەڵهێنجراو لە ئاوێتە چەمکییە میتافۆرییەکەدا بریتییەلە (کات وەهمی گەڕانەوەیە).

بەوردبوونەوە لەو نموونە شیعرییانەی، کە بۆ بابەتی کات وەک بازنە هێنراونەتەوە، ئەوە دردەکرێت، مەبەست و ناوڕۆکی کات وەک بازنە بەگشتیی خۆی لە (پوچگەرایی کات/ بێهودەیی کات)دا، دەبینێتەوە، بەشیوەیەکی تر؛ هەموو ئەو دەقانەی، کە کات وەک بازنە دەردەخەن، هەڵگری ناوەڕۆکێکی پوچگەراییانەن.

یەکێک لەدیارترین ئەو تێڕوانینانەی، لەبارەی ئاڕاستەی (کات)ەوە هەیە، بریتییەلەو تێڕوانینەی دەوترێت: (کات سەرەوەیە و کات خوارەوەیە). زۆر بە سانایی دەتوانرێت درک بەوەبکرێت، کە ئەم تێڕوانینە دابڕاوە بەسەر هەردوو تەمەنی لاوێتیی/ گەنجیی و تەمەنی پیرییدا، بەمجۆرە: ژیانی مرۆڤ بە لەدایکبوون دەستپێدەکات و بە مەرگ کۆتاییدێت، ئەم تەمەنە سەرەتا گەشەدەکات و بەرزدەبێتەوە بەرەو لوتکە و پاشان شۆڕدەبێتەوە و بەرەو تەمەنی پیریی دەڕوات. ئاڕاستەی بۆشایی لە قۆناغی سەرەتاییدا بەرەو بەرزبوونەوەیە، ئەم لایەنە ڕوونەش هاوکار و نموونەیە، بۆ بنیاتی میتافۆری کات سەرەوەیە، پەیوەست بەمەوە دەکرێت میتافۆری ***لاوێتی/ گەنجێتی سەرەوەیە*** لەسەر هەمان بنەما هەڵبهێنجرێت. هەروەها ئەو تایبەتمەندییانەش، کە دەدرێنە پاڵ تەمەنی پیریی، وەک: ڕەنگ_ پێوە_ نەمان، کەمبوونەوەی وزە و نەبوونی سەرنجراکێشی، عادەتەن هاوڕێگا و

هاو ئاڕاستەی شۆڕبوونەوەن، هاودەمی پووکانەوە و دڵتەنگین، هەموو ئەمانە نیشاندەری ئاڕاستەی ڕووەو خوارەوەن لە جەستەی مرۆڤدا. ئەم ئاوێتەکردنەی تایبەتیمەندییەکان و کاردانەوە جەستەییەکان، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی میتافۆری ***تەمەنی پیریی ڕووەو خوارەوەیە***، بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە نموونەی (٢٢)، وەک ئاماژەیەک بۆ کات سەرەوەیە و هەوەها نموونەی(٢٣)، وەک ئاماژەیەک بۆ کات خوارەوەیە:

٢٢. "ئەو ساتانە

هەناسەی زمەن گەرم بوو

ڕەنگی ڕێگەکانیش تۆخ... تۆخ

شتەکان لە لوتکەی گەنجێتیدا دەدرەوشانەوە

ئای لەوئێوارە دڵڕەقەی

وتەبێژە خەندەلێوەکان

نووسراوەکانیان

جێ هێشت

بە سیحری بارانێکی کەمتەرخەم

ئاماژەیان بۆ سەرابێکی دوور کرد"

(سوبحی، ئازاد، ٢٠١٥: ٢١٢-٢١٣)

لە کۆپلە شیعریی (٢٢)دا، (ڕەنگ)، فەزای تێکردەی یەکەم و (ڕێگا)، فەزای تێکردەی دووەم و فەزای تێکردەی سێیەمیش (هێز/ گەنجێتیی)، دەنوێنن. دەکرێت لە ڕێگەی پەیپێبردن و دۆزینەوەی لینکی نێوان فەزای تێکردەکانەوە هەنگاو بەرەو دۆزینەوەی دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بنرێت. لە فەزای ئاوەزیی شاعیردا ڕەنگی تۆخ گوزارشتە لە جوانیی و هێز، پەیوەستکردنەوەی بە (ڕێگا)شەوە، کە هەڵگری خەسڵەتی پەیبردن بە چۆنێتی ژیانکردنە، هێزی ئاوەزمەندێتی گەنج لە ژیانداو جوانیی و چێژوەرگرتن لە ساتەوەختی گەنجێتیی لێدەکەوێتەوە. هەروەها وەسفکردنی زەمەن بە هەناسەی گەرم جەختکردنەوەیە لە بەستەری نێوان (ڕەنگ و ڕێگاو هێز)، بەجۆرێک کاتی گەنجێتیی، هەردوو تایبەتمەندێتی جوانیی و هێز لە فەزا گشتییەکەدا کۆدەکاتەوە، پاش تێکەڵکردنی تێکردەکان و کارلێککردنیان، کۆدە شیعرییەکە لە (کات سەرەوەیە/ گەنجێتیی سەرەوەیە)، هەڵدەهێنجرێت، کە بریتییەلە دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە.

٢٣. "كە پیرەمێردێک بەلاتاتێدەپەڕێت و بەتەقەی کۆچانەکەی پێت دەڵێت،

تۆش پیردەبیت و تۆ گوێی لێ ناگریت،

لەویادا شۆڕەبییەک لەبری تۆ کوڕدەبێتەوە"
(قادر، هیوا، ٢٠٢١: ٥٢)

لەڕوانگەی تیۆری تەواوکاریی چەمکییانەوە، دێڕە شیعریی (٢٣)، لە وەسفکردنی کات بۆ خوارەوە وەک پەککەوتەیی و دارمانی مرۆڤ ڕاڤەدەکرێت:

لێرەدا (شۆڕەبیی)، فەزای تێکردەی یەکەم و (گۆچان)، فەزای تێکردەی دووەم و (پیریی)، فەزای تێکردەی سێیەمی پێکهاتەکە پێکدەهێنن. تەواوی تێکردەکان لە فەزای ئاوەزیدا لە پەیوەندییدان و بە تەنها هەریەک لە تێکردەکان توانای دروستکردن و بەرهەمهێنانی دروستەی دەرکەوتوویان نییە. پەیوەندیی (شۆڕەبیی و گۆچان)، لە ئاڕاستەی چەمانەوە و نوشتانەوەوە دەردەکەوێت، شۆڕەبیی لق و پۆپی بەپێچەوانەی ئاڕاستەی سەرەوە و بۆ خوارە شۆڕدەبێتەوە و هەمبەرە بە ئاڕاستەی چەمانەوەی گۆچان، هەر دوو تێکردەکەش (تێکردەی یەکەم و دووەم)، پەیوەندییان بە تێکردەی سێیەمەوە ئەوەیە، لە ئاماژەی (پیرییدا)، یەکدەگرنەوە. واتە بەگشتیی وێنەی چەمانەوە وەک گرنگترین بەستەر، کە لە تێکردەی یەکەم و دووەمدا دەبینرێتەوە، ئاماژەن بۆ پیریی، کە یەکێکە لە تێکردەی پێکهاتەکەش لە هەمانکاتدا. بەمپێیە تێکردەکان و پەیوەندیی نێوانیان (کات خوارەوەیە/ پیریی خوارەوەیە)، ئەو دروستە دەرکەوتووەیە، کە ئاوێتەکە لەخۆیگرتووە.

## ٤/٣_٣. کات وەک کردە

هەموو شتەکان لە نێویاندا جوانی، هێز و دەستەڵات، پاشایەتی و تەمەن درێژی، دەبنە قوربانی وێرانکارییەکانی کات، کردەی کات کردەیەکە، کە هیچ شتێک ناتوانێت کاریگەریی و جوڵەکەی بەسەر بوونەوە بوەستێنێت. هەربۆیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیشدا تەواوی ئۆرگانە فیزیاییەکان لەڕووی کواڵێتییەوە بەرەو لەکارکەوتن دەڕۆن، تەنانەت بەردە سەخت و ڕەقەکانیش زوو یان درەنگ، بەر هێرشی کات دەکەون و لێکهەڵدەوەشێن. درککردن بەم کاولکارییەی کات سەردەکێشێت بۆ نەخشەکێشان لە نێوان کات و شتە غەیرە مرۆڤەکان، کە کرداری کاولکردن فەراهەمدەکەن یان دەبنەهۆی ئەو کردارە " کات بەگوێرەی ئەزموونی مرۆڤ، بە دوژمنێکی نەیار و سەرسەخت دادەنرێت". (Mufeed, A., 2020: 6). لێرەدا کات وەک وێرانکەرێک دەردەکەوێت، کە

دەبێتە هۆی وێرانبوون و لەکارکەوتنی هەموو شتێکی ژێر ڕۆشنایی خۆر. لەمڕوانگەیەشەوە بەسەرنجدان لەو دیاردە بەهێزانەی، لە لایەن کاتەوە زەلیل دەکرێن، درک بە هەڵهێنجانی ئەم میتافۆرانە دەکرێت: (کات وێرانکەرە، کات جەنگە، کات ستەمکارە، کات هێزێکی نەبەزیوە، کات دڕندەیە... تاد). هەموو ئەمانەش دەگونجێت لەنموونەی شیعرییدا بەرجەستەکرابن، لەمبارەیەوە بڕوانە(٢٤ و ٢٥):

٢٤. "ئەو ئێوارەیە

میلی کاتژمێر بیستوپێنج جار

بەنێو شپرزەیی ڕۆحی ئەودا فڕی

ساڵ بووە پێنج وەرز


بەهار، هاوین، پاییز، هەڵەبجە، زستان

خۆر سەری ئاوابوونی لێ هاتەوە یەک

لەچاوتروکانێکدا سەری وڵاتم سپیی بوو!"

(قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠: ١٣٢)

بۆئەوەی دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە درکبکرێت، پێویستە تێکردەکانی نموونەی (٢٤)، جیابکرێنەوە، بەمشێوەیە: (هەڵەبجە)، فەزای تێکردەی یەکەم و (ئێوارە)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن، تێکردەکان لەنێو فەزای گشتییدا لە هاوبەشێتییدان. چەمکی ئێوارە وەک یەکێک لە تێکردەکان ئاماژەیە بۆ کۆتاییهاتنی ڕۆژ، هەروەک کاتی کردەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئاماژەیە بۆ کۆتاییهاتنی ژیانی بەشێک لە خەڵکی هەڵەبجە (وەک بەشێک لە تەواوبوونی ژیان لە هەڵەبجەدا)، هەروەها لەنێوان ئێوارە و هەڵەبجەدا، بەستەری تاریکداهاتن و کوژاندنەوەی ڕووناکی/ کوژانەوەی ژیان دەبینرێتەوە. بەو لینکانەی کە لەنێوان تێکردەکاندا دیاریکران و لە ئەنجامی تێکەڵکردنی و کارلێککردنی تێکردەکانەوە، کۆدە شیعرییەکە لە کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤ و (وێرانبوونی هەڵەبجە)، وەک دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە دەستنیشاندەکرێت. بەمپێیە کات لێرەدا، کاتی کردەیی وێرانبوونی هەڵەبجە و غەمباربوونی وڵاتی لێکەوتووەتەوە. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٩):




هێڵکاریی ژمارە (٩)
کات وەک کردە

٢٥. "ئێوە دیوتانە کە منداڵێک ژەهراوی دەبێت؟

منداڵێک شیری خاو بەجێ دەهێڵێت و

دەکەوێتە ناو وەحشەتی **شوێن**ـەوە

لە بەربەرییەتی **کات**و هێلکەییبوونی زەوی

تێدەگات

کەس نەبوو بڵێت با ئەو منداڵە ژەهراوی نەبێت

کەس نەبوو چاوانم بگرێت تا هاتنی شەو و ڕۆژ

نەبینم"

(ئیبراهیم، ماردین، ٢٠١٩: ١٢٢-١٢٣)

لە دێڕە شیعریی (٢٥)دا، (مرۆڤ)، فەزای تێکردەی یەکەم و (کات)، فەزای تێکردەی دووەم و (شوێن)، فەزای تێکردەی سێیەم، دەنوێنن. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە، هەریەکە لە تێکردەکان بە تەنها توانای دروستکردن و پێکهاتنی دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکەی نییە، بەڵکو لە فەزای گشتییدا، هاوبەشێتیی و بەراوردکردنی بەستەرەکانی نێوان تێکردەکان دەرکەوتەی تێکەڵەکە، وەک کۆدی شیعریی دەقە شیعرییەکە بەرجەستەدەکات. بەستەری نێوان (مرۆڤ) وەک تێکردەیەک لەگەڵ (شوێن و کات) وەک دوو تێکردەی دیکەی نموونە شیعرییەکە، خۆی لەو کاریگەرییەدا دەبینێتەوە، کە شوێن و کات بەردەوام لەسەر گەورەبوونی مرۆڤ جێیدەهێڵن. واتە کات و شوێن کاریگەرییان لەسەر گەورەبوونی مرۆڤ هەیە، ئەوە شوێنە وادەکات مرۆڤ ژەهرواى ببێت، وە کات مرۆڤ بێڕەحمانە دەخاتە بەر بەربەرییەتی خۆیەوە. شاعیر بۆئەوەی لە کاریگەرییە خراپەکانی شوێن و کات قووتاری ببوایە، هیواخوازە کەسێک ڕێگەی لە ژەهراویبوونی/ گەورەبوونی بگرتبایە، بەڵام دواجار کەسێک نەبوو تا بتوانێت ئەم هیوایەی شاعیر بەدیبهێنێت. بە دەرخستنی ئەو لینکانەی لە نێوان تێکردەکاندا دیاریکران و لە ئەنجامی تێکەڵکردن و کارلێککردنی تێکردەکانەوە، کۆدە شیعرییەکە لە(بەربەرییەتی کات و شوێن)دا، دواتریش وەک دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە، دەستنیشاندەکرێت. هەر بەو جۆرەش کات لێرەدا کاتی کردەی ژەهراویبوونی مرۆڤە، کە لە ئەنجامی گەورەبوونییەوە ڕوودەدات.

## ٣/٤_٤. کات وەک مرۆڤ/ کەس

بەمرۆڤکردنی کات[*] بەزۆری لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە جوڵە و تایبەتمەندیی و سیفاتە مرۆییەکان خروانەتەپاڵ کات و وەها مامەڵە لەگەڵیداکراوە، کە خودی کات بۆ خۆی هەڵگری ئەم سیفات و تایبەتمەندییانە بێت. لەمڕوانگەیەوە زۆرجار، کات هاوشێوەی مرۆڤە، کردەکانی مرۆڤ لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و بەکاریاندەهێنێت. لێرەدا کات ڕەنگە باڵی هەبێت بۆ فڕین یان قاچی هەبێت

[*] لە ئەفسانە ئەوروپاییەکاندا، بەزۆری کات لەسەر شێوەی پیاوێکی ڕیشداری پیر بە مرۆڤ چوێنراوە، کە بە باوکە کات ناوبانگی هەبووە، جلوبەرگی لە تەناف و حەبل بووە، ئامێرێکی کات پێوی وەک کەموڵەی پڕ لە لمی لەگەڵ خۆیی هەڵگرتووە.

بۆ خێرایی و ڕاکردن، یاخود هێرشبەربێت، وەک لەوەی بەردەوام لە هێرشدایە بۆسەر گەنجێتیی مرۆڤ... تاد. ئەم بەمرۆڤکردنی کاتە، لەلای شاعیرانی کوردییش درککراوە، وەک (٢٦ و ٢٧):

٢٦. "لەڕۆژێکی ئاساییدا دەگەڕێمەوە

لە بەیانییەکی ئاشنادا

بە ئاسمانێکەوە دەگەڕێمەوە شەلاڵ لە تەیر و

بە باغێکەوە چنراو بە پەپوولە و

بە دارستانێکەوە تەنراو بە حەکایەتی هەمەجیی

لە ڕۆژێکی ئاساییدا دەگەڕێمەوە

لە بەیانییەکی تەمبەڵدا

بەیانییەکی پیر


لە بەیانییەکی خاوخلیچکدا دەگەڕێمەوە

لە بەیانی نووسینی یەکەم شیعر"

(قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠: ٤٠٨)

لەڕوانگەی ئەو زانیارییانەوە، کە پێشتر لە تیۆری ئاوێتەدا خرایەڕوو، بەمشێوەیە شیکاریی بۆ نموونەی (٢٦)، بەپێی هەمان تیۆری دەکرێت؛ لێرەدا (مرۆڤ)، فەزای تێکردەی یەکەم، هەروەها (کات)، فەزای تێکردەی دووەم پێکدەهێنن. ئەوە ڕوونە هەریەک لە تێکردەکان بە تەنها ناتوانن دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بچنن، بەڵام لە هەمانکاتدا تێکردەکان لە فەزای گشتییدا لە هاوبەشێتییدان. لینکی نێوان تێکردەکان (مامەڵەکردنی مرۆڤە بە کاتەوە، لە هەمانکاتدا پێدانی سیفەتی مرۆڤە بە کات). بەراورد بەو وتە باوەی ئینگلیز، کە دەڵێت؛ (کات پارەیە)، لێرەدا دەتوانرێت بوترێت (کات مرۆڤە، مرۆڤێکی لاواز و شکستخواردووە)، هەر لێرەشەوە دەتوانرێت هەنگاو بەرەو درککردنی دروستەی ئاوێتەکە بنرێت، کە بریتییەلە (کات مرۆڤە). بەپێی ئەم تێکستە شیعرییە، کات وەک مرۆڤێکی ناسەرکەوتوو/ شکستخواردوو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە لە بنەڕەتدا وەها نییە. تێڕوانینی شاعیر بەو جۆرەیە دەیەوێت بڵێت؛ مرۆڤی کورد دەستپێک و سەرەتایەکی سەرکەوتووی نییە بۆ ژیان، بەگوزارەیەکی تر؛ شاعیر مەبەستێتی ئەو پەیامە بگەیەنێت، هەموو سەرەتایەکی مرۆڤی کورد سەرەتایەکی بێ پلان و شکستخواردووە (لێرەدا بەیانیی ئاماژەیە بۆ سەرەتا و دەستپێک). یاخود شاعیر ئەوە بەیاندەکات، مرۆڤی کورد لەو جۆرە

مرۆڤانەیە، هەر لەسەرەتاوە ڕێز لە کات ناگرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کات بەراوردکراوە بە مرۆڤێکی بێهێز و پیر و خاووخلیچک. بەگشتیی لە بابەتی کات وەک مرۆڤدا، کات دەخرێتە خانەی مرۆڤەوە و سیفەتەکانی مرۆڤی پێدەبەخشرێت، یاخود سیفەتی مرۆڤ دەهێنرێتەوە بۆ باسکردن لە کات. هێڵکاریی ژمارە (١٠)، بەرجەستەی نموونەی (٢٦)، کات وەک مرۆڤ دەکات:




هێڵکاریی ژمارە (١٠)
کات وەک مرۆڤ

دەبێت ئەو ڕاستییەش بخرێتەڕوو، پێچەوانەی تێڕوانینی سەرەوە و ڕەنگە لە لای شاعیرێکی دیکە، دیدگایەکی جیاوازتر هەبێت و وەک ئەم تێڕوانینەی سەرەوە لە کات نەڕوانرێت، لەمبارەیەوە بڕوانە نموونەی (٢٩)، بە ئاشکرا درک بە جیاوازی هەردوو تێڕوانینەکە دەکرێت.

٢٧. "نیوەڕۆ بەو تەوەزەلییەی خۆیەوە

ئێوارە بەو ساویلکەییەی خۆیەوە

شەو بەو هەموو پیرییەی خۆیەوە

دەیانزانی ئەو خاکە ئێمەی ناوێت"

(ئیبراهیم، ماردین، ٢٠١٩: ١٠٩)

لە نموونەی (٢٧)دا، (کات)، فەزای تێکردەی یەکەم و (مرۆڤ)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن. ئەم تێکردانە بەپێی بەراوردکردنیان و دۆزینەوەی گرنگترین ڕایەڵی نێوانیان لە فەزای گشتییدا، تێڕوانینی میتافۆرییانەی شاعیر لە کۆدە شیعرییەکەدا بەدەردەکەوێت، بەپێی ئەمەش لینکی نێوان هەردوو تێکردەی ناوبراو (بڕو ماوەی کۆشش و کۆتایی و ئەنجامە)، بۆ نموونە هەر مرۆڤێک کاتێک دەستدەداتە ئەنجامدانی کارێک، لەسەرەتاوە و لە کاتی دەستپێکردنی، لە هەوڵی ئەوەدادەبێت، کە کارو کردەوەی ئەو ڕۆژەی تاکاتی نیوەڕۆ خستبێتەسەرپێ و لانیکەم بەشێک لە ئامانجی کاری ئەو ڕۆژەی چنگخستبێت، چونکە کاتی (ئێوارە) ئاماژەیە بە سەرەتای کۆتایی ڕۆژێک، بەتایبەت دوای کاتژمێر ١٢:٠٠ شەو ئیدی ڕۆژێکی نوێ دەستپێدەکاتەوە، بەمەش بڕی کۆششی مرۆڤێک بە خێراییەکی دیاریکراو ئامانجی کۆششەکە لەکاتێکی دیاریکراوی کەمدا، دەپێکێت، ئەم (بڕو خێرایی و کۆشش و کات و ئەنجامە)ش، بەرەو تیۆری ڕێژەیی کاتمان دەبات، کە لە (١/٣-١) خراوەتەڕوو، بەپێی ئەمە خەسڵەتی تەوەزەلی نیوەڕۆ، ساویلکەیی ئێوارە و پیریی شەو، ئەو بەستەرە گرنگانەیە، کە لەنێوان هەردوو تێکردەی (مرۆڤ/ کات)دا، هەیە، بەجۆرێک کۆشش و ئامانجی مرۆڤ پێویستە بەر لە ئاوابوونی کات بەدەستهاتبێت، چونکە گەر وانەبوو، ئیتر ئێوارە کۆتاییهاتنی کاتی کرداری هەر ڕۆژێکی مرۆڤە، گەر نا شەو پیریی دایدەپۆشێت و هەرگیز ئامانجی لەدەستچووی ڕۆژێکی تێپەڕبووی تێدا لەدایکنابێت، بە بەیانێکی تر؛ لە شەودا ئامانجەکە دەمرێت، شەو پیریی و مردنە، دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە، کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی تێکردەکانەوە بەرهەمدێت بریتییەلە (کات؛ بڕو خێرایی و کۆششی مرۆڤە).

## ٤/٣_٥. کات وەک بەها

کات شتێکی فەرامۆشنەکراوە لەلایەن ژیانی مرۆڤایەتییەوە، کە هەر ئەم کاتە سەرئەنجام مرۆڤایەتیی و تەواوی بوونیش بەرەو مەرگ و لەناوچوون ڕێنوێنیی و پێشەوایی‌دەکات. هەر لەبەر ئەم گرنگییەش بەردەوام کات نرخ و بەهای خۆی هەبووە و درک بەوە کراوە، بەهای هەموو شتێک لە بەهای کاتدا کۆکراوەتەوە و دەردەکەوێت. هەروەها هەندێک کات لە ژیانی مرڤدا هەن، بەهایان زۆر بەرزە و مرۆڤ هەمیشە و جیاواز لە هەندێک کاتی تری ژیانی بە بایەخەوە لێیان

دەڕوانێت، ئەگەرچی ڕەنگە بەشێک لەم کاتانەش بووبن بە ڕابوردوو بۆی، بەڵام ئەو گوزەرکرنەی کاتیش هێشتا لە نرخ و بەهای ئەو کاتانەی لاکەمنەکردووەتەوە، بەردەوام لە ژیانیدا بە بەهاوە تەماشایاندەکات. بەهادان بە کات لە نموونەکانی (٢٨ و ٢٩) بەرجەستەکراوە:

٢٨. "ئەوەی کردتان کەم بوو، نەتانتوانی

ئەم جیهانە لە کەناردا ڕاخەن.

زوو لەو فیڵە گەورەیە ترسام، تا ئەوپەڕی نیاز جوان بوو

لەیادمە خەریک بوو بڵێم: ئەم سەرەتایە بەش ناکا، گەورەم

لەکوێ تەمەن قەرزبکەم

چۆن ئەم وەرزە بەچاو هەڵگرم

خوایە

بەم شەڕواڵەوە چی بکەم من"

(سوبحی، ئازاد، ٢٠١٥: ١٥٦)

لەکۆپلە شیعریی (٢٨)دا، (مرۆڤ)، فەزای تێکردەی یەکەم و (کات)، فەزای تێکردەی دووەم دەنوێنن، لە فەزای ئاوەزیی شاعیردا هەردوو تێکردەکە لە کۆزانینێکی دنیاییەوە سەرچاوەیگرتووە، ئەویش سروشتی خواستی مرۆڤ و حەزی بەدیهێنانێتی، بەجۆرێک مرۆڤ لە ژیاندا هەڵگری خواست و ئامانجی تایبەت بە خۆیەتی، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و بەتێپەڕبوونی کات، ئامانجەکانی مرۆڤیش پتر و گەورەتر دەبن، لەگەڵ گەورەبوون و زۆربوونی ئامانجەکانیدا مرۆڤ پێویستی بە تەمەنی زیاترە، کەچی لەولاشەوە کات، کە تێکردەیەکی ئەم دەقە شیعرەی پێکهێناوە، بەردەوام و بێوەستان لە تێپەڕیندایە. شاعیر خەمی لە دەستدانی تەمەنی دەخوات و لە خەمی قەرزکردنی تەمەندایە. ئەمەش ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوو تێکردەکە دەردەخات، کە هەر ئامانجێک ئەگەر بێت و لەکاتی خۆیدا بەدەستبهێنرێت، ئەوا لەڕاستییدا، پێزانین و نرخدانبووە بەو کاتە، بەپێچەوانەشەوە دروستە، چونکە ئەوە کاتە چییەتی ئێمە باڵا دەکات نەک ئێمە کات باڵا بکەین. پاش تێکەڵکردنی تێکردەکان و کارلێککردنیان، دەتوانرێت دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بە (بەهادارێتی کات/ نرخدان بە کات)، دابنرێت، هەر بۆیە چڕکردنەوەی کۆدی شیعریی تێکردەکان (لە قەرزکردنی تەمەن)دا، جەخت لەو پێناسەیەی کات دەکاتەوە، کە ( کات سودوەرگرتنە لە دەرفەت)، گەر نا مرۆڤ لەساتی درککردنی بە کەمزانینی کاتدا داوای دەرفەتی دووەم دەکەنەوە، هەروەک شاعیر دەڵێت: " لەکوێ تەمەن قەرزبکەم چۆن ئەم وەرزە بەچاو هەڵگرم"، بەو مانایەی بۆئەوەی

بەهای کات بزانم پێویستم بە پێدانەوەی دەرفەتێکی دیکەیە، کە گەڕانەوەی ئەو دەرفەتانەش ئەستەمە.


٢٩. "لە مێژە بۆ ئێوارەیەک دەگەڕێم نەڕوات. ئێوارەیەک وەک ئەسپ بیبەستمەوە. لە مێژە
بە ئێوارەکان دەڵێم مەڕۆن، لە هەر کاتێک، لە هەر وەرزێک، لە هەر وڵاتێک بووبم
بە ئێوارەکانم گووتووە مەڕۆن و بمێننەوە. ئەی ئێوارە جوانەکان بوەستن، شاعیران
پێویستیان بە هەواتانە، ئیمانداران پێویستیان بە سێبەرتانە، شەقام بەر لەوەی کوێر
بێت پێویستی بە نەسیمتانە"
(عەلی، بەختیار، ٢٠١٩: ٩٥)

لەخوارەوە و لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەوە، شرۆڤەی نموونەی (٢٩)، دەکرێت:

لەم نموونەیەدا (کات/ ئێوارە)، فەزای تێکردەی یەکەم و (ئەسپ)، فەزای تێکردەی دووەم، پێکدەهێنن، ئەگەر سەرنجبدرێت، بە تەنها هەریەکە لەم تێکردانە ناتوانن دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە بنوێنن، بەڵکو پاش پەیبردن و دۆزینەوەی لینکی نێوان تێکردەکان ئەو هەنگاوەدەنرێت. ئێوارە وەک تێکردەی یەکەم لەڕووی جوانیی و گرنگی و تیژڕەوییەوە (تیژڕەوی بەو مانایەی، لە ماوەیەکی کەمدا دێت و کۆتایی بە ڕووناکی ڕۆژ دەهێنێت و تاریکی خۆی دەسەپێنێت)، پەیکاڵە بە ئەسپ لە هەمان ئەو ڕووانەوە، واتە جوانیی و گرنگی و تیژڕەوی ئەسپ. ئێوارە وەک کاتی کۆتاییهاتنی ڕۆژێک لە تەمەنی مرۆڤ، بۆ هەموو مرۆڤێک بەگشتیی و بۆ خودی شاعیر بەتایبەت، گرنگی خۆی هەیە، هەروەک چۆن لە کەلتوری گەلاندا، ئەسپ بەگشتیی هێمای هێز و جوانیی و هۆشمەندییە، خاوەنەکەی لەڕووی پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە بەرزدەکاتەوە و گرنگە بۆی. کەواتە ئەمە ئەو پەیوەندییەیە لەنێوان تێکردەکاندا هەیە. لێرەدا شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی خستنەڕووی ئەو هێزەی کە بۆ بەستنەوەی ئەسپێک بەکاردێت، نرخ و بەهایەکی زۆر بدات بە ئێوارە و هێزێکی وا بۆ بەستنەوەی پەیدابکات و بەکاربهێنێت. بە دەربڕینێکی دیکە؛ شاعیر ئامادەیە لەپێناو بەستنەوەی ئێوارەیەک هەموو هێزی خۆی بخاتەگەڕ، بەمپێیە دروستەی دەرکەوتووی ئاوێتەکە دردەکرێت، کە (نرخدان/ بەهادان بە کات)ە، ئەمەش پەیکاڵە لەگەڵ ڕوانگەی دینی، کە ڕێنمایی پەیڕەوکەرانی بە ڕێزگرتن لە کات و نرخپێدانی دەکات.

لەلایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ وەستاندنی کات، پەرۆشی مرۆڤە بۆ ژیان، داهێنان، خۆسەلماندن، پەیبردنێتی بە زوو تێپەڕینی کات، درککردنە بە بەهای کات، ئەم پەیبردنە دەکرێت

لەڕێگەی میتافۆرییانەی کۆدی شیعریی (بەستنەوەو وەستانی کات هەروەک ئەسپ) دیارییکرێت. نموونەی (٢٩)، لە هێڵکاریی ژمارە (١١)دا، دەنوێنرێت:




هێڵکاریی ژمارە (١١)
کات وەک بەها

# ئەنجام

**ئەنجامەکان:**

بەپێی خستنەڕووی تیۆری میتافۆری چەمکیی و شیکردنەوەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە لەسەر هەردوو ئاستی فەرهەنگیی و پەیوەستداریێتی نێوان زمان و بیر ئەنجامەکان بەمشێوەیە بەرجەستەدەکەین:

**یەکەم/** لەسەر ئاستی فەرهەنگیی؛ **ا.** بەپێی میتافۆری چەمکیی قسەکردنی ڕۆژانەی ئاخێوەر، ناڕاستەوخۆو میتافۆریانەیە، کە بەهۆیەوە چەندین وشەی فەرهەنگیی وەک میتافۆری باو بەرهەمهاتووە، بڕوانە دیوی میتافۆری وشە فەرهەنگییەکانی (سەر، چاو، دەست، قاچ)، وەک میتافۆری وێنەیی لە (چاوی زۆپا، قاچی کورسی، دەسکی قەنەفە، سەری مەتارە)، هەمان پرۆسەی بیرکردنەوەو درکپێکردنی میتافۆری لە کۆدە شیعرییەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوەو لە بواری پەیوەندیی واتاییدا فرەواتاو هاوواتای بەرهەمهێناوە و بووەتە دەروازەیەکی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، بڕوانە وشەی (دڵ)، هەمبەر بە وشەی (ناخ)، وشەی (سارد)، هەمبەر بە (بێ خولق، خەمبار، بێکەڵک، ناخۆشەویست). هەروەها **ب.** لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان زمان و بیر، ئاخێوەر بەهۆی پرۆسە ئاگایی و نائاگاییەکان لە ڕێگەی ئەزموونە ئاوەزیی و هەستەکی و جەستەییەکانەوە میتافۆرە چەمکییەکان بەرهەمدەهێنێت، بەجۆرێک زمان دەبێتە دەرخستەی چەمکە میتافۆریەکە، کە لە بنەڕەتدا بەستنەوەی دوو یەکەی جیاوازە لە چەمکێکی دیاریکراودا. شاعیریش بە هەمان هۆکاری ئەزموونی جەستەیی/ جوڵەیی و ئاوەزیی و هەستەکیانە لە کۆدە شیعرییەکاندا میتافۆرەکان بەرهەمدەهێنێت، نەک بەهۆکاری بەهرەمەندیی وەک پێشتر وەها پەسنی شاعیران دەکرا.

**دووەم/** پەیوەست بە بواری چەمکییەوە؛ پرۆسەی تێگەیشتن لەشتەکان پەیوەستە بە جیهانی ماددییاتەوە، بەگشتیی بوون و هەبوونی شتەکان دەبنە بنەمایەک بۆ ڕوونکردنەوە و پۆلکردن و ڕاڤەکردنی تەنانەت ئەو شتانەش، کە بە ئەستەم هەستیپێدەکرێن، لەمڕوانگەیەوە شاعیران بۆ گوزارشتکردن لە دیوی ناوەوەی شتەکان، چەمکی مەودای (سەرچاوە)یان وەک جیهانی ماددییات کردووەتە بنەما بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە چەمکیی مەودای (مەبەست)، بەمەش کۆدە شیعرییەکان لەسەر بنەمای درکپێکردنی شاعیر بەرهەمهێنراون.

**سێیەم/** پەیوەست بە تیۆری ئاوێتەی چەمکیی و بەتایبەت چەمکی کاتەوە، ئەنجامەکان بەمشێوەیە هەڵدەهێنجرێن؛ **ا.** لەجۆری جوڵانی کاتدا، تێڕوانینی کورد بەگشتیی، لە چوارچێوەی وازهێنان لە ئێستا و ڕووکردنە ڕابوردوودا دەسوڕێتەوە، ئەمەش دەرخەری نرخدانەنانە بۆ کات، بەوپێیەی گەڕانەوە و خۆبەستنەوە بە ڕابوردووەوە گوزارشتکردنە، بۆ خۆزگەخواستن و پلاندانانێکی جیاوازتر لەو کاتە تێپەڕیوە بێپلانییەی ڕابوردوو، هەروەها **ب.** بەپێچەوانەی جوڵانی کاتەوە کاتێک

خود له جوڵەدایە، ئەو گوزارشتە چێدەبێت، کە نرخ دراوە بە کات و بە بەهاوە لێیڕوانراوە، لە هەمانکاتدا دەرخەری سەرکەوتنی مرۆڤی بەپلان و ئامانجە، چونکە ئامانجەکە لەم خاڵەدا ڕوونە و سەرکەوتووانە هەنگاو بۆ دابەشکردنی کات لە داهاتوودا دەنرێت. **پ**. لەتێڕوانینی ڕاستەهێڵیانەی کاتیشدا، زیاتر ڕوانگە دینییەکان دێنەناوەوە، بەگوزارەیەکی تر؛ کات وەک بابەتێکی کەمخایەن و زووتێپەڕ تەماشادەکرێت، کات وەک ڕاستەهێڵێک، کە خاڵی سەرەتا و کۆتایی هەیە، پەسنکراوە. هەروەها **ت**. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پوچگەرایی کات تێگەیشتنی ئاخێوەر و شاعیرانی کوردە لەبارەی بازنەیی و دووبارەبوونەوەی کاتەوە، هەروەکئەوەی، کە ژیان وەک دووبارەبوونەوەیەکی بێ ئەرزش تەماشادەکرێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردیی

### ا. کتێب


١. ئەحمەد، کەژاڵ (٢٠١٤)، من دەبێت خۆم بسمیلبکەم ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانیی.

٢. ئیبراهیم، گۆران (٢٠١٥)، گەردوون، کات و پەیدابوونی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

٣. ئیبراهیم، ماردین (٢٠١٥)، تۆ مەچۆ بۆ شەڕ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

٤. بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٧)، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک ، چاپخانەی ڕەنج.

٥. ____________ (٢٠٠٨)، زێ و زنە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانیی.

٦. ____________ (١٣٩٤)، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە، آریوحان، تهران.

٧. پیرداود، ستار (٢٠١٠)، خوێندنەوەی میتافۆر ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٨. پەشێو، عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، هەولێر.

٩. ____________ (٢٠٠٨)، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٠. حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج،، سلێمانیی.

١١. ____________ (٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لەڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانیی.

١٢. حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٣. خدر، کەژاڵ ئیبراهیم (٢٠١١)، دەستێکم پڕە لە باران، سلێمانیی.

١٤. ریکۆر، پۆڵ (٢٠١٦)، ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر. و: کۆمەڵێک نووسەر، چاپخانەی دلێر، سلێمانیی.

١٥. ستراتێرن، پۆڵ (٢٠١١)، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین. و: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان، دەزگای والا بۆ ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوە.

١٦. سوبحی، ئازاد (٢٠١٥)، ئاگرەکەم مەسڕنەوە، چاپخانەی پەنجەرە.

١٧. عوسمان، محەمەد عومەر (٢٠١١)، لەغوربەتا، چاپی سێیەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانیی.

١٨. عەلی، تالیب حوسێن (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٩. عەلی، بەختیار (٢٠١٤)، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئەلوەن، سنە.

٢٠. ______________ (٢٠١٩)، تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە، چاپی چوارەم، چاپخانەی کارۆ.

٢١. ______________ (٢٠١٩)، شەوێک ئاسمان پڕبوو لە ئەستێرەی شێت، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

٢٢. عەلی، تالیب حوسێن (٢٠٢٠)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢٣. فتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢٤. ______________ (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٥. قادر، هیوا (٢٠٢١)، من و شارەکان، سلێمانیی.

٢٦. قەرەداغی، دلاوەر (٢٠٢٠)، لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاو ، چاپخانەی تاران، سلێمانیی.

٢٧. کۆمەڵێک زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان. و: محەمەدی مەحویی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانیی.

٢٨. کامبڵ، جۆزیف (٢٠٢١)، تۆ ئەوەیت، گۆڕانکاری میتافۆرە ئاینییەکان. و:سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانیی.

٢٩. لانداو، ل.د. و ڕومەر،گ.ب (٢٠٢٠)، تیۆریی ڕێژەیی چییە. و: حوسێن حوسێنی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانیی.

٣٠. مەحموود، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣١. مەحویی، محەمەد (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکهەم ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.

٣٢. مارتن، هایدگەر (٢٠١٣)، بوون و کات، و:محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانیی.

٣٣. مستەفا، نەزیرە مستەفا (٢٠٢١)، پڕاگماتیک و شێوازگەری، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٣٤. هەردی، ئەحمەد (١٩٩١)، ڕازی تەنیایی، چاپی سێیەم.

٣٥. هێمن (٢٠٠٦)، ناڵەی جودایی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانیی.

٣٦. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٩)، دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی سێ، چاپخانەی روون.

٣٧. ___________ (٢٠١٤)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی تاران.

٣٨. هۆوکینگ، سیتڤن و ملۆدینۆ، لیۆنارد (٢٠١٦)، کورتیلەیەک لە مێژووی کات. و: حوسێن حوسێنی و هاوڕێ عومەر، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران_ پەنجەرە.

## ب. نامەی زانکۆیی

١. ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠٠٨)، مەبەستی پڕاگماتیکی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢. ___________ (٢٠١٣)، پڕاگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣. حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٥)، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤. عەلی، بەکر عومەر (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە،نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥. عەبدوڵڵا، هیوا مەولود (٢٠١٦)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦. غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٦)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## پ. گۆڤار

١. احمد، محمود فتح الله و حەسەن، نەریمان، پەیڕەو و بنەما سیمانتیکیەکانی درکپێکردن (٢٠١٧)، ژمارە ١١، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، لاپەرە ٤٩_٩٣.

٢. ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد و حمەغریب، بەهرە سلام، میتافۆرییە چەمکییەکان لە زماندا (٢٠٢٠)، ژمارە ٣ خولی ٧،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،لاپەڕە ١٨٩_١٩٨.

٣. جەواد، هۆشەنگ فارووق، پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیۆمی کوردیدا (٢٠٢١)، ژمارە ٤٩، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، لاپەرە ٣٥_٦٨.

٤. حسێن، شیلان عومەر، ئاوەزمەندی گەنجی وشە (٢٠١٧)، ژمارە ٣٥، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، لاپەرە ٣٥_٦٨.

٥. حمە سالّح، تاڤگە عومەر، ئاماژە جەستەییەکان لە شیعری نالیدا (٢٠٢٠)، ژمارە ١٥، مجلة جامعة كركوك/ للدراسات الإنسانيه، لاپەرە ٥٦٨_٥٨٥.

٦. عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری، میتافۆر لە شیعرەکانی هاوژین صلیوەدا (٢٠١٧)، ژمارە ٤٢، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، لاپەرە ٥٣_١١٢.

٧. قادر، کاروان عومەر، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی (٢٠١٢)، ژمارە ٣٤، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی(B)، لاپەرە ٧٧_١١٢.

٨. مستەفا، مستەفا ڕەزا و محەمەد، دەشتی بەهجەت، ڕۆڵی میتافۆر لە کشانی واتادا (٢٠٢١)، ژمارە ٤، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، لاپەرە ١٣٤_١٤٢.

## دووەم: به زمانی عەرەبیی

### ا. کتێب

١. القران الكريم

٢. إيكو، أمبرتو (٢٠٠٥)، السيميائية وفلسفة اللغة. ت: أحمد الصمعى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

٣. أحمد، إبراهيم (٢٠٠٨)، انگولوجيا اللغة عند مارتن هايدغر، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، بيروت.

٤. الترمذيى، ابوعيسى محمد بن عيسى بن سورة (١٣٩٨هـ)، سنن الترمذيى، تعقيق أحمد محمد شاكر، مكتبة و مطبعة مصطفى الحلبيى، كتاب(٣٨)، باب(١)، رقم الحديث (٢٤١٧)، ج (٤)، ص (٦١٢).

٥. الحاكم، محمد بن عبدالله النيسابوريى (١٤١١هـ_١٩٩٠م)، المستدرك على الصحيحين، تحقيق مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، (١_٤) كتاب(٤٤)، رقم الحديث (٧٨٤٦)، ج(٤)، ص٣٤١.

٦. البخاريى، محمد بن إسماعيل (١٤١٩هـ_١٩٩٨م)، صحيح البخاريى، بيت الأفكار الدولية، كتاب (٨١)، باب (١)، رقم الحديث (٦٤١٢)، ص(١٢٣٢).

٧. المصرى، محمود (٢٠٠٣)، ياشباب الوقت هوالحياة، مؤسسةقرطبة، القاهرة.

٨. ابوشيخه، نادر (١٩٩١)، إدارة الوقت، دار المجدلاويى، عمان، الأردن.

٩. القرضاويى، يوسف (١٩٩١)، الوقت فيى الحياة المسلم، مؤسسةالرسالة، بيروت.

١٠. تشاندلر، دانيال (٢٠٠٨)، أسس السيميائية. ت: طلال وهبه، بيروت، لبنان.

١١. مهدى، سامى (١٩٩٨)، افق الحداثة وحداثة النمط، دارالشئوون الثقافة العامة، بغداد.

### ب. نامەی زانکۆیی

١. الحناوى، إيناس أكرم احمد (٢٠٠١)، دور تكنولوجيا المعلومات فى إدارة الوقت لدى مديريى مدارس وكالة الغوث بمحافظات غزة وسبل تفعيله، رسالة ماجستير، كلية التربية فى الجامعة الإسلامية، غزة.

## سێیەم: بەزمانی فارسی

### ا. کتێب

١. روشن، بلقيس و اردبيلى، ليلا (١٣٩٢)، مقدمهاى برمعنى شناسى شناخت، چاپ اول، نشر علمى، تهران.

٢. سبزیان مرادآبادی، سعید و کزازی، میرجلال الدین (١٣٨٨)، فرهنگ نظریه و نقد ادبی،چاپ اول، مروارید، تهران.

٣. کانت، ایمانوئل (١٣٩٦)، نقد عقل محض، مترجم: بهروز نظری، نوبت چاپ ٣، ققنوس، تهران.

٤.میرصادقی، جمال و ذوالقدر، میمنت (١٣٨٨)، واژەنامە هنرداستان نویسی، چاپ دوم، کتاب مهناز، تهران.

**ب. ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

١. اریکسن، تروند برگ (١٣٩٤)، زمان در "فیزیک" ارسطو. مترجم: اسفندیاری اردشیر، راسخون.

## چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی

**ا. کتێب**

1. Croft, W.(2003) The role of domains in the interpretation of metaphors and metonymies in: R. Driven and R. Poring, eds. Metaphor and metonymy in comparison son contrast. Berlin and New york: Moutonde Gruyter, pp.161-207.

2. Chandler, Daniel (2007), Semiotics, Second Edition, Routledge Taylor and Francis Group, London and New York.

3. Evans, V. and Green, M. (2006), Cognitive Linguistics: A complete Gudi, Edinburg University press.

4. Fredric, J. (1972), The prison- house of Language. Princeton, NJ: Princeton University press.

5. Fauconnier, G. and Turner, m. (2002), The way we Think, conceptual Blending and The Minds Hidden Complexities, U.S.A.

6. Gibbs, R. (1999), intentions in the experience of meaning. New york: Cambridge university press.

7. ___________ (2008), the neural theory of metaphor. In the Cambridge handbook of metaphor and thought Cambridge university press, New york.

8. Johnson (1987), the body in the mind, the Bodily Basic of meaning, Imagination, and Reason, the university of Chicago press, Chicago.

9. ___________ (2007), the meaning of the body, Aesthetics of Human understanding. University of Chicago press.

10. Lakoff, G. and Johnson, M. (1980), Metaphors we live by. Chicago: The University of Chicago press.

11 Lakoff, J(2008), the neural theory of metaphor in the Cambridge Handbook of metaphor and thought, edited by R.J. Gibbs, Cambridge university press, New york.

12. Langacker, Ronald W. (1988), “An Overview of Cognitive Grammar.” In Topics in Cognitive Linguistics, ed. Brygida Rudzka-Ostyn, Amsterdam and Philadelphia: John Benjamins.

13. ______________ (1991), Foundations of Cognitive Grammar. Vol. II: Descriptive Application. Stanford: Stanford University Press.

14. Michael, T.(2010), conceptual Blending, metaphors, on the construction of meaning in Ice Age Europe: An inauriy in to the viability of Applying theories of cognitive Scince to Human History in Deep time, university of California, Berkeley.

15. Moreno, V. and Rosa, E. (2007), Creativity and convention: The pragmatic of everyday figuarative speech, John Benjamins pub, Amsterdam.

16. Navarro, I.(2017), cognitive and communicative functions, Lberica, Asociacion Europe de Lenguas para.

17. Oxford (2005), Advance ALEA RNER’S Dictionary.

18. RASSE, C. and Onysko, A(2020), conceptual metaphors in poetry interpretation: a PsycholinguIstic approach, cognitive Linguistics Association, Uk.

19.Uungerer F. And Schmid H (2006), an introduction to Cognitive Linguistics , second education, pearson education limited, London.

**ب. گۆڤار**

1. Al-Abdullah, Mufeed, Conceptual Metaphors of Time in the Sonnets of Shakespeare: A Cognitive Linguistic Approach (2020),researchgate, Jerash University, Vol. 10, No. 2, 1-17.

2. Brandt, Line, Blending in metaphor (2014), Researchgate, 1-51.

3. Dirk, G. Cognitive Linguistics: Basic Readings, A rough guide to Cognitive Linguistics Cognitive Linguistics : basic readings / edited by Dirk Geeraerts. (2006), (Cognitive linguistics research 34) Mouton de Gruyter Berlin · New York.

4. Ellis, Donald, Syntactic and Pragmatic Codes in Communication (2006), university of Hartford, Researchgate, 255-272.

5. Fauconnier, G. and Turner, m., conceptual Integration network, cognitive science (1998), vol. 22, Issue 2, page(133-187).

6. Grady, d. An immune system trained to kill cancer (2011), new york Times.

7. Hall, S. Encoding/decoding, in center of contemporary cultural studies (ed.) culture, media, Language: working paper in cultural studies (1973/1980), 1972-79, London, Hutchinson, pp. 128-38.

8. Ngoc, N. structural, orientational, ontological conceptual metaphors and Implications for language teaching (2015), research gate 68.

9. Oakley, Todd and Coulson, san, Blending and metaphor (2021), Researchgate, 100-124.

10. Peter, S. Cognitive Poetics and Literary Theory (2017), De Gruyter, 230-245.

11. Rein, j. and Li y., A complementary perspective conceptual Blending Theory and Relevance Theory on Metaphor Interpretation (2015), Theory and Practice in Language Studies, vol. 5, no. 10,pp. 2091-2096.

12. Shie, Jian-Shiung, Conventionality and Novelty of Time Metaphor in English Poetry (2008), Concentric: Studies in Linguistics, Da-Yeh University, 34.2, 101-122.

**الملخص:**

اضافة الى ان الاستعارة هي موضوع بلاغي، فانها في الوقت نفسه، وما يتعلق بعلم اللغة الادراكية، هي احد الموضوعات المَفهَمة، حيث يعتمد في عملية تحليل كيفية التصوير، على الاستعارة الادراكية، لقد خصصت هذه الدراسة لتلك الصور الاستعارية التي يستنبطها الشاعر من خلال مدركاته. بحسب منظور علم اللغة الادراكية فان بروز الاستعارة ليس فقط منتجا لغويا، او جزءا من اللغة، لكن وفق معطيات المدرسة الادراكية هي جزء اساس من طريقة التفكير، المنطقي، التذكاري، الملحوظاتي، والصور العقلية.

اما في المنظور الشائع، فان الاستعارة هي جزء من مبادئ الخيال والموهبة واللغة الانسانية، التي من خلالها تكوّن التشبيه والعلاقة التشبيهية بين الوحدات، هذا في حين انه يلفي علم اللغة الادراكية لا تفتقر لانتاج وفهم الاستعارة الى الموهبة الخاصة، بل حسب منظور علم اللغة الادراكية فان تجربة الفرد ورؤيته هما اساسان لفهم الاستعارة. كما ان المفاهيم الادراكية تمهد الطريق لتكون قياسا لتصوير الفرد. من هذا المنطلق الذي يرى الادب يحتل مساحة واسعة لانتاج المفاهيم الاستعارية، فان الشاعر يقوم بفك الرموز الشعرية من خلال الخلفيات و الثقافة والمعرفة، واخيرا يقوم من خلال ذلك برسم اسلوب تفكيره وحركته و علاقاته في اطار المفاهيم الاستعارية، بشكل يستطيع القارئ من خلاله ان يجعله اساسا لفهم تعقل الافراد.

تقوم هذه الدراسة بتحليل الافكار الاستعارية وفق كلتا النظريتين الاستعارية المفاهيمية ودمج المفاهيم، حيث في نظرية الاستعارة المفاهيمية فان كلا من مجالي المصدرية والمقصدية يصبحان اساسين للتحليل، اما في نظرية دمج المفاهيم فان الفضاء العقلي والفضاء الاقحامي، الرابط الماثل لدمج الاقحامات والمظاهر العامة، ستصبح مركز دراسة المفاهيم الاستعارية، كما ان كلتا النظريتين ترتبطان بكيفية الادراك الاستعاري بعالم الاشياء المحيطة، ويتم ترميز المفاهيم الاستعارية عقليا، وينظر اليها كنوع من اسلوب تفكير الانسان، ومن هذا المنظور فان الشاعر يقوم بتصوير العالم ومحيطه عن طريق الوحدات المعجمية للغة وايضا الادراك والتفكير والظفر، حيث ينتج منها الرموز الشعرية، وفي ذلك فقد جُعل مفهوم الزمان الآلة المدركة للشاعر اذ تم تحليله من خلال النظريتين المذكورتين.

**Abstract:**

Despite of being a rhetoric tool, at the same time and coherent with the cognitive linguistics, metaphor is one of the vital themes of conceptualization, which attempts to analyze and express the quality of its imagining based on cognitive theory of metaphor. This research is dedicated to those metaphorical images that are created from the perception of the poet, according to the cognitive linguistics the emergence of metaphor is neither only a lingual production, nor only a part of language but according to cognitive school is rather a substantial part of the way of thinking, wisdom, recollection, observation and mental imageries.

The traditional evaluation of metaphor relies on a theory in which metaphor is a fundamental part of imagination, talent and language of human being that causes simulation and similar relationship between the items, while the cognitive linguistics believes that; for creating and understanding metaphor special talent is not required, in the perspective of cognitive linguistics experience and individual worldview become the basis of metaphor comprehension and the metaphorical concepts pave the way for being the measurement of individual imagination. Therefore literature is a wide range of producing the metaphorical concepts; a poet can comprehend the poetic codes through his experience, culture and acquaintance, and finally he may draw his way of thinking, moving and self-relation among the metaphorical concepts, in which the wider image shows the understanding of individual logic to the reader.

This research will analyze the metaphorical ideas according to both conceptual metaphor theory and conceptual blending theory, in a way that conceptual metaphor theory depends on source domain and target domain in analyzing, while in conceptual blending theory mental space, input spaces, mappings between the inputs and general appearance will be the bases of analyzing metaphorical concepts. Both theories are coherent with how the world of surround materials being comprehended metaphorically and how the metaphorical concepts are coded which is seen as one of the human thinking methods. Accordingly, the poet will imagine the world and his surrounding through lexicon language items, perception, thinking and understanding, that changes them to the poetic codes, and hereinafter the (concept of time) has been made the perceptual material of poet which is analyzed due to both above mentioned theories.